چەند باسێکی

# کـــورد و تـــورك

---

بەرگی دووەم

نووسینی : کەندالْ ، کۆمیتەی دژی فاشیزم لە هۆڵەندا

---

وەرگێڕانی : شێرکۆ هەژار

---

٢٠٠٩/٢٦٢١

ناوەرۆك | لاپەرە


باسی سێیەم- هەرێمی باکووری کوردستان - کەندالٌ .......... ٧-٩٠

یەك - زانیاریەکی گشتی ................................ ٩-٢١

١- خاك و خەڵك ................................ ٩-١٢

٢- خوێندن و فەرهەنگ ................................ ١٢-١٣

٣- ئاین ................................ ١٣-١٥

٤- تەندروستی ................................ ١٥

٥- پێکهاتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ................................ ١٥-٢١

دوو - کوردستان لەژێر حوکمی کۆماری تورکدا ................ ٢٢-٦١

١- شەڕی سەربەخۆیی تورك (١٩١٩- ١٩٢٣) ................ ٢٣-٢٧

٢- دابەش کردنی ئیستیعماریی کوردستان ................ ٢٨-٣٠

٣- راپەرینە گەورەکانی ساڵانی بیست و ساڵانی سی ................ ٣١-٤٢

راپەڕینی ١٩٢٥ ................................ ٣٢-٣٥

راپەڕینی چیای ئارارات ................................ ٣٥-٤١

بزووتنەوەی بەرگری لەخۆکردنی خەڵکی دەرسیم ........ ٤١-٤٢

٤- وردبوونەوەیەك لە کەمالیەت ................................ ٤٣-٤٨

٥- ساڵانی ژیلەمۆیی ................................ ٤٩-٥٦

٦- بزووتنەوەی دیموکراتی و سۆسیالیستی لە تورکیا ١٩٦١- ١٩٧٠ ٥٦ -٦١

سێ - رووەکانی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی ................ ٦٢-٧٢

١- چەوساندنەوەی فەرهەنگی ................................ ٦٤-٦٩

٢- چەوساندنەوەی سیاسی ................................ ٦٩-٧٠

٣- سەرکوت کردن ................................ ٧١-٧٢

چوار - کوردایەتیی ئەمڕۆی هەرێمی باکوور ........................ ٧٣-٧٦

١- گەرمەی بزووتنەوە ........................................................ ٧٣-٧٥

٢- کۆششی ڕێکخراو ............................................................ ٧٥-٧٦

پێنج - پارتیە سیاسیە تورکەکان و مەسەلەی کورد.................... ٧٧-٨٨

١- هەڵوێستی پارتیە بۆرژوا لیبرالەکان ........................................ ٧٧-٧٩

" دەمۆکرات پارتی "ی عەدنان مەندەریس .................. ٧٧-٧٨

عەدالەت پارتیسی .................................................... ٧٨

" دەمۆکراتیك پارتی "ی بۆزبەیلی ......................... ٧٨-٧٩

" میللی سەلامەت پارتیسی"ی ئاربا‌کان .................. ٧٩

٢- هەڵوێستی پارتیە بۆرژوا نەتەوەییەکان .................................. ٧٩-٨١

جمهوریەت هالك پارتیسی.......................................... ٧٩-٨٠

جمهوریەتچی گوڤەن پارتیسی .................................... ٨٠

کەمالیی چەپ ........................................................... ٨٠-٨١

٣- هەڵوێستی پان توورانیی ئەوپەڕی ڕاست .................................. ٨١-٨٢

٤- هەڵوێستی پارتی و دەستەجاتی بانگی سۆسیالیزم ................... ٨٢-٨٨

پارتی کۆمونیستی تورکیا ( ت. ك. پ. ) ................ ٨٣

پارتی کرێکارانی تورکیا ( ت. ئی. پ. ) ................ ٨٣-٨٤

سۆسیالیست پارتی ................................................... ٨٥

تورکیە سۆسیالیست ئیشچی پارتیسی .................... ٨٥

دەستەجاتی مائۆیی.................................................. ٨٥-٨٦

ـ پارتی رەنجبەرانی تورکیا................ ٨٥-٨٦

ـ پارتی شۆڕشگێڕی کرێکاران و جووتیارانی

تورکیا (ت. ئی. ئی. ك. پ. ) .......... ٨٦

ئەوانی تر ........................................................... ٨٦-٨٨

ـ لەشکری رزگاریی گەلیی تورکیا (ت. هـ. ك. ئۆ. ) ٨٦-٨٧

- جەبهەی رزگاریی گەلیی تورکیا.............. ٨٧
نـەتـیـجـەی دوایی .................................................. ٨٩-٩٠
پەراوێزی وەرگێڕ........................................................ ٩١-٩٦

باسی چوارەم- گورگەبۆر و مانگی یەك شەوە - کۆمیتەی دژی فاشیزم لە هۆڵەندا ٩٧-١٤٢
یەك - دروشمی تورکیای گەورە پێش رژیمی چەند حیزبی ........... ٩٩-١٠٠
دوو - رژیمی چەند حیزبیی تورکیا.................................... ١٠١-١٠٣
سێ - کێشەی مەزهەبیی تورکیا........................................ ١٠٤-١٠٦
١- نوورجوو(نوورچی)........................................................ ١٠٤
٢- سولەیمانجْ ( سولەیمانچی) ............................................ ١٠٤-١٠٥
٣- م. س. پ. ( میللی سەلامەت پارتیسی) .............................. ١٠٥
٤- عەلەوی ( شیعە) ........................................................ ١٠٦
چوار - م هـ پ ( میللیەت حەرەکەت پارتیسی) ی
تورکەش و ئەدەبیاتی ...................................................... ١٠٧-١١٢
١- پرۆگرام : دۆکوز ئْشْك ................................................ ١٠٨-١٠٩
٢- جیهان گرتن .............................................................. ١٠٩-١١٠
٣- تورکایەتی و ئیسلامێتی ................................................ ١١٠-١١١
٤- ژن ......................................................................... ١١١-١١٢
پێنج - دوژمنانی م. هـ. پ............................................... ١١٣- ١١٥
١-کۆمونیست؛ ٢- ج. هـ پ.؛٣- ساندیکایی چەپ؛٤- رێکخراوانی چەپ ١١٣
٥- عەلەوی؛ ٦- کوردی نەتەوەیی .......................................... ١١٤
٧- یۆنانی و ئەرمەنی و جوو ................................................ ١١٤-١١٥
شەش - هەڵوێستی م. هـ. پ. لە کورد ..................................... ١١٦-١١٨
فاشیست و کورد........................................................... ١١٧-١١٨

حەوت - رێکخراوانی م. هـ پ. ................................ ١٢٠-١١٩
هەشت - شێوەی کاری م. هـ پ. ................................ ١٢٧-١٢١
١- لە رێی رێکخراوانیەوە ................................ ١٢٢-١٢١
٢- لە رێی مەرکەزی لە دەزگاکانی رژێمدا ................................ ١٢٦-١٢٢
٣- خۆش کردنی ئاگری رق و کینەی مەزهەبی ................................ ١٢٧-١٢٦
نۆ - کۆنترا گەریلا و م هـ پ ................................ ١٣٠-١٢٨
دە - م. هـ پ. لە ئەوروپا ................................ ١٣٣-١٣١
م. هـ پ. لە هۆڵەندا ................................ ١٣٢
تورکی فاشیستی دیموکرات! لە ئەڵمانیا ................................ ١٣٣
یازدە - شێوەی کاری گورگەبۆران لە ئەوروپا ................................ ١٣٨-١٣٤
١- پاترۆن ................................ ١٣٥-١٣٤
٢- وەرزش ................................ ١٣٥
٣- هەڕەشەو ترساندن ................................ ١٣٦-١٣٥
٤- پرۆپاگەندە ................................ ١٣٧-١٣٦
٥- قاچاغچێتیی چەك و هیرۆیین و دز بەکارهێنان ................................ ١٣٨-١٣٧
دوازدە - رێکخراوە ئیسلامیە دەستەڕاستەکان لە ئەوروپا ................................ ١٤٢-١٣٩
١- سولەیمانجْ ( سولەیمانچی) ................................ ١٤٠-١٣٩
٢- میللی گۆروش تەشکیلاتی ................................ ١٤١-١٤٠
٣- شەڕو هەرا لە مزگەوتدا ................................ ١٤٢-١٤١
٤- کۆمەڵە ئیسلامیە تورکەکان ................................ ١٤٢
پەراوێزی وەرگێڕ ................................ ١٤٣
پێڕستی ناو ................................ ١٥٠-١٤٤

باسی سێیەم :

# هەرێمی باکووری کوردستان

ئەسڵ : Le Kurdistan de Turquie ( کوردستانی تورکیا )

نووسینی کەندالْ (١٩٧٦-١٩٧٧)

بەشێکە لە کتێبی ( فەرەنسی زمان) : Les Kurdes et le Kurdistan که François Maspero لە پاریس چاپی کردووە، دواتر کراوە بە ئینگلیسی و ئەڵمانییش . ئەم وەرگێڕانە بۆکوردی (١٩٩١) لە رووی هەرسێ نوسخەوە کراوە : چاپێکی ١٩٨٠ی ئینگلیسیەکە، یەکی ١٩٨١ی فەرەنسیەکە، و ١٩٨٤ی ئەڵمانیەکە . بڕوانە پێشەکیی بەرگی یەکەم .

# یەك - زانیاریەکی گشتی

## ١- خاك و خەڵك

هەرێمی باکووری کوردستان (١) ، بە خاك و بە ژمارەی خەڵکی، گەورەترین بەشی قەڵەمڕەویی نەتەوایەتیی کوردە . لە خەلیجی ئەسکەندەرۆنە و چیاکانی ئەنتی تۆرۆس لە ڕۆژئاواوە، تا سنووری (سیاسیی) (٢) ئێران و یەکێتی سۆڤیەتی ڕۆژهەڵاتی دەکشێ ؛ سنووری باکووری : چیاکانی دەریای ڕەش ، لە باشووریشەوە : تا سنووری (سیاسیی)(٢) " تورکیا- سووریا" و" تورکیا- عیراق" ـە؛ ٢٣٠هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دەگرێتەوە (٣٠٪ی کۆماری تورکیا) و ١٨ ویلایەتی(٣) ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (٤)پێك دەهێنێ* .

هەرێمی باکووری کوردستان شاخاویە، چیای بەرزن ( ئارارات: ٥١٦٥میتر،چیلۆ: ٤١٣٨میتر، سیپان و جوودی : دەوری ٤٠٠٠ میتر) . ئاوی ئاراس و دیجلە و فورات بە دۆڵەکانیدا دێن . دەرەجەی گەرماو ئاو وهەوای بە گشتی،لە وەرزی جیاوازدا زۆر جیاواز دەبێ** . بەشی باشووری، نیوەی ساڵ بەفر دایدەپۆشێ . بەهەرحاڵ، دەشتەکانی ئورفە و ماردین و دۆڵی دیجلە ئاو و هەوایەکی خۆشیان هەیە . چەمی زۆری ئەم بەشەی کوردستان بەخوڕن و وەزعیان بە گوێرەی وەرز دەگۆڕێ، لەبەر ئەوە کەڵکی ڕێی هاتوچۆی ئاوی(واپۆڕ...ئیدی)یان نیە،بەڵام ئەنەرژیی کارەبا(بەرق)یەکی کە دەکرێ لێیان وەدەست بێت، بەمەزندە بە نەوەد هەزار ملیۆن سەعاتە کیلۆوات دادەنرێ*** .

ڕوەکی، سەردەمێك زۆر بووە، بەڵام چونکە ئاگاداریی لێ نـاکرێ و، دارناشتن و ژیاندنەوەی خەمی بۆ نـاخورێ، ئێستا لێڕ(دارستانی تەبیعی)ی وای نەماوەو تەنك بووەتەوە. داری بەڕوو وگوێز و چام (؟ bouleaux) لە ڕوو لە بەرزاییان هەن، سپیدار، داربی، داری میوەجاتی دەوری دەریای ناوەڕاست و، ڕەز لە شیو و دەشتانی زۆر هەن .

---

* هەر هەژدە ویلایەتەکە ٢٢٠٧٣٥کم٢ دەگرنەوە ، بەڵام من ئەو شوێنانەشم ڕەگەڵ خستوون کە زۆربەی خەڵکیان کوردە و حکومەتی تورك خستوونیەتە سەر دوو ویلایەتی سیواس و مەرەش .

** لە هاویندا گەرمای قارس و ئەرزەرۆم بە چل دەرەجە(ی پێوانەی سەد دەرەجەیی/ سێلسیەس ) گەیشتووە،لە کاتێکدا دەرەجەی گەرمای زستانیان زۆرتر وایە تا ٣٠ دەرەجەی ژێر سیفر دێتە خوار .

*** بەندی کەبان لەم دواییانە لە سەر فورات دروستکراوە، تاقە پرۆژەیەکی گرنگی کەڵك وەرگرتن لەو سەرچاوەی ئەنەرژیە،بەوە هەر هێندێك لەو ئەنەرژیەی کە دەکرێ لەو ئاوە بەدەست بێت وەدەست دەهێنرێ .

حەیوان ، ئێستاش زۆرە . جگە لە ورچ و رێوی و گورگ ، کە جووتیاری کورد زۆریان لێ ئاگادارە ،کەمتیار و بەراز(ی کێوی) و... ئیدیش هەن .

سەرژماریی ١٩٧٠ی تورکیا ،خەڵکیهەرێمی باکووریکوردستانی بە حەوت ملیۆن و ٥٥٧٠٠٠ کەس* داناوە،کە شەش ملیۆن و دووسەدهەزاری ( واتە ٨٢٪ی) کورد بووە ؛ ئەوی تر: تورك ، زۆرتر کارمەندانی مەدەنی و لەشکر، و ئەوانەی لە یوگۆسلاڤیا و بولگاریا هاتوونەوە کە حکومەت لە کوردستان دایمەزراندوون و بە پیتترین زەویی کوردی داونێ ؛ ئەوجا : عارەب ( لە ویلایەتەکانی ماردین و سێرت و عەنتاب ) و ؛ نزیکەی هەشت تا نۆ هەزار ئەرمەنیەك کە زۆرتر لە دیاربەکر و لە قارس دەژین . ئەو غەیرە کوردانە لە پەنای یەك و لە یەك شوێن نین، لێرەو لەوێ بڵاوبوونەتەوە . ناوچەکانی سنووری کوردستان و ئەنادۆڵ ( لە مەرەش،عەنتاب،مەلاتیە،ئەرزەرۆم ) ئێستا زۆرترهەر تورکیان لێ دەژی، هەرچەندە قەومی تریشیان تێدا هەن، بەڵام خەڵکی بەشە مەرکەزیەکان و رۆژهەڵاتی کوردستان نزیکەی هەموو هەر کوردن . بۆ ژمارەی کورد ، دەبێ ئەوەشمان ئاگا لێ بێت کە کورد زۆر شوێنیان لە سەرتاسەری ئەنادۆڵدا ئاوەدانکردوونەوە ( جیهانبەیلی،هەیمەنە،کوردئۆغلو،تۆقات ،چانکری،و... ئیدی ) و کە بە سەدان هەزار کرێکاری کورد لە مەرکەزە سەنعەتیەکانی تورکیادا دەژین ،- بە نموونە - هەر تەنیا ئەستەمبوڵ پتر لە نیوملیۆن کوردی تێدا دەژی . کوردی کە لە دەرەوەیکوردستان لە تورکیا دەژین،ساڵی ١٩٧٠، ژمارەیان لە دوو ملیۆن تا دوو و نیوملیۆن کەس بووە** .

---

* سەرچاوە:" ١٩٧٠گەنەل نوفوس سایمی سۆنوچ لاری" (ئەنجامەکانی سەرژماریی گشتیی ١٩٧٠ی دانیشتوان) لە لایەن " ئەنستیتوی نەتەوایەتیی سەرژماریی ئەنقەرە" وە بڵاوکراوەتەوە، بردنەوە سەریەکی ئەم ژمارانە بە گوێرەی ئەوەیە .

** رادەی ئەم پرش و بڵاو بوونە دەکرێ لە دوو کۆچدا ببینین، یەکەم ـ بەزۆر کۆچ پێکردنی کوردی ساڵانی بیست و سیی ئەم سەدەیە ، دووەم ـ کۆچ کردنی کوردان بۆ شارستانی تورك بۆ کاردۆزینەوە . لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا ٧٠٠هەزارکورد بەزۆر لە نیشتمانیان هەڵکەندران و برانە ئەنادۆڵ؛ دوای راپەڕینی١٩٢٥ ی کورد دەوری یەك ملیۆن کورد( ژن و پیاو و منداڵ ) لە زستانەکانی ١٩٢٦- ١٩٢٨دا بەهەمان شێوە کۆچیان پێ کرا . هەندێك ، دواتر گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان ؛ هەندێك تواونەتەوە ؛ هەرچەندە زۆرتریان لە ئەنادۆڵ ماونەتەوە و بەڵام زۆر بە چاکی دابودەستوور و زمانی کوردیی خۆیان هەر پاراستووە .

خولاســە ، نزيكەى هەشت مليۆن و پێنج سەدهەزار كورد زمان ساڵى ١٩٧٠ لە كۆمارى توركيا هەبووە ، كـە كردوويەتە ٢٣,٨٪ سەرژماريى(ساڵى ١٩٧٠ : ٣٥,٧مليۆن) . راستيەكەى،ئەو ژمارەى ٨,٥ مليۆنەش لەوەناكات تەواو بێت . ژمارەى تەواو، كێشەى زۆرى لە سەرە، لە ٨ تا ١٢ مليۆن باس دەكرێ ،كاربەدەستانى تورك حـەز دەكەن كەمى بكەنەوە و نەتەوەيى كورديش هەن كە زيادى دەكەن . دەبێ ئەوەش دە بيردا بێت كە، زۆر كورد هـەن هێشتا لەژێر تەئسيرى درندەيى سياسەتى نيو سەدەى رابردووى دژى كورددان . من خۆم لە سەرژماريى ١٩٦٥دا كارم دەكرد ،كە دەمپرسى : " زمانى زگماكت چيە ؟ "، وادەبوو كوردى هەژار و بێ نەواى كە تەنانەت يەك تاقە وشەى توركييشى نەدەزانى ، بە كورديەكەى خۆى دەيگوت : " نامانەوێ دەردو بەڵامان بەسەر بێن ، بنووسـە : توركى" . نيسبەتى زيادبوونى ژمارەى كـورد ، ساڵ بە ساڵ بەرەژوور دەچێ . لە ١٩٤٥ تا ١٩٦٥ ، بە تێكڕايى، ساڵانە ٢,٨٨٪ زيادى كردووە. نيسبەتى مردنى كەمتر بووە، بەتايبەتى نيسبەتى مردنى منداڵ لە ٢,٢٥٪ى ساڵێ ١٩٦٠ ،ساڵى ١٩٧٠ بووە بە ١,٤و،لەوە نيسبەتى زيادبوونى زۆر پێ زيادبووە . لە ١٩٦٥ تا ١٩٧٠ ، زيادبوونى بەتێكڕايى،ساڵانە بە ٣,٢٧٪ گەيشتووە،سەرژماريى بەدەستەوەن پيشانى دەدەن كە ئەم زيادبوونە هەر بەردەوامە . ديسا هەر نيسبەتى خەڵكى كوردستان بۆ خاكى ، لەوەى بەشە هەرە قەوغاكانى دنيا زۆر كەمترە . ئەگەر بـە سەرانە بيگرين، ساڵى ١٩٧٠ ، لە بەرامبەر هەر يەك كيلۆمەترى چوارگۆشەدا ٣٣كەس هەبووە،كەچى لە كۆمارى توركيادا ئەو سەرانەيە ٤٣,٩كەس /كم٢ بووە . بەڵام نيسبەتى قەوغايى كوردستان لە شوێن بۆ شوێن دەگۆڕێ، لە باكوور نيسبەتەكە كەمە ( لە هـەكارى ٩ كەس لە هەر كم٢ دا ) ، كـەچى لە ويلايەتەكانى رۆژئاوايدا لەوەى كۆمارى توركيا پترە .

كۆمەڵگاى كورد ،هێشتا زۆرترى دێهاتييە . ساڵى ١٩٦٥ ،٢٧,٨٪ى لە ١٤٦ ئيلچە( قەزا ،بەخش) و ١٨ شاراندا ژياوە كە شەش لەوانە ( عەنتاب، دياربەكر، ئەرزەرۆم،مەلاتيە،خارپووت،ئورفە ) شارى پتر لە سەدهەزاركەسين . ئەوى تر،واتە ٧٢,٢٪ى كوردى هەرێمى باكوورى كوردستان، لەوساڵەدا، لە ١١١٢٠ دێ و ٩٧١٧گچكەدێ (ى دەورى دەماڵ،كوێرەدێ) دا ژياون*. ساڵى ١٩٦٥ ، حەفتا هەزار تا هەشتا هەزار كوردى نيوە كۆچەر(ى گەرميان و

---

* بۆ بەراورد : لێكۆڵينەوەى زۆر گرنگ و جێ سەرنجى كۆمەڵناسى تورك " ئيسماعيل بێشكچى" : " دۆغو ئەنادۆلوونوون دوزەنى، سۆسيۆ- ئێكۆنۆميك ڤە ئەتنيك تەمەللەر "(بنچينەكانى نەريتى كۆمەڵايەتى- ئابوورى و قەوميى ئەنادۆڵى رۆژهەڵات ) . ئەم زانياريە لەو سەرچاوەيە و بەراوردكردنى بە بڵاوكراوە رەسميەكانى ←

کوێستان دەکەن) هەبوون، ئێستا بەزەحمەت سێ هەزار بێن .

لەم سالآنەی دواییدا، زیادبوونی نیسبەتی خەلْك و ئەوەی بەکارهێنانی مەکینەش لە کشتوکالْدا، وێکرا، بوونە هۆی کۆچکردنی خەلْکێکی زۆر لە دێهاتەوە بۆ شار. بەلآم کۆچێکی زۆر بێ نەزم،کە لە پەیداکردنی کارو ژوور و خانوو و ئەوانەدا گرفتاریی زۆری لە چارە بەدەری ناوەتەوە . ئێستا زۆرگەرەکی پیسی خانووی قوڕ بەدەوری شارە کوردە سەرەکیەکانەوە دروست بوون .

## ٢ - خوێندن و فەرهەنگ

دەردی گەورەی هەرێمی باکووری کوردستان، ئێستاش دوای نیو سەدە حوکمی رژیمی-گوایا- دیموکراتی و عیلمانی، هەر نەخوێندەوارییە . نیسبەتی ٧٢٪ی خەلْکی تەمەنی سەرووی شەش سالْ، بێسەوادە( خوێندنەوە و نووسین نازانێ ) ، بێسەوادی لە ولآتی تورکدا ٤١,٤٪ـە ( لە کۆماری تورکیادا ٥١ ٪)، واتە بێسەوادی لە کورد-ستاندا نزیکەی دوو ئەوەندەی ئەوەی ولآتی تورکە .

ئێستاش، بەشی هەرە زۆری دێهاتی کوردستان " خوێندگەی سەرەتایی " یان نیە . ئەگەر خوێندگەیەکی وەهاش هەبێ، یەك تاقە مامۆستای هەیە کە دەبێ " زمانی تورکی " بە پێنج پۆلان بلْێ . پەنجا خوێندگەیەکی ناوەندی لە کوردستان هەن، ئەوانیش مامۆستایان کەمن . کوردێکی کە بتوانێ ئابەم وەزعە خوێندنی ناوەندی تەواو بکا، دەبێ بچێ لەگەلْ خوێندکارانی ئەستەمبوولْ و ئیزمیری کە لە وەزعیکی زۆر باشتردا خوێندوویانە ئیمتیحانی وەرگیران لە زانکۆ بدا . دیارە لەم هەلومەرجەدا سەیر نیە کە خوێندکاری کورد لە زانکۆیاندا ئەوەندە کەمن . سالْی ١٩٧٥، ١٨ زانکۆ و ١٥٧ خوێندگەی بەرزی تر لە کۆماری تورکیا هەبوون ، لەوانە تاقە یەك زانکۆ ( لە ئەرزەرۆم ) و یەك کۆلیج ( دانیشکەدە ) ی بژیشکی ( لە دیاربەکر) و چوار خوێندگەی بەرزی سەنعەت ومامۆستا پێگەیاندن لە کوردستان بوون . بەلآم لەمانەشدا خوێندکاری کورد کەمایەتی بوون .

زمانی خوێندن تورکییە ،کوردی لە سالْی ١٩٢٥ـەوە قەدەغەکراوە . کتێب و گۆڤاری کوردییش هەر قەدەغەن . بەلآم نووسراوی ئەدەبی و سیاسیی بەکوردی بە قاچاغ بلآودەبنەوە. ئەو نووسراوانە بە حەرفی لاتینی نووسراون

---

← تورکیا دەربارەی سەرژماریی ١٩٦٥و ١٩٧٠(- ئەنستیتوی نەتەوایەتیی سەرژماری) وەرگیراوە . ئیسماعیل بێشکچی لەسەر ئەو لێکۆلْینەوەیەی کۆمەلْگای کورد بە ١٢ سالْ زیندان حوکم درا .

کە برایانی بەدرخانی لە ساڵانی ١٩٣٠دا بە تەرزێك بۆ کوردییان گونجاندووە. نووسینی کوردی، بەڕاستی پێشکەوتنێکی نوێی باش بەخۆیەوە دەبینێ. تا ئەم دواییانە، ڕۆشنبیرانی کورد هەر تورکییان دەنووسی، نووسەر و شاعیری کورد بەرهەمیان هەر بە تورکی بوو، نەك هەر لەبەرئەوە کە هەر بە تورکی نووسین ڕێی بڵاوکردنەوەی هەبوو، بگرە لەبەرئەوەش کە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی قاچاغی نەتەوەی خۆیان شارەزا نەبوون و، زمانە قەدەغە-کراوەکەی خۆیان بەشی ئەوەندە فێر نەبیوون کە بیانتوانیبا بەرهەمی خۆیانی پێ‌بنووسن. بەرهەمی ئەو ڕۆشنبیرە کوردانە خزمەتێکی زۆری بە سامانی فەرهەنگیی تورك کردووە. گرنگترین چیرۆکـ(ی درێژ)نووس لە سەرتاسەری مێژووی ئەدەبیاتی تورکدا "یاشار کەمال"ی کوردە، و خۆی لە هەر هەلێکدا ئەو حەقیقەتەی کوردبوونی خۆی باس دەکا، دوو بەرهەمی "بازی من مەمەد" و "ستوون" وەرگێردراونە سەر پتر لە بیست زمان. شاعیران: "جاهید سیدقی تارانجی"و" ئەحمەد عارف"، و دەرهێنەری فیلمی سینەما"یلماز گونەی"ش کوردن. زۆر فیلمی یلماز گونەی،هەم مەوزووعیان لە کوردستانە و هەم لە کوردستان گیراون. بەناوبانگترین گۆرانیبێژانی تورکیا، زۆربەیان، هەر لە "نەسیمی" و "رووحی‌سوو"وە بگرە تا "ڕەحمی سالتوك" کورد(ی زۆرتر شیعە)ن.

لە ساڵی ١٩٦٥ـەوە، گەڕانەوەیەکی تەواو بۆ سەرچاوەی نەتەوایەتی دەستی پێ‌کردووە. دیارە ئەو کوردانەی بێ‌سەوادن و هەر کوردیەکەی خۆیان دەزانن، کوردیی خۆیان گوتووە و دەیڵێن، بەڵام کوردی خوێندەواریش ئێستا بەگشتی لە بەکارهێنانی زمانی خۆیاندا پێ‌دادەگرن. نەتەوەییەتیی کورد،ئەمڕۆ لەناو جەماوەردا شەپۆل دەداتەوە، و ئەمە بێ‌گومان ڕێگای ژیانەوەیەکی فەرهەنگی و ئەدەبیی گرنگی کورد دەکاتەوە.

## ٣- ئاین

کورد، نزیکەی هەمووی (٩٩٪ی) مسوڵمانە، نزیکەی ٣٠هەزار مەسیحی (نەستۆری و ئاسووری) هەن، و ٤٠ تا ٥٠هەزار یەزیدییش هەن کە بەهەڵە ناوی شەیتان پەرستیان لێ نراوە*. زۆربەی کوردی مسوڵمان، سوننیی شافیعین. شیعە (قزڵباش یان عەلەوی -تابیعانی ئیمام عەلی) هەر چەندسەدهەزارێك دەبن، کە زۆرتر لە

---

* ئاینی یەزیدی، وەك لە مسحەفا ڕەش دا هەیە، تێکەڵبوونێکی سەیری شوێنەواری زەردەشتیەت و مەراسیمی ئیسلامی و تەسەووف و براهمایی و ...ئیدییە. بەراورد:

R. Lescot, Enquête sur les Yezidis de Syrie et du Djebel-Sindjar.

دەرسیم، خارپووت، و مەرەش ـن .

مەدرەسەی قورئان لە زۆر دێیکوردستاندا هەن، کە بە عارەبی دەرسی سەرەتاکانی ئاینیان تێدا بە منداڵان دەگوترێ . هەندێ مەلا لەو مەدرەسانەدا، ئەدەبیاتی لەمێژینەی کوردییش - دیارە بەدزیی کاربەدەستانی تورك - بە نهێنی فێری شاگردانیان دەکەن ( ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، باتێ، تەیران، بابا تاهیر،کۆیی، و... ئیدی) .
مەلا، دەورێکی زۆرگرنگیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کورددا هـەیە . هەتا بەر لە دە ساڵیش ، ژیانی مـەلا لە سەر خەڵکی دێ بوو ، مەلا مەلایەتیی خۆی دەکرد و نانی خۆی پەیدا دەکرد ( دێهاتی ، ئازووقە و پێداویستیان بۆ دەبرییەوە ) . دیارە مەلاش لە ژیانی هەژاریی ئەو دێهاتەدا رۆچووبوون، بەڵام ئـاگایەکیان لە دنیای دەرەوە هەبوو، و رەگەڵ میللەتی خۆیان دژی داگیرکەربوون،و لە ١٩٥٠ و ١٩٦٠ ـەکاندا دەوری پێشڤە-رووبانەیان لە خەباتی کۆمەڵگای کورددا زۆر لەبەرچاوبوو . ئەوە بێ‌گومان لە پیاوی دەگەیەنێ، بۆچی حکومەتی ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٦٥ـەوە ئەو مەلایانەی گۆڕیون ؛ بەگوێرەی قانوونێکی لەوساوە ، دەبێ مەلا لـە مەدرەسە - یەکی تایبەتی حکومەت دەرچووبن و بە معاشی حکومەت مەلایەتی بکەن . ئەم مەلا نوێیانەی کـارمەندی دەوڵەت ( ی دنیایی(٥)) تورك، معاشی باشیان دەدرێتێ و زۆرتر وایە هاوکاریی دەزگای جـاسووسیی حکومەت ( میت ) دەکەن، و هەوڵ دەدەن بیروباوەڕی رەسمیی حکومەت لە دێهاتدا بڵاوبکەنەوە .
تـەریقەت ئێستاش لە کوردستاندا هەن . حکومەت ، لە ساڵی ١٩٢٦ـەوە(٦) و تا پەیدابوونی نیزامی " چـەند حیزبی" لە تورکیادا، بە سەختی دەیچەوساندنەوە، بـەڵام لەوەتای نیزامی" چەندحیزبی" ی تێدا دروست بووە، حیزبچی، بۆ دەنگی زۆر وەدەست هێنان لە هەڵبژاردنی نایباندا، دەستەوداوێنی شێخانی نەقشبەندی و قـادریی بـە نفووز دەبنەوە، هـەوڵ دەدەن دڵیان رابگرن و لەو رێیەوە دەنگ وەدەست بێنن، شـێخانی تـەریقـەت بـەوە زۆر بووژاونەوە. هەندێ شێخ،کە لەو وەزعە گەیشتوون، لەجیاتی ئەوەی دەنگ بۆ خەڵکی تر دابین بکەن، چوون بۆخۆیان بەکارهێناوە و بەوە خۆیان کردووە بە ئەندامی پەرلەمان . ئەم شێخانەی لەو رێیەوە دەسەڵاتی سیاسیان پەیدا کردووە، وێڕای دەسەڵاتی رووحی(ئاینی)ی کە هەیانە،دەسەڵاتی ئابووریشیان هەیە( چونکە خاوەن زەویو-زاری زۆرن)؛ بە کۆبوونەوەی ئەو سێ دەسەڵاتە (سیاسی،ئاینی،ئابووری) دە دەستدا، دەسەڵاتیان - سەردەمێك - بەسەر جووتیاراندا یەکجار زۆر ببوو. بەڵام کوردەواری رێی گۆڕانێکی زۆری گرتۆتە بەر؛ ئەوەی هاوکاریی حکومەت بکا، لە ناو کورددا سووك و چرووك دەبێ، ئەمە جاران نیە دەسەڵاتی ئاینی و ئابووریی شێخ هەروا قەبووڵ بکرێ و خەڵك ملی بۆ بدا. شێخ ئەمرۆ لە کوردەواریدا تا دێ پتر بە جاش دەناسرێ ، و بەوە دەسەڵات

و ئیعتیباری لە ناو خەڵکدا یەکجار زۆر دەشکێ . پیاوانی ئاینیی شیعە ( عەلەوی : دەدە، پیر، سەید )یش بە هەمان ڕێی ئەم شێخانەدا ڕۆیشتوون و وەك ئەوانیان لێ بەسەرهاتووە .

## ٤- تەندروستی

هەرچەندە بژیشك دەتوانن پارەی زۆر لە کوردستان وەسەریەك بنێن ، بەڵام هەر حەز ناکەن لە " شـــەرق " ( مەبەستیان کوردســـتانە) کار بکەن . بژیشکی کە تازە خوێندنیان تەواوکردووە و ناردراونە کوردســـتان ( بە زمانی ڕەسمی : مەحروومیەت بولگەسی = مەڵبەندی مەحروومیەت) تاکو - گوایا - " شەرق خزمەتی " بکەن، خوا- خوایانە سێ ساڵەکەیان تەواو بکەن و لە یەکەم ڕۆژی دوای ئەوەدا بگەڕێنەوە شارە گەورەکانی تورکیای ڕەحەت و سەحەتترو بۆ ئەوان خۆشتر . ئەوەیە، نیسبەتی ئەملی کاری بژیشکی لە کۆماری تورکیادا وەك یەك نیە . ساڵی ١٩٧٠ ، بەرامبەر هەر دەهەزار کەس، ٤,٣ بژیشك لە کۆماری تورکیادا هەبووە . هەر هەمان ساڵ ، ئەو نیسبەتە لە کوردستاندا: یەك بژیشك بۆ هەر دەهەزار کەس بووە( کەواتە بە هەمان شێوە دەکرێ بڵێین : ئەو بژیشکانەی لە کۆماری تورکیادا چارەی هەزارکەس دەکەن،٤,٣ جار لەو بژیشکانە پترن کەهەمان کار لە کورد- ستاندا دەکەن*) . ئەم دالەنگانە، پێنج ساڵ پێش ئەوە(١٩٦٥) بەنیسبەتی ٣,٦ جار بووە(کەچی وا ساڵی ١٩٧٠ ٤,٣ جارە ) ، ئەمە مانای ئەوەیە جیاوازیەکە تا دێ زۆرتر دەبێ، و ئەمە خۆی لەخۆیدا وەزعی پەرەسەندنی ژیانی خەڵکی کوردستان پیشان دەدا کە چەندە لەوەی تورکیا بە دوا دەخرێ .

## ٥- پێکهاتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگای کورد ، هێشتا زۆرتر هەر بە کشتوکاڵ دەژی . وەك پێشتر باس کرا، ٧٢,٢٪ ی کورد لە دێهات بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەژین . ٥,٥٪ی ئەوانەی کار دەکەن ، لە بەشی" سەنعەت"دان . ئەوانی تر بە بازرگانی، کاری دەستی ، و کاری خزمەتی گشتی ( ی شارەوانی، ئیدارە ... و ئیدی ) یەوە خەریکن** .

---

* ســەرژماریی ١٩٧٠ ( پێشتر باسکراو) ، لە باسی نیسبەتی بژیشکی کۆماری تورکیادا ، ژمارەی ١بژیشك بۆ ٢٣٠٠ کەس دەدا ، لە شارەکاندا نیسبەتی ژمارەی بژیشك بۆهەرهەزارکەسە باس دەکا ، ئەم ژمارانەی لێرەدان لەسەر ئەساسی بردنەوە سەریەکی ئەوانەن . ** بۆ بەراورد : لێکۆڵینەوەی بێشکچی ( پێشتر باسکراو) ل ٦٣.←

ئاژەڵداری، ئێستاش زۆر گرنگە . کوردستان سەرچاوەی سەرەکیی سامانی گاوگۆل و مەڕ و بزن و بەرهەمی ئاژەڵە بۆ تورکیا. مەکینە و سەنعەتی کە دەکشتوکاڵی کوردستاندا بەکاردێ، بە زەحمەت ئەگەر لەوەی سەدەکانی ناوەندی بەم لاوە هاتبێ، و زۆر لەدوای ئەوەی تورکیایە . کوردستان زۆر لە مەکینەی کشتوکاڵ بێبەشە : ٣٪ ی مەکینەی کۆماری تورکیای هەیە؛ بەڵام ئەگەر بۆ عارەبانە و داشقە بڵێی ...بەڵێ!، ٣٦٪ی لە کوردستانە*. بەهەر حاڵ، بەوە کە بازاڕی تورکیا رۆژبە رۆژ پێویستی پتری بە کوردستان هەیە و، لەوەتاهەندێ ئاغا بوونە" سەرمایە-داری کشتوکاڵ کردن "، رێی مەکینە لەپڕێکا کراوەتەوە، ئەوەتا ژمارەی تراکتۆر لە کوردستاندا بە دوو ساڵان (١٩٦٥ تا ١٩٦٧) ٤٦٪ زیادی کردووە . دابەش بوونی زەوی لە هەرێمی باکووری کوردستان زۆر نایەکسانە، کە ئەم جەدوەلە پیشانی دەدا :

| چینی دێهاتی | نیسبەتی چەندی خەڵکی دێهاتی هەرێمی باکوور پێك دێنێ | نیسبەتی چەندی زەوی هی ئەوە |
|---|---|---|
| جووتیاری بێ زەوی | ٪٣٨ | هیچ |
| خاوەن زەویی کەم (١- ٥٠ دۆنم) | ٪٤٥,٤ | ٪٢٧ |
| جووتیاری دەوڵەمەند ( ٥١- ٢٠٠ دۆنم) | ٪١٤,٢ | ٪٤٠ |
| ئاغا و شێخ و ...ئیدیی لەوبابەتە (سەرووی ٢٠٠ دۆنم) | ٢,٤ ٪ | ٪٣٣ |

تێبینی : یەك دۆنم لێرەدا دەکاتە نزیکەی یەك هەزار میتری چوارگۆشە .

کەواتە، لەوانەی کە لە کوردستانی تورکیا خاوەن زەویی کشتوکاڵن، ژمارەیەکیان کە بەحاڵ دەکاتە یەك لە سەر شەشی هەموویان ، خاوەنی ٧٥٪ی هەموو ئەو زەویەیە ؛ لەلایەکی ترەوە ، ٣٨٪ی خەڵکی دێهات ، هەر هیچ زەویەکیان نیە . لێکۆڵینەوەیەکی وردی زەوی دەریدەخا، لەوەتای تورکیا ساڵی ١٩٢٦ قانوونی مەدەنیی سویسرای وەرگرتووە کە مڵکداریی شەخسی هێند بە گرنگ دەبینێ ، ئەم نایەکسانییە رۆژبە رۆژ پتر بووە.

---

← نیسبەتی ئەوانەی ئەو ساڵە ( ١٩٦٦) لە کۆماری تورکیادا دەست ناکەوێ . نەخشەی سێیەم پێنج ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٧ی کە لەلایەن ئیدارەی نەخشەسازیی نەتەوایەتییەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەم ژمارانە بۆ ساڵی ١٩٧٢دەدا: ٦٥٪ی دانیشتوان بە کشتوکاڵ دەژین، ١١٪ بە سەنعەت، ٢٤٪ بە کاروباری خزمەتی گشتی . بۆ بەراورد : بێشکچی، هەمان سەرچاوە .

حکومەت زۆر چاکی ئاگا لێیە، ئاغاو دەرەبەگ و شێخ چۆن زەویی تێکڕایی( ی بنەماڵە...ئیدی) و دەوڵەتی و ئەوقافیش دەخەنە سەرناوی شەخسیی خۆیان . بەڕاستی ئەوە سەرنج رادەکێشێ، هەرچەندە حکومەتی ئەنقەرە کێشە و هەرای زۆری لەگەڵ دەرەبەگی کورددا هەبووە، کەچی قەت نەیویستووە پرۆگرامێك دابنێ لە دەسەڵاتی ئەوانە بدا، کە ئەو لە ڕێی ئەوانەوە دەسەڵاتی خۆی بە سەر جەماوەری کورددا دەسەپێنێ. بەهەرحاڵ ، ئەم نایەکسانیە لە داراییدا، هێشتا بەربەرەکانی نەخستۆتە نێوان جووتیارانی هەژار(٨٣,٤ ٪ ی دێهاتییان ) و ئەو مڵکدارە دەوڵەمەندانەوە کە دەستوپێی حکومەتی تورکن لە کوردستاندا؛ چونکە هەرچەندە نەزمی عەشیرەتی، خۆی،نزیکەی بەتەواوی هەڵگیراوە، بەڵام ئێستاش تەئسیری خزمایەتی و ئاین و فەرهەنگی " ساوك سالاری" ی عەشیرەتی هەر ماوە، و ئەم تەئسیرە ئەو بەربەرەکانیە دادەپۆشێ . تاقە شێوەیەکی دەربڕینی ئەو بەربەرەکانیە تا ئەم دواییانەش، هەر چەتەیی بوو . بەڵام بەو داخوازی و ناڕەزاییەی جەماوەری کورد لە دەسەڵاتداران، کە هەر لە کۆتایی ساڵانی شێستەوە جمیوە، زەحمەتە ئەو دەستوپێیانەی حکومەت تا زۆری تر ئاوا بۆیان بچێتە سەر .

کشتوکاڵی کوردستان، بەو وەزعەی دارایی زەوی و بەو مەکینەو سەنعەتە کۆنەشیەوە، چاك توانیویە بگاتە بازاڕی دەرەوە، ئێستا تێهەڵکێشی بازاڕی سەرمایەداریی کۆماری تورکیا کراوە و تێدا گونجێندراوە . پەموو، چەوەندەر( بۆ شەکر دروست کردن ) ، و تووتن بە هەردوو بازاڕی دەرەوە : بازاڕی تورکیا و بازاڕی دەرەوەی تورکیاش دەفرۆشرێن؛ بازرگانییان بەشێوەیەکە کە کشتوکاڵیان دەچێ پێش کشتوکاڵی خۆراك بکەوێتەوە .

دیسان،هەرچەندە ئەوە حەقەن راستە کە سەرمایەداری چووەتە دێهاتیکوردستانەوە، بەڵام کۆمەڵگای کوردی نەکردۆتە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری . کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی " جیهانی سێیەم"ی کە لە یەك ئان و کاتدا لە چەند سەدەدا دەژین . کەری سواریی سەردەمی حەزرەتیعیسای جووتیارو ئۆتۆمبیلی مارسیدیس بێنزی دوا مۆدێلی دەرەبەگێك، لە پەنای یەکەوە بەسەر ئەو شەقامەوەن . ئەمە لە رووی ئابووریەوە مانای ئەوەیە چەوساندنەوەی دەرەبەگی هەیە ( بەرهەمی کاری جووتیار دەچێتە گیرفانی دەرەبەگەوە، دەرەبەگ مارسیدیس بێنزی پێدەکڕێ سواری دەبێ، جووتیاریش گوێدرێژی خۆی لێدەخوڕێ ) . لە پاڵ چەوساندنەوەی نوێی سەرمایە-داریدا، چەوساندنەوەی هەر زۆرکۆن هێشتا ماون . جووتیار ئێستاش بێگار( جا بە هەر ناوێکی هەیە) بۆ شێخ و نەجیبزادان دەکەن . مرید ،بەخۆڕایی دروێنە بۆ رابەری ئاینییان دەکەن و بەرهەمی بۆ رەنێودێنن، سەرەڕای ئەوە دەویەك ( یەك لە دە)ی بەرهەمەکەی خۆشیان دەدەن بە ئاغا . ئەو پارەیەی بەو جۆرە دەچێتە گیرفانی ئاغا و شێخانەوە، ئاغاو شێخ دەیبەن لە شاری تورکاندا دەیخەنە کارەوە : مڵك، هوتێل و،کارگەی بچووکی پێ دەکڕن

کە لەو شارە گەورانەی تورکاندا قازانجیان بۆ خاوەنیان زۆرتر تێدایــە . ساڵی ١٩٦٤(٧)، ٣٢٦٣ شیرکەت وکارگە و جێکار(ی لە کارگە بچووکتر) بە ئیجازەی رەسمیی قانوونی کاری تورکیا لە کۆماری تورکیادا هەبوون ، لەوانە : تەنیا ٢٤٢٧(واتە ٥,٦٪) لە کوردستان بوون*، کە بەرهەمیان : سابوون، رۆن، فەرش و، شتی تری سادەی لەو بابەتانە بوون . چەند کارگەیەکی شەکر هەن ( خارپووت ، مەلاتیە )، کارگەی چیمەنتۆ ( قارس ، ئەرزەرۆم )، کـارگەی سیغار- جگەرە ( بتلیس، مەلاتیە) و، کـارگەیەکی قوماشیش لە دیـاربـەکر هـەیە . بـەڵام زۆربــەی کرێکاران لـە کانگاکاندا کار دەکەن کە دە دەست دەوڵەتدان .

خاکی کورد بە کان دەوڵەمەندە : فۆسفات، بەردی خەڵووزی بۆر، مس، ئاسن، کرۆم، و هەندێ نەوتیشی هەیە . سامانی کانی " کرۆم"ی کانگای مادەن ( لە نیوەی رێی نێوان دیاربەکر و خارپووت) لە هەرە زۆرەکانی دنیایە . ئەم کانگایە، ساڵی ١٩٦٧، بە بەرهەمی ٨٣٢ هەزار تۆنی میتری ( تۆنی هەزار کیلۆ ) کۆماری تورکیای لـە بەرهەمهێنانی ئەوەدا کرد بە دووەم دەوڵەتی دنیا ( هەر یەکێتی سۆڤیەتی لەپێشەوە بوو ) . راپۆرتی " رێکخراوی هاوکاری و پەرەسەندنی ئابووری"(O.E.C.D.) دەربارەی کۆماری تورکیا دەڵێ کە بەرهەمی کرۆمی ساڵی ١٩٧٣ ی دوو ملیۆن تۆنی میتری بووە، کە زۆربەی ناردراوەتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا . ناوچەی" دیوریك" **ی کوردستان، کانگای زۆر بە بەرهەمی ئاسنی هەیە، لەبەرئەوە خراوەتە سەر ویلایەتی سێواس ی کە تورکی زۆری تێدایە، بەرهەمی ئاسنی ساڵی ١٩٦٧ی بە نزیکەی ١,٥ ملیۆن تۆنی میتری گەیشتووە*** . ئاسنی خاو لەوێ دەردێنن و بۆ چاك کردنی دەینێرنە ئەرەغلی و قەرەبوكی لای دەریای رەش، کە بنکەی سنعەتی" پۆڵاسازی" ی لێیە ." مس"یش، لەمێژە لە ئەرغەنیی نزیکی دیاربەکر دەردەهێندرێ ؛ ساڵی ١٩٧٠نزیکەی یەك ملیۆن تۆنی میتریی بەرهەم بووە .

نەوتی هەرێمی باکووری کوردســـتان، ئەوەندەی تائێستا پێزانراوە، زۆر لەو هەمووە نەوتەی هەرێمەکانی تری کوردســـتان کەمترە . شیرکەتە چەند وڵاتیە سەرەکیەکانی نەوتیی کە لەوناوە کاردەکەن : شێڵ، بی پی، مۆبیل، هەمیشە پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە کۆماری تورکیا تاقە یەك دڵۆپ نەوتیشی لێ دەرنایە، کەچی شیرکەتی

---

* سەرژماریی ساڵانە ( بە تورکی)، O. N. S. (D. I. E.), Ankara .

** Divrigi

*** سەرچاوە : ئیدارەی نەخشەسازیی نەتەوایەتی (ی داوێنی ل ١٦ی ئەم کتێبە) ل٢٧١ .

نەوتی حکومەتی تورکیا ( تی. پی. ئا. ئۆ. ) کەوتە سەر پەیداکردنی و لە : رامان، گارزان ( سێرت ) ، و دیاربەکردا دۆزیەوە؛ساڵی١٩٧١ چوار ملیۆن تۆنی میتریی لێ دەرهێناوە، کە زۆرتر بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ بووە .

حکومەت، جگە لە کان وەدەستهێنان، خەریکی دروست کردنی رێگاو بانیشە بۆ مەبەستی گەورەی عەسکەری : رێگای پێوەندیی تورکیا بە ئێران و بە عیراق، و رێگای پێوەندیی نێوان مەرکەزە سەرەکیەکانی لەشکری تورکیا لە کوردستاندا. شارە سەرەکیەکانی کوردستانی کە بنکەی لەشکری تورکیان تێدایە: ئەرزەرۆم،دیاربەکر،مەلاتیە، خارپووت، وان ؛ کە ئەو بنکانە بە رێی قەتاریش پێکەوە بەستراونەوە : خەتی ئاسنی " ئەستەمبوڵ ـ ئەنقەرە ـ مەلاتیە ـ دیاربەکر ـ کورتالان " ، " مەلاتیە ـ وان "، " ئەنقەرە ـ سێواس ـ ئەرزەرۆم " ؛ جگە لەوە کە فڕۆکەخانەی مەدەنی و عەسکەرییشیان تێدا داندراون .

حکومەت، پارەیەکی دەیخاتە کارەوە زۆرتر بۆ کان دەرهێنان و رێگاوبان ( و پرد و فڕۆکەخانە...ئیدی) یە . ساڵی ١٩٦٨ ، تەنیا ١,٩٣٪ی شیرکەتە بازرگانیەکانی کۆماری تورکیا لە کوردستان هەبوون*. کوردستان، کە رێی پێوەندی بە دەریاوە ئەوەندە باش نیە،و تواناى خەڵکەکەی ئەوە نیە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی زۆری بگەرێ، و لە رووی سیاسیشەوە ئارام نیە، بەو وەزعە بە زەحمەت دەتوانێ هاندەری دەکارخستن و گەشەپێدانی سەرمایەی تایبەتی (ی خەڵك ) بێت . ئەوەندە سەرمایەیەی لەم رووەوە دەگەڕێ، دەچێتە کڕین و فرۆشتنی خانوو و پارچە عەرزان و ،دروست کردنی خانووبەرەی نوێی کە ئەوەندەی بۆکوردی خاوەن پارەی ئەوەن، ئەوەندەش بۆ ئەفسەرانی لەشکر و کارمەندانی ئیدارەی تورکن .

بە پەرەسەندنی کاری دروستکردنی رێگاوبان و کان دەرهێنان، چینێکی کرێکار دروست بووە،کە ئێستا ٥,٥٪ی هەموو ئەوانەی لە کوردستان کاریان هەیە پێكدەهێنێ ، کە دەکاتە ٤٪ی چینی کرێکاری کۆماری تورکیا .

ئەوانە، بەوە کە کارێکی هەمیشەیان بۆ دابین بووە، ئەگەر کاریش نەما هەقی پارەیەکی بێکارییان هەیە، پارەی چوونە پشوودان و حەسانەوەشیان هەر دەدرێتێ، و مافی مانگرتنیشیان هەیە، بەوانە وەزعی خۆیان پێ باشە . هەرچەندە دیسان، وێ دەچێ لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ هەستی چینایەتییان پەیداکردبێ .

زۆربەی دێهاتی چیایان و عەشیرەتانی نیوەکۆچەر، بەرهەمی لە ئاژەڵیان وەدەست دێ ( کوڵکە ( خوری، موو )، نقیشك(رۆنی کەرە)،پەنیر...ئیدی) بە کەرەستەی ئامادەکراو ( شەکر، چا، خشڵ، بازیچەی منداڵ( ؟!- وەرگێڕ) و

---

* د د ك ئۆ،داڤادۆسیەسی (پەروەندەی دەعوا)،کۆمەل یاینلاری (بلاوکراوەکانی کۆمەل)،ئەنقەرە، ١٩٧٥،ل١٧٣.

...ئیدی دەگۆڕنەوە، یان لە بریتی هەقی میوە و سەوزی دەیدەن بە چەرچی ( فرۆشیاری گەڕیدە )ی کە ئەوانە لە پێدەشتانەوە بە سەر ئێستەوە دەهێنن. لەلایەکی ترەوە، بازرگانانی دیاربەکر و ئەرزەرۆم زۆرتر پێوەندیی راستەوخۆیان بە وڵاتانی هاوسێوە ( وەك سۆڤیەت و ئێران ) هەیە، ژووری بازرگانیی کشتوکاڵ زۆر چالاکانە قۆڵیان لێ هەڵکردووە .

هاتوچۆی کەرەستەی بازرگانیی نێوان کوردستان و تورکیا، ئاوێنەیەکی روونی پێوەندیی وڵاتی موستەعمەرە و وڵاتی ئیستیعماریەتی. موستەعمەرە( کوردستان) هەم سەرچاوەی کەرەستەی خاوە بۆ ئیستیعمار( تورکیا ) و هەم بازاڕی پاوان ( ئیحتیکار)کراوە بۆ مەسرەفی کاڵای ئەو ئیستیعمارە .

زۆرتر بازرگانانی زلی کە سامانی نیشتمانی کورد بۆ وڵاتی داگیرکەر دەبەن و، خاوەن زەویە دەوڵەمەندەکانیشن، کە قەرزی بانکیان دەست دەکەوێ؛ بەڵام بانك لە کوردستاندا ئەوەندە دەکارا نین . ساڵی ١٩٦٥،لە ١٩٨١ لقی بانکی کە لەکۆماری تورکیادا هەبوون،١٧٩ لق( ٠,٩ ٪) لە کوردستان بوون . بەوە کە زۆری خەڵکی کوردستان هەژارە، دیارە پارە کۆکردنەوە و دانانی لە بانك هەژارانەیە . پارەیەکی کە بەو شێوەیە ساڵی١٩٦٥ لە بانکەکانی کوردستاندا دانراوە، بە ٤٧٩ملیۆن لیرەی تورك (= ١٤٠ ملیۆن فرانکی فەرەنسی) گەیشتووە، لەکاتێکدا ئەوە لەکۆماری تورکیادا ١٥٢٠٢ ملیۆن لیرەی تورك بووە * . نەبوونی نەزمێکی پارە بە خەڵك بەقەرزدانی ئەوتۆ کە بەڕاستی رووی ئەوەی هەبێ پیاو بتوانێ ناوی سیستمی قەرزی لێ بنێ، بووەتە هۆی پێکهاتنی دەستەیەکی زۆری سوودخۆران، کەسانێکی کە پارە بە نیسبەتی سوودی زۆر ( سوودی ساڵانە تا بە ٥٠-٦٠٪) بە قەرز دەدەن .

هەرچەندە بە قاچاغ بڕینی سنووری سیاسی زۆر خەتەرە ( ئەو سنوورانە مین(لەغەم)کراون)، دیسا ،خەڵکی هەژاری دێهاتی سەر ئەو سنوورانە هەن کە قاچاغچێتی دەکەن . لەو رێیەوە، زۆرتر رانە مەڕ ( بۆ دیوی سووریا ) و دەرمان ( بۆ دیوی ئێران و عیراق ) و تووتن و وادەبێ تریاکیش ( بۆ ئێران ) دەبەن . لەوسەرەوە، چا( ی لای هاوسێیان هەرزان) و قوماشی شام و کۆڵێك شتی" لە ئەمریکا دروستکراو" یا " لە هۆنگ کۆنگ دروستکراو"ی کە لە رێی قانوونییەوە ناهێندرێنە کۆماری تورکیاوە،دەهێنن . کاتێ ماڵی قاچاغ دەگاتە شارەکان، قاچاغچی پارەیەکی کەم وەردەگرن، و مەغازەی گەورەی دیاربەکر، ئورفە، عەنتاب، و بەتایبەتی ئەنقەرە ئەو کەرەستە قاچاغانە - بە بەرچاوی کاربەدەستانەوە - بە پارەی زۆر دەفرۆشنەوە .

---

* هەمان سەرچاوەی پێش ئەمە ( داوێنی ل ١٩) .

بەشێكی زۆری خەڵكی شارەكانی كوردستان، بەكارو پیشەی دەستییەوە خەریكن : زێرینگەری، زیوگەری، و كریستاڵگەری، لە : دیاربەكر، ماردین، مدیات، و ئەرزەرۆم . مسگەرییش، بەتایبەتی مسگەرانی دیاربەكر بە كاری مس و نەخشاندنی بەناوبانگن *. سێرت،عەنتاب،دیاربەكر،و وان بە دروستكردنی قاڵی وقوماش ناسراون .

١٠٪ی ئەو خەڵكەی كوردستانی (٩) كە كار دەكەن، لە دەزگای ئیدارەدان، كە وەزیفەی بچووكی پلەی خوارەوە زۆرتری دراوەتە ئەوان .

---

* نەخش و نیگار دە مسدا كردن، سەنعەتێكی كۆنی كوردە، وەستای خەڵكی رۆژهەڵات هێناویانەتە ئەوروپاوە . شاری ڤینیس جێی تایبەتی بۆ ئەو سەنعەتە ساز دابوو، كە زۆر پارچە مسی نەخشكراوی جوانی وادیارە لە سەدەی پازدەدا هەبووە، ژمارەیەك لەوانە ئیمزای " مەحموود كورد " ی بەسەرەوەیە . (٨)

Thomas Bois, Connaissance des Kurdes, Khayats ( Beirut, 1965), P, 30 .

## دوو - کوردستان لەژێر حوکمی کۆماری تورکدا (٩)

تورك، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە شەڕدا بوون، لە تەرابلسەوە تابالْكان و تا شەڕی جیهانیی یەکەم، خوێنیان رشتبوو و رژابوو . لەو هەلومەرجەدا ، بەرەیەکی عسکەریی تورك پێکەیشتبوو کە ئاگایەکی لە بیروڕای تر و وەزعی دنیای تر پەیدا کردبوو . هێز لێ بڕان و شکستی تورکیا و داگیرکرانی نزیکەی هەمووی لەلایەن بێگانەوە، ئەو بەرەیەی ئێشاند و ئەوەبوو ویستی کارێك بە ئەنجام بدا . مستەفا کەمال پاشا ( ئەتاتورك ) ، عیسمەت پاشا ، عەلی فوئاد پاشا ، کازم قەرەبەکر پاشا و...ئیدی لەو بەرەیە بوون .

خەڵکی ئەنادۆڵی داگیرکراو، ئەم وەزعە نوێیەیان بە" قیسمەت "* دانا لە خوداوە کە هیچی لەگەڵدا ندەکرا و دەستیان لێ بەردایەوە . بەڵام ئەعیان و رابەرانی کوردیکوردستانی کە هێشتا دوژمنانی عوسمانی داگیریان نەکردبوو، لەو بەینەدا بیستیانەوە کە شەش ویلایەت : ئەرزەرۆم، قارس، بتلیس، ئەرزنجان، مووش، و وان دەخرانە سەر ئەرمەنستان، بەوە زۆر وروژان . بەتایبەتی کە کوردی قارس دەنگوباسی ئەوەیان بڵاوکردەوە چۆن کورد لەلایەن کۆماری ئەرمەنستانەوە دەچەوسێندرانەوە** ، کورد هێزی بەرگری لە خۆکردنیان پێکهێنان . ئەرمەنی، کە بە سەدان ساڵ چەوسانەوەو کوشتارو کۆچ پێکردنی بەزۆریان لە رژێمی عوسمانی دیتبوو، دڵیان پڕ لە رق و چاوەڕێی هەلێکی وا بوون، ئەوەبوو کەوتنە تۆڵسەندنەوە، پاسدارانی ئەرمەنی بە کوشتاری گشتی دە تورکان کەوتن . کورد ، ئامادەی هەر قوربانییەك بوون لە پێناوی ئەوەدا کە نەکەونە ژێر حوکمی ئەرمەنیانەوە . ئەعیانی کورد ، کە دەیانویست پێش بە داهاتنی وەزعیکی وا ( کەوتنە ژێر حوکمی ئەرمەنی ) بگرن، هۆی تایبەتیی خۆشیان بۆ ئەوە هەبوو . ئەو ئەعیانانە،کاتی خۆی کە ئەرمەنی کۆچ پێ کرابوون ، دارایی ئەو ئەرمەنیە دەرکراوانەیان بۆخۆیان تاڵان کردبوو، ئێستا ئەگەر بکەوتنایەتە ژێر دەسەڵاتی ئەرمەنستان مانای ئەوە بوو ئەو

---

* kismet

** ناوچەی قارس لە ١٩١٦ تا ١٩٢٠ چوار دەستی کرد . لەژێردەستی عوسمانیەوە چووە ژێر دەستی رووسیای قەیسەری، دوای ئەوە دیسان گەڕایەوە ژێر دەستی عوسمانی، ماوەی پتر لە ساڵێك کرا بە بەشێك لە کۆماری قەوقاسی رۆژئاوای کە باتوم و هەندێ ناوچەی تفلیس و یەریڤانیشی دەگرتەوە .

ماڵی تاڵانەیان لێدەستێندرایەوە و، تەوقی چەوسانەوە و ژیانی کۆیلەییشیان لەلایەن رژێمی مەسیحییەوە دەکرایە ملەوە .

بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەبوو، رابەرانی کورد بچن بۆ ئازادکردنی خاکی تورك و بۆ دروست کردنی یەك دەوڵەت لەگەڵ تورکدا شەڕ بکەن، ئەو کوردەی کە خۆی سەد ساڵ پتر بوو بۆ ئازادیی لە بەندی تورك شەڕی دەکرد ؟ رابەرانی نەتەوەیی تورك، زوو هاتنە سەر ئەوە رابەرانی کورد قەناعەت پێ بکەن کە، تاقە رێیەکی نەکەوتنە ژێر حوکمی ئەرمەنستانەوە لە پێش کوردان ئەوەبوو : لەگەڵ مسوڵمانانی تردا وێکڕا بچنە شەڕەوە تا دەوڵەتێکی ئیسلامی بە رابەریی رووحانیی خەلیفە پێك بهێنن . چەندنەفەرێك لە رابەرانی تورك، بەشی ئەوەندە بە رچاوی خۆیان دەدیت کە بەو نەتیجەیە بگەن: سەربەخۆیی تورکیا لە رێی ئینتیدابی ئەمریکا یان پارێزگاریی ئینگلیسەوە نەدەهات، بەڵکو لە رێی شەڕێکی سەربەخۆییەوە دەهات کە لە کوردستانەوە دەستی پێ بکرایە . یەکەمی ئەو چەند نەفەرە مستەفا کەمال بوو .

## ١- شەڕی سەربەخۆیی تورك ( ١٩١٩ - ١٩٢٣ ) و کورد

لە مایسی ١٩١٩دا، سەرەك وەزیران فەریدپاشا، لە سەر داوای ئینگلیس، یەکێك لە خزمەتکارە هەرە دڵسۆزە-کانی سوڵتانی بە کارێك ناردە ئەنادۆڵ . ئەو خزمەتکارەی سوڵتان، جەنەراڵێك بوو کە لە شەڕی بەرگریی دەردەنیلدا ناسرابوو . کاری پێی سپێردرابوو ئەوەبوو یارمەتیی یۆنانیەکانی ترابزۆن بدا تاکو دەوڵەتێك لە کەناری دەریای رەش دابمەزرێنن و، لەو " شوورا"یانە بدا کە" پارتی سۆشیال دیموکراتی کورد" ، بە ئیلهام وەرگرتن لە شووراکانی بۆلشەفیك (سۆڤیەت )، خەریك بوو لە باکووری کوردستان دایدەمەزراندن*. ئەو جەنەراڵە مستەفا کەمال بوو، ئەو کارەی بەو نیازە قەبووڵ کرد بەڵکو بتوانێ بەوە رێیەك بۆ پیادەکردنی نەخشەکانی رزگاریی تورکیای بدۆزێتەوە .

مستەفاکەمال،هەرکە گەیشتە کوردستان(١٠)، خۆی بە ناوی" رزگارکەری کوردستان " و بە لایەنگری خەلیفەی

---

* بڕوانە Robert Dunn, World Alive, New York, 1956.

ئەم سۆڤیەتانەی کە لەسەرەتادا لە ویلایەتی قارس دا بوون، مەترسیی ئەوەیان لێ دەکرا بە ناوچەکانی تری پەنایدا زۆر تەشەنە بکەن .

که " لەلایەن هێزانی داگیرکەرەوە حەپس کرابوو" و، بە بەرگریکار لە" خاکی مسوڵمانانی کە پێی مەسیحییانی خودانەناس گڵاوی کردبوو" پێشکەشی کوردان کرد؛ داوای لە مسوڵمانان ( کورد و تورك) کرد " یەکێتیی تەواو لە خەباتدا بۆ دەرکردنی داگیرکەران لە نیشتمانی مسوڵمان " بەجێ بهێنن . مستەفا کەمال ئەوسا خۆی لە باسی " نەتەوەی تورك " دەپاراست، یان باسی " برایەتیی کورد و تورك"ی دەکرد یان کێشەی نێوان"نەتەوەی عوسمانی" و هێزانی داگیرکەری بێگانە .

یەکەم نەتیجەی واقیعیی ئەم چالاکیەی مستەفا کەمال و دەستەودایەرەی، " کۆنگرەی ویلایەتانی رۆژهەڵات " بوو، کە لە ٧/٢٣ تا ١٩١٩/٨/٦ لە ئەرزەرۆم گیرا، ٥٤ نوێنەر تیدا بەشدار بوون، لە پێنج ویلایەت ( ئەرزەرۆم، بتلیس، وان، مووش، ئەرزنجان ) لەو شەش ویلایەتەی بەر مەترسیی خرانە سەر ئەرمەنستانەوە هاتبوون ( شەشەمیان : ویلایەتی قارس، ئەوسا ئیتر کرابوو بە بەشێك لە کۆماری قەوقاسی رۆژئاوا (١١) ) . نەهاتنی نوێنەرانی شوێنەکانی تری کوردستان ( دیاربەکر، خارپووت، دەرسیم، سێرت،و...ئیدی) بۆ ئەو کۆنگرەیە زۆر لە بەر چاو بوو، وا دیار بوو نە منەتیان بە ئەرمەنستان هەبوو و نە پێیان وابوو خەلیفە و ئیسلامیش شایانی ئەوە بوون بچن شەڕیان بۆبکەن .

کۆنگرەی ئەرزەرۆم، دوای لێدوانێکی دوور ودرێژ و زۆر جار سەخت، بڕیاری دا " بە هەرچیی لە دەستی بێت ، نەهێڵێ وڵاتی مسوڵمانان بخرێتە سەر ئەرمەنستان، و خاکی ئیسلامی کە گاور گڵاویان کردبوو رزگار بکا ". کۆنگرە رابەریی مستەفا کەمالیشی لەو خەباتدا قەبووڵ کرد .

کۆنگرەی ئەرزەرۆم، یەکەم سەرکەوتنی گەورەی سیاسیی مستەفا کەمال بوو* . هێزی کورد، لە یەکەم رۆژی دوای کۆنگرەدا، خرانە ژێر فەرماندەیی کازم قەرەبەکر پاشا، و ئەفسەرانی تورك کەوتنە رێکخستن و مەشق پێ کردنیان . ئەم هێزانەی کورد بوون کە هێزەکانی گورجستانی مۆنشەفیك و داشناقی ئەرمەنستانیان شکاندن و، یەکەم سەرکەوتنی عەسکەریی شەڕی سەربەخۆیی تورکیایان وەدەست هێنا، و ئەمە راستەوخۆ بووە هۆی پەیمانی گومرو ( لێنیناکانی دواتر)** . کورد، دوای ئەوەی مەترسییان لە جەبهەی رۆژهەڵاتەوە نەهێشت ، ئەوجا

---

* بۆ زانیاریی پتر دەربارەی شەڕی سەربەخۆیی تورکیا، بڕوانە کتێبی پڕ لە زانیاریی " سەباحەدین سەلەك، ئەنادۆلو ئیختیلالی، ئەستەمبووڵ، ١٩٦٣، بەرگی ١ و ٢ ". ( بە لاتینی تورکی)

** گفتوگۆی ئاشتی لە ١٩٢٠/١٢/٦دا دەست پێ کرا، بەڵام هێشتا تەواو نەببوو کە حوکمی ئەرمەنستان ←

چوونە جەبهەی ئەنادۆڵ و لە سەرکەوتنی ئەوێشدا دەوری زۆر گرنگیان بەجێ هێنا .

مانگێك دوای کۆنگرەی ئەرزەرۆم، کۆنگرەی سیڤاس ( لە ٤ تا ١٩١٩/٩/١١ ) گیرا. کۆنگرەی سیڤاس" کۆمیتەی بەرگری کردن لە مافەکانی ئەنادۆڵ و تراکیا" ی پێك هێنا ، " کۆمیتەی گشتیی نوێنەران" ێکی هەڵبژارد ،و بڕیاری دا کە لەبەر ئەوەی ئەستەمبووڵ بەدەست هێزی داگیرکەرانەوە بوو، هەرچی لە دەزگای عەسکەری و مەدەنیی عوسمانی مابۆوە دەبوو بێتە ژێر دەسەڵاتی ئەم کۆمیتەی گشتیی نوێنەرانە، کە بەوە دەکرا بە تاقە سەرچاوەیەکی دەسەڵاتی قانوونی .

دەزگای عەسکەری و مەدەنی لە ١٩١٩/١٠/٢دا هەموو پێوەندیەکی بە حکومەتی ئەستەمبووڵەوە بڕی،حکومەتی ئەستەمبووڵ بەوە رووخا. حکومەتی نوێ کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ مستەفا کەمالدا ، و لەنەتیجەدا پرۆتۆکۆلێکی لە ئاماسیا لەگەڵدا ئیمزا کرد . ئەم پرۆتۆکۆلە ( رێککەوتنە )، بەجێهێنانی هەڵبژاردنی بۆ پێکهێنانی مەجلیسی تەشریعی ( قانوون دانان ) راسپاردبوو، و چەندین مەسەلەی گرنگی رۆژی تێدا باس کرابوو کە " یەکێتیی نیشتمانی" یەکێك بوو لەوانە . بەندی ١ی ئەو پرۆتۆکۆلە، ئۆتۆنۆمیەکی کوردی بە عیبارەتی زۆر گشتی و نا- روونی " سەلماندنی مافە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردان " باس کردبوو، و رابەرانی کورد لەوە ئاگادار کرانەوە .

هەڵبژاردن کرا، و مەجلیس پێکهات ، دەستەودایەرەی مستەفا کەمال ( قوای میللیە ) زۆربەی کورسیەکانی مەجلیسیان وەدەست هێنا . ئەم مەجلیسە، لە ١٩٢٠/١/٢٨دا سەنەدێکی سەلماند کە بە ناوی" میساقی میللی" ناسرا(١٣)، قسەکانی هەردوو کۆنگرەی ئەرزەرۆم و سیڤاسی تێدا دووپات کرابوونەوە،و بوو بە میساقی تورکیای نوێ . ئەوەی لەو میساقەدا زۆر سەرنج رادەکێشێ، هەڵسەنگاندنی راست و واقیعبینانەی وەزعی ئەوسای هێزە- کان لەوناوچە و لە هەموو دنیادایە ،و لەجیاتی خەونی پان تووڕانی، باسی نەتەوایەتیەکی تورکی دیارتری کردبوو .

وەڵامی هاوپەیمانانی دژی عوسمانی، لە ئاست ئەم مەجلیس پێکهێنان و میساقی میللیە، ئەوەبوو کە بە رەسمی ئەستەمبووڵیان داگیرکرد و مەجلیسیان وەلانا ، کۆمیتەی نوێنەران فریاکەوتن و لە ١٩٢٠/٤/٢٨دا لە ئەنقەرە کۆبوونەوەیەکیان بە ناوی" تورکیە بویوك میللەت مەجلیسی " ساز دا(١٤)، ئەم مەجلیسە حکومەتێکی بە ناوی

---

← گۆڕا ، لە حیزبی داشناقەوە کەوتە دەست مارکسیەکانەوە . ویلایەتی قارس کە ساڵی ١٨٧٨ خرابووە سەر رووسیا ، درایەوە بە تورکیا ، و ناوچەی گومرو ( ی زۆرتری خەڵکی ئەرمەنی) تەسلیمی ئەرمەنستان کرا (١٢) .

تاقە خاوەن دەسەڵاتی تەنفیزی ( مجریە) ڕاگەیاند .

یەکێك لە یەکەم کارەکانی ئەم بویوك مەجلیسی‌یە ئەوەبوو : بە دنیای ڕاگەیاند کە هیچ ڕێککەوتن و پەیمانێکی ئیمزاکراوی حکومەتی ئەستەمبوولی داگیرکراو قەبووڵ ناکا ؛ بەوە کە پەیمانی سێڤر دەبوو چەند حەفتەیەکی کەمی دوای ئەوە ئیمزا بکرایە، ئەمە قسەیەکی هەروا لەخۆڕایی نەبوو .

شەڕی سەربەخۆیی تورکیا، دوا سەرکەوتنی گرنگی بە " هێرشی گەورە"ی وەدەست هێنا، کە لە ٩/٩دا لەشکری یۆنانی شکاند(١٥) . لەشکری یۆنان سێ ساڵ بوو دە هەندێ بەشی ناوچەی دەریای ئێجە و ڕۆژئاوای ئەنادۆڵدا بوو، کە ئیمپریالیستی ئینگلیس چەك و پارەی دەدایێ . ئەم سەرکەوتنە، دوای دوو مانگ و نیو، تورکیای بە پەیمانی لۆزان گەیاند، کە سیاسەت و دیپلۆماسیەتی دنیا بەوە قەبووڵیان کرد .

ئەفسەرانی تورك،لە سەرتاسەری شەڕدا،هۆشیان لای ئەوەبوو نەهێڵن ڕێکخراوی کورد سەرهەڵێنن . بزووتنەوەی کۆچگیری لە ١٩٢١دا لەناوبرا، یانەی دیاربەکر هەر لە ئابی ١٩١٩دا داخرا .

کورد لەو هەمووە جەبهانەدا : گورجستان، ئەرمەنستان، و لە ڕۆژئاوا دژی یۆنان، بەو خەیاڵە شەڕیان دەکرد کە مستەفاکەمال بەڵێنی دابوونێ دەوڵەتێك پێك بهێنێ کە" کورد و تورك وەك برا و یەکسان تێدا بژین". کاتێ شەڕ کۆتایی هات،کورد هیچ " ڕێکخراو "ێکی نەبوو، لە لەشکریشدا هەموو شتێك بەتەواوی بە دەست ئەفسەرانی نەتەوەیی تورکەوە بوو. لە ١٩٢٢/١١/١دا،کە هەمووی سێ مانگ بەسەر دوا سەرکەوتنی لەشکردا تێنەپەڕیبوو، مستەفا کەمال لە مەجلیسدا ڕایگەیاند کە " ئەم دەوڵەتەی ئا ئێستا دروستمان کردووە دەوڵەتێکی تورکە " .

کوردستانگرفتاری نەتیجەی کورتبینیی بێ ڕابەریی سیاسیی خۆی بوو. گەلی کورد بە زوویی ڕاپەڕی، ڕاپەڕین بەردەوام هەبوون، بەڵام دیسان نەبوونی " ڕێکخراو" پشتی شکاند، لەبەر ئەوە هەموو ڕاپەڕینەکانی تا دوامینیان لە ١٩٣٩ (١٦) لەناودران .

شەڕی سەربەخۆیی تورك پشتگیریی گەرمی گەلی لێ کرا، کە دەیویست وڵات و خەڵکەکەی لە یۆنانیانی داگیر-کەر و ڕەفتاری زبر و دڵڕەقییان بپارێزێ (١٧) .

کۆنگرەیەکی ئابووری، تەنانەت پێش ئیمزاکرانی پەیمانی لۆزانیش، لە شوباتی ١٩٢٣دا لە ئیزمیر گیرا، سیاسەتی ئابووریی تورکیای نوێی دیارکرد . کۆنگرە حوکمی بۆرژوا و فیوٚدالی دەوڵەتی نوێی بڕیار دا، ڕێی بۆ سەرمایەی بێگانە کردەوە و، پێشنیاری چەند دانە نوێنەری کەمی پرۆلیتاری تێدا دەربارەی سەلماندنی مافی مان-

گرتن و چارەسەركردنی‌كشتوكاڵ قەبووڵ نەكرد* . هاوپەیمانان، كە ماوەیەك بوو ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو ئەوەكا مستەفا كەمال لك دەركردنێكی شۆڕشی سۆڤیەتی بێت، بەم بڕیارانە ئەو ترسەیان لێ وەلانرا .

جێی‌خۆیەتی ئەوەش بڵێین،شۆڕشی ١٩١٧ی سۆڤیەت دەورێكی‌گرنگی لە سەركەوتنی توركیادا هەبوو. هەرچەندە كەمالی كۆمونیستیان دەكوشتن و دەبڕین ( هەرە لەبەرچاو : كوشتنی یەكەم سكرتێری حیزبی كۆمونیستی توركیا مستەفا سوبحی و هەڤاڵانی)، بەڵام رووسیای لینین تەنانەت لە كاتێكدا كە خۆی گرفتاری قاتی و برسێتی بوو، بزووتنەوەی كەمالیی یەكجار زۆر یارمەتی دا ** . مستەفا كەمال، بۆ ئەوەی بەلای چەپدا رانەكێشرێ،" پارتی كۆمونیست" ێكی تەواوی بۆخۆی داتاشی( نوێنەرانیشی ناردن لە كۆنگرەی باكۆدا بەشدار بوون ) ، دوایی ساڵی ١٩٢٥ وێرای رێكخراوەكانی تری كرێكاران هەمووی هەڵوەشاندن .

هاوپەیمانانیش، ئیتر كەوتنە خۆ گونجاندن لەگەڵ واقیعی سەربەخۆیی سیاسیی دەوڵەتێكی توركیادا، لە ترسی ئەوە نەوەكا ئەو رژیمە بە روو لێ وەرگێڕانی ئەوان بچێ ببێتە هاوسەنگەری یەكێتی سۆڤیەت ، هەوڵیان دا نێوانی لەگەڵدا خۆش بكەن . ئەوجا، بەوە كە بۆرژوای تورك زەعیف بوو، دەوڵەتێكی وا دەبوو لە رووی ئابوورییەوە هەر چاوی لە دەستی رۆژئاوا بوایە، و دەكرا لەنێوان رووسیای سۆڤیەتی وموستەعمەرەكانی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەمپەرێكی بەكەڵك بوایە . لەو رووەوە زۆر گرنگ بوو كە، فەرەنسا هەر لە ١٩٢١/١٠/٢٠دا، واتا ساڵێك " پێش " سەركەوتنی عەسكەریی دوایی تورك، پەیمانێكی " دامەزراندنەوەی نێوانی دۆستانە" ی لەگەڵ حكومەتی ئەنقەرەدا ئیمزا كردبوو .

---

* بۆ زانیاریی پتر دەربارەی ئەم كۆنفرانسە بڕوانە : گوندوز ئۆكچون، توركیە ئیقتیساد كۆنگرێس ١٩٢٣ ئیزمیر، ئەنقەرە، ١٩٦٨ . و K. B. Harputlu, La Turquie dans l'impasse,Anthropos, Paris, 1975 .

** جەنەراڵ عەلی جەبەسۆی ( نێردراوی مستەفا كەماڵ بۆ مۆسكۆ) دەڵێ بەرنامەی یارمەتیی سۆڤیەت بریتی بوو لە : دە ملیۆن رووبلی زێڕ و چەك و چۆڵی بەشی چەكداركردنی سێ لەشكر،و دەبوو سۆڤیەت یەك ملیۆن رووبلی زێڕیش هەقی پارچەی پێویستی چەكی ئەڵمانیی لەشكری تورك بدا بە حكومەتی بەرلین ( چەكی كە عوسمانی لە ئەڵمانیای كڕیبوو و ئێستا بە دەست مستەفا كەمالەوە بوو و پارچەی پێ دەویست ) ، دەبوو ئەڵمانیا پارچەی پێویستی ئەو چەكانە بدا بە ئەتاتورك و پارەكەی بە رووبلی زێڕ لە یەكێتی سۆڤیەت وەربگرێ .

## ٢- دابەشکردنی ئیستیعماریی کوردستان

پەیمانی لۆزان ١٩٢٣/٧/٢٤ لەلایەن : بریتانیا ، فەرەنسا ، ئیتالیا ، ژاپۆن، یۆنان، رۆمانیا ، و دەوڵەتی" سیرب - کروات - سلۆڤین " لە لایەك و تورکیا لەلایەکی ترەوە ئیمزا کرا ؛ دەوڵەتی تورکی لەناو دەوڵەتاندا قەبووڵ کرد و قەڵەمڕەویی نەتەوایەتیی کوردی بە چوار بەش دابەش کرد*.

سێڤر، بۆ تورك زەلیل کردن و بۆ کوردیش بێویژدانی بوو . لۆزان، بۆ تورك - بە پێچەوانەوە - سەرکەوتنێك بوو ئینکار ناکرێ، بەڵام بۆ کورد سەرەتای قۆناغێکی نوێی کۆیلەیی بوو .

لە لۆزان، زۆر باسی کورد کرا، بە بێ ئەوەی رێ بدرێ کورد خۆی تێدا بەشداربێ . ئینگلیس خۆی تێدا کردە دەمڕاستی کورد، خۆی وا پیشاندا کە گوایا - خودا شاهیدە ! - جگە لە بەرژەوەند و ئازادیی کورد ی کە دەبوو وەك هەموو گەلانی تری ناوچەکە مافی نەتەوایەتیان بدرێتێ و حکومەتی تایبەتی خۆیان هەبێ، هیچ مەبەستێکی تری دە سەردا نەبوو . وەفدی ئەنقەرەش لە لایەکی ترەوە، باسی ئەوەی دەکرد کە " حکومەتی مەجلیسی گەورەی نیشتمانی، حکومەتی تورك و کوردە "، کە " نوێنەرانی راستەقینەی کورد لەگەڵ ئەوانەی تورکدا لە مەجلیسدان"، کە " تورك و کورد لە حکومەتی تورکیادا هاوبەشی یەکسانن"، و کە " هەرچەندە دەکرێ تورك و کورد بە دوو زمانی جیاواز قسە بکەن، بەڵام ئەم دووگەلە لە جەوهەردا جیاوازنین،و لە رووی نەژاد ،ئاین،و خوو و رەوشتەوە یەکێکن " **. دیارە مەبەستی " کورد"ی کە هەرتك لای بەرامبەر لە لۆزان ( ئینگلیس و تورك) ئەوەندە رێزیان لە خزمەتدا هەبوو،" نەوتی ویلایەتی مووسڵ" گیان بوو، کە هەرلایە دەیویست بۆخۆی بیچکرێنێ .

ویلایەتی مووسڵ، بە گوێرەی پەیمانی سایکس - پیکۆ بۆ فەرەنسا دانرابوو، کەچی لەشکری ئینگلیس چوو داگیری کرد. لۆید جۆرج ( ی ئینگلیس) و کلیمەنسۆ( ی فەرەنسا) پێکەوە دانیشتن باسی ئەوە بکەن . کلیمەنسۆ نەیدەزانی کە ویلایەتی مووسڵ ئەوەندە نەوتی تێدا هەیە، ئەوەبوو ملی بۆ ئینگلیس دا و کوردستانی باشووری

---

* بۆ دەقی پەیمانەکە بڕوانە : کۆمەڵە پەیمانی...

Nouveau Recueil Général des Traités, op. cit., t. XII, 3e série (١٨)

** بۆ بەراورد: Conférence de Lausanne ی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، وتاری عیسمەت پاشا لە جەلسەی ١٩٢٣/١/٢٣دا .

بەکلیکیا( سیلیسیا) گۆڕیەوە . کلیمەنسۆ دوایی زانی ویلایەتی مووسڵ چ نەوتی تێدابوو، و چۆن لۆید جۆرج دەستی بڕیبوو، ئیتر مەسەلە قسەی تێ کەوت . فەرەنساو ئینگلیس دیسان، ئەمجارە لە سان ریمۆ، دانیشتنەوە کێشەی بەشینەوەکەیان چار بکەن، لە ١٩٢٠/٤/٢٤دا پەیمانێکیان ئیمزا کرد و، دواتر لە ١٩٢٠/١٢/٢٣ دا هەندێکیان دەستکاری کرد .

پەیمانی سان ریمۆ وای دانا کە " حکومەتی بریتانیا دەستبەر دەبێ، ٢٥٪ی پارەی نرخی ڕۆژی ئەو نەوتە خاوەی لە چاڵە نەوتەکانی میسۆپۆتامیای دەردێنێ، بدا بە حکومەتی فەرەنسا یان بەوانەی کە حکومەتی فەرەنسا دەڵێ ، ئەوە ئەگەر حکومەتی ئینگلیس بەخۆی دەریبهێنێ . خۆ ئەگەرهاتو دەرهێنانی نەوتی چاڵە نەوتەکانی میسۆپۆتامیا، شیرکەتێکی ئەهلی ( غەیرە حکومەتی) کردی، ئەوا حکومەتی ئینگلیس دەستبەر دەبێ ٢٥٪ی سەهمەکانی ئەو شیرکەتە بۆحکومەتی فەرەنسا بێ" *. ڕۆژنامەکانی ئەمریکا، بەو پەیمانەی سان ریمۆ هاتوهاواریان تێ کەوت . حکومەتی ئەمریکا، نارەزایی دەربڕی کە ئەو " دابەش‌کردنە دزێوە " زیانی لەبەرژەوەندی ئەمریکا داوە، و پاش گفتوگۆیەکی سەخت ٢٠٪ی " شیرکەتی نەوتی تورك"ی بۆخۆی ئەستاند . ئەم شیرکەتە،مافی دەرهێنانی نەوتی مووسڵ و میسۆپۆتامیای بە رەسمی بۆ پاوان کرابوو، و بەشی هەرە زۆری هی هەمان ئەو لۆردکەرزۆن ـە بوو کە سەرۆکایەتیی وەفدی ئینگلیسی لە لۆزان کرد** . حکومەتانی ئەمریکاو فەرەنساو ئینگلیس دوایی لە مایسی ١٩٢٣دا، چەقەو هەرایان لە سەر نیسبەتی سەهمی هەرکامەیان لەو شیرکەتەی نەوتی تورکدا کۆتایی پێ هێنا و ڕێك کەوتن ***. حکومەتی تورك، دەیویست سوود لەو ناڕێکیەی نێوان ئەو سێیانە ببینێ، بەڵام کاتێ ئەمان گونجان، ئەو ئیترهیچی بۆ نەمایەوە جگە لە مل دان بۆ ئەوەکە چارەنووسی مووسڵ با" ئاخری لەلایەن ئەنجومەنی

---

* بۆ بەراورد : کۆمەڵە پەیمانی... ل ٥٨٠ .

** لۆرد کەرزۆن Curzon، پێش شەڕی جیهانیی یەکەم بریکاری پادشای ئینگلیس بوو لە هیندستان .

*** ٢٣,٧٥٪ بۆ هەر یەکێك لەمانە : شیرکەتی نەوتی ئانگلۆ- ساکسۆن ( شێڵ )، شیرکەتی نەوتی دارکی ئێکسپلۆرێیشن (ئینگلیس- ئێرانی)، شیرکەتی نیەر ئیست کۆرپۆرێیشن ( ئەمریکایی)، حکومەتی فەرەنسا؛ ٥٪ بۆ گولبەنکیان، لە پاداشی کۆششیدا کە نەوتی میسۆپۆتامیای لە کاربەدەستانی عوسمانی بۆ" شیرکەتی نەوتی تورك" وەدەست هێنابوو . بڕوانە :

C. P. Nicolesco, Gisements Pétrolifères de l'Irak, Les Presse Modernes, Paris, 1933.

کۆمەڵی نەتەوەکانەوە بڕیاری لەسەر بدرێ" . هەروەها لێهات، ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان ناردی پرسیار بە خەڵکی مەڵبەندی خاوەن مەسەلە ( کورد) بکرێ، بزانن ئەوان خۆیان چیان دەوێ . کەچی، هەرچەندە کورد داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی تایبەتی خۆی کرد*، ویلایەتی مووسڵ (هەرێمی باشووری کوردستان) خرایە سەر عێراق و کەوتە ژێر ئینتیدابی ئینگلیسەوە(١٩) .

بەشدارانی کۆنگرەی لۆزان، لە ١٩٢٣/٧/٢٤ پەیمانی لۆزان یان ئیمزاکرد . ئەم پەیمانە، زۆربەی کوردستانی دا بە دەوڵەتی تورکیا، بە هیچ جۆرێك بەلای ناوی کوردو مافی نەتەوایەتیی کورددا نەچوو،هەندێ بەندی دەربارەی "پاراستنی کەمایەتیەکان" ( بەشی ٣، ماددەکانی ٣٧- ٤٤) تێدابوو :

« بە رەسمی پێش بە هیچ هاونیشتمانێکی تورکیا ناگیرێ،بە ئارەزووی خۆی هەر زمانێکی دەیەوێ بەکاربێنێ : لە ژیانی تایبەتی، بازرگانی، کاروباری ئاینی، چاپ و بڵاو کردنەوە و، کۆبوونەوەی گشتیدا .

بە بێ لێ نۆڕینی هەبوونی زمانێکی رەسمی،تواناى ئەوە بە باشی بۆهەرهاونیشتمانێکی زمان ناتورکی تورکیا دابین دەکرێ کە زمانی خۆی لە دادگادا بەکار بێنێ » ( بەندی ٣٩) **.

«تورکیا دەستەبەر دەبێ کە : هەرچی لە بەندەکانی ٣٨-٤٤دا هاتوون، بە قانوونی ئەساسی دابنێ و، ئەوە دابین بکا کە هیچ قانوونێك، نەزم و فەرمانێك و هیچ کردارێکی رەسمی بە پێچەوانە یا دژی ناوەڕۆکی ئەو بەندانە نابێ و، کە هیچ قانوونێك، نەزم و فەرمانێك، یا کردارێکی رەسمی لە سەرووی ئەوانە نابێ» ( بەندی ٣٧) .

بەڵام بەندەکانی ٤٠-٤٥، ئەو کەمایەتیانە بە " نامسوڵمان " ناو دەبەن ( ئەرمەنی، یۆنانی، و... ئیدی) .

کاربەدەستانی تورکی نەتەوەیی ئەنقەرە، بەو بەڵگەیە کە کوردیش لەگەڵ تورکدا یەکسان حوکمی تورکیایان دەکرد، قەبووڵیان نەکرد ناوی کورد رەگەڵ ناوی ئەو کەمایەتیانە بخرێ کە دە پەیمانەکەدا باسی پاراستنیان کرابوو . کورد، هەمووی چەند ساڵێکی کەم دوای ئەوە، نەك هەر چیتر بە " هاوبەشی یەکسان و هاوپەیمان " قەبووڵ نەکران، تەنانەت هەر هەبوونیشیان ئینکار کرا . کوردستان، پێش شەڕی جیهانیی یەکەم، لە نێوان ئێران و ئیمپراتۆریی عوسمانیدا دابەش کرابوو؛ بەم دابەش کرانە ئیستیعماریەی ئێستا لە نێوان تورکیا،ئێران، عێراق و، سووریا، چوار بەهێزترین کیانی سیاسیی رۆژئاوای ئاسیادا دابەش کرا .

---

* بۆبەراورد : La Question de Mossoul à la 35e session de la S. D. N. ( Genève), Lausanne, 1925

** Louis Le Fur, Recueil de textes de droit international public, Dalloz,Paris,1934,P.762&763.

## ٣- راپەڕینە گەورەکانی ساڵانی بیست و ساڵانی سی

روو لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٢، چەند ناییبێکی کورد، لەوانە: یوسوف زیا ی نایبی بتلیس و سەرهەنگ خالید بەگی جەبران، کۆمەڵەیەکیان بە ناوی "کورد ئیستیقلال جمعیەتی" لە ئەرزەرۆم دامەزراند، و لقیان لە شارە گرنگەکانی کوردستاندا (دیاربەکر، بتلیس، ئورفە، سێرت، خارپووت،و...ئیدی) کردەوە. ئەفسەرانی پلەبەرزی "قوای میللیە"ی وەك جەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا، چوونە ریزی ئەم کۆمەڵەیەوە کە ئیتر زۆر خوێندەوار و پیشەوەر(٢٠) ی تێدابوون. لە کوردستاندا، خەڵك ترسی زۆریان لەوە هەبوو کە حکومەتی تورکیا سیاسەتی ئیتیحادیەکان بەجێ بێنێ. ئەو ترسە وای کرد، هەر لە سەرەتای ١٩٢٣وە، تەنانەت زۆر شێخ و رابەری ئاینییش بێنە ریزی ئەم کۆمەڵەیەوە کە ئەندامێتیی: شێخ سەعیدی پیران، شێخ شەریفی پالوو، و شێخ عەبدوڵلای مەلکان و ... ئیدی تێدا بەفوونە پیشانی دەدا.

مستەفا کەمال، کە خۆی "ئیتیحادی"یەك بوو، و لە کۆدێتای تەمووزی ١٩٠٨دا دەوری گرنگی هەبوو، وەك هەموو ئیتیحادیەکان لەسەر ئەو بیرو باوەڕە بوو کە بۆ پێکهێنانی نەتەوەیەکی تورك، حەقەن پێویست بوو بە هەرنرخێکی بوایە ئەرمەنی قەلاچۆ بکرێن و کورد بتوێنرێنەوە،گۆکئالپ خۆی گوتوویە کە دەوڵەتی نوێ قەوارەی مەبەستی نەتەوەیەکی یەکگرتوو و لە دابەش نەهات بووە.

رۆژی ١٩٢٤/٣/٣، هەمان رۆژی کە خەلیفایەتی بە رەسمی لابرا، بە فەرمانێکی رەسمی هەموو خوێندگە، رێکخراو،بڵاوکراوە، تەریقەت و، مەدرەسە ئاینیە کوردەکان قەدەغە کران. نێوانی کورد و کەمالیەت بە تەواوی برا.

وەحشیگەریی لەشکری تورك،کوردستانی لە ١٩٢٥ تا ١٩٣٩ کردە شانۆی شەڕو راپەڕین. ساڵی ١٩٢٥،یەکەم راپەڕینی گەورە بە رابەریی شێخ سەعید بوو، دوای ئەوە راپەڕینی رامان و رەشکۆتان (نیوە رێی نێوان دیاربەکر و سێرت). لە ١٩٢٦ تا ١٩٢٧ خەڵکی خنس، ڤارتۆ، سۆلهان، بنگۆل و، گەنج لە تورك راپەڕین. ساڵی ١٩٢٨، ساسوون، کۆزلوك و، پەرواری راپەڕین. لە ١٩٢٨ تا ١٩٣٢، راپەڕینێکی نەخشەکێشراو لە ئارارات هەبوو. لە ١٩٣٦ تا ١٩٣٩ خەڵکی چیاکانی دەرسیم شەڕی لەشکری تورکیان کرد، جگە لە دوو راپەڕینی: شێخ سەعید و ئارارات، ئەوانی تر راپەڕینی ناوچەیی و بێ نەخشەی پێشەکی بوون.

## راپەڕینی ١٩٢٥

کوردئیستیقلال جمعیەتی( کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد)،هەر لە ڕۆژی دامەزرانیەوە خۆی بۆ ڕاپەڕینێکی گشتی ئامادە دەکرد، پێوەندیی بە ڕابەرانی ئاینی و دەرەبەگی و بە کوردەکانی ئەستەمبووڵ و حەڵەبەوە کرد، و سەر تا سەری ١٩٢٣-١٩٢٤ خەریکی خۆ ئامادەکردنی عەسکەری بوو .

یوسوف زیا ی نوێنەری بتلیس، لە کۆتایی هاوینی ١٩٢٤دا چووە ئەستەمبووڵ، تا پێوەندی بە تورکەکانی دژی ڕژیمی کەمالیەتەوە بکات کە لە " تەرەقی پەروەر جمهوریەت فرقەسی" دا کۆ ببوونەوە . چەند ڕۆژێك دوای گەڕانەوەی بۆ ئەرزەرۆم، ڕاپەڕینێك لە باکووری بتلیس هەڵگیرسا . حکومەتی تورك، کە شتێکی دەربارەی چالاکیی یوسوف زیا بیستبۆوە، بە بەهانەی ئەوە کە براکەی دە ئەو ڕاپەڕینەدا بووە،گرتی . ڕژیمی کەمالی، کە ترسی زۆری ڕاپەڕینی کوردی لێ نیشتبوو، زۆری مەبەست بوو بە زوویی ڕابەرانی بگرێت ؛ یوسوف زیا و ڕێکخەری عەسکەریی بزووتنەوەی کورد سەرهەنگ خالید بەگ و دەستەیەکی تریشی لە ڕابەرانی کورد گرتن ، و لە ئۆکتۆبری ١٩٢٤دا بە دادگایەکی عەسکەری لە بتلیس مەحکەمەی کردن . لەلایەکی ترەوە شێخ سەعیدی پیران، کاتی لە مەیداندا نەمانی ڕابەرانی تری هەرە گرنگ، بوو بە ڕابەری ئەو ڕاپەڕینەی بە دەستەوە بوو، ئەوە بوو چووە : خارپووت، دیاربەکر، گەنج، داراهنی (٢١) ، تا دێهاتییان قەناعەت پێ بکا ڕاپەڕن نیری تورك لە سەر مل لابەرن . هەم شێخ سەعیدو هەم کاربەدەستانی تورکیش کە لە نزیکەوە شوێن پێیان هەڵدەگرت، لێیان ڕوون بوو کە ڕۆژی شەڕی نێوانیان نزیك بوو . کاربەدەستانی تورك، زنجیرەیەك کێشە و فەرتەنەیان بەو مەبەستە نایەوە کە ڕاپەڕینەکە پێش کاتی ئامادەبوونی بتەقێتەوە . دەستەیەك هێزی عەسکەری تورك چوونە پیران، کە شێخ سەعیدی لێ بوو،گوتیان کە فەرمانی گرتنی چەند پیاوێکی شێخ سەعیدیان پێ هەبوو. بە قسەی نووری دەرسیمی، شێخ سەعید خۆی تکای لە فەرماندەی هێزەکە کرد واز بهێنێ نەوەکا وەزع بە شوێنێ بگات کە ئیتر لە دەست دەربچێ*. دێهاتی زۆر تووڕە بوون و،کەوتنە گیانی هێزی تورکەوە و تاقیان لێ بڕین،هەموویان کوشتن . شێخ سەعید، بەو هیوایە کە نەهێڵێ ئەوە بە تەقینەوەی پێش کاتی ڕاپەڕین بگات، بەرەو باکوور بۆی دەرچوو، بەڵام دەنگوباسی قەڵاچۆکرانی عەسکەری تورك پێش ئەو گەیشتە شاری داراهنی، خەڵکی شار بەوە وروژان و

---

* دکتۆر ن. دەرسیمی،کوردستان تاریهندە دەرسیم (دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا)، حەڵەب، ١٩٢٥، ل١٧٦.

دەستیان بەسەر شاردا گرت و، کارمەندان و ئەفسەرانی تورکیان خستنە حەپسەوە . ئیتر کار لەکار ترازا، و پێش پێ گرتنی راپەڕین لە دەست شێخ دەرچوو . بە " قانوون " ێك داراهنی لە ١٩٢٥/٢/١٤دا کرا بە پایتەختی کاتیی کوردستان*. شێخ سەعید بوو بە فەرماندەی گشتیی هێزی چەکداری کورد. پێشمەرگەکانی لە ٢/٢٦دا شاری خارپووت ی گرتیان گرت و بنکەی عەسکەری تورکیان تێدا چەك کرد .

هێزی کورد، لە ماوەی مانگێکدا دەوری یەك لەسەر سێی کوردستانی ژێردەستی تورکیای رزگار کردو دیاربەکری ئابلۆقە دا. پێشمەرگە، دوای رزگارکردنی بەشی باکووری" وان "، بە دوو لادا : لە لایەکەوە بەرەو ئارارات (هەرە باکوور) و لە لایەکی ترەوە بەرەو بتلیس ( رۆژئاوای باشووری دەریاچەی وان ) هێرشیان برد . پێش ئەوەی هێزی کورد بگاتە بتلیس، کاربەدەستانی تورك یوسوف زیا و سەرهەنگ خالید بەگ ( کە لەوێ حەپس بوون ) یان کوشتن . تورکیا، بەسیجی بەشێکی هێزی راگەیاندو گرنگترین توانای خۆی ( ٨٠هەزار عەسکەر) خستە ناوچەی راپەڕینەوە . عەسکەری تورکی تازە نەفەس، بە رەزامەندیی حکومەتی فەرەنسا، بە قەتار بە سووریادا چوون ** و پشتیان لە پێشمەرگەی ئابلۆقەدەری دیاربەکر گرت . لە لایەکی تریشەوە، شوورەی دەوری دیاربەکر زۆر قایم بوو، و لەشکری تورك بە چەندین تۆپخانەوە تێدا بەرگریی دەکرد .

راپەڕین،لە ناوەندی مانگی نیساندا شکستی هێنا. رابەرانی،هەندێك گیران،هەندێك چوون پەنایان بە پیاوەکانی رابەری کوردی بەهێز سمکۆ برد، و هەندێکیش چوونە ناو کوردەکانی کوردستانی ئێران و عیراق .

راپەڕینەکە - وەك بڵێین - لافاوی کوردەواری بوو، تەنانەت تورکەکان خۆیان لەو سەردەمەدا باسیان دەکرد کە ئەوپەڕی پشتگیریی تێکڕای جەماوەری کوردی لێ دەکرا . ئەوەبوو وەڵامی تورکیش لە بەرامبەردا بە ئەوپەڕی دڕندەیی بوو . لە ١٩٢٥/٩/٤دا، شێخ سەعیدو ٥٢ لە هەڤاڵانی لە دیاربەکر لە قەنارە دران. هەزاران دێهاتیی بێ ناو کوژران " تاکو بێتە دەرسێك لەبیر نەچێتەوە " . سەدان دێ بە تەواوی سووتێنران . لە پایزدا، چوارسەد کوردی نیشتمانپەروەر لە خارپووت لە قەنارە دران، سەد لە خنس و ...ئیدی .

لە کاتی راپەڕینەکەدا، قانوونێك بە ناوی " تەقریری سکوون " (٢٢) دەرچووبوو، کە حکومەت بە گوێرەی ئەوە دەیتوانی هەر رێکخراو، بزووتنەوە، مەیل یابڵاوکراوەیەکی کە ئاسایشی وڵات و نەزمی کۆمەڵایەتیی بخستایەتە

---

* هەمان سەرچاوەی دکتۆر دەرسیمی .

** L. Rambout, Les Kurdes et le droit, Ed. du Cerf, Paris, 1947, P.26.

مەترسیەوە، یان کێشە و هەرا و یاخی بوونی پتری بنایەتەوە، بە رەسمی قەدەغە بکات . حکومەت، ئەو قانوونەی کردە کوتەکێك بۆ لێدانی زۆر کۆڕ وکۆمەڵانی تورکیش؛ ڕێکخراو و بڵاوکراوەی چەپی سەر بە کۆمونیستان و تەنانەت " تەرەقی پەروەر جمهوریەت فرقەسی "ی بۆرژوای تورکیش قەدەغەکران . زۆر لە ئەفسەرە گەورەکانی ڕژیم بە خیانەت تاوانبار کران، یەکێك لەوانە قەرەبەکرپاشای ناودار بوو، تاوانبار کرا کە بە نامە پێوەندی لەگەڵ شێخ سەعیددا هەبووە . هێندێك لەو ئەفسەرە گەورانە ،هەرچەندە لە کۆنیشەوە " ئیتیحادی "بوون، ئیعدام کران . کۆنە وابەستەی سەفارەتی ئینگلیس لە ئەستەمبووڵ ئارمسترۆگ دەگێڕێتەوە دەڵێ :" سەردەمی ئیرهابیان داهێنا، وشەیەکی بەپارێزەوە نەبوایە، یان چرپەی رەخنەیەك بەس بوو پیاوی لەسەر بکێشرێتە ئەو مەحکەمە تایبەتیانەی تاوانی گەورەوە " *.

ڕژیمی کەمالی، لە کاتێکدا کە کوردی بەرەسمی بە تاوانی" خەبات بۆ دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد- ستان " مەحکەمە دەکردن و دەکوشتن و دەبڕین، ڕاپەڕینی کوردی لە پڕۆپاگەندەی دەرەوەیدا بە " ڕاپەڕینێکی ئاینیی کۆنەپەرست بۆ هێنانەوەی خەلیفایەتی و سەڵتەنەتی عوسمانی " لە قەڵەم دەدا، کە ئینگلستانی بە مەبەستی خەفەکردنی" تورکیای نوێ " لە پشت بوویێت . ئەم قسانەی پڕۆپاگەندەی ڕژیمی کەمالی بە ڕادەیەکی زۆر کاری خۆیان کرد ، بەڵام مەگەر هیچ ڕاستیەکیان تێدا هەبوو ؟ . هەندێ دروشمی ئاینی لە ڕاپەڕینی کورددا، بەڵێ بەرز کرانەوە، بەڵام خۆ مستەفاکەمالیش لە شەڕی سەربەخۆییدا هەمان کاری کرد، کەواتە دەبێ بڵێین مستەفاکەمال شەڕی هەر بۆ خەلیفایەتی و خەباتی ئاینی دەکرد؟ ؛ هەرچەندە کەسانی هەرەگرنگ لە بزووتنەوەی بە ڕابەریی مستەفا کەمالدا هەبوون کە زۆر ئاینی بوون، نموونەی فەوزی پاشا و قەرەبەکر پاشا، دیسان ئەو بزووتنەوەیە بەهیچ جۆرێك ئاینی نەبوو، بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی بوو . دەبێ ڕاپەڕینی کوردیش بە هەمان پێوانە بپێوین، ئەوە کە ڕابەرەکەی جەنەراڵێکی لەشکر نەبوو، شێخێك بوو، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ .

---

* ئارمسترۆنگ لە کتێبی " گورگە بۆر "یدا باسی ئیرهابی دوای یاخی بوونەکە دەکا، دەڵێ : " کوردستان بە ئاگر و ئاسن لێدرا، پیاو شکەنجە دران و کوژران، دێ سووتێنران، بەرهەمی کشتوکاڵ لەناودرا، ژن و منداڵ بە تاڵان بران یان کوژران . تورکەکانی مستەفاکەمال بەوهەمان دڕندەییە کوشتاریان لە کورد کرد کە تورکەکانی سوڵتان لە ئەرمەنی، یۆنانی، و لە بولگاریانیان کردبوون " . لە وەرگێڕاوی فەرەنسیی ئەو کتێبە :

H. C. Armstrong, Mustafa Kemal, Payot,1933, P.235.

راپەرینی کورد بە رابەریی شێخ سەعید، راپەرینی نەتەوەییکورد بوو، داخوازی وهیوای جەماوەری نەتەوەی کوردی دەردەبڕی کە" رزگاری" بوو. پیاو دەکرێ بپرسێ، ئەی راپەرینی وەك ئەوەی بە رابەریی شێخ سەعید لە ئەنادۆڵ سەریان هەڵنەدا ؟، کاتێ راپەرینێکی جووتیاران ساڵی ١٩٣١ لە مەنەمەن بە رابەریی شێخێکی تورك هەڵگیرسا، بۆچی کەس ئەوەی بە تاوانی " خەبات بۆ دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەنادۆڵ " مەحکەمە نەکرد، کەچی دەقی تاوانی ڕەسمیی شێخ سەعید لە مەحکەمەدا، بە بێ هیچ ئەم لا و ئەولا، " دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆ" بوو ؟. بۆ ئەوەش کە گوایا ئینگلیس یارمەتیی کوردی دابێت، تورك قەت نەیانتوانیوە بچووکترین بەڵگە بهێننەوە. بە پێچەوانەوە،ئەوە ئەنقەرە بوو کە پشتگیریی ئیمپریالیزمی فەرەنسای لە دژی کورد لێ کرا، کاتێ رێیان دا عەسکەری بە قەتار بە باکووری سووریادا بۆ لێدانی راپەرینی کورد بیا.

سەرو بنی مەسەلەی راپەرینی شێخ سەعید : " نەتەوایەتی " بوو، و زۆر پیاوی زۆر ماقووڵ، کە بە زەحمەت کەس بتوانێ بە پیاوی ئیمپریالیزمیان ناو بیا، دەدانیان بەو حەقیقەتەدا ناوە. فەرمـوو هەر بە نموونە، ئەمە نەهرو نووسیویە : " بەم جۆرە، تورکی کە کەمێ بەرلەوە شەڕیان بۆ سەربەخۆیی خۆیان کردبوو، لەو کوردەیان دا کە ئازادییخۆی دەویست. چەند سەیرە،نەتەوایەتیەکی رزگاریخواز ببێ بە نەتەوایەتیەکی دەستدرێژکەرو خەباتی رزگاریخوازی ببێتە خەبات بۆ ژێردەست کردنی گەلانی تر" *.

## راپەرینی چیای ئارارات

دوای شکستی راپەرینی ١٩٢٥، سەرانی شەڕکەری وەك " یادۆ "ی پالوو، یان " عەلی یێ یونس " **ی ساسوون، ئەرکی پارێزگاریی خەڵکیان لە زوڵم و زۆری عەسکەری تورك دە ئەستۆگرت و، توانیان زیانی زۆر لەو عەسکەرە بدەن. حکومەتی تورك هاتە سەر ئەو بیرە کە تاقە رێیەکی چۆك بە کورد دادان ئەوەبوو : کورد لە کوردستان دەربکرێ. لە زستانەکانی ١٩٢٥ تا ١٩٢٨دا،دەوری یەك ملیۆن کورد بە زۆر لە کوردستان کۆچی-پێ کرا***. بە دەیان هەزار کورد، لە جەنگەی سەرمای سەختی ئەنادۆڵدا، بە رێگاوە لە برسان و لە سەرمان و

---

Jawaharlal L. Nehru, Glimpses of World History, Allahabad, 1935, Vol.2, P.1108. *

Aliyé Unis **

*** هەمان L. Rambout ٢٩.

بە نەخۆشی مردن .

ئەو کوردانەی کە رایانکردبووە کوردستانی عیراق و ئێران، لە وەڵامی کۆششی کۆمەڵەی نەتەوەیی" خـۆیبـوون " ( سـەربــەخـۆیـی)دا ( کە لەمێژ نەبوو لە لایەن هەندێ رۆشنبیران و سـەرانی کوردەوە لە لوبنان دامەزرابوو ) دیسان هاتنەوە و، لە چیای ئارارات یەکتریان گرتەوە .

کۆنگرەی دامەزراندنی " خۆیبوون " لە مانگی ئابی ١٩٢٧دا لە شاری " بحەمدوون " ی لوبنان گیرا . نوێنەرانی هەموو پارتی و رێکخراو و کۆمەڵانی سیاسیی کـوردی تێدا کۆبوونەوە ( کوردسـتان تەعالی جەمعیەتی، کورد ئیستیقلال جەمعیەتی، کورد تەشکیلاتی ئیجتیماعیە جەمعیەتی، کورد میللەت فرقەسی ) وهەموو بڕیاریان دا بنە یەك *. رابەرێکی ئەرمەنیی داشناقیش ( ڤاهان پاپازیان ) بە نیشانەی دۆستایەتیی کورد و ئەرمەنی لـە کۆنگرەدا بەشدار بوو . رابەرانی کورد ، کە بە شوێن پشتگیری و یارمەتیی دەرەوەدا دەگەڕان، ئەم دۆستایەتیەیان زۆر مەبەست بوو. ئینگلیس دەستی بەسەر نەوتی هەرێمی باشووری کوردستاندا گرتبوو، فەرەنسا نێوانی لەگەڵ ئەنقەرەدا هەبوو، بەڵام دیسان ئەو دەوڵەتە گەورانە قەوانەی ئەو ئەفسانەیان هەر هێشتبۆوە کـە گوایا" رۆژئاوای ئەهلی ژیاری یارمەتیی‌کورد دەدا ". تەبیعی ئەم قەوانەیان بۆ ئەوە بوو وەرەقەی ئەو رابەرە کوردانەیان بۆ هـەر گفتوگۆ و سـەودایەکیان لەگەڵ حکومەتی تورکدا بەدەستەوە بمابایـە . وێ دەچـێ هێزە رۆژئاواییەکـان پتر ویستبێتیان بە راستی یارمەتیی پارتی داشـناقی ئەرمەنی بدەن، چونکە ئەم نەك هەر رزگاریی " ئەرمەنستانی تورکیا"، بەڵکو سەندنەوەی ئەرمەنستانی ژێردەستی سۆڤیەتیشی دەویست کە ساڵی ١٩٢٠ لێی راونرابوو . دیارە ئەو ویستە شتێك بوو کە بەتەواوی بە دڵی دوژمنانی سۆڤیەت بوو . ئەوەی راسـتی بێت، داشـناق چیتر

* رابەرانی سەرەکیی" خۆیبوون " لە بنەماڵە دەرەبەگە هەرە بەناوبانگەکانی کورد بوون . زۆر کوردی خوێندەوار- یش رەگەڵ ئەم کۆمەڵەیە کەوتن، کە بەرنامەکەی دەربارەی رزگاریی کوردستانی تورکیا بوو. رابەرانی سەرەکیی " خۆیبوون " ئەمانە بوون : قەدری جەمیل پاشا ، جەلادەت عالی بەدرخان بەگ، حەسەن ئاغای حاجۆ، ئیحسان نووری پاشا ،ئەکرەم جەمیل پاشا ،مەمدووح سەلیم،عارف عەباس . جەلادەت عالی بەدرخان بەگ وکامران عالی بەدرخان بەگی برای،کەوتنە چالاکیی گرنگی فەرهەنگی، کە بە دەرکردنی گۆڤاری " هاوار " و" رووناهی " و رۆژنامەی " رۆژا نوو" و" ستێر" لە شام ( دیمەشق ) و بێرووت، و چەندین بەرهەمی تری ئەدەبی گەیشت . ئـەم تیپە لاتینیانەی ئێستای نووسینی کوردییش ئەوان سازیان دا .

جەماوەر و شوێن پێی لە کوردستانی تورکیادا نەمابوو، لە کاتێکدا کۆمەڵەی نەتەوەیی کوررد " خۆیبوون " پشتگیریی جەماوەری بە بەربڵاوی هەبوو بەڵام دەستی بە سەرچاوەی ماددی نەدەگەیشت تا پێداویستی بەرنامەی خۆی لێوە دابین بکات . لە نەتیجەی ئەو رێککەوتنەی نێوان رابەرانی نەتەوەیی کورد و ئەرمەنیدا، و بێ گومان لەسەر داوای ئەرمەنیەکان بوو کە ناوچەی ئارارات ی نزیکی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی کرا بە مەرکەزی راپەڕینەکە . هۆیەکی تری هەڵبژاردنی ئارارات بە مەرکەزی راپەڕین، دەبێ توانای پێوەندیی هاسان لەوێوە بە ئێرانەوە بوویێت ، کە بەڵێنی یارمەتیی بزووتنەوەی کوردی دابوو . شا لە هەموو سەرێکەوە دەستکەوتی دەبوو : تورکیای کەمالیی رەقیبی بێهێز دەکرد، دەستی بە سەر راپەڕینەکەدا دەڕۆیشت و، دەکرا ئەوە بۆ دوورخستنەوەی مەترسیی راپەڕینی کوردستانی ئێران بە رابەریی سمکۆ بۆ خۆی بەکاربێنێ .

حکومەتی تورك لە " پیلانی کوردو ئەرمەنیەکان " زۆر پەشۆکا، کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ رابەرانی کورددا . کورد پێشەکی داوای هێنانەوەی سەرانی دوورخراوەیان کرد، ئەنقەرە ئەو مەرجە پێشەکیەی بە جێ هێنا ، هێندێك لەوانە گەڕانەوە و چوونە ریزی راپەڕینەوەو، هەندێکیش لە سووریادا داوای پەنابەرییان کرد .

هێزی کورد بە فەرماندەیی ئیحسان نووری پاشا، لە ساڵی ١٩٢٩دا، هەر لە چیای ئاراراتەوە تا باکووری وان و بتلیسی بەدەستەوە بوو . جەنەراڵ ئیحسان هەوڵی دەدا گفتوگۆی لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتدا ئەوەندەی دەکرا درێژ بکاتەوە، لەو بەینەدا زۆر رێکوپێك و بە نەخشە سنووری دەسەڵاتی راپەڕینی بەرینتر دەکردەوە . " ئیدارەیەکی مەدەنی"یش بە سەرۆکایەتیی " ئیبراهیم پاشا حسکی تەللۆ " لە هەموو ناوچەی رزگارکراودا پێك هێنرا، کە ئاڵای کورد بەسەر سەرتاسەریەوە بەرز دەشەکایەوە . ئەنقەرە تێگەیشت کە کات بە زیانی ئەو دەڕوا، لە مایسی ١٩٣٠دا کەوتە کۆکردنەوەی عەسکەری . بە دوو لەشکری بە فەرماندەیی ساڵح پاشا لە ٦/١١دا هێرشی گەورەی کرد . لە یەك مانگ شەڕدا، هێزی کورد ١٧٠٠ ئەسیرو ٦٠٠ تفەنگی ریز ( مەترەلۆز) و ٢٤ تۆپی هێزی تورکی دەستکەوت بوو، و ١٢ فڕۆکەی خستبووە خوارەوە .

وەك دەبوا چاوەڕوان بکرایە،ئەنقەرە توانی لەگەڵ تاراندا رێك بکەوێ . عەسکەری تورك بە خاکی ژێردەستی ئێراندا چوون هێزی کوردیان ئابڵۆقە دا . تەنانەت - دوای ئەوە - بۆ وەبەر قانوون دانی کارەکەیان، لە ١٩٣٢/١/٢٣دا سنووریشیان گۆڕی، هەندێ خاکی کوردیان گۆڕیەوە، ئێران لایەکی ناوچەی ئاراراتی دیوی خۆی دا بە تورکیا،و تورکیا لە بەرامبەر ئەوەدا لایەکی سەر بە ناوچەی وان ی دا بە ئێران . راپەڕینی کوردی ئابڵۆقەدراو لە هاوینی

١٩٣٠دا شکستی خوارد ، هەندێ لە رابەرانی توانیان دەرچن، ئەوانی تر گیران و کوژران . رامبوو دەلٚێ :" لە وان سەدخوێندەوار خرانە تەلیسەوە،سەری تەلیسەکان درووا و فرێ درانە دەریاچەکەوە". درندەیی ئەمجارە لەگەلٚ کورددا دوو ئەوەندەی پێنج سالٚی پێش ئەوە بوو . تا چەندین مانگی دوای کۆتایی راپەرینەکەش، فرۆکە بەردەوام دێهاتی کوردیان دەسووتاند. قانوونێك ( ژمارە ١٨٥٠ ) لە ژمارەی رۆژی ١٩٣١/٧/٢٩ی رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی تورکیا( رۆژنامەی وەقایعی رەسمی)دا بلاٚوکرایەوە، رایگەیاند کە : " کوردکوشتن "ی سەردەمی راپەرین، مەحکەمە و حوکمی لەسەر نابێ . دەقی ( بەندی یەکەمی ) قانوونی بلاٚوکراوە بەم جۆرە بوو :

« کوشتن و کرداری تری کە لە ١٩٣٠/٦/٢٠یەوە تا ١٩٣٠/١٢/١٠ ، چ تاکە کەس و چ دەستە لە نوێنەرانی دەولٚەت یا ویلایەت، لە کاربەدەستانی عەسکەری یا مەدەنی، لە کاربەدەستانی ناوچەیی، لە پاسدا ر و غەیرە نیزامی، یان لە هەر مەدەنییەکەوە بۆ یارمەتیی ئەو ناوبراوانە یا لەبریتی و بە ناوی ئەوان، لە کاتی بەربەرەکانی و لەناودانی ئەو راپەرینانەی ئەرجیش، زیلان، ئاگری داغ ( ئارارات ) ،و دەوروبەردا ،بە پولوموری ویلایەتی ئەرزنجان و ناوچەی پشکنیاریی یەکەمەوە، کردبێتیان، بە تاوان دانانرێن » .

ناوچەی پشکنیاری یەکەم ئەم ویلایەتانەی کوردستانی دەگرتەوە : دیاربەکر، خارپووت، وان، بتلیس، مووش ، هەکاری، ماردین، سێرت . راپەرینی ئارارات،کە بەهەرحالٚ هەر لە سنووری ناوچەیەکدا بوو ،لە هاوینی ١٩٣٠دا ئیتر بە تەواوی لەناودرابوو . ئەم قانوونە بە تایبەتی رادەی درندەیی سیاسەتی " ئارام کردنەوە"ی کوردستان پیشان دەدا، چۆن حەملەی کەمالی کەوتە وێران کردنی کوردستان و کوشتنی هەزاران خەلٚکی شوێنانێك کە هەر لە راپەرینەکەدا نەبوون . سەرەك وەزیرانی‌تورکیاعیسمەت پاشا لە مانگی ئابی ١٩٣٠دا لە کردنەوەی خەتی‌قەتاری سێواس دا گوتی :

« ئەو شۆرشەی کە بە دەسیسەی بێگانە لە ویلایەتەکانی رۆژهەلاٚت ئاگری خۆش کرا ،وا پێنج سالٚی خایاند ، بەلاٚم ئەمرۆ نیوەی هێزی لە دەست داوە . هەر تەنیا نەتەوەی تورك هەقی هەیە مافی قەومی و نەژادیی لەم ولاٚتەدا داوا بکا . هیچ عونسورێکی تر ئەو مافەی نیە »* .

وەزیری عەدلیە مەحموود ئەسعەد بۆزهورت**هەمان قسەی کردەوە :

---

* میللیەت،ژمارە ١٦٣٦، ١٩٨٠/٨/٣١ .

Mehmut Esat Bozhurt **

« ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین ناوی تورکیایە و ئازادترین وڵاتی سەرزەویە . من، بەو سیفەتە کە نوێنەرتانم!، لام وایە دەتوانم قەناعەتی خۆم بەبێ هیچ ئەم لاو ئەولایەك دەرببڕم . من بڕوام وایە کە تورك دەبێ تاقە ئاغاو تاقە خاوەنێکی ئەم وڵاتە بێت . ئەوانەی لە ئەسڵی خالیسی تورك نین، دەتوانن هەر یەك مافیان لەم وڵاتەدا هەبێ : مافی بوونە خزمەتکار و کۆیلە » * .

بەشێکی بەرپرسیاریی لەو کوشتارانەی دوای راپەرینەکە، رەنگە رابەریی " خۆیبوون "یش بگرێتەوە ." خۆیبوون " بە بێ ئەوەی لە پێشدا پێداویستی ماددی و عەسکەری و سیاسیی ئامادە کردبێت، راپەرینی دەست پێکرد .

دیسان، کورت بینیی رابەرانی خۆیبوون نێوانی " تورك - ئێران " و " تورك - سۆڤیەت" ی خۆش‌کرد(٢٣) . بەڵام لە لایەکی تریشەوە دەکرێ بڵێین، بەوەی ئەو" ئارام کردنەوە " دڕندەییەی حکومەتی تورکیا هەر لە مەڵبەندی راپەڕیندا نەبوو، بگرە هەموو کوردستانی ژێردەستی گرتەوە، دەریدەخا کە " ئارام کردنەوە " ی راپەرینەکە هەر بەهانەیەك بووە حکومەتی ئەنقەرە بۆ پێش‌خستنی بەرنامەی تواندنەوەی کورد بەکاری هێناوە و هیچی تر .

رۆژنامەکانی رۆژئاوا باسێکی ئەوتۆی ئەو رووداوانەی کوردستانیان نەکرد، ئەو کاتە نەبێت کە " نێو نەتەوایەتیی دووەم"هەڵوێستی خۆی لەوە دەربڕی . نێونەتەوایەتیی دووەم ٣٠ /١٩٣٠/٨ لەسەر داوای داشناقی ئەرمەنی بڕیاری دەرکرد :

« کۆمیتەی سەرۆکایەتیی رێکخراوی نێونەتەوایەتیی دووەم، سەرنجی دنیا بۆ ئەو کوشتارانە رادەکێشێ کە لە لایەن حکومەتی تورکەوە دەکرێن . دانیشتوانی کوردی ئارامی کە بەشدارییەکیان دە راپەڕینەکەدا نەکردووە قەڵاچۆ دەکرێن، رێك بەهەمان شێوەی لەگەڵ ئەرمەنیاندا کرا. رادەی چەوساندنەوە زۆر لە سنووری نەهێشتنی خەباتی ئازادیخوازی کورد تێ‌دەپەڕێنێ،کەچی هێشتا بیروڕای گشتیی سەرمایەداری بە هیچ شێوەیەك نارەزایی لەم دڕندەییە خوێنینە دەرنەبڕیوە »** .

ئەو دڕندەییە خوێنینەی لەوێدا باسکراو، لە ١٩٣٢/٥/٥دا بە پلەیەکی تر گەیشت . لەو رۆژەدا قانوونی بە زۆرکۆچ- پێ کردن و بڵاوکردنەوەی کورد دەرچوو :

« بەو شێوەیەی لەسەرنەخشەیەکی وەزارەتی ناوخۆ دیار دەکرێ و وەزیرەکان قەبووڵی دەکەن، تورکیا لە رووی دانیشتوانەوە دەکرێتە چوار جەغزی جیاواز :

---

* میللیەت، ژمارە ١٦٥٥، ١٩٣٠/٩/١٦.

** هەمان L. Rambout ل٣١.

ژمارە ١ : ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە مەبەست وایە دانیشتوانی "تورك فەرهەنگ"یان تێدا زۆر بکرێ .
( ئاشکرایە کە مەبەست لە کوردستانە ـ نووسەر ) .

ژمارە ٢ : ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە مەبەست وایە دانیشتوانیان دە فەرهەنگی تورکدا بتوێندرێنەوە .
( مەبەست لە وڵاتی تورکە کە کوردی بۆ ببرێن تێدا بتوێندرێنەوە ـ نووسەر ) .

ژمارە ٣ : ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە تورك فەرهەنگ دەتوانن کۆچیان بۆ بکەن و تێدا دامەزرێن، ئازادانە و بێ یارمەتیی کاربەدەستان .
( بەمە، بە پیتترین خاکی‌کشتوکاڵ و لەبارترین شوێن بۆ ژیان بە سەخاوەت پێشکەش بە تورکان دەکرا بچن بۆخۆ تێدا دامەزرێن ـ نووسەر ) .

ژمارە ٤ : هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە بڕیار درابێ چۆڵ بکرێن و، ئەوانەی بەهۆی : تەندروستیی گشتی، ماددی، فەرهەنگی، سیاسی، عەسکەری یا ئاسایشی قەدەغە بکرێن .
( ناوچە دووردەستەکانی کوردستان ـ نووسەر ) » *

یەکەم جاری ئەم نەخشەیە ئەوەبوو کە ئیتیحادیەکان لە کاتی شەڕی یەکەمدا کێشابوویان و کەوتبوونە پیادە-کردنیشی . ئەم جارەش نەخشەکە وابوو : گەلی کورد لە کوردستانەوە بەزۆر کۆچی پێ بکرێ و ببرێ لە ئەنادۆڵدا بڵاو بکرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە تورك بهێنرێتە کوردستانەوە . ئەو کوردانەی کۆچیان پێدەکرا، لە دێهات و لە شاری نوێشیاندا ( لە وڵاتی تورکدا ) نەدەبوو لە ١٠٪ی دانیشتوان پتر بن . ئەوجا، ئەوانەی تورك زمان نەبوون، بە تەواوی لێیان قەدەغە کرابوو : دێ، گەڕەك، دەستە و ئەسنافی پیشـەوەران و کارگەران پێك بهێنن . لە زسـتانی ١٩٣٢ەوە،بە سەدانهەزار خەڵك لە خاك ومالْ وکاشانەی خۆیان دەرکران،عەسکەری تورك پێشی خۆیان دان وبەو بانەی ئەنادۆڵیاندا بردن . بـەڵام، دەست کورتیی حکومەتی تورکیا لە رووی توانای ماددیەوە بووە هۆی ئەوە ئەنقەرە دوای چەند ساڵێك دەست لە گواستنەوەی هەموو کوردی کوردستان هەڵبگرێ . مەسەلەیەکی تریش لێرەدا زۆر کاری خۆی کرد، کە راپەڕینی دەرسیم بوو . دەرسـیم لە ١٩٢٥ـەوە بەردەوام لە بەرگری لە خۆکردندا بوو، و دوا قەڵای کورد بوو کە لە ساڵانی سییەوە مابۆوە . دیار بوو کە شەڕی دەرسـیم حەقمەن لەپێش بوو، بەتایبەتی کە

---

* بۆ دەقی ئەو قانوونانە بڕوانە بڵاوکراوەی ژمارە ٨ی گۆڤاری هاوار، دیمەشق،١٩٣٤ :

De la question Kurde, la loi de déportation et de dispersion des Kurdes.

دەکەوتە جەغزی ژمارە چوارەوە و بەگوێرەی قانوونی دەرکراوی حکومەت دەبوو بەتەواوی چۆڵ بکرایە . ئەوەبوو روو لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٥دا، ئەو نەخشەیەی کۆچ پێ کردنی بەزۆری هەموو کورد چەتی تێکەوت .

## بزووتنەوەی بەرگری لە خۆکردنی خەڵکی دەرسیم

دەرسیم، بەڕاستی لانەی هەڵۆیان لە بەرزایی چیا ،هەمیشە ئۆتۆنۆمیی خۆی هەبووە. هەرچەندە پێنج نوێنەریشی لە مەجلیسدا هەبووە، بەڵام خەڵکەکەی نە قەت چوونە ریزی سوارەی حەمیدیە، نە چوونە شەڕی تورك و رووس، نە لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا بەشدار بوون و نە لە شەڕی سەربەخۆیی تورکیادا . نەهێشتنی ئەم دوا لانەی بەرگریەی هەڵۆی کورد، بۆ تەواوکردنی نەخشەی " ئارام کردنەوە"کەی ئەنقەرە، دیارە زۆر گرنگ بوو . ئەوەبوو حکومەتی ئەنقەرە، بە بیرکردنەوەی زۆرەوە کاری لەسەر نەخشەی هێرش بۆ بردنی کرد . ساڵی ١٩٣٦ ،ناوچەکە کرا بە ناوچەیەکی عەسکەری . جەنەراڵ ئالپ دۆغان کرا بە حاکم و، کەوتە جادە دروست کردن و رێو بان کردنەوە،و فەرمانێکی بۆ خەڵکی دەرسیم دەرکرد کە : دووسەد هەزار تفەنگ تەسلیمی حکومەت بکەن . خەڵکی دەرسیم کە بیستبوویانەوە خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستان چیان بەسەرهێنرابوو : کۆچ پێ کردنی بەزۆر، باجی یەکجار زۆر،کوشتن، بێگار پێ کردن بۆ دروست کردنی رێو بانی عەسکەری و...ئیدی ؛ سوور بوون لەسەر ئەوە کە تا دوا هەناسە بەرگری لە خۆیان بکەن . حکومەت، بەشێکی بەسیجی فەرمان دا، و هێزی هەرە زۆری خستە ناوچەی دەرسیمەوە . سەرەك وەزیران عیسمەت پاشا خۆی چوو بەتایبەتی سەری لە هێزە عەسکەریەکانی ئەوێی دا ،بزانێ ئامادەی شەڕن . لە بەهاری ١٩٣٧دا، شەڕ دەستی پێکرد . بەڵام ئەم شەڕە وەك هیچ شەڕێکی پێش ئەوە نەبوو، کورد بە روونی چارەنووسی خۆیان بەدەست تورکەوە لەبەرچاو بوو، هەموو بڕوایان بە ئەوپەری پێویستی و رەوایی بەرگریەکەیان هەبوو، لێ بڕابوون بەهەرچی تواناو رێی هەبوون تاسەر بەرگری لەخۆیان بکەن . شەڕی ئەمجارە بۆ لەشکری تورك نوێ بوو،کورد شەڕی جەبهەیی لەشکرانیان نەدەکرد ، شەڕێکی پارتیزانی بوو کە رووبە- روو بوونەوەی بۆ لەشکری تورك زۆر زەحمەت بوو . لەشکری تورك، هەرچەند گازی ژەهراوی و تۆپ و بووردومانی فڕۆکەی بەکارهێنا ، تا کۆتایی هاوینی ١٩٣٧یش چیی بۆ دەگەڵ دەرسیمدا نەکرا . هەرچەندە تورك توانیان بە فێڵ و دەهۆ دەستیان بە رابەرانی بەرگریەکەش بگات و بیانکوژن، بەڵام چونکە خەڵکەکە هەموو وێکڕا هەستا- بوون و یەك بەیەك دوا بڕیاری خۆیان دابوو، ئەم کوشتنەی رابەرانیان هیچ کە تۆزقاڵێك تەئسیری نەکردە سەر ورە و بەرگری لەخۆکردنیان، بگرە سوورتری کردن . حکومەتی تورك ناچار، سێ فەیلەقی سوپای وێڕای بەشی

هەرە زۆری هێزی هەوایی، تەواوی ناوەڕاستی سالّی ١٩٣٨خستە شەڕی دەرسیمێکەوەکە لە قەزا ( بەخشداری) یەکی فەرەنسا گەورەتر نیە . خەلّکی دەرسیم،لە ١٩٣٦ـەوە پێوەندیان بە دەرەوە بڕابوو و هیچ یارمەتیەکیان بە هیـچ جـۆرێـك لە هیچ کوێـوە بۆ نەدەهات *، بەردەوام لەژێر تۆپبارانداء رۆژ بە رۆژ لێیان دەکوژرا، بەلاّم بـە قارەمانیی بێ وێنە تا دوا فیشەکی بە دەستیانەوە ما، تا مانگی ئۆکتۆبری ١٩٣٨ بەرگرییان کرد .

گرتنی دەرسیم، بۆ لەشکری تورك زۆر سەخت و گران تەواوبوو. ئەوەبوو عەسکەری تورك دوای ئەوە وەك شێت و هار کەوتنە گیانی خەلّکەکەی، خەلّکیان دە ئەشکەوت و عەنبار و تەویلە و ... ئیدیدا حەشار دەدان و زیندوو - زیندوو ئاگریان تێ بەردەدان، دارستان و لێڕیان دەسووتاندن تا هەرچی خۆی تێدا حەشارداوە بسووتێ . زۆر کورد ، لە بریتی تەسلیم بوون، بە دەستە - دەستە خۆیان کوشت، بەتایبەتی زۆر کچ و ژنی کورد خۆیان هاویشتە رووباری " مونزوور"ەوە**. دەرسیم بەتەواوی وێران کرا .

پارتیکۆمونیستی تورکیا ، ژمارەی کوردی بەزۆرکۆچ پێ کراو وکوژراوی ،لەو سێزدە سالّەی خەبات و راپەڕین و چەوساندنەوە و کۆچ پێ کردن و کوشتن و بڕینەدا، بەمەزەندە بـە پتر لە ملیـۆنێك و نیـو دادەنێ ***. ئـەم کارەساتانە، ئەوەندە لە پڕۆپاگەندەی " پێشکەوتوویی!"ی رژیمی ئەنقەرە بەدوور بوون، ئەنقەرە تا سالّی ١٩٦٥ یش رێی چوونە سەرتاسەری پشت خەتی رووباری فوراتی لە خەلّکی ولاّتانی دەرەوە قەدەغە کردبوو . ئەو ناوچانە تەنانەت تا سالّی ١٩٥٠ هەر لە حەرەکاتی عەسکەری( حالّەتی شەڕ) دا بوون . زمانی کوردی قەدەغە بوو، وشەی کوردو کوردسـتان لە کتێبی مێژوو و لە فەرهەنگان سڕانەوە و " کورد " جگە لە " تورکی چیا" بە ناوێکی تر ناو نەبرا .

---

* ئەوسا حکومەتی تورك دەیکوت دەرسیم لەبەر ئەوە توانیویە ئەوەندە خۆ رابگرێ چونکە یەکێتی سۆڤیەت یارمەتیی داوە ! .

** بۆ ئاگاداریی پتر لە رووداوانی ئەو کارەسات و خوێنڕێژیانە، بڕوانە هەمان سەرچاوەی دکتۆر دەرسیمی .

*** ت. ك. پ.، دۆغوشو، کورولوشو، گەلیشمە یۆلّلاری ( تورکیە کۆمونیست پارتیسی، لەدایك بوونی ، رێکخستنی(هەیکەلی) و ، رێبیانی پەرەسەندنی)، ل ٢١ .

## ٤- وردبوونەوەیەك لە كەمالیەت

دەكرێ پیاو- وەك ئەمرو- پرسیار بكا، چۆن بوو نەتەوایەتیەكی رزگاریخواز بوو بە نەتەوایەتیەكی دەست درێژ- كەر، چۆن بوو ئەوانەی كە خۆیان تا كەمێ بەرلەوە ئەو هەمووە چەرمەسەریەیان بە چاوی خۆیان دیتبوو، بە ئەوەندە كۆشش و خەبات توانیبوویان خۆیان رزگاربكەن، ئا ئەوانە كرا بێن بە ئەو چەوسێنەر و زاڵمانە ؟

لەسەرەتای ئەم سەدەیەی عوسمانیدا، وشەی" تورك" بەتایبەتی بە مانای" دێهاتیی دواكەوتوو" بەكار دەهێندرا، توركایەتی بە خەتێكی توندو تیژ و خەتەر دادەندرا، هەر وشەی " تورك" نەدەبوو بەكار بێت، ئەوەكا هەستی " توركایەتی" وە سەرووی هەستی " عوسمانێتی" بكەوێت . ئەم زەمینەی بە سووكی لێ نۆڕینە بوو كە دوایی " تورك"ی بەرەو " نەتەوایەتیەكی گەورەتری تورك" ی بە فیز و دەستدرێژكەر برد . توركایەتی، هەر تەنیا دوای سەركەوتنی كەمالیەت و كردنی بە بیرو باوەڕی رەسمیی دەوڵەت بوو كە رێزی پەیدا كرد . هەستی حەقارەت و بە چاوی سووك و نزم لێ نۆڕینی توركان بوو كە ئەوانەی دوایی وا هەڵخستەوە، بۆ تۆڵەكردنەوە، ئەوەندە بكەونە سەر فیز و جەبەرووت فرۆشتن و رق و كینە بەرامبەر بە ناتوركان . ئەوە بوو رابەرانی نەتەوەیی ئەنقەرە رایانگەیاند كە" تورك ئازاترین و نەجیبترین نەژادی سەرزەوییە" . قسەكانی مستەفا كەمال : " توركێك هەموو دنیا دێنێ" و" چ شادیەكە بكرێ بە خۆت بڵێیت تورك " ئێستاش لە "هەموو" خوێندگەیەك و سەربازخانەیەكی توركیا و تەنانەت سەر دارو دیواری خانووبەرەی گشتیش بە خەتی درشت نووسراون و یاهەڵكەندراون . ئەم قسە شۆڤێنیانە، لە ١٩٣٠بەم لاوە، مێژوویەكی ئەفسانەیی توركیشیان بۆ داتاشرا، بەگوێرەی ئەوە : تورك لە نەژادی گورگەبۆری دۆڵی" ئەرگەنەكۆن" ی ئاسیای مەركەزین و، لە نەژادی ئارییایین ( ئەمەی دواییان لە ساڵانی سیدا زۆر دەگوت) . ئەنستیتوی مێژووی تورك ئیترهەر خستی دەكردەوە، ژیاریی بەناوبانگی سۆمەر، میسر، بابل، لیدیا، ئیۆنی، هیتی، ی هەموو هەرهەموو كردن بە تورك !. توركایەتیی ئاتیلاو جەنگیزخان وهولاكۆ و...ئیدی بە تایبەتی زۆرخرایە بەرچاو. ئەم مێژووە تازە داهێنراوە، لە باسی كورددا دەڵێ :" ئەسڵیان تووررانیە،پێش پێنج هەزار ساڵ لە ئاسیای مەركەزییەوە هاتوون، ئەوە كە ئێستا بە شێوازێك قسە دەكەن لە تێكەڵ كردنێكی توركی و فارسی و عارەبی و ئەرمەنی پێكهاتووە، خەتای ئەوەیە لە چیای دوورەدەستدا دابڕاون، زمانە توركیەكەی خۆیان لەبیر چووەتەوەو كەتوونەتە ژێرتەئسیری فارسەكانی هاوسێوە". تەكین ئالپ،كە پیاوی فكر( ئیدیۆلۆگ) ی رەسمیە، دەڵێ : " نەتەوایەتیی تورك هەر لە سەرەتاوە تاقە بیری میسالیی كەمالیەت بووە " .

ئا بە ئەم نەتەوایەتیە خەیاڵیە سەیر و پف دراو و دەست درێژكەرانەیە بوو كە یەخەی كوردیان دەگرت، چونكە

هەر کوردیان لە سنووری حوکمیاندا دەست دەکەوت بەهەمان تاس وحەمامی بەزمی نەژادی نزمی زەنگی و جوو و قەرەچ (ی نەزمی هیتلەری ) بۆ مەبەستی خۆیان رەشی بکەن، تا نەتەوایەتیی" تورکی مەزن " لەبەرامبەردا خۆ بنوێنێ. مەگەر دەکرا چ " بەڵگە"یەك " شکۆ و پلەی سەرووی نەتەوەی مەزنی تورك" لەوە باشتر بسەلمێنێ،کە سەرکەوتنە درەخشانەکانی ئەو تورکە خالیسانە بەسەر ئەواندا کە تورکی خالیس نەبوون سەلماندیان؟ . چ رێیەك لەوە باشتر دەست دەکەوت کە فکرەی " گەلی تورك مەزن و خاوەنی ژیاری و دلێرییە "ی پێ بخرایەتە بەرچاو، لەوەی کە نوختەیەکی بەرامبەری بۆ دابتاشرایە بە ناوی " کوردی دڕندە و دواکەوتوو" ی کە تاقە کەمایەتیەکی گەورەی کۆماری تورکیای پێك دێنا؟ . بەڕاست، حکومەتی تورکیا نازو فیزی گەلی تورکی چۆن ختووکە بدایە ؟ باسی سەرکەوتنی لە هونەر و زانستدا بکردایە ؟ یان بە سەرکەوتنی ئابووریی بنازیایە ؟ ئابووریەکی بەدەست تاقمێکی گەندەڵ، بەدەست چینێکەوە کە میللەتەکەی خۆی ئەوپەڕی دادەدۆشێ،میللەتێکی لەژێر سەرانەی خاوەن زەوی و سوودخۆران و باج و ماڵیاتی حکومەتدا نەدار و رووت و رەجاڵیان هێشتۆتەوە، بە چی دڵی خۆش بکەن غەیری سەرکەوتنی عەسکەریی بەسەر کورددا ؟ . نەتەوایەتیی تورك، لەم قۆناغەی هەوڵی خۆ ئیسبات کردنیدا، پێویستی بەم سیاسەتە عەسکەریچێتیە هەبوو، و لە شاڵاوە ئیستیعماریەکانی بۆ سەرکوردستاندا ریشەی ئەوەی ئەوەندە بەزەویدا رۆبرد، کە ئێستاش لە هەر ئاستێك و پلەیەکی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆی تورکدا هەستی پێ دەکرێ. حاکمانی نەتەوەیی تورك پێویستیان بە شەڕ هەبوو، نەشیاندەوێرا بەگژ هاوسێیاندا بچن، چونکە هاوسێیان لەژێر سێبەری ئینگلیس یا فەرەنسادا بوون یان هەرخۆیان بەهێز بوون( وەك سۆڤیەت)، ئێ کێ مایەوە بتوانن شەڕی بەسەردا بسەپێنن ؟ کورد . ئەم شەڕانەی بە نەزمی ئیستیعماری ، لە لایەکی تریشەوە کەڵکیان بۆ حکومەتی ئەنقەرە هەبوو، حکومەت لەو هەلەدا کۆمونیست و ئازادیخوازانی دوژمنیشی لەناو دەبرد و، بە باسی قارەمانیی لەشکری تورك و کوشتن و بڕینی ئەو کوردانەی " ئەوەندە دڕندە " لە هەراو هەنگامەی زۆری رۆژنامە و رادیۆیدا، دەیویست لە خودی گەلی تورك بگەیەنێت کە ئەگەر کەسێ خەیاڵی راپەڕینی هەبێت با لەسەری خۆی دەرکات و نەخەڵەتێ بیری لێ بکاتەوە . تاوانی خوێنی گەلی کوردستانی ژێردەستی تورکیا لە ١٩٢٥ تا ١٩٣٩، بەبیری من، بەشێکی زۆری دە ئەستۆی ئەو تەرزە بیرکردنەوەیەی نەتەوایەتیی تورکدا ( و ئەو بەرژەوەندە سیاسیانەدا ) یە .

کەمالیەت و مستەفا کەمالی دامەزرێنەی،لە هەندەران بە پێشڤەرو و تەنانەت شۆڕشگێڕیش پێشکەش کراون، ئەمەش کاری بیست کتێبێکە کە دوویان نەبێت ( " لە دایك بوونی نەتەوەیەك"ی لۆرد کینرۆس ـ ئینگلیسی،

و"مستەفاكەمال یان مەرگی ئیمپراتۆرییەك"ی بێنوا مێشە"ـ فەرەنسی* ) مستەوایەكیان نیە (٢٤) . هەڵبەستنی ئەم ئەفسـانەی پێشـڤەرِوویی و شۆڕشگێڕیە بۆ مستەفا كەمال و كەمالیەت، رێك ئەو كلێشەیەیە كە زۆر جار بـە كەڵكی حاكمە زۆردارەكانی دنیای سێیەم دێ . ئەوانە حەزیان لە چارەی سۆسیالیزم نیە گوایە چونكە بیروباوەڕی بێگانەیە، بەڵام لە رەنگێكی ناسەرمایەداری و پێشڤەرِووییش یا - وەك دەڵێن - " رێی سێیەم " دەگەڕێن دە رووی رژیمی خۆیانی هەڵسوون . وادیارە" ئێدوارد هێریۆ" كە سەردەمێ سەرەك وەزیرانی فەرەنسا بووە،بەم ئەفسانەیە فریوی خواردووە، ئەوەتا پێشەكی بۆ كتێبی تەكین ئالپ‌ی باسكراو نووسیوە كە بەم جۆر ە باسـی" شۆڕشی " مستەفاكەمالی تێدا دەكا :

« ئەم شۆڕشـە، رەسـەنیی بەتایبەتی لەوەدایە كە بە نەزمی نەخشـەیەكی مەنتیقی هاتۆتە پێشـەوە، نە تەقینەوەی عاتیفەی تێدا هەبووە، نە وێران كردنی سامانی ماددی و نە دوژمنایەتیی تینووی خوێنی نێوان حیزبان یان چینان» (٢٥) .

با هەندێكی تر لە كەمالیەت وردبینەوە، بزانین تەبیعەتی چینایەتیی چیە ؟ و چ سیستەمێكی سیاسیە ؟

شەڕی سەربەخۆیی توركیا زۆرتری كری ئەمانە بوو : ئەعیان، خاوەن زەوی، بازرگان، خاوەن كارگەو ئەهلی كارو كەسابەتی سەربەخۆ كە هۆی پێوەندیی نێوان كادیرانی عەسكەری و نەتەوەیی و رەشـایی خەڵـك بوون، ئا ئەم چینە بۆرژوایە بوو لە كۆنـگرەی ئابی ١٩٢٢ی ئیزمیردا دەسـەڵاتی ئـەم دەوڵەتەی گرتە دەسـتی و ، كـەمالیەتی بە ناوی بیروباوەڕی كردە پەشـتەماڵ . رابەرانی تورك، یەكێكیان تێدا نەبوو لەسـەر رۆیشـتنی سیسـتەمی كۆمەڵایەتی - ئابووریی سەرمایەداریی قەبووڵ نەبێت، قسەیان لەوە دەكرد چۆن بۆرژوایەكی بەهێز دروست بكەن تا ئەوە ئەوسا وڵات بەرەو پێشكەوتن بەرێت . هەندێكیان دەیانگوت با ژیانی ئابووری هەر بە بەشی غەیرە- حكومەتی هەڵسـووڕێت و،كاری حكومەت لە ئابووریدا یارمەتی دان و پشتگیریی ئەو بەشە بێت . هـەندێـكی تریان (عیسمەت پاشا) كە بێهێزیی بۆرژوای توركیان دەدیت كە نەیدەتوانی هەمووئابووریی دە ئەستۆدا بێ ، دەیانگوت : بەشی حكومەتی‌یش پێویستە . نەتیجە وابوو: لە ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٢٩بە قسەی تاقمی یەكەم كرا، و لە ١٩٣٠ تا ١٩٣٩ بە قسەی تاقمی دووەم .

لە سـەردەمی سـیاسـەتی ئابووریی غەیرە حكومەتیدا، جەنەراڵ و پیاوە زلەكانی تری شەڕی سەربەخۆیی بوونە

---

Lord Kinross,The Birth of a Nation; Benoît Méchin,Mustafa Kemal ou la mort d'un empire.*

بەڕێوەبەرانی شیرکەتان، بانکدار، و هێنەری کاڵای هەندەران (ئیستیرادکار) . مستەفا کەمال خۆی و چەند پیاوێکی تری گرنگی لەگەڵدا ،ساڵی ١٩٢٤ "بانکی بازرگانیی تورک"یان دامەزراند ، مستەفا کەمال بە چارەگە ملیۆنێك لیرەی تورك ( ئەوسا دەیکردە شەش ملیۆن فرانکی فەرەنسا )ی پارەی خۆی تێدا بەشدار بوو، و ئەمە حەقەن تاقە بازرگانیی ئەتاتورك نەبوو* . پیاوانی گرنگ و کاربەدەستان و کارمەندانی عەسکەری و مەدەنی ، بە چاولێکەری لە رابەریان، بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن ئەوپەڕی شووڵیان لێ هەڵکێشا .

کاتێ کەسادی ئابووریی ساڵی ١٩٢٩ روویدا، تورکیا هەم دەوڵەمەندی پتر و هەم زۆر هەژاری پتری هەبوو . ئەوەبوو"دەوڵەتیزم" ێك داهێنرا ،دەوڵەت کەوتە دروست کردنی رێگاوبان وکارگە . خوێندەوارانی تورکی کەمالی بەو سەردەمی دەوڵەتیزمە دەڵێن " دەڤریم" کە هەم مانای "چاك کردن" و هەم "شۆڕش" یش دەدا، لە راستیدا دەوڵەتیزم بوو خزمەتی ئابووریی غەیرەحکومەتیی دەکرد . فایدەی ئەم دەوڵەتیزمە دەچووە گیرفانی ئەوانەوە کە ئیسماعیل جەم ناوی ناون "چەند بەختیارێك "ی رژیم : بازرگانانی قەبەی ئەستەمبووڵ، ئەعیانی ئەنادۆڵ و خاوەنی زەوی، کادیری عەسکەریی شەڕی سەربەخۆیی، نایبەکان و کەسانی گرنگی ئیدارە . کەچی قانوونی سەرانەیەك دەرکرا، کە بەگوێرەی ئەوە دەبوو خەڵك ساڵانە سەرو ٨تا ١٥ لیرەی تورك باجی" دروست کردنی رێگا و بان" بدەن . بە گوێرەی ئەوە، خێزانێکی جووتیاری کە پێنج نەفەری تەمەن گەیشتوو( باڵغ )ی هەبوایە دەبوو - بڵێین - ٦٠ لیرەیەك بدا، لە سەردەمێکدا کە تۆنێك گەنم بە ٤٠ لیرە بوو . زۆر جووتیاری هەژار هەبوون ئەو پارەیەیان پێ نەدەدرا ، ئیتر یان دەبوو بکەونە زیندانەوە، یان ببنە چەتە، یان کاری بێگاری لە بریتیان بکەن (تا هەقی کارەکەیان بۆ وەبەر قەرزی باجەکە بدرایە ) . رژیمی کەمالی، بە قسە ، " چینایەتی و ئیمتیاز "ی قەبووڵ نەبوون، بەڵام بە کردار، جارێ کورد لەولاوە بوەستێ کە بەشی هەرکوژران و شەهیدبوون بووە،جووتیاری

---

* ئیسماعیل جەم لە" تورکیەدە گەریکالیشلیکین ئۆلوشومو ،ئەستەمبووڵ،١٩٧٣"دا باسی دارایی شەخسیی ئەتاتورك دەکا : « ١٥٤٧٢هێکتار زەویی کشتوکاڵ، کارگەیەکی بیرە ( ئابجو) دروست کردن، دوو کارخانەی ئامادەکردنی شیر بەرهەمی رۆژانەیان ٣٠هەزار لیتر، دوو کارگەی ماست دروست کردن، کارگەیەکی دروست کردنی خواردنەوەی ئالکۆلی (شەراب،بەرهەمی ساڵانەی ٨٠هەزار لیتر)، چەند قومارخانە،چەند کاباریٚ ( مەلها) ، دەوری پەنجا خانووبەرەیەك و...ئیدی »؛ کە ئەو دروشمەی ئەتاتورك و لافی هەمیشەی چینە حاکمەکانی تورکی لەوساوە ریسوا دەکەن کە دەڵێ "ئێمە گەلێکی بێ چین و بێ ئیمتیازانین " .

توركیش وەزعی ئێستای بە موو لەوەی سەردەمی عوسمانی باشتر نەبوو : بێ ئیسلاحاتی زەوی، بێ خوێندگـە، باجی زۆری دەوڵەتی لەسەر، خاوەن زەوی و سوودخۆریش تێی ورووژابوون خوێنیان دەمژی .

ئەوەی ئیسلاحاتی ئەتاتوركی پێ دەگوترێ : وەرگرتنی تەقویمی زاینی، سەعات راست كردنە سەر نەزمێكی تر، جلوبەرگی ئەوروپایی دەبەركردن، " ئیستیرادكردن"ی قانوونی مەدەنیی سویسرایی و، قانوونی سزای ئیتالیایی و، قـانوونـی سـزای فەرەنسـایی، هـەموو لاسـایی كردنەوەی رووكەشـی و لاف لێدانی بـەتـاڵ بـوون . كەمالی دەیانویسـت بڵێن : ئێمە لە ئەوروپاییان كەمتر نین، ئەوەبوو لە وردەكـاری زۆر بچووكـی خۆنواندن دا خۆیان ئەوروپاییانە پیشان دەدا. پیاو كە نەیتوانی هۆش و زانینی ئەوروپاییانی هەبێ، خۆ دەتوانێ -هەر نەبێ - بە شكڵ خۆ وەك ئەوان برازێنێتەوە . كاری هەرە لەبەرچاوی كەمالیەكان ئەوەبوو رژیمی خـەلیفەی عوسمانییان وەلانا و كۆماریان لەجێ دامەزراند؛ بەڵام بە هەرحاڵ، ئەو دەسەڵاتەی مستەفاكەمال لەكۆماردا هەیبوو،هیچ خەلیفەیەكی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە بەخۆیەوە نەدیوە .

رژیمێكی كە نەتوانێ ژیانی ماددیی خەڵك باش بكا،و سەرەڕای ئەوە بەگژ نەریت و خوو و رەوشتی لەمێژینەشیا-ندا بچێ، دیارە ناكرێ ئەو خەڵكە ئەوەندەیان خۆش بوێ . دەستەیەك ئەعیانی دە بەرگی نوێدا و كاربەدەستانێكی لێ دەرچن كە مستەفا كەمالیان دەپەرست، خەڵكەكە تا هەلی بۆ هەڵكەوتبێ پیشانی داوە كە رژیمی ناخۆش-ویستووە . مستەفا كەمال، بۆ ئاگاداربوون لە رادەی ناڕەزایی خەڵك، ساڵی ١٩٢٩حیزبێكی بۆ دۆستێكی زۆر نزیكی خۆی " فەتحی ئۆكیار"ی كۆنە سەرەك وەزیر بە ناوی " سەربەست فرقە" داتاشی . ئەم خۆی وا پیشان دەدا كـە گوایا لەگەڵ حكومەتدا نەبوو، ئەوەندە برەوی پـەیداكرد، مستەفا كەمال دوای چـەند مانگێك هەڵیگرت و كۆتایی پێ هێنا(٢٦) .

زۆر مێژووناس و كەسانی تری سەرنجیان داوە، رژیمی مستەفا كەمال لـەرووی سیاسیەوە بـە " فاشیست " ناو-دەبەن، راستیەكەشی ئەوەیە كە پیاو زۆر شت لەوەدا دەبینێ : مستەفا كەمال لە ١٩٣٠ یەوە بە" ئەبەدی شێف " ( سەرۆكی هەتاهەتایی) دەناسرا ،شتێكی لەبابەتی" فورەر" ( رابەر ـ ی هیتلەر) و دوچی ( سەرۆك ـ ی موسۆلینی) . دوای مستەفاكەمال،عیسمەت پاشا كە جێی گرتەوە ناوی خۆی كرد بە"میللی شێف". حكومەت دوای حكومەت بە قسەیەكی" شێف" دروست كراوە و بە قسەیەكی هەڵوەشێنراوە، و هەر بەرنامە و كارێكیش بووە، هەر ئەوە بووە كە ئەوگوتوویە . رژیمی دەوڵەت رژیمی"یەك پارتی" بوو: جمهوریەت هالك پارتیسی . ئەم پارتیە خۆی بەنوێنەری هەموو چینەكان باس دەكرد ،بەڵام لە راستیدا هەرنوێنەری دەستەی مفتەخۆری حاكم بوو. حوكمو حیزب هەر یەك

بوون . لە ١٩٣٦و بەم لاوە، کە رازو نیازی دڵداریی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتە فاشیستەکاندا رۆژ بە رۆژ ئاشـکراتر دەبوو، سەرەك کۆمار سەرۆکی پارتی بوو، جێگری سەرەك کۆمار جێگری سەرۆکی پارتی بوو، و وەزیری ناوخۆ سکرتێری گشتیی پارتی بوو. لە هەر ویلایەتێشدا ،والی سەرۆکی رێکخراوی پارتیی ویلاتەکەی بوو . جگەلەوە، حکومەتی تورك سـاڵی ١٩٣٦ هەمان " قانوونی کار "ی موسۆلینیی وەرگرت . نەك هەر ئەوە، حکومەتی تورك دوو قانوونی تریشی لە ئیتالیای فاشیستی ئیستیرادکرد تاکو" ئاسایش و بوونی دەوڵەت لە چالاکیی وێرانکەرا- نەی وەك کۆمونیزم وئانارشیزم بپارێزێ " ؛ بە یەکیان : مان گرتن ی قەدەغەکرد، و بەوی تریان سانديکا قەدەغە کران . دەسەڵات درا بە خاوەن کار کە رۆژانە ١٣ سەعات کار بە کرێکاران بکا ،کۆمونیست و رابەرانی کرێکاران خرانە زیندانەوە . دەڵێن رژێمە فاشیستەکان زۆرتر لە چینی ناوەندی بوون،کەمالیەت ئەوەش نەبوو،ئەی زۆرتر لەچی بوو؟ لە : لەشکر و پۆلیس، سەرەتاییترین و دڕندەترین شکڵی فاشیستی .

## ٥- ساڵانی ژیلەمۆیی

دوای شکستی دەرسیم،و کوشتن و برین و کۆچ پێکردنی بەزۆری تێکرایی و لەشکر رژاندنە کوردستانەوە، ئیتر راپەرینی گەورە لەهەرێمی باکووری کوردستان رووی نەدا، خەڵکەکەی زۆر بڕوای بەوە نەما بە راپەرین رزگاری ببێ.

" ژیاری!"ی کە لەشکر دوای ئەوە هێنایە کوردستانەوە، بەباشی لە راپۆرتی رۆژنامەنووسێکی تایبەتی رۆژنامەی " سۆن پۆستا"ی تورك " ئۆسمان مەتە"دا باس کراوە، کە ساڵی ١٩٤٨ چووەتە ئەو ناوە و نووسیویەتی :

« چوومە تونجەلی، دەرسیمی کۆن. جێیەکی چۆڵ و مردوو. تاقە کارمەندانێکی دەوڵەتی کە خەڵکی دێ قەت دیتبێتیانن هەمان باج ئەستێن و جەندرمەن. ویستم خەڵك ببینم، لەگەڵیان بدوێم بزانم چۆن دەژین و لە چ حاڵێکدان. بەڵام داخی‌گران،ئەوەی پێش راپەرینەکە هەبووە، زۆر کەمی لێ ماوەتەوە. ئەهلی سەنعەتی چیتر لێ نەماون، فەرهەنگی چیتر لێ نەماوە، و بازرگانیی چیتر نەماوە. کەسانێکم دیتن، بێ کار، هەموو سەرچاوە-یەکی بەڕێوەچوونی ژیانیان بریتی بوو لە سەدسەر بزن. هیچ تیشکێکی ژیاری،جارێ رووی دە ئێرە نەکردووە. خوێندگەی لێ نین و ،بژیشکی لێ‌نین. وشەی دەرمان تەنانەت هەر نازانن یانی چی. هەر ناوی"حکومەت"یان لا ببەیت، دەست بە جێ تەرجومەی دەکەن بە " باج ئەستێن و جەندرمە ". ئێمە هەقی ئەوەمان نیە لەسەر ئەوە بڕۆین ئاوایان لەگەڵدا بکەین »* .

دوای شەڕی جیهانیی دووەم، کە تورکیا تێدا بەشدار نەبوو، برسێتی و ئەو وەزعەی بەهۆی شەڕەوە لە ١٩٤٠ - ١٩٤٥ بە سەر خەڵکدا سەپێندرابوو، نارەزایی گشتیی ئەوەندەی تر زیادکرد، حکومەتی " میللی شێف " ( عیسمەت ئینونو ) ناچار کەوتە سەر ئەوە هەندێ شلی‌بکاتەوە. دۆڕانی هێزی گەورەی فاشیست ( نازی )یش دەورێکی لەوەدا هەبوو؛ حکومەتی تورکیا دەیویست لە ئینگلیس وئەمریکا نزیك بێتەوە، بەوهیوایەی یارمەتیی عەسکەری و پارەی بدەن " تاکو خۆی لە رووسیای سۆڤیەتی بپارێزێ"، بۆ ئەوە ناچاربوو خەتوخاڵێکی دیموکرا-سییان پیشان بدا. ئەوەبوو ساڵی ١٩٤٦ چەندین حیزبی سیاسی دروست بوون، و بڵاوکراوەی پێشڤەڕووش سەردەمێك ئازاد کران. پارتی سۆسیالیستی‌کرێکاران و جووتیارانی تورکیا(T. S. E. K. P. ت.س.ئە.ك.پ.)(٢٧)

---

* سۆن پۆستا، نیسانی ١٩٤٨ .

لە چەند مانگێکی کەمدا چەندین هەزارکەسی ڕەگەڵ کەوت . ئەم سەرکەوتنەی وا زووی بەو نەتیجەیەی گەیاند کە حکومەت لە سەرەتای دیسامبر(کانوونی یەکەم)ی ١٩٤٦دا قەدەغەی کرد .

لە هەڵبژاردنی ١٩٥٠دا، یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد لـە مێژووی تورکی تورکیادا، " دەمۆکرات پـارتی" بردیەوە و حکومەتی پێکهێنا. ئەم پارتیە چوار ساڵ بوو عەدنان مەندەریس ( خاوەن زەویو زاری زۆر) و جەلال بایار(وەزیری دراو(مالّیە) و کۆنە سەرەك وەزیرانی ئەتاتورك ) و چەند کەسێکیان ڕەگەڵ کەوتبوو دایانمەزراندبوو . تاقمی ئەم حیزبە لەو سەرمایەدارانە بوون کە ئەوەندەیان لەخۆیان رادەدیت بتوانن بەبێ ئەو ملهوڕیەی ڕژێمی کەمالی حوکم بکەن . خەڵکیش لەداخی ملهوڕیی ڕژیمی کەمالی بوو کە دەنگی بۆ دەمۆکرات پارتی دەدا، نەك لەبەر خۆشەویستیی ئەم پارتیە خۆی. داهێنانی ڕژیمی چەندحیزبی و سەرکەوتنی دەمۆکرات پارتی، هەنگاوی باشـی بۆ پێشەوە بوون، نەك هەر بۆ تورکیا بگرە بۆ کوردستانیش کە قەڵای سەرەکیی ئەو پارتیە بوو . دڕندەیی عەسکەرو جەندرمە زۆری لێ داشکا. سیاسەتەداری دەمۆکرات پارتی ئیتر کاریان بە دەنگی خەڵك هەبوو،کوردی دەربەگی دوورخراوە(نەفیکراو،تەبعیدی)یش ڕێ دران بگەڕێنەوە سەر ماڵ و دارایی خۆیان و، دوای ئەوە زۆریان لێ بـە ئەندامی پەرلەمانیش هەڵبژێران و تەنانەت هەندێکیان بوون بە وەزیریش . پەیدابوونی خوێندگەو ڕێگاوبان و خەستەخانە لە کوردستاندا دەستی پێ کرد .

ئیمپریالیزمی ئەمریکایی، ساڵی ١٩٤٨بە "نەخشەی مارشاڵ" کەوتە تورکیاوە . عەدنان مەندەریس و سەرمایەدارانی داروودەستەی، نە سەنعەت، نە ئەزموون و، نە زانیاریی ئەوەیان هەبوو ئابووریی تورکیا پـەرە پـێ بـدەن . قـەرزێکی زۆریان وەرگـرت، تا ئیتر وای لێهات لە ١٩٥٧دا گەیاندیانە سـەر لێواری ئیفلاس . تورکیا، لـە بەرامبەر ئەوقەرزەدا کە ئەمریکا دەیدایێ،هەزاران عەسکەری خۆی( کە زۆر کوردیان تێدابوو) بۆ ئەمریکا ناردە شەڕی کۆریا؛لە ١٩٥٢/٢/١٨دا چووە ریزی ناتۆ، بووە پاسگەی پێشەوەی ئیمپریالیزمی رۆژئاوا لە سەرسنووری سۆڤیەت؛ لە ١٩٥٤/٢/٢٦دا ئیمتیازی دا بە ئەمریکا لە سەرتاسەری کۆماری تورکیادا(واتا بەکوردستانیشەوە) بنکە و مەرکەزی گوێگرتن لە سۆڤیەت دابنێ . حکومەتی مەندەریس، ساڵی ١٩٥٥ "پەیمانی بەغدا"ی دژی کوردوکۆمونیزم لەگەڵ عیراق و ئێران و پاکستاندا ئیمزاکرد. ئەم پەیمانە جێی پەیمانێکی پێش ئەوەی دەگرتەوە کە بەهەمان ئامانج و لەلایەن هەمان ئەو دەوڵەتانەوە ساڵی ١٩٣٧ بـە ناوی " پەیمانی سەعداباد" ئیمزاکرابوو . لە ١٩٥٥/٤/٤دا ،ئینگلیسیش چووە ئەم پەیمانەی بەغداوە . ئەمریکایی لە هەموو کـارێکی پەیمانی بەغدادا بەشدار بوون و بڕیاری عەسکەری بەدەست ئەوانەوە بوو ( ئەفسەرێکیئەمریکایی سەرۆکی کۆمیتەیعەسکەریی

ئەو پەیمانە بوو)، بەڵام لە رووی سیاسیەوە وایان بە باشتر دەدیت بەرەسمی تێدا نەبن بە ئەندام. یەکەم بەجێ- هێنانی مەبەستی دژی کوردی پەیمانی بەغدا ئەوەبوو کە هەرتك لەشکری عیراق و ئێران ساڵی ١٩٥٦ وێکرا چوون لە راپەرینی کوردی جوانرۆیان دا. عیراق دوای شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ لە پەیمانی بەغدا دەرچوو، پەیمانی بەغدا (ی ئیتر بێ بەغدا) ناوی خۆی کرد بە "پەیمانی سەنتۆ". پەیمانێکی کە ئامانجی ئاشکرای رایدەگەیاند بریتی بوو لە: " هاوکاریی عەسکەریی ئەندامانی لە بەرامبەر دەست درێژکەریی سۆڤیەت یان راپەرینی ناوخۆی کە مەترسیی شێواندنی ئاسایشی گشتیی لێ بکرێ ".

بۆ کورد، ئەم سەردەمی حوکمی " دەمۆکرات پارتی "یە سەرەتای هەڵوەشاندنی نەریتی دەرەبەگی بوو لە دێ. دەرەبەگی کورد، تادەهات رەنگی کوردێتیەکەی کەمتر پێوە دەما، و رەنگی خاوەن زەویەکی پتر وەخۆ دەگرت کە رێی بازاڕی هەڵبژاردن و ئیمتیازی سەرمایەدارییشی بۆ کرابۆوە. زۆر ئاغاو بەگ و شێخ ماڵیان بردە شار، لەوێ بوون بە پەیمانکار، خاوەن مڵك (خانوو، ...ئیدی) و خاوەن سەهم. منداڵانیان دەناردنە خوێندگەی تورك و ئەمریکاییان. ئا ئەم منداڵانەیان بوون کە دوایی یەکەم شەپۆلی خەباتکارانی " دۆغوجولوك " ( واتا: رۆژهەڵاتچێتی) بوون، داوای گۆڕانی وەزعی ئابووری و پێشکەوتنی " رۆژهەڵات " یان دەکرد ( کە لە تورکیا بەرەسمی بە کوردستان دەڵێن " رۆژهەڵات " ). ئەم شەپۆلە کورت خایەنەی " رۆژهەڵاتچێتی "، راستیەکەی، دەگەرێتەوە تەئسیری شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ی عیراق و راگەیاندنی ئەوە کە عیراق ئیتر کۆماری عارەب و کورد بوو، رادیۆی کوردیی بەغدا هەبوو، پێش ئەوە رادیۆی کوردیی قاهیرە و یەریڤانیش بیسترابوون، ئەمانە هەستی کوردانیان دەجووڵاند، کورد بەوانە پێیان وابوو کە کوردی تر لە سایەی رژیمی یەکسانیدا دەژیان. ئیتر ئەو پەردەی بێدەنگیەی لە کوشتارەکانی ساڵانی سییەوە دادرابۆوە، وا نەما. یەکەم دەستەی " دۆغوجوو " ( رۆژهەڵاتچی) یان(٢٨) لە دیاربەکر بوون، لە پایزی ١٩٥٨ـەوە بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیان بە ناوی " ئیلەری یورت" ( زێدی پێشکەوتوو) دەردەکرد، بە تورکی و هەر باسی دواکەوتوویی رۆژهەڵات و لێ نەبوونی خەستە- خانە و رێگاو بان و خوێندگە و ...ئیدی بوو، بەزوویی لە ناو خوێندەوارانی کورددا زۆر خوێنەری هەبوون.

لە دیسامبری ١٩٥٩دا، حکومەتی عەدنان مەندەریس، نەك هەر بەرپرسیارانی " ئیلەری یورت "، بگرە هەموو ئەوانەی تریشی وێرا گرتن کە " میت " (٢٩) بە " کورتچو" ( کوردچی) ی ناسیبوون؛ ئەوەبوو بە هەموو دەوری پەنجا کەسێك گیران. بەشێکی هۆی گرتنی ئەوانە، بۆ سەرگەرم کردنی خەڵك و دوورخستنەوەی حەواسیان بوو لە وەزعی خراپی رژیم. وەزعی خراپی ئابووری، داشکانی ٢٢٪ی نرخی لیرەی تورك ( ئابی ١٩٥٨) و، گرانیەکی

زۆر، نارەزایی زۆری وێرابوو، بە تایبەتی خەڵکی کە بە معاشێکی دیارکراو دەژیان بەو وەزعە زۆر سەغڵەت بوون . لەشکریش، بە لەدەست چوونی هەیبەت و ئیمتیازە زۆرەکانی، توورە بوو . حکومەت دەیتوانی بە هەراو هەنگامەی باسی قبرس و بەیاننامەی نەتەوەییانە و ترساندن بە دێوی" وێرانکاریی جیابوونەوەخوازیی کورد "، ئابووری ومابووری لەبیرخەڵك بەرێتەوە، بەڵام دیارە ئەو شاتوشووتەی لای ئەفسەرانی لەشکر نەیدەخوارد ، ئەوانە لە ١٩٥٠وە هەر دەخرانە لاوە و جڵەوی سیاسەتیان لەدەست دەردەهێندرا، ئیتر بەشێنەیی بۆی دانیشتن یەك کۆدێتای لێ بکەن تاکو- پێ مەکەنە! -" دیموکراسیەت رزگار بکەن و ئوسوولە شۆڕشگێڕیەکانی کەمالیەت بهێننەوە مەیدان " .

١٩٦٠/٥/٢٧ لەشکر کۆدێتای کرد . کۆدێتا، تۆڵەی عەسکەری کەمالی و کاربەدەستانی معاش خۆر بوو ( کە خۆیان بە " ئایدن " ( واتا : منەووەر، رووناکبیر ) ناودەبرد . بەشدارانی کۆدێتا، بەناوی " کۆمیتەی یەکێتی میللی (میللی بیرلیك کۆمیتەسی) ساڵ و نیوێك حوکمیان کرد. خەڵك بەم کۆدێتایە نەك هەر شادنەبوون،بگرە زۆریشی پێ ناشاد بوون، بەتایبەتی کورد دەترسان وەزع بگەرێتەوە سەر دۆخی جارانی مەلهوڕیی‌کەمالی . یەکێك لە یەکەم کارەکانی ئەم " کۆمیتەی یەکێتی میللی "یە ئەوەبوو ٤٨٥ خوێندەوار و ناسراوی کوردی گرتن و چوار مانگ لە ئۆردوگایەکی لەشکردا لە سێواس هێشتنیەوە؛ ٥٥ لەوانە، کە حکومەت بە هەرە بەتەئسیری ناوکوردە-وارییان تێ‌دەگەیشت،بڕیاری دوو ساڵ دوورخرانەوەیان بۆ شارەکانی رۆژئاوای تورکیا درا. ٤٩کوردی‌کە پێشتر گیرابوون ( ئیلەری یورت و کسوردچی ی باسمان کردن - دیسامبری ١٩٥٩)یش وەبەر ئەو بەخشینە نەدران کە کۆدێتاچی دەریانکرد. کارێکی تری لە هەرە یەکەمەکانیان : مەرسوومی گۆڕینی ناوی دێهات و شاری کوردە-واری بوو، بەگوێرەی ئەوە دەبوو هەموو ناوی تورکییان لێ بنرایە . یەکی تر : بڕیار درا خوێندگەی شەوانە رۆژی (داخلی)ی ناوچەیی (٣٠) لە کوردستان دابمەزرێن، بە تەمای ئەوە کە منداڵی کورد زۆر لە موحیتی خۆیان داببڕن و لەوخوێندگە شەوانەرۆژانەیاندا بکرێن بە تورك ( ئەوەیان بەتەواوی بەراوەژوو بەسەردا شکایەوە، زۆرترینی شاگردانی ئەوانە دوایی بوون بە کوردی نەتەوەیی) . نیو دەرزەن ئیستگەی رادیۆ (ی بە تورکی) لە کوردستان کرانەوە، بەو خەیاڵە کە کورد لە بریتی رادیۆکوردیەکانی دەرەوە گوێ لەوان بگرن . بە " ئیسکان قانوونو" یەك،کەهەر بۆ کورد بوو، حکومەت هەقی هەبوو هەر کەسێکی کە لێکۆڵینەوەی بەرەسمی دەربارەی بیگوتایە کارێکی دژی بەرژەوەندی نەتەوایەتیی کردووە، بەزۆر لە شوێنی خۆی بۆ بەشێکی تری قەڵەمڕەویی کۆچ پێ بکردایە و، ئەگەر بە پێویست بزانرایە ئەندامانی تا چوار پلەی خێزانیشی وێڕا ببرانایە .

١٩٦٠/١١/١٦، دوو مانگێك دوای دەست پێ كردنی بزووتنەوە(٣١)ی چەكداری كورد بە رابەریی مستەفا بارزانی، جەنەراڵ گورسێل(رابەری كۆدێتا) ئینزارێكی دا بەكوردان كە نەكەن چاو لەهاونیشتمانانیان لە وڵاتانی هاوسێ بكەن، و " ئەگەر توركی چیا ئارام دانەنیشن ئەوا لەشكر سێ و دوو لەوە ناكا شار و دێهاتیان بوردومان و تەخت بكات، حەمامی خوێنی وا دەبێ كە خۆیان و وڵاتیان هەڵلووشێ ".

كۆدێتاچی، ساڵی ١٩٦١ دوای ساڵ و نیوێك حوكم، رێی هەڵبژاردن و دامەزراندنی حكومەتێكی مەدەنییان دا، دەستوور( قانوونی ئەساسی)ی نوێی ساڵی ١٩٦١، بەهەرحاڵ، هەندێ مافی دیموكراتیی دابوو : ئازادیی بیر و چاپەمەنی، مافی دامەزراندنی رێكخراو و سەندیكای سەربەخۆ،و مافی كۆبوونەوەی گشتی و نەشكانی سنووری رێزی هاووڵاتیان و ماڵ و دارایییان . ئەو مافانە، ساڵی ١٩٦٣ وا بەلای ئازادیدا مانا لێ درانەوە كە مافی مان - گرتن و ئازادیی " رێككەوتنی گشتیی لەسەر كرێی كار " (٣٢)یشی گرتەوە . هەرچەندە دروست كردنی " هەر رێكخراوێكی ناوچەیی" كە "یەكێتی وڵات تێك بدا" وەك خۆی قەدەغە مایەوە،بەڵام كورد لەوەندە ئازادیانەش شتێكیان هەر فایدە كرد .

چینێكی ناوەندی،كە خوێندبووی و گەیشتبوو، دەیویست دەسەڵاتی هەبێ . چینی كرێكار ،لە رووی سیاسیەوەو بە ژمارەش گرنگتر دەبوو. گرانییكە سیاسەتی حكومەتی مەندەریس هێنابووی، خەڵكیكەمداهاتی هەرە داوێنی چینی ناوەندیشی وا لێ كردبوو بكەونە مەیدانی سیاسەتەوە . خوێندەوارانی كورد بنكەیەكی پتەویان لە شارە-كاندا پەرە پێ دابوو . بزووتنەوەی ئەوانە هەموو، بە حكومەتی دەگوت كە دەستووری نوێ ناكرێ هەر مەرەكەبی سەر كاغەز بێ . لە دووەم حەفتەی شوبات(فیوریە)ی ١٩٦١دا سێ حیزبی سیاسیی نوێ دامەزران : حیزبی عەدالەت ( ئا. پ.)، پارتی توركیای نوێ ( ی. ت. پ. )، و پارتیكرێكارانی توركیا( ت. ئی. پ) (٣٣) ی كە چەند كەسێكی سەندیكایی دایانمەزراند .

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦١دا، هیچ پارتیەك بەشی ئەوەندەی دەنگ وەرنەگرت تەنیا هەرخۆی حوكم بكا، بەڵام عەدالەت پارتیسی دەنگی لەوانی تر پتر بوو، ئیتر بەوە جێی " دەمۆكرات پارتی " ( ی پێشتر بە رابەریی مەندەریس)ی گرتەوە . دەنگ دانی خەڵكی كوردستان زۆرتر بە دوو لادا رۆیشت، بەشێك دەنگی بۆ عەدالەت پارتیسی دا، و بەشەكەی تر بۆ ی. ت. پ. كە یەكێك لە رابەرانی ( یوسوف ئازیزئۆغلو) كورد بوو. حكومەتێكی چەند قۆڵی پێكهێندرا، بەڵام لەشكر مەركەزی" سەرەك وەزیران"ی تێدا دا بە یەكێكی خۆی : عیسمەت ئینونو .

لە ساڵی ١٩٦٢دا، گۆڤارێكی بۆرژوای لیبرالی تورك : " بارش دونیاسی" ( دنیای ئاشتی) دەستی بە بڵاو-

کردنەوەی باسەکانی نووسەری کورد مووساعەنتەرکرد، کە دەربارەی زمان و ئەدەبیات و فۆلکلۆری کورد بوون. ئەحمەد حەمدی باسار ی سەرنووسەری، زەلامێکی زۆر ناسراو بوو، دامەزرێنەرو سەردەمێك سەرۆکی" تیجارەت وە سەنایع ئۆدالاری" ببوو، بەوە کە رۆژگارێك لە یۆلداشانی خودی مستەفاکەمال ببوو گۆڤارەکەی نەگیرا. دەستەی - گوایا- خوێندەواری چەپی کەمالی، زیرەیان تێکەوت، کردیان بە هەرا : کە بڵاوکردنەوەی باسی کورد لە بارش دونیاسی دا خیانەت و نەبوونی هەستی بەرپرسیارییی بۆرژوا بوو . ئیتر شەرە نووسینێکی گەرم کەوتە نێوان بارش دونیاسی و گۆڤاری " یون " (Yön) ی کەمالی .

لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا(١٩٦٢)، گۆڤارێکی مانگانە بە دوو زمانی کوردی و تورکی لە ئەستەمبووڵ بە ناوی " دجلە - فرات " دەرکرا، دەستەیەك خوێندەواری " رۆژهەڵاتچی"ی نزیك بە دکتۆر ئازیزئۆغلو دەریاندەکرد، بە زوویی لە ناو خوێندکارانی زانکۆدا زۆر برەوی پەیداکرد،ئەوەبوو دوای چەند ژمارەیەك داخرا. دوو بڵاوکراوەی تریش : " دەنگ" و " ریا نوو" * ( رێی نوێ)، ئەوانیش داخران .

کە یەکەم حکومەتی چەندقۆڵی، بە خۆ لێ کێشانەوەی عەدالەت پارتیسی، لە ١٩٦٢/٦/٢٥دا رووخا،حکومە-- تێکی تر بە سەرۆکایەتیی هەمان عیسمەت ئینونو پێکهێندرا،"وەزارەتی تەندروستی"ی تێدا درا بە نوێنەرێکی دیاربەکر : رابەری یەنی تورکیە پارتیسی دکتۆرئازیزئۆغلو . ئەم وەزیرە لەو ماوە کەمەی وەزارەتیدا، ئەوەندە خەستەخانەو دەرمانگا(پۆلی کلینیك،مستوصف)ی لە کوردستان دروست کردن کە هەموو حکومەتەکانی پێشتر وێکڕا ئەوەندەیان نەکردبوو ؛ بەوە لە کوردستان یەکجار زۆر خۆشەویست بوو . دوایی لە پەرلەماندا لەلایەن وەزیری ناوخۆهـ ئۆ. بەکاتا**وە( کە بووکێکی دەستی عیسمەت ئینونو بوو) بە" ناوچەگەری"و بە" کوردایەتی"- کردن تاوانبار کرا، و کەمالی بەزۆر وازیان پێ لە وەزارەت هێنا .

رۆژهەڵاتچێتی، کورتە قۆناغێکی سەرەتای بووژانەوەی کوردایەتی بوو. شەری رزگاریی نیشتمانیی کورد لە کوردستانی باشوور، باسکردنی کورد لە ئیستگەکانی رادیۆدا، تەنانەت کە رۆژنامەکانی تورکیاش بە دوورو درێژی باسی " بزووتنەوەی کوردی بارزانی"یان دەکرد تاکو زۆر بفرۆشرێن ، ئەوانە پشکۆی کوردایەتییان گەشاندەوە . خەباتکارانی کورد، بە تەفسیری شۆرشی کوردستانی باشوور و ئەوجا بە ئەزموونی وەزعی

---

Riya newe (!) *

H. O. Bekata **

بزووتنەوەی دیموکراتی و سۆسیالیستیی تورکیا، راستەوخۆتر لە ئەساسی مەسەلەکان دەدوان، ئەوانە هێزی گرنگیان بە چەپی کۆماری تورکیا پێشکەش کرد .

ساڵی ١٩٦٦، یەکەم گۆڤاری سۆسیالیستی کورد "یەنی ئاکیش " ( رەوشی نوێ) دەرچوو، محەمەدعەلی ئاسلان ی پارێزەر( ئەوقات، وەکیل)ی خەڵکی مەڵبەندی ئارارات (٣٤) کە دواتر بوو بە سەرۆکی " تورکیە ئیشچی پارتیسی" سەرنووسەری بوو، مانگانە و بە دووزمانی کوردی و تورکی بوو . یەنی ئاکیش زنجیرەیەك گوتاری تیوریی دەربارەی مەسەلەی کورد بڵاوکردەوە،کە تێدا هاوسەنگەریی چینی کرێکاری کوردو تورکی لە دژی چینە حاکمەکان بە تورك و کوردیانەوە باس دەکرد، داوای رژیمێکی سۆسیالیستی دەکرد، بۆچی ؟ چونکە ئەوە" تاقە رێیەکە کە عەدالەت و یەکسانی و خێر و خۆشی بۆ گەلی تورك و گەلی کورد بهێنێ " . لەوەتای دروست بوونی کۆماری تورکیاوە، ئەمە یەکەم بڵاوکراوە بوو کە ناوی " گەلی کورد "ی دەهێنا، لەناو لاوان و خوێندەواراندا زۆر برەوی پەیداکرد و هێزێکی نوێی دا بە کوردایەتی . دوای دەرچوونی چوارەم ژمارەی،حکومەت دایخست و سەر- نووسەرەکەشی گرت . تاوانی رەسمیی هۆی ئەم داخستن و گرتنە ئەوەبوو کە : ناوی" گەلی کورد "ی هێناوە و بەوە جیابوونەوەخوازیی هان داوەو بە زیانی یەکێتی نەتەوایەتی بووە . دیارە ئازادیی بەیانی کە رژیم لێی دەدوا بۆ کورد نەبوو، بەڵام بەهەرحاڵ، وەزع هەر لە سەردەمی حوکمی مستەفا کەمال خۆی باشتر بوو، خەڵك لەسەر ئەوەندە قسەیەی کە " کورد هەیە" نەدەبرانە پای قەنارە؛ خەباتکارانی کورد قسەی خۆیان دەکردو دەیاننووسی و سزاکەشیان بە چەند ساڵێك زیندان دەبڕایەوە . کەمال بادیللی* ی پارێزەری نوێنەری ئورفە " کورتچە گرامەری" ( رێزمانی کوردی ) یەکەی بڵاوکردەوە و بەوە کە ئەندامی پەرلەمان بوو نەگیرا . مووساعەنتەر ی دانەری" برینا رەش" و" فەرهەنگا کوردی - ترکی" و، محەمەد ئەمین بۆزەرسلان ی کە ئەلف- بێی کوردی و مەم و زینی خانیی بڵاوکردنەوە،چەندجار لەسەر بەرهەمیان گیران . لە سایەی" دۆغان ك. سیهەسەنانلی"**، دوو کتێبی دەربارەی کورد لە ئینگلیسیەوە وەرگێردراو بە تورکی بڵاوبوونەوە : " دەربارەی ئەسڵی کورد "ی ماك‌کارەس،و" کۆماری کوردی ١٩٤٦"( مهاباد)ی ئیگڵتن*** . بەتایبەتی بڵاوکردنەوی دوو بەرهەمی کۆمەڵناسی تورك " ئیسماعیل

---

* ( فەرەنسی و ئەڵمانیەکە :) Badilli، ( ئینگلیسیەکە :) Budilli .

** ( ئەڵمانیەکە " ك " یەکەی کردووە بە " د" ) .

*** Mc Carus, On the Origins of the Kurds; W. Eagleton, The Kurdish Republic of 1946.

بێشکچی" زۆر گرنگ بوو ، یەکەمیان دکتۆرنامەی بە ناوی" گۆچەبە ئالیکان ئاشیرەتی" ( عەشیرەتی ئەلیکانی کۆچەر) بوو ، دووەمیان بە ناوی سەرەکیی " دۆغوئەنادۆلوونون دوزەنی " ( نەریتی ئەنادۆلی رۆژهەلات) و سەردێرێك بەدوودا : " بنچینەکانی کۆمەلایەتی- ئابووری و قەومی" . نووسەر ،سالی ١٩٧١، ١٢سالْ زیندانی لەسەر ئەو دوو بەرهەمەی درایێ . ئەم جۆرە بلاوکراوانە،و خەباتی لاوان و خوێندکارانی کوردی" تورکیە ئیشچی پارتیسی"،وهێزی کوردایەتیی کوردستانی باشوور ، ئەوانە وێکڕا ، حکومەتی ئەنقەرەو عەسکەریە کەمالیەکانیان زۆر نارەحەت کرد. حکومەتی تورك سالی ١٩٦٦ هێزی بە ناوی" کۆماندۆ"ی بۆ شەڕی پارتیزانان( پێشمەرگە) پێکهێنا ،تا لە هەرێمی باکوور دەوری پاسدار ببینن، جووتیاران بترسێنن و هەر بیرێکی لاسایی کردنەوەی کوردی هەرێمی باشووریان لەسەردەرکەن . بەلام ئیتر کوردایەتی لە ناو جەماوەردا پەرەی سەندبوو . ئەگەر لە سەرەتادا خوێندەوارانی شارستانی مالی نەجیبزادان بوون کە کوردایەتییان دەکرد ،ئێستا چین وتوێژی جیاوازی شارستان و دێ کوردایەتییان دەکرد. لە سالانی ١٩٦٠دا ،جووتیارانی هەژارو ناهەژار ،وەرزێران، رەشوڕووتی شارو تەنانەت لومپین پرۆلیتار(لات ولەوار)یش، هەموو چاك گوێیان لەوانە دەگرت کە باسی دواکەوتوویی ئەوەندە لەبەرچاوی " رۆژهەلات" ونایەکسانیی وەزعی ولاتی کورد و رۆژئاوای تورك، و دەردی لەمێژینەی بێکاری و...ئیدییان بۆ باس دەکردن . ئیتر بە لەبەرچاوگرتنی نەتوانایی کاربەدەستان لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا ، و ئەوەش کە لە ١٩٦١ـەوە چ رێگایەك بڕدرابوو ،پیاو هەمووهۆیەکی هەبوو رادیکالْ ( تیژ) بوونی سیاسیی خێرای ئەو دەستانە لە کۆمەلگای کورددا چاوەڕوان بکا .

## ٦- بزووتنەوەی دیموکراتی و سۆسیالیستی لە تورکیا ١٩٦١-١٩٧٠

هەرچەندە تەئسیری دەرەوەی هەرێمی باکوور ، وەك : چالاکیی کوردایەتی لە هەرێمی باشوور(٣٥)، ئیستگەی رادیۆی ولاتانی هاوسێی بە زمانی کوردی،بەسەر بووژانەوەی هۆشی کوردایەتی لەم هەرێمەی کوردستاندا زۆر بوو؛ بەلام ناوەرۆکی سیاسی و فکری وکۆمەلایەتیی ئەو هۆشە ، بە پێوەندی لەگەلْ بزووتنەوەی دیموکراتی و سۆسیالیستیی تورکیادا ،کە لە ١٩٦١ بەملا پەرەی سەند پێکهات . ئەم بزووتنەوەیە بوو کە شێوەی کادیری کوردی شۆڕشگێر و پێشڤەڕووی داڕشت .

تا ١٩٦٨یش، "تورکیە ئیشچی پارتیسی" دەورێکی لە رێکخستن و رابەری کردنی خەبات لەدژی قانوونە فاشیستیەکان، دژی ئیمپریالیزم و بۆ دیموکراسی هەبوو . ١٠-١٢ سانديکايیەك بە رابەریی پێشڤەڕوویەکی

ناسراو : محەمەدعەلی ئایبار، ئەم پارتیەیان دامەزراند(٣٦)، کـە توانی وزەی وەسەریەك نراوی سـاڵانی زۆری پێشڤەڕووان بخاتەگەڕ . تورکیە ئیشچی پارتیسی لە سەرەتادا هەر بەناو پارتی کرێکاران بوو، ئەندامانی زۆرتر هـەرخوێندەوارانی شارستان و تەنانەت زۆر لە نەجیبزادانیش بوون، کە لە وڵاتانی دەرەوە خوێندبوویان و زمانانی ئەو وڵاتانە باش فێربیوون ، زۆریان هەر نەیاندەزانی سۆسیالیزم بەری بەکوێوەیە،هەر ئەوەندەبوو دژی رژیم بوون . ئەوانە، بە بەرهەمی زۆری دەستخەتەوە دەگەڕانەوە : نووسینی سیاسی و فەلسـەفی و چیرۆکی پێشڤەڕوویانـەی وەرگێڕدراو، کە وادەبوو بە ساڵان بەرلەوە لە زمانانی : فەرەنسی، ئینگلیسی، ئەڵمانی، رووسی، و یۆنانییەوە کرابوونە تورکی و، بەهۆی حوکمی دیکتاتۆری، رێی بڵاوکردنەوەیان نەبیوو،ئێستا دەستووری نوێ هەلی بڵاوکر-دنەوەی دەدان . لە شوباتی ١٩٦٣دا،سیناتۆر "نیازی ئاغرناسلی" چووە ریزی ئەم پارتیەوە و بوو بە یەکەم پارتیی سۆسیالیزم‌خواز لە پەرلەمانی تورکیادا لەوەتای دروست بوونی کۆماری تورکیاوە . بە گوێرەی دەستووری نوێ : زانکۆکان، سەرەك کۆمار، و هەر پارتیەکی لە پەرلەماندا، دەیانتوانی داوا لە " دادگای دەستووری" بکەن لە هەر قانوونێکی کۆن یان نوێ بنۆڕێتەوە، و بڕیار بدات ئایا ئەوە لەجێی خۆیدایە یان پێچەوانەی دەستوورە و دەبێ نەمێنێ . تورکیە ئیشچی پارتیسی لە رێی سیناتۆرەکەیەوە،داوای نەهێشتنی ٦٠ قانوونی کرد . بەندی ١٤١ و ١٤٢ی قانوونی سزا ی کە لە ئیتالیای فاشیستی وەرگیرابوون زۆرجار دژی کۆمونیست و جیابوونەوە خوازان بەکار دەهێنران، لـەو داوایەدا بـە " لـە کۆسپە سەرەکیەکانی پەرەسەندنی بزووتنەوەیەکی دیموکراتی" دانرابوون . دادگای دەسـتووری، بە ٨ دەنگ لە بەرامبەر ٧ دەنگدا داواکەی قەبووڵ نـەکرد، بـەڵام سـنووری بـەکارهێنانی کەم کردنەوە؛ بڕیاری دا کە : خوێندن، بەدەرس‌گوتن، روونکردنەوە و یا لێکۆڵینەوەی باسی ئانارشـیەت یـان کۆمونیزم بەر حوکمی ئەو قانوونانە ناکەون . ئیتر بەم کەم‌کردنەوەیەی سـنووری، مەکینەی چاپ بە شـێوەیەکی تا ئەوسا بێ وێنە وەکارکەوتن : مارکس، ئێنگڵس، لینین، هیگل، ستالین، مائۆ، کاسترۆ، هۆچی مین، نکروما، فانۆن،گیڤارا، رۆزا لوکسمبورگ، ئۆگوست بیبیل، برێشت، نازم حیکمەت، گۆرکی، شۆلۆخۆف، مایاکۆڤسکی، گیاپ، و...ئیدی ؛ هەموو بۆ جاری یەکەم بەرچاوی خەڵك کەوتن، خەڵکێکی کە زۆریان لە " ئایدن " ( منەووەر، رووناکبیر) ئەنێك بوون کە زمانانی تریان نەدەزانی . لە تورکیای ساڵانی ١٩٦٠ی دواکەوتوو،نەخوێندەواریی زۆر، بێکاری وگرانی و برسێتیدا، خوێندکارانی زانکۆ و خوێندەوارانی کە تا ئەوسا هەر چەند کتێبێکی کەمی رۆمانی سەدەی ١٩یان لە سامانی رۆشنبیری دیتبوو، بەتەواوی کەوتنە سەر خوێندنەوەی ئەم چاپکراوە نوێیانە .

لە ١٩٦٥ بەم لا، زانکۆ بەزەحمەت دەیانتوانی هەڵی خوێندن بۆ یەك لەسەر پێنجی ئەوخوێندکارانە دابین بکەن

کە لە ئەزموونی قەبووڵ دەرچووبوون، ئەوانی تر کە شارستانیی لە دەستەی هەرەداوێنی چینی ناوەندی بوون بێ خوێندن و بێ کار دەمانەوە . لەو رووەوە، خوێندکەی نـاوەنـدی لە زانـکۆیان پتر سـەرچاوەی هێزی سـەرەکیی شۆڕشگێران بوون . بەڵام بەزوویی، هەر بەشە خوێندنەی زانکۆ و" یانەی سۆسیالیستی" یا" یانەی فکر"ی خۆی هەبوو. ئەوانە ساڵی ١٩٦٥ بە ناوی دەڤ گەنچ ( یەکێتی لاوانی شۆڕشگێڕ) بوونە یەك و لە " تورکیە ئیشچی پارتیسی " نزیك بوون، کە دوایی دەبینین گەرادانی دەستەجاتی هەمەجۆرەبیری شۆڕشگێڕی بووە .

خوێندکاری گەنجی شۆڕشگێڕ، زۆرتریان " گەل "یان لا لە سەرووی هەموو شتێ بوو ،ئامانجی میسالییان خەبات بوو بۆ باشترکردنی ژیانی جەماوەر. بەڵام گەنجانی تر هەبوون بەلایەکی تردا چوون، چوونە ریزی پارتی بزووتنە-وەی نەتەوەیی (م. هـ-پ.)ی سەرهەنگ تورکەش؛کە ئەویش لە پیس بوونی رژێم دەدوا ،و بەڵێنی رۆژگارێکی نوێی نەزم و گەورەیی " نەتەوەی تورکی گەورە "ی دەدا ، میلیشیای ئەم حیزبە فاشیستە یەکێك لەو هێزە سەرەکیانە بوون کە کاربەدەستان دژی گەنجانی پێشڤەروویان بەکاردێنان . هەندێ گەنجی تر چوونە ریزی پان ئیسـلامییان لە دژی " رژێمی سەرمایەدار و بێ دین " .

لە کوردستان، لە سایەی کۆششی چەند خوێندەوارێکەوە، کە دواتر ژمارەیەك پیشەوەر و دووکانداریشیان رەگەڵ-کەوتن، چەندین لقی تورکیە ئیشچی پارتیسی کرانەوە . هەرجارە کە لقێك لە شوێنێك دەکرایەوە، دەبوو شـەڕو هەرایەکی وێرابوایە،سا یان دەزگای پۆلیسی نهێنی دەینایەوە یان کاری" رێکخراوانی خەبات لە دژی کۆمونیزم" بوو کە لە سەرتاسەری وڵاتدا دامەزرابوون . تورکیە ئیشچی پارتیسی لەهەڵبژاردنی ١٩٦٥دا ١٥ کورسی ( لە ٤٥٠کورسی) ی پەرلەمانی وەدەست هێنا ، و ئەوەی کردە سەکۆیەك بۆ گەیاندنی دەنگی خۆی .

بزووتنەوەی دیموکراتی ودژی ئیمپریالیستی،هەمان پەرەسەندنی، دێر یا زوو بەرەو لێك داپرانی ریزەکانی دەبرد. راستیەکەی، جیاوازیی تەرزی شیکردنەوەی وەزعی وڵات و چۆنێتیی پێکهێنانی وەزعیکی شۆڕشگێڕی، زوو - نەك دێر- سەریان هەڵدا. ئیتر ساڵی ١٩٦٨ جیاوازیەکی ئاشکرا لە نێوان "پەرلەمانیستەکان"و" لینینیستەکان"، لە نێوان لایەنگرانی " شـۆڕشی دیموکراتیی نەتەوایەتی " و لایەنگرانی " شـۆڕشی سۆسیالیستی "دا هـەبوو . لایەنگرانی شۆڕشی دیموکراتیی نەتەوایەتی بە دەوری میهری بەللی*یەوە کۆبوونەوە و ، لە دواییدا بوون بە چەند دەستە کە دوو لەوانە مائۆیی بوون . لەو ماوەیەدا ، بەشی داوێنی چینی ناوەندیی شارستان، کەمکەمە دەستیان

---

Mihri Belli *

بەسەر دەستەجاتی سۆسیالیستدا دەگرت،وکادیری چینی ناوەندیی سەرووخۆیان بە رابەریی ئاییار(ی کە بە نەرم وئەهلی خەباتی پەرلەمانی‌یان دەدیت ) پەرکرد . چینی کرێکار،هەرچەندە دیارە زۆر باس دەکرا، بەڵام ئەوەندەی لێ دە پارتیدا نەبوو . ساڵی ١٩٦٧ ئەوجا سانديکايی نزيکی تورکیە ئیشچی پارتیسی، لـە کـۆنگرەی یەکێتی کرێکارانی " تورك - ئیش" ی سەر بە ئەمریکا و حکومەت جیابوونەوە و " دیسك " ( یەکێتی سـانديکايانی کرێکارانی شۆڕشگێڕ)یان پێکهێنا، کە ئێستا( ١٩٧٦-١٩٧٧) نیو ملیۆن ئەندامی هەیە .

هەمان ساڵی ١٩٦٧، خەباتکارانی کـوردی نزيك لە تورکیە ئیشچی پارتیسی کۆبوونەوەی گەورەی جەماوەریان لە شارە گەورەکانی کوردسـتاندا ساز دان، ناڕەزاییان لە بێ عەدالەتی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی تێدا دەربڕی و داوایان کرد مافە دیموکراتیەکانی گەلی کورد بەجێبهێندرێن .

ساڵی ١٩٦٩، لە سەرەتادا لە ئەنقەرە و ئەستەمبووڵ و دوای ئەوە لە شارەکانی کوردستان، مەرکەزی فەرهەنگی بە ناوی" د. د. ك. ئۆ." ( وەجاخە فەرهەنگیە شۆڕشگێڕەکانی رۆژهەڵات) دامەزران . ئەم وەجاخانە،کە زۆرترینی ئەندامانیان لە تورکیە ئیشچی پارتیسی یەوە هاتبوون یان نزيك بەو بوون،دەوری گرنگیان لە کوردایەتیدا دیت .

تورکیە ئیشچی پارتیسی،لە ١٩٦٩بەم لا ئیتر گرفتاری کێشەی ناوەوەی خۆی بوو. بەڵام تائەوسا رێیەکی باشی بڕیبوو، کە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەمی دەربارەی کورد (ئۆکتۆبری ١٩٧٠) لە کارە گرنگەکانی بوون، و ئـەو بڕیارانەش بوون بە قەدەغەکرانیان گەیاند .

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، وێڕای بەش-بەش بوونیشی، هەر توانی حەملەی گەورەی دژی ئیمپریالیستی ساز بدا و بەردەوام زیادی دەکرد. کاربەدەستان، کە خۆیان دە ڕۆستی نەدەهاتن، لاوانی پارتی فاشیستی تورکەش م.هـ.پ.-یان چەکدار دەکردن، بە پۆلیس پشتیان دەگرتن و بەرەڵایان دەکردن، تاکو بە لێدان وکوشتن و ترساندن دەنگی ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕیە کپ بکەن . ئەو چەکدارانە، بەشە " سوور "ەکانی زانکۆیان، شوێنی ژیانی خوێندکارا-نیان داگیر دەکردن، بە چەك دەچوونە سەر خەڵك، بە رۆژی نیوەڕۆ خەڵکیان لە ناوەندی شاردا دەکوشت و، لێ-پرسینەوە نەبوو . لە ١٩٦٩وە تا ١٩٧١/٣/١٢، ٣٥ کەسێك بەو چەشنە کوژران،بە بێ ئەوەی پیاوکوژ بگیرێن و بکێشرێنە مەحکەمە و لێ پرسینەوە .

ئەو زبریەی کاربەدەستان و لەبەرچاو نەبوونی گۆڕانێکی شۆڕشگێڕی لە ئاسۆی نزیکدا، تەئسیری بەسەر هەندێ لاوانی چەپدا وا هەبوو، کەوتنە سەر خۆ فێرکردنی بەکارهێنانی چـەك، وهەندێکیان بە نهێنی بۆ ئەوە خۆیـان گەیاندە ئۆردوگای فەلەسـتینیەکان . لە نەتیجەدا، دوو دەسـتە دروسـت بوون : " ت. هـ. ك. ئۆ." ( لەشـکری

رزگاریی گەلی تورکیا)ی دەنیز گەزمیش، و " ت. هـ. ك. پ." ( پارتی رزگاریی گەلی تورکیا) ی ماهیر چایان کە باڵە عەسکەریەکەی بە ناوی " ت. هـ. ك. ج." ( جەبهەی رزگاریی گەلی تورکیا) بوو .

پەرەسەندنی خەباتی چینی کرێکارو چالاکیی کوردایەتی و توندو تیژبوونیلاوان، دەستەی حاکمیان زۆر نارەحەت کرد . کەمالیە" چەپەکان"، چاوەڕوانی کۆدێتایەکی ئەفسەرانی چەپی لەشکر بوون . رابەرانی لەشکر،بۆ رێگرتن لەو کۆدێتا چاوەڕوانکراوە و بۆ سەپاندنی بڕیاری تایبەتی ئابووری و سیاسی و قانوونیی کە لە دۆخی ئاساییدا بۆیان پێکنەدەهات، لە ١٩٧١/٣/١٢دا حکومەتی دەمیرێلیان وەلانا ، و راستەوخۆ حوکمیان گرتە دەست خۆیان . کۆدێتاچی هەموو رێکخراوانی خوێندکاران، مامۆستایان، لاوان، و تورکیە ئیشچی پارتیسی یان قەدەغەکردن . خەڵك بە هەزاران گیران، برانە مەرکەزەکانی شکەنجەی " کۆنترا گەریلا " (دژی پارتیزان) ی ئەو ئەفسەرە تورکانە دایاننابوون کە لەلایەن ئەمریکاییانەوە لە پاناما دەرس درابوون .

لە کاتێکدا کە زیندانەکان بە نووسەران پڕ دەکران، کـە لەسەر هەر کتێبە " وێرانکەرانە!" ی بەرهەمیان حەوت ساڵ ونیو زیندانیان بۆ بڕابۆوە . دیکتاتۆریەتی فاشیستی، زیادکردنی معاشیشی وەستاند و، نرخی کاڵای بۆ فایدەی زۆری خاوەن سەنعەت و بازرگانانی گەورە زۆر زیاد کردن . دەستووری ١٩٦١ ، هەر ناوەرۆکێکی لێ - داڕنرا .

لەژێر تەوژمی تووڕەیی جەماوەر و رووی ترشی " بازاڕی هاوبەشی ئەورووپایی" ( کە کاربەدەستانی تورك ئەوەندە بە عەزرەتن تێدا وەرگیرێن ) ، فەرماندەیی حوکمی عەسکەری دیسان رێی دا هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئۆکتۆبری ١٩٧٣دا بکرێ . " پارتی گەلی جمهوری" ی بولەنت ئەجەڤیت ی کە بە ئاشـکرا دژی دیـکتـاتۆریەتەکە بوو ، برەوەی یەکەم بوو. ئەجەڤیت لەگەڵ م. س. پ. ( پارتی سەلامەتی میللی) دا حکومەتی پێکهێنا ، کە لە تەمووزی ١٩٧٤دا بەخشینی راگەیاند. دوا بە دوای داگیرکردنی قبرس بە ناوی"عەمەلیەتی ئاشتی پاراستن!"، جیاوازیی بیرو رای دوو حیزبی حاکم ( ئۆکتۆبری ١٩٧٤) بووە هۆی رووخانی حکومەتەکەیان . دەمیرێل هاتەوە سەرحوکم، و کۆماندۆ چەند خستەر لە کوردستان کەوتنەوە کار. پۆلیسی نهێنی و پیاوکوژی فاشیست، لە ١٩٧٥/٣/٣١ تا ١٩٧٦/٤/١٠ ٦٠کەسیان کوشت *.

بەهەرحاڵ،هەر لە پایزی ١٩٧٤ ەوە پارتیە چەپەکان توانیبوویان خۆ رێکبخەنەوە و بەیانیان دەردەکردن . یەکێك

* Le Monde, 10/4/1976.

لەوانەی شایانی سەرنجە، گۆڤاری" ئوزگورلوك یۆلوو" *( ڕێگای ئازادی ) یە، کە لەدوای حوزەیرانی ١٩٧٥ـەوە مانگانە بەدوو زمانی کوردی و تورکی لەلایەن خوێندەوارانی کوردی مارکسیەوە لە ئەنقەرە دەردەچوو . ئەم گۆڤارە سیاسی و فەرهەنگیە لە زۆر لایەنی مەسەلەی کوردی هەرێمی باکوور و هەموو کوردستان و مەسەلە گشتیەکانی چەپی تورکیا دەدوێ . لە مارتی ١٩٧٦دا،گۆڤارێکی تر بە ناوی " رزگاری" دەرچوو؛ لە سەرگوتارە توندەکانی دژی کەمالیەت ، دوای دەرچوونی ژمارەی دووەمی ، داخرا .

* Özgürlük Yolu

## سێ- رووەکانی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی

هەر کۆمەڵگایەك لە مێژوودا بووبێ بـە نەتەوەیەك و کەوتبێتە ژێر دەسەڵاتی نەتەوەیەکی ترەوە، بووەتە قوربانیی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی. دەکرێ بڵێین چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بریتیە لە " تێکڕای جیاوازی نانەوەی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی نـەتـەوەی زاڵبوو بەرامبەر بە نـەتـەوەی ژێردەستی ". گرنگترین ئامانجی ئەو چەوساندنەوەیە هێشتنەوە و تاسەر درێژە پێدانی زاڵ بوونی نەتەوەی دەسەڵاتدارە بەسەر نەتەوەی ژێردەستیدا بۆ مەبەستی ئابووری، سیاسی و، بیروباوەڕی. دەزگای چەوسێنەر لە چەند سەرێکەوە ئەو کارە بەئەنجام دەدا، لـە-لایەکەوە " لایەنی بیروباوەڕی" دەگرێ : هەویەتی نـەتـەوایـەتیـی نـەتـەوەی ژێردەست ئینکاردەکا و هـەوڵ دەدا نەیهێڵێ؛ لەلایەکی تریشەوە : هێزی عەسکەریی وا دەخاتە کارەکەوە کە بتوانێ بەوە هەر " ئاژاوەچیان" ێك لەناو-بەرێت.

چینە دەسەڵاتدارەکانی تورك لەسەرەتادا بەرلەهەموو شتێ بەهۆی سیاسی بووکە ئەوەندە چنگیان لە کوردستـان گیر دەکرد ( دەوڵەتێکی گەورەی تورکیایان بە سەرچاوەی تەبیعی و بەشەریی ئەوەندەوە دەویست کە بیانکاتە هێزێکی سەرەکی لەناوچەکەدا) . بەهەرحاڵ،ئەمڕۆ بۆ مەبەستی" دنیایی"ترە کە کورد دەچەوسێننەوە. کوردستـان موستەعمەرەیەکە کرێکاری زۆرهەرزان و بەرهەمی کشتوکاڵ و حەیوانی و مەعدەنیی جیاوازیان لێ دەدەست-دەکەوێ، مەیدانێکی کراوەی مفتە بۆ مەسرەفی کاڵای دروستکراوی تورکیا. حکومەتی تورك دەیەوێ بە هەر نرخێك بێت ژێردەستی خۆی بهێڵێتەوە. دادۆشینی ئابووریی‌کوردستـان و بردنی سامانی بۆ شارەگەورە بازرگا-نیەکانی تورك، زۆرتر لە ڕێی پرۆژەی دەوڵەتیەوە ئەنجام دەدرێ. هەندێ خوێندەواری تورکی چەپ هەن دەڵێن : " تورکیا خۆی وڵاتێکی دواکەوتووە، ناکرێ موستەعمەرەی هەبن"، ئەوانە دەیانەوێ خۆیان وا پیشان بدەن کـە لە جیاوازیی دوو مەسەلەی بەتەواویی جیاواز ناگەن : کۆلۆنیالیزم (ئیستیعمارگەریی تەرزی کۆن) وئیمپریالیزم (ئیستیعمارگەریی‌نوێی ئابووری). هەرچەندە راستە کۆلۆنیالیزم لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا گۆڕانی زۆری بەسەر-هاتووە، بەڵام خۆ کۆلۆنیالیزم بەرهەمی ئیمپریالیزم نیە. داگیرکردنی وڵاتانی تر، لە دەورانی‌کۆن و ئێستاشدا، شەرت نیە ئیمتیازێکی ئیمپریالیستی بێت، ئەو" ئیمپریالیستیە"ی کە لینین لێی دەدوێ. تۆ - هەر بە نموونە - پۆرتوگال بگرە، رێك وەکو تورکیا دواکەوتوو و لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمدایە، دە تا ئا ئەم رۆژانە موستەعمە-

ڕەی ئەنگۆلا ،مۆزەمبیق،و گینیابێساو ی هەبوون . بەڵگەیەکی تری زۆر وادەبێ بۆئەوە دەهێندرێتەوە کە کورد-ستان موستەعمەرە نیە ئەوەیە، تورکیا وکوردستان لە ڕووی جوغرافیاییەوە لە پەنای یەکن . ئەم ڕووی جوغرافیا-ییە هیچ مەسەلەیەکی سەرەکی نیە، و لە هەموو بارێکدا بە باشی لە ئیستیعمارگەرییدا دەبینین، مەگەر دەکرێ بڵێین قەوقاس وکازاخستان موستەعمەرەی ئیمپراتۆریی تزاری ڕووسی نەبوون چونکە ئەوانە و ڕووسیا لە پەنای یەك بوون ؟ .

ئەساس و جەوهەری دۆخی کوردستان ئەوەیە کە : سامانی بە سیستەم لێ تاڵان دەکرێ و دەخرێتە شاری گەورەی بازرگانیی تورکیاوە. جیاوازیی پلەی پەرەسەندنی وەزعی ژیان لە دوو مەڵبەندی کوردو تورکدا زۆر ئاشکرا لەبەر چاوە، ئەو جیاوازیە زۆر لەوە پترە کە هەر بە جیاوازیی پەرەسەندنی ناو یەك وڵاتی سەرمایەداری دابنرێ، ئەو جیاوازیە دەربڕینی ڕاستەوخۆی پێوەندیی موستەعمەرە و ئیستیعماریەتی . دوا بەدوای شەڕی سەربەخۆیی، کە کوردیان تێدا بە " هاوبەشی یەکسان" و " نەتەوەی برا" ناودەبرد، کورد هەر بوونی ئینکار کرا . کاربەدەستان ، بە سیستەم کەوتنە لەناوبردنی هەر شتێکی کە پێوەندی بە هەویەتی نەتەوایەتیی کوردەوە بێت، یەك هەیکەلی تەواوی درۆ و دەلەسە ی بە ناوی تیۆریی زمانەوانی و مێژوویییان داتاشی کە گوایا بەوە تورکایەتیی کوردیان " ئیسبات دەکرد" !، تاکو بیکەنە بەهانەیەك بۆ وێران کردن و لەناودانی شەخسیەتی کورد . ئەو تیۆریانە کرانە بیروباوەڕی دەوڵەت و،خرانە خوێندنی خوێندگەوە، خرانە سەری خەڵکەوە و، بە خوێندگە و زانکۆ و ئۆردوگایانی لەشکر، ڕۆژنامەو ڕادیۆو بڵاوکراوە،هەمەجۆرە پرۆپاگەندەیان بۆ کرا. بۆ ئەوە کە مەیدان بۆ بیروباوەڕی دەوڵەت پاوان بکرێ، ئەنقەرە هەر بڵاوکراوەیەکی غەیرە ڕەسمیی ویستبێتی باسی مەسەلەی کورد بکا قەدەغە کردووە . نووسراوی مێژوویی و ئەدەبی، تەنانەت قسەی گەشتوەرانیش کە لە ڕۆژگاری زۆرکۆنەوە بە تورکی و بە زمانانی تر هەبوون، لە کتێبخانە گشتی و تایبەتیەکان وەلانراون . بەهۆی هەر ئیشارەتێکی ئەوسەرچاوانە بە گەلی کورد ، مێژووی کوردو یان وڵاتی کورد ، بەشی هەرە زۆر لە ناو دراون . هەرهەوڵێکی قسە لێکردنی تەنانەت زۆرکەمی بیروباوەڕی ڕەسمی دەربارەی کورد ، زۆر بە سەختی لێدراوە. هەرچەندە بەهەرحاڵ، کۆڕوکۆمەڵانی خوێندەوارانی تورك هەوڵێکی ئەوتۆی ئەوەیان نەداوە .

لە ماوەی نیو سەدەدا کە گەلی کورد خراوەتە کارانتینە، حکومەتی ئەنقەرە سیاسەتی ئیرهاب و هەوڵی مێشك ما-ڵینی بە سیاسەتی ڕەسمیی بەکارهێناوە،تا-کۆمەڵناسی تورك ئیسماعیل بێشکچی‌گوتەنی - توانییە خەڵك وا لێ بکا " ئەگەر یەکێك بڵێ من کوردم،ئەو قسەیەی بە تاوانێکی ئەوەندە گەورە لەسەر بژمێردرێ کە هەقی حوکمی

مەرگ بێت " .

چەوساندنەوە بەم سیاسەتی ئیرهابە، تەئسیری بەسەر گشت گەلی کـــورددا هەبووە و، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕووی فەرهەنگی وسیاسییەوە خۆ دەنوێنێ .

## ١- چەوساندنەوەی فەرهەنگی

میللەت، بە قەدەغە لێکرانی فەرهەنگی نەتەوایەتییەوە پتر دەتلێتەوە و ڕەنج دەکێشێ، تا ئەوەی بە هەر چەوسا- نەوەیەکی ماددیی چینایەتییەوە. هەرێمی باکوور لە هەموو ڕوویەکەوە ڕەنجی چەوسانەوەی فەرهەنگی دەکێشێ، بەتایبەتی بەوە کە تەنانەت زمانی زگماکی لێ قەدەغەیە لە نیشتمانی خۆیدا بە بێگانە دادەندرێ . زمان هۆی پێوەندیی هەر کۆمەڵگایەکە، هۆی لێك تێگەیشتن و پێکەوە ژیان و دەربڕینی یەکێتی هەست ونستە، چەسپی پێکەوەگرێدانی کۆمەڵگایە. لەبەر ئەوە دوژمنێکی بیەوێ نەتەوەیەك لەناوبەرێت، هەوڵ دەدا ئەو هۆی پێوەندی و پێکەوە گرێدانە نەهێڵێ . تورکیا لە چەندین ڕێگاوەو بە چەندین بڕیارو قانوون، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هەوڵی نەهێشتنی زمانی کوردیی داوە و دەدا . لە ڕێی ڕاستەوخۆوە : قسەپێکردن و نووسینی کوردیی قەدەغە- کردووە و ڕێی پەرەسەندنی لێگرتووە، لە ڕێی ناڕاستەوخۆوە : خوێندن و زانیاری و ڕێگای ژیانی بۆ تورکیەکەی خۆی پاوان کردووە .

لە سەردەمی ئەتاتورکدا ،کە تەنیا٣٪ یان٤٪ی کورد تورکییان دەزانی،کوردیگوتن قەدەغە بوو . کـارمەندانی تایبەتیی حکومەت هەبوون فەرمانی بەجێهێنانی قەدەغەکردنی کوردییان پێ سپێردرابوو . قـوربـانیـی ئـەوە زۆرتر دێهاتی بوون، ئەوانە شتیان بۆ فرۆشتن دەبردە بازاڕی شار و تورکییان نەدەزانی؛ ئـەگەر کارمەندی تورك بە سـەر کـوردیگوتنەوە بیگرتنایە! هەر تاقە وشەو پێنج قوورووشی جەریمە دەکردن، لە کاتێکدا کـە مەڕێك بایی پەنجاقوورووش ( گوتنی دە وشەیکوردی)*بوو. دێهاتی،ناچار دیلمانجی تورکییان دەخستنەکار،ئەوانیش خۆیان و ویژدانی خۆیان لەوبەیندا. جارێك نەبوو دێهاتی لەسەر کوردیگوتن جەریمە نەکرێ،وادەبوو جەریمەکەی لەوەی کە پەیدایکردبوو پتر بوو، ئیتر ئەوەبوو وازی لە چوونە بازاڕی شار دەهێنا . نەچوونە شاری، فایدەیەکی تریشی

---

* بۆ بەراود : " ئەرزنجان ١٩٣٢"ی عەلی کەمالی ی حاکمی تورکی ئەم ویلایەتەی کوردســـتان . ئـەم کتێبە - وێڕای تورکیاچێتیی نووسەریشی - بۆ ئاگاداری لە وەزعی بێچارەیی ساڵانی ١٩٣٠ی جووتیاران بەکەڵکە .

بۆ هەبوو، لە خەتەری جەریمەی تری زۆر پتری دەپاراست : جەریمەی شـەپقە بەسـەرەوە نەبوون . رژیمی کەمالی زۆر بەتاڵووکە بوو وڵات بکاتە رۆژئاوایی!، لە بەرنامەی بۆ ئەوەدا دەبوو هەر زەلامە" شـەپقـەی جـمـهـوری" ! دە سەر بکردایە . وای بە حاڵی ئەوەی لەبیری بچووبا جامانەکەی سەری وەلانێ و بەوەوە بهاتایەتە شار، دەکرا لەسەر ئەو" تاوانە گەورە" یە جەریمەیەکی زۆری لێ بسەندرایە؛ خۆ ئەگەر قوتوویەك تووتنی قاچاغیشیان پێ- بگرتایە، ئیدی ئەوەندەی دی دایاندەپلۆخی *. ئەم تەرزە چەوسـاندنەوەیە، بەتایبەتی کـوردی قەدەغەکردنەکە ، دێهاتیی‌کورد ی( کە هەر کوردی دەزانێ) خۆبەخۆ بەبێ ئەوە هیچی کردبێ کردووەتە شتێکی" قاچاغ" و دوژمن بە قانوون و کاربەدەستانی حکومەت . ئاخر خودایا ،کەسـێك تۆزێك عەقڵ دە کەللەیدا هەبێ، چۆن پێی وادەبێ زمانی گەلێکی چەند ملیۆنی بە کۆنترۆلی پۆلیس لەبیر دەبرێتەوە ؟ . راستـیـەکەی وێ ناچێ کاربەدەسـتانی تورکیش هیچ سەرکەوتنێکی خۆیان لەوەدا لەبەرچاو بووبێ، دیسا هەر ئەو خەیاڵەی خۆیان ( کە چاك زانیویانە هیچی بەسەرهیچیەوە نیە) پێ لە حەقیقەت خۆشتر بووە، جا باهەندێ جار مەسخەرەی سەیریشی لێ پەیدابووبێ: هەرجارێك کاربەدەستێکی گرنگی حکومەت، بڵێین پشکنیاری گشتی، ویستبێتی سەر لە شارێکی‌کوردسـتان بدا، " والی" حاکمانی ناوچەیی و کاربەدەستانی‌گرنگی بانگ کردوون و تێی گەیاندوون کە وا جـەنابی فڵانە کاربەدەست دێ، کەسێکی تورکی نەزانێ نـابێ بەدەرەوە بێ . نـەتیجەکە ئەوەبووە کـە کاربەدەست ئـەفەندی هاتووەتە شارێکی نزیکەی چۆڵ وهۆڵەوە . خەڵکی شار کە تورکی نازانن دەرچوونیـان لێ قەدەغەکراوە، هـەر تـەنیا چەند نەفەرێکی کـەمی تورکی‌زان بەدەرەوە بوون کە ژیاریی تورکیـان پیشانی کاربەدەست داوە و دڵ و دەروونیان شادکردووە، شارێکی زل و نەفەری تورکی‌زانی کەم و خۆش ! .

---

* حکومەتی تورك، بەناوی رێنەدانی قاچاغچێتی و ئینحیساری تووتن و سیغارە فرۆشتن لەلایەن دەوڵەتەوە، وای داناوە کەهەموو بەرهەمی تووتنی کورد بە نرخێکی حکومەت دایدەنێ بە" ئیدارەی نەتەوایەتیی تووتن " بفرۆشرێ . هەموو بەرهەم واتا هەرهەمووی، تووتنەوان هەقی ئەوەی نیە بۆ سیغارەکێشانی خۆی هیچی لێ هەڵبگرێ، وهەرچی نەیدا بە ئینحیسار بە " ماڵی قاچاغ " دەژمێردرێ و ئەگەر پێی بگیرێ سخت لەسەری سزا دەدرێ . ئێسـتـا ، تووتنەوانی مەڵبەندی دەریای ئێجە و کەناری دەریای رەش دەتوانن بـە کەیفێ خۆیان هەڵبژێرن تووتنیان بە ئینحیسار بفرۆشن یان بە بازرگان و شیرکەتی غەیرە حکومەتی، بەڵام تووتنەوانی کورد ئێستاش هەر دەبێ بەرهەمی ( بەو نرخەی کە حکومەت دایدەنێ) تەنیا بە ئینحیسار بفرۆشێ .

خوێندگەی هەر بە زمانی تورکی حەقەن دەتوانن ئەو زمانە بڵاو بکەنەوە،بەڵام کاربەدەستانی تورك لەکردنەوەی خوێندگەی تورکییش لە کوردستاندا دەترسن، ئەوە چاك دەزانن کە خوێندکارانی خوێندگەی موستەعمەرە دوایی دەبن بە گۆڕهەڵکەن بۆ گـۆڕبەگـۆڕکردنی ئیستیعمار. بە هەمان شێوە، هەرچەندە حکومەت زۆر جار شەڕوهەرای سەختی لەگەڵ ئاغاوەتی کورددا هەبووە، بەڵام قەت هیچ کارێکی وای نەکردووە وەزعی ئابووریی کوردستان بەشێوەیەکی لێ بێت کە نەریتی لەمێژینەی تێدا بگۆڕێ و پێش بکەوێ، لەجیاتی ئەوە ویستوویە ئیمتیازان بە بەرتیل بدا بە ئاغاوەت،و لە ڕێی ئەوانەوە دەسەڵاتی بەسەر خەڵکدا رابگرێ . لەسەر سیاسەتی بە دواکەوتووهێشتنەوەی بەئانقەستی کوردستان ڕۆیشتووە،وەك دەستەڕاستی مستەفاکەمال" فەوزی چەقماق" گوتوویە : " کردنەوەی خوێندگە نلە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات، خەڵکی ئەو ویلایەتانە هۆشیاردەکاتەوە و ڕێی بیروڕای جیابوونەوەخوازیی وەك ئەوەی نەتەوایەتیی کورد دەکاتەوە ".

لە ١٩٥٠وە ( لەوەتای حوکمی چەند حیزبییەوە)، لە قەدەغەیی زمانی کوردی هێندێك کەم بووەتەوە، لە قەدەغەی تەواوەوە بووەتە نیوقەدەغە،وئێستاش هەروایە، قەدەغە ناکرێ پیاو لە ژیانی تایبەتی خۆیدا کوردی بڵێ، بەڵام نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوەی بـە کـوردی قـەدەغـەن . بەڵام وێڕای ئەو هەمووە هەوڵ و تـەقەلایەی حکومەتی تورك،کە زۆرتر بە زبرو زۆر سەپاندنە، ئێستاش ٧٥٪ی کوردیهەرێمی باکووریکوردستان تورکی نازانن . لە ماردین ٩١٪ی خەڵکەکەی یەك وشەی تورکی نازانن ، ئەو نیسبەتە لە سێرت دەبێتە ٨٧٪، لە هەکاری ٨١٪،لە دیاربەکر ٦٧٪،لە بنگۆل ٦٨٪،لە بتلیس ٦٦٪،و...ئیدی*. ئاوا توانیویانە کوردی ویلایەتە سەرەکییەکانی کوردستان بکەنە تورك ! .

ئێستا (١٩٧٦- ١٩٧٧) دە ساڵە ژمارەیەك ڕۆژنامەنووس و سانديکايی و سیاسیی تورك سەرنجی ئەوەیان داوە کە خەڵکی" ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات " هەر کوردی دەڵێن، و بەوە زۆر تووڕەن : " یانی چی ملیۆنان هاو- نیشتمانی کە لەسەر خاکی کۆماری تورکیا دەژین تورکی نازانن ؟ ". ڕەنگە پیاو بڵێ دەی ئەوە سەرەتایەکە، هەنگاوی مەنتیقیی دوای ئەوە دەبێ لێکۆڵینەوەی هەڵوێستی ڕەسمی و بیرکردنەوە لە چارەی مەسەلەکە بێت و لە نەتیجەدا داوابکرێ کەکورد مافی دیموکراتییان بدرێتێ و چەوسانەوەیان لەسەرلابرێ . بەڵام نا، زۆر بە داخەوە، گێرەکە بەلایەکی تردا دەبرێ : هاوار لە کاربەدەستان دەکەن کە نەخشە و ڕەفتاری " زانستیتر " و بە-

---

* ڕۆژنامەی " جمهوریەت" ی تورکی، ١٩٦٦/٧/٣١.

تەئسیرتر بخەنە کارەوە تاکو بکرێ ئەو" هاونیشتمانە پشتگوێخراوانە" بکەنە تورك ! . ئەمە هەرختای عەقڵ-تەپۆیی، شۆڤێنیەت و،گونجاندنێکی نەتەوایەتیی تورك نیە . ئەوانە، بە تایبەتی سیاسیەکان، ئەوە بە بەشێك لە هەیکەلی کەمالیەت دەبینن کە نابێ درزی تێبکەوێ . بەگوێرەی ئەوە، ئەگەر بڵێن بەڵێ کورد هەیە، میللەتێکی ترە،ئەوسا ناچاردەبن نەتیجەگیریی ئەو قسەیەش بسەلمێنن و داخوازیی سەربەخۆیی سیاسیی کورد بە رەوا دابنێن و قەبووڵی بکەن . لێرەوەیە وا بە توندی لەسەر ئەو سیاسەتەی تواندنەوەی کورد دەڕۆن .

کـورد، دەبێ زمانێك لە دادگاو پێوەندیی بە ئیدارەی رەسمیدا بەکاربێنێ کە نایزانێ، بۆ هەر کارێکی رەسمیی هەیبێ دەبێ لە وڵاتی خۆیدا بچێ دیلمانج( تەرجومان) بێنێ تا تەرجومەی بۆ بکا. تورکی‌نەزانین زیان بە خوێندن و پلەی فێربوونی خوێندکاری کورد دەگەیەنێ . تەنانەت کە بەزۆر دەیبەن عەسکەریی پێدەکەن، لە عەسکەری کردنەکەشدا لەسەر ئەوە کە تورکی نازانێ تەوهینی پێ دەکرێ و بە لێدان لێی دەدرێ . لە تورکیایەکدا کە خوێندگە و زانکۆی بە زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیسیی تێدا هەن، تاقە یەك خوێندگەشی بەو کـوردیـە نیە کە زمانی ٢٥٪ی ژمارەی دانیشتوانی‌کۆماری تورکیایە . رۆژنامەو گۆڤارو کتێب و قەوان بە نیو دەرزەن زمانان هەن . بەڵام گەلی کورد ئێستاش رێ نادرێ هیچ بە زمانی خۆی بڵاوبکاتەوە . دانەرو بڵاوکەرەوەی ئازای دەوری ١٠ کتێبێکی کوردیی کە تا ئێستا بڵاوکراونەتەوە، هەمیشە یان بە رێی دادگاوەن یـا دە زینداندان .
تەنانەت حکومەتی تورك " هێنانە وڵات و بڵاوکردنەوەی هەر چاپەمەنیەك، قـەوان یـا شـریتێکی پڕکـراوەی کوردی، لە هەندەرانەوە " قەدەغەکردووە *، تاکو کەس ئەوانە بە کوردی هەر نەبینێ/ نەبیسێ .

ئیستیعماری تورك، ناوی هەموو شارو دێهاتی کوردستانیشیان لە کورد گۆڕیوە، ئیترکورد لە ناوی رەسمیی شار و دێی خۆی غەریبە . ناوی" کوردستان "ی کە لە سەدەی ١٣یەمەوە بەکارهاتووە، بە"وێرانکەر" دانراوەوقەدەغە کراوە . وەك چۆن بەشەکانی تری کوردستان ناوی" شمال العراق" و " غرب ایران" یان لێدەنرێ، تورکیاش بە هەمان شێوە بە کوردستان دەڵێ " دۆغو ئەنادۆڵوو" ( واتا : ئەنادۆڵی رۆژهەڵات) .

ئیستیعمار، هەمیشە هەوڵ دەدا مێژووی گەلی ئیستیعمارکراو لەبیر بەرێتەوە . لـەلایەکەوە دەیـەوێ هەرچی پێوەندیی بە زانیاریی مێژووی راستەقینەی ئەو گەلەوە بێت لەناو بەرێت، لـەلایـەکی تریشەوە دەیەوێ ئـەو

---

* مەرسوومی ١٩٦٧/١/٢٥ی حکومەت لە " ت. ج. رەسمی گازەتە" ( رۆژنامەی رەسمیی کۆماری تورکیا ) ی ١٩٦٧/٢/١٤دا .

مێژووەی بخاتە سەری کە خۆی بۆی داتاشیوە . کاربەدەستانی ئیستیعماری تورکیش، بەگوێرەی ئەو نەزمە، هەرچی پێوەندیی بە مێژووی کوردەوە بووە لە کتێبخانانیان نەهێشتووە . شوێنەواری میعماری و هونەری و ئیدیی ئەمارەتە سەربەخۆیەکانی کـوردیشیان وێران کردوون، زۆر وابووە بۆ شاردنەوەیان سەربازخانەیان لەسەر بیناکردوون، نموونەیەکی ئەوانە : " برجا بەلەك " ی بـەدرخانیەکان لە جزیرا بۆتـان لەسەر لێواری دیجلە، کـە سەربازخانەیان لەسەر بینا کردووە .

هەر لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵناسی ( سۆسیۆلۆجی) ی کۆمەڵگای کورد قەدەغەکراوە، تیۆریی تەواوی ڕەسمی بۆ ئەوە سازدراوە کە کورد بەئەسڵ تورکن . تا ١٩٧٠یش،هەر لێکۆڵینەوەیەکی کە بە تەواوی لەگەڵ ئەم تیۆریەدا نەهاتبایەتەوە،بڵاوکردنەوەی قەدەغە بوو*. منداڵی کورد لە خوێندگە پێی دەگوترێ ئەگەر بەهۆی گوێ-پێنەدانی کاربەدەستانی حکومەتی مەرکەزی تورکیی لە بیرچووبێتەوە، ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێ کە لە خوێنی خالیسی تورکەو وەك هەر تورکی دی لە نەژادی گورگەبۆری پێدەشتی بانی ئاسیای مەرکەزییە (وەك لە ئێرانیش بە کورد دەڵێن" خالیسترین ئاری و برای فارس") . ئەرێ بەڕاست،تورکی کە لەسەرحوکمن و دەڵێن کورد تورکە، بۆچی هەڵوێستی دوژمنانەیان بەرامبەربەم خەباتی ڕزگاریی دواییەی کوردی هەرێمی باشوور ( ٣٧) بەرابەریی بارزانی هەبوو،لە کاتێکدا کە بێ سێ ودوو لێکردن چوون بۆ پارێزگاری کردن لە" مافە نەتەوایەتیەکانی" چەند سەد هەزار تورکێکی قبرس ، لەشـکریان خسـتە ئەو وڵاتەوە ؟، چونکە خۆشیان دەزانن کە هەموو ئەو تیۆری و مێژوو و ئەسڵ و فەسڵەی هەڵیانبەستوون قسەی بەتاڵ و هیچ و پووچن .

کـورد کە لە نیشتمانی خۆیدا بە غەریب دادەندرێ و نیشتمانی خۆی لێ غەریب دەکرێ، لە دنیای دەرەوەش غەریب دەکرێ، ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار و ئەو شتانە هەموو بە زمانی تورکین و گوتمان نیسبەتی چەندەی کورد لە تورکی ناگا ،ئیتر کوردەهەر لە دەنگوباسی ئاسایی دنیا چۆن ئاگادار بێ ؟ دیارە بەوحاڵە ناتوانێ ئاگاداری دنیا بێ و حاڵی فەرهەنگیی ئەوەندەی تر پەرێشان دەبێ .

---

* لەم دواییانەدا دوو کتێب بە تورکی دەربارەی کورد دەرچوون :

- هەر باکەدان تورك ئۆلان کورت لەرن مەنشەئی ( ئەسڵی کوردانێ کە لەهەر ڕوویەکەوە تورکن )، فەخرەدین قزل ئۆغلو، کە وەزارەتی پەروەردە بڵاوی کردووەتەوە .

- دۆغو ئیللەری ڤە ڤارتۆ تاریهی ( مێژووی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات و ڤارتۆ)، شەریف فرات .

تورکی نەتەوەیی ئازادە بە کەیفی خۆی قسە بە کورد بڵێ و هەزارو یەك درۆ و دەلەسەی بۆ هەڵبەستێ، تەنانەت وادەبێ بە ئاشکرا داوای کوشتاری هەموو کورد دەکا، بەڵام ئەگەر کوردێك بیەوێ وەڵامێك بداتەوە مافی وەڵام-دانەوەی نادرێ . لەم ساڵانەی دواییدا ،ڕۆژنامەوگۆڤاری دەستەڕاست و ئەوپەڕی دەستەڕاستی تورك (میللی یۆڵ، یەنی ئیستانبول، ئۆتوکەن،و...ئیدی) بەلای کەم بیست گوتاری دژی کـوردیان بڵاوکردەوە، و قەت لەسەر ئەوە هیچیان بەرامبەر نەکرا . هەر بە نموونە، ئەمە چەند دێڕێکی گوتارێکی نیهال ئاتسز کـە لە ژمارەی حوزەیرانی ١٩٦٧ی گۆڤاری نەتەوەیی تورك " ئۆتوکەن " دا بڵاوکرایەوە :

« ئەگەر ( کورد) دەیانەوێ هەر بەو زمانە سەرەتاییە قسە بکەن کە هەمووی چوار یا پێنج هەزار وشەیە، ئەگـەر دەیانەوێ دەوڵەتێك بۆ خۆیان دروست بکەن و چی حەزبکەن بڵاوی بکەنەوە، با بچن لە شوێنێکی دی بیکەن، ئێمە تورك بە رووبار خوێنمان رشتووە تا ریشەی گورجی، ئەرمەنی،و یۆنانیانی بیزەنتیمان هەڵکێشاوە و ئەم خاکانەمان کردوون بە هی خۆمان (..) با (کورد) لێرە دەرچن، بۆ هەرکوێیەك حەز دەکەن . با بچنە ئێران، پاکستان،هیندستان، لای بارزانی . با لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان داوابکەن نیشتمانێکیان لە ئەفریقا بۆ بدۆزێتەوە . نەژادی تورك زۆر بەسەبرە، بەڵام کاتێ بەڕاستی تووڕە بکرێ، وەکو شێری بە نەڕە- نەڕە !، و هیچ ناتوانێ پێشی بگرێ . با پرسیاری ئێمە لە ئەرمەنیەکان بکەن و،با بۆخۆیان نەتیجەگیریی راست بکەن ».

هەمووکەس دەزانێ، ئەرمەنی کوشتاری تەواویان لێکرا. نووسەری ئەو گوتارە ئاوا بە کەیفی خۆی هەڕەشە لە کـوردان دەکا و هیچ خەمێکی لێپرسینەوەی نیە . بەڵام کاتێ خوێندکارانی کـورد بە نامیلکەیەك داوایان کرد بزواندنی رق وکینەی نەژادی سزای لەسەربێت، حکومەت ئەوان خوێندکارانی دەکێشایە دادگاوە بە تاوانی ئەوە کە گوتوویانە گەلێکی کورد هەیە و بەوە یەکێتی نیشتمانیان تێکداوە .

حکومەت لە خوێندەوارانی کـوردی دەوێ کە فەرهەنگ و زمانی خۆیان قەبووڵ نەکەن و ببنە تورك . کەسێکی خەڵکی کوردســتان بەبێ را لەسەربوونی پێشەکیی " میت" وەزیفەیەکی نادرێتێ . کاربەدەستان هەوڵ دەدەن کوردان لە ویلایەتەکانی کوردستان دانەمەزرێنن، حەزدەکەن لە کوردستانیان دووربخەنەوە .

## ٢- چەوساندنەوەی سیاسی

لێنین گوتەنی، ئینکارکردنی مافی دامەزراندنی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ، رێك یەکێك لـە شـکڵە سـەرەکییەکانی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیە . حکومەتی تورك(٣٨) جبەخانـە ( زرادخانە، مشجب )یەکی قـانوونانی لە کـورد

خستووەتە کارەوە،کە بە هیچ جۆرێك کورد بە قانوون ڕێی دروستکردنی ڕێکخراو، سانديکا،و پارتی سیاسیی نەبێت . بەندی ٥٧ی دەستوور(قانوونی ئەساسی)ی تورك دەڵێ :" پێڕەو و پرۆگرام ( ئەساسنامە و مەرامنامە) و چالاکیی پارتی سیاسی، دەبێ لەگەڵ ئوسووڵی دیموکراتی وعیلمانیی کۆمارەکەماندا بێنەوە،کە لەسەرئەساسی ئازادی ، مافی مرۆڤ و، لە جیابوونەوە نەهاتنی نیشتمانی نەتەوایەتیمانە" . بەندی ٨٩ی قانوونی تورکیا دەربارەی پارتی سیاسی و ڕێکخراوان، بێ هیچ پێچ و پەنایەك و زۆر ڕوون و ئاشکرا مانای ئەو" لە جیابوونەوە نەهاتنی نیشتمانی نەتەوایەتی"یە ڕوون دەکاتەوە : " هیچ پارتیەکی سیاسی نابێ سەروکاری لەگەڵ بەرگری لێکردن، پەرەپێدان یان بڵاوکردنەوەی هەر زمان یان فەرهەنگێکی غەیرە تورکدا هەبێ، و نابێ هەوڵ بدا کەمایەتیی نەتەوایەتی لەسەر خاکی تورکیا دروست بکا و بەوە یەکێتی نەتەوایەتی تێك بدا " . ئەم قسەیە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ،لە هەبوونی گەلانی بە فەرهەنگ و زمانی غەیرە تورك لە کۆماری تورکیادا دەدوێ . ئەوە لەبەرچاو بگرین کە پەیمانی لۆزان باسی پارێزگاریی مافی کەمایەتی بۆ یۆنانی، ئەرمەنی،و جوو تێدایە، ئەم قانوونە زۆرتر هەر بۆ ئینکارکردنی مافی کورده . قانوونی تریش زۆر بەکار دەهێندرێن، تا خەباتکارانی کوردیان پێ لەسەرکەمترین داخوازیی فەرهەنگی یان سیاسی مەحکووم بکرێ، بەتایبەتی بەندی ١٤١و١٤٢ی قانوونی سزای تورکیا* کە " دامودەزگای ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات دەپارێزن " و حوکمی ٥ تا ١٥ ساڵ زیندان بۆ هەموو ئەو کەسانە دەبڕنەوە کە " بیانەوێ نەزمی سیاسی و قانوونیی دەوڵەت تێکبدەن " .

---

* ئەم بەندانە دژی کورد و چەپی تورکیش بەکاردەهێندرێن، لە قانوونی سزای ئیتالیای موسۆلینی وەرگیراون ، چەپی تورك نزیکەی ١٥ساڵە خەبات بۆ نەهێشتنیان دەکەن :

« بەندی ١٤١: هەرکەسێك ڕێکخراوی بە هەرناوێك دابمەزرێنێ، ڕابەری بکا،یان هان بدا،کە زاڵبوونی چینێکی کۆمەڵایەتی یان خستنی دامودەزگای کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتی مەبەست بێت، یان بیەوێ نەزمی کۆمەڵایەتی و قانوونیی دەوڵەت تێك بدا، بەر حوکمی زیندانی لە ٨ تا ١٥ ساڵ دەکەوێ » .

« بەندی ١٤٢: هەر کەسێك ،هەر جۆرە پرۆپاگەندەیەك بڵاو بکاتەوە کە، زاڵبوونی چینێکی کۆمەڵایەتی بەسەر یەکی تردا، یان خستنی هەر دامودەزگایەکی ئەساسیی وڵاتی مەبەست بێت، یان بیەوێ نەزمی کۆمەڵایەتی و قانوونیی دەوڵەت تێك بدا، بەر حوکمی زیندانی لە ٥ تا ١٥ ساڵ دەکەوێ » .

## ٣- سەرکوت کردن

تا سەرەتای ساڵانی ١٩٥٠، کوردستان هەر بە ئیرهاب ڕاگیرابوو. دوای ئەوە،کاربەدەستان تا دەهات زۆرتر ئاغاوەت و ئەعیانێکیان بەکاردێنان کە بیریان هەرلای گیرفانی خۆیانە و هیچی دی. بەڵام لەوەتای دەسەڵاتی ئەم جۆرەکەسانە لە کوردەواریدا لێژ بووە، ئەنقەرە قورسایی خۆی خستۆتەوە سەر سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن. حکومەتی تورك لەسەر ئەو بڕوایەیە کەمترین ئیمتیازێکی بەجێهێنانی بچووکترین داخوازیی نەتەوایەتی یان کۆمەڵایەتی، بە نیشانەیەکی بێهێزی لێ وەردەگیرێ و داخوازیی پتر هان دەدا، لەبەرئەوە دەیەوێ وەزعی هەیە هەروا بهێڵێتەوە. خەباتی ڕزگاریی نەتەوایەتیی هەرێمی باشووری کوردستان (٣٩) لە ١٩٦١ـەوە، ڕابەرانی تورکی یەکجار زۆر ناڕەحەتکردووە. دوای ئەوەی لێیان تێکدرا لەگەڵ ئێران وعیراقدا ڕاستەوخۆ لەشکر ببەنە سەر شۆڕشی کورد (نەخشەی دیجلە - ١٩٦٣)، کەوتنە گیانی کوردی هەرێمی باکووری ژێردەستی خۆیان. لە ١٩٦٦ بەملا، هێزی دژی پارتیزان بە ناوی "کۆمـانـدۆ" پێکهێندراون و ڕاستەوخۆ خراونە ژێر فەرماندەیی وەزارەتی ناوخۆوە. ساڵی ١٩٦٩،ئەم کۆماندۆیانە،ی کە پسپۆڕانی ئەمریکایی دژی پارتیزانی دەرسیان دابوون، شاڵاوێکی گەورەیان بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد، کەوتنە شەنکردنی دێهاتی کورد بەو بەهانەی کە گوایا لە چەك دەگەڕان. هێرشی کۆماندۆ بەم تەرزە بەجێدەهێندرا: دێ، بە زرێپۆش دەوری دەگیرا وهەلیکۆپتەری بەسەرەوە دەسووڕایەوە. خەڵکی دێ، بەبێ هیچ روون کردنەوەیەك، هەمـوو کـۆدەکرانەوە و دەبرانە ئۆردوگای بەتایبەتی بۆ ئەوە سازکرابوون، و پێیان دەگوتن: چەکەکانتان تەسلیم بکەن. ئەگەر دێهاتی بیانگوتایە چەکمان نیە، زۆر سەختیان لێدەدان و تەوهینیان پێ دەکردن. عەسکەری تورك، ژن و پیاویان ڕووت دەکردنەوە، زۆرتر وابوو ژن هەتکی جنسی دەکران. کەسێکیان کە بە "جێگومان" دابنایە، لە پێیەوە هەڵیاندەواسی، وادەبوو سەری بەنێکیان دە گونی پیاو دەبەست و سەرەکەی تریان دەدایە دەست ژنەکان کـە بەوشێوەیە بە شەقامەکانیدا ڕاکێشکەن. زۆر لە ژێر شکەنجەدا دەمردن.

١١ی مارتی ١٩٧٠، کە بەیانی ڕێککەوتنی کوردو عیراقیەکان دەرچوو،و باسی وەستاندنی شەڕی نێوانیان و سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمییکوردستانی عیراقی تێدابوو؛ کۆماندۆی تورك دەستبەجێ کرداری دڕندەییان دوو ئەوەندە لێکرد،تا کوردی هەرێمی باکوور بترسێن و بیر لەوە نەکاتەوە لاسایی کوردی هەرێمی باشوور بکاتەوە. لە سـەردەمی حوکمی فاشیستی کۆدێتای ١٩٧١/٣/١٢دا، دڕندەیی کۆماندۆ زۆر پەرەی پێدرا. عەسـکەر، ویلایەت بە ویلایەتی کوردسـتانیان شـەن کرد،هەزاران دێهاتی ڕاونران، گیران، و شـکەنجەدران. دادگـای عەسـکەریی دیاربەکر لە نێوان ١٩٧١ و ١٩٧٣دا پتر لە هەزار "کوردی جیابوونەوەخواز"ی حوکم دا.

ئێستاش، لەم رژێمە پەرلەمانییە دیموکراتییەدا،کۆماندۆ لە کوردستان خەریکن . ویلایەتی هەکاری لە ئۆکتۆبر تا دیسامبری ١٩٧٥ ، دە هەزار کۆماندۆی بە دڕندەییکردن تێدا بووە .

کۆماندۆی دژی پارتیزان، چەکێکە لە چەکە زۆرەکانی سەرکوتکردن بە دەست دەوڵەتی تورکەوە . دوا چارەی سەپاندنی" نەزم" لە" رۆژهەڵات" هەمیشە دەدرێتە لەشکر. داگیرکردنیعەسکەریی نیشتمانی کورد ئەوەندە لەبەرچاوە تەنانەت هەر سیاحەتکەرێکی بێگانەی بێئاگاش سەرنجی دەدا. ئۆردوگا، قشڵەی جەندرمە، فڕۆکە-خانەی عەسکەری، و هێزی زرێپۆش سەر رێی چوونە ناو و لێوە دەرچوونی هەموو شارێکی کوردیان گرتووە .
عەسکەرهەموو رۆژێك بە رێژە تامەیدانی ناوەڕاستی شار دەچن،کە زۆرتر وایە پەیکەرێکی ئەتاتورکیشی لێیە، لەوێ ئاڵا هەڵدەکەن، بەوجۆرە هەموو رۆژێك ئامادەیی هێزی لەشکری تورك وەبیر کورد دەهێننەوە .

خوێندگە، ئۆردوگا،و چاپەمەنی،هەرچی لەتوانایاندایە دەیکەن تاکو ئە فسانەی" لەشکری تورکی قارەمانی کە لە شکان نایەت" بخەنە مێشکی خەڵکەوە و درێژەی پێبدەن . هیچ درێغیەك لەوەدا ناکرێ قەناعەت بە کورد بکرێ کە، هەر هەوڵێکی رزگارکردنی خۆی بدا حەقەن تێدا سەرناکەوێ و کە" جیابوونەوەخوازی " تەنیا کارەساتی لەدوا دەبێ .

## چوار - کوردایەتیی ئەمڕۆی هەرێمی باکوور (٤٠)

کۆمەڵگای کـورد ، لەم بیست ساڵەی دواییدا زۆر گۆڕانی تێکەوتووە، نەریتی لەمێژینەی زۆر گۆڕاوە، دەرە-بەگایەتی شکستی هێناوە، کۆچەری نەماوە و تەنانەت ئەمڕۆ نیوە- کۆچەریش ( ئەوانەی گەرمیان و کوێستان دەکەن) هەر چەندهەزارکەسێك دەبن . لەوەتای مەکینە کەوتووەتە کشتوکاڵەوە،خەڵك دێهاتیان جێدێڵن و روو لە شاران دەکەن، بە سـەدان هەزار دێهاتی رژاونە شـارەکانی کـوردەواری و شارە سـەنعەتیەکانی تورك،گـەرەك و شارۆچکەیان لە خانووی قوڕی بەسەرسەری یەکەوە دروستکردوون، زۆرتر بێکارن و مەگەر ناوبە ناو کارێکیان دەستبکەوێ . لەوەتا سەنعەتی کشتوکاڵ ( توتن، پەموو، چەوەندەر، شەکر) لە کوردستاندا بڵاو بووەتەوە، رۆژ بە رۆژ کرێکاری کشتوکاڵ زۆر دەبن . ئـەم کرێکارانە و توێژی داوێنی چینی ناوەندی (٤١)، هەرە بە هەسـت و چالاکی کۆمەڵگای کوردن . پێوەندی بە دنیای پرۆلیتاریاو رۆشنبیرانی پێشڤەرووەوە،ئەوانە بە خێرایی دەخاتە کۆڕی سیاسەتەوە. نەتەوایەتیی کورد ، لە خۆنوێکردنەوەو گۆڕاندایە، ئیتر بە رابەری و بیرکردنەوەی لەمێژینەی نیە . ئاغاوەتیکە جاران لە ریزی پێشەوەی کوردایەتیدابوون،ئەمڕۆ جێپێی داگیرکەر دەکوردستاندا دەکەنەوەو فایدەی خۆیانی لێ وەگیردەخەن،هەرچەندە بەوە لەناوخەڵکدا ریسوابوون و ئەودەسەڵاتەی جارانیان نەماوە،بەڵام ئێستاش هەرکۆسپێکی سەر رێی کوردایەتین . بۆرژوای کوردی داگیرکراویش هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بۆرژوای تورکی داگیرکەردا نیە، ئەوانە یەکتر تەواو دەکەن . بەڵام دیسان،تاق ولۆق ئاغاوەت و بۆرژواش هەن کەگوێ بە بەرژەوەندی چینایەتی نادەن، چینایەتیەکەیان بە قوربانی نەتەوایەتیەکەیان دەکەن . کوردستانی تورکیا،وەك هەر موستەعمەرەیەکی تر، توێژی داوێنی چینی ناوەندی بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی رابەری دەکا .

### ١- گەرمەی بزووتنەوە

کورد ، بە چەندین پشت، هەمیشە پێیان وابووە کە شەڕی چەکدار تاقە رێی خەباتی دژی داگیرکەرە. بەڵام بەهەر حاڵ، ئێستا "هەڵبژاردە" ( نوخبە) ی کورد دەزانێ کە ئەوە تاقە رێی خەبات نیە،بەڵکو بەرزترین پلەیەتی . شەڕی چەکداری سەرکەوتوو، دەبێ لەپێشدا کاری سیاسیی بۆ بکرێ، رێکخراوی بۆ دروست بکرێ،قەناعەت بە خەڵك بکرێ وئەزموون وەسەریەك بنرێن . زانینی ئەوە،کەم- کەمە هاتووە و پەرەی سەندووە و چۆن ئەم جۆش وخرۆشەی

کوردایەتیی ئێستای هەرێمی باکوور لەسایەی تەئسیری شۆڕشی کوردستانی باشوورەوەیە، ئەو نەتیجەگیریەش زۆر لە ژێر تەئسیری پەرەسەندنی بزووتنەوەی دیموکراتیی تورکیادا بووە .

لەوەتای یەکەم کۆبوونەوەی گشتی کە لە بەهاری ١٩٦٣دا، بۆ دەربڕینی نارەزایی لە دواکەوتوویی باری ژیانی کوردەواری،لە سیلڤان کرا، لەوساوە هەر ساڵە چەندین کۆبوونەوەی گشتی، رۆیشتن و خۆپێشاندان لە شارەکانی کوردستان رێکخران ( دژی : هەژاری، گرانی، عەمەلیاتی کۆماندۆ و...ئیدی ) . دوای وەستانێکی سەردەمی رژیمی پەرلەمانی فاشیست ( مارتی ١٩٧١ تا دیسامبری ١٩٧٣)، ئەو چالاکیانە دیسان بە زۆری و رۆژ بە رۆژ بە ناوەرۆکی توندترو نەتەوەییانەتر رێکخرانەوە . وێرای رەفتاری زۆر زبری رژیمیش، داخوازیی نەتەوایەتی لە گوتاراندا باس دەکران، و بە شیعاری نووسراو بەرز دەکرانەوە کە هەندێك بە کوردی بوون . شیعار لەسەر دارو دیواری شارەکانی کوردستان و تورکیاش دەنووسران وەك: " ژ کوردارە ئازادی" و" ئازادی بۆگەلانی (کۆماری) تورکیا" و " نا بۆ چەوساندنەوەی نەتەوایەتی" . ئەم دەربڕینەی هەویەتی نەتەوایەتیی کوردە، هەر لە چوارچێوەی رێکخراوەیی کورداندا نەبوو، لە کۆبوونەوەی گشتیی رێکخراوە تورکەکانیشدا خەڵك دەهاتن هاواری " ئازادی، ئازادی، ژ کوردارە ئازادی" یان دەکرد. لە ١٩٧٤ەوە هەر کۆبوونەوەیەکی هەر پارتیەکی تورك لە هەر شارێکی کورددا رێکخرابێت، جەماوەری زۆری کورد روویان تێکردووە و لەوێ هاواریان کردووە : " ئازادی،ئازادی، ژ کوردارە ئازادی " و وەزعەکەیان کردووە بە هی خۆیان و، دیارە زۆرتر وابووە کۆبوونەوەکەیان بە تەواوی لە پارتیە تورکەکە تێکداوە*. وێرای ئەم هەنگاوانەی‌کوردایەتیی شارستان،هۆشیاری لە دێهاتیشدا گەشەی‌کردووە، دێ هەنگاوی لەگەڵ شاردا هەڵێناوە . هەستی دژی دەرەبەگی کە بەهۆی ئاین و عەشیرەت و سەرانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، رۆژ بە رۆژ خۆی پتر پیشان دەدا ،تەنانەت وابووە جووتیاران دەستیان بەسەر زەویی ئاغایاندا گرتووە و داوای دابەش‌کردنیان کردووە، تەنانەت سڵیان لەوە نەکردووە بەگژ ئەوعەسکەرانەشدا بچن کە بە هاواری خاوەن زەویەوە هاتوون . ئەم خەباتی جووتیارانە جارێ هەر لە سەرەتایدایە، بەڵام هەر سەرکەوتنێك لە

---

* لە حوزەیرانی ١٩٧٥دا، کۆلۆنێل(سەرهەنگ) تورکەش ( رابەری "میللیەتچی حەرەکەت پارتیسی"و جێگری سەرەك وەزیران) چووە پایتەختی مێژوویی کوردستان و قەڵای نەتەوایەتیی کورد دیاربەکر، ویستی کۆڕێکی گشتی بۆهەڵبژاردنی خۆی بگێڕێ ،هەرچەندە چەندهەزار لایەنگرانی خۆی لەگەڵدابوون و ئەوهەمووە پۆلیس و زرێپۆشەی بەدەورەوەبوون ، دیساهەر لێی تێکدرا و پێش کاتی خۆی بڵاوەی پێ‌کرا .

هەر ناوچەیەك دێهاتییانی بێزەوی دڵگەرم دەکا . کێشەی نێوان جووتیارو دەرەبەگ وێدەچێ پەرەبستێنێ ، مەگەر حکومەت - وەك گوایا بەتەمایە - ئیسلاحاتی ئەرزی بەجێبهێنێ .

## ٢- کۆششی ڕێکخراو (٤٢)

ئەوە کە چینی نوێ هاتووەتە سەر شانۆی سیاسەتی کورد ، فکرەی ڕێکخراو/ ڕێکخستن و پێویستیی پەروەردە- کردنی سیاسیی جەماوەر بۆ سەرکەوتنی خەباتی رزگارییشی وێڕاهاتوون . ڕێکخراوی دیموکراتی لاوان، و مامۆستایان و...ئیدی دروست بوون، بەڵام خەڵك جارێ ( ١٩٧٦- ١٩٧٧) هەر لە گەڵاڵەکردنی بیری سیاسیی تەواودان . گفتوگۆ و لێدوانی مەرکەزیی خەباتکارانی هەرێمی باکوور ئێستا ئەوەیە ئایا لە ریزەکانی پارتیەکی چەپی تورکیادا خەبات بکەن یان لە پارتی تایبەتی قاچاغی کورددا ؟ . ئەمە ئێستاش هەر باسی لەسەرە و بە- لایەکدا نەکەوتووە . هەر دیموکراتیەتێك لە تورکیادا بۆ کورد باشە . زۆر کورد بۆ دیموکراتیەت و سۆسیالیزم چوونە " تورکیە ئیشچی پارتیسی" یەوە و فایدەیان لێ دیت، لە نزیکەوە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی تورکدا دوان و لە هەموو ڕوویەکەوە باشتریان لێ تێگەیشتن، لە ڕێی ئەم پارتیەوە پێوەندییان بە گەلی خۆشیانەوە باشتر بۆ کرا .
کوردی تر، پارتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراندوون، لە دە ساڵی ڕابردوودا نیودەرزەن پارتی کورد سەریان هەڵێناوە . زۆرتر وابووە، تەمەنیان کورت، لە داهات و توانا و کادیری سیاسیدا هەژار، و چەرمەسەریی" قاچاغی" شیان وێڕا، نەیانتوانیوە پشتگیریی جەماوەری زۆر وەدەست بێنن . لەوانە،تەنیا" پارتی دیموکراتیکوردستانیتورکیا" ماوەتەوە،کە دوو کەس ساڵی ١٩٦٥ دایانمەزراندبوو: فایق بوجاك، پارێزەرێکی خەڵکی ئورفە کە پۆلیسی نهێنیی تورك لە تەمووزی ١٩٦٦دا کوشتی؛ و" سەعید ئێلچی"، حیسابدار(محاسب) یێکی خەڵکی دیاربەکر کە ساڵی ١٩٧٠ بە شێوەیەك لە کوردستانیعیراق کوژرا و ئێستاش نەزانرا چۆن بوو . " پارتی دیموکراتی کورد- ستانیتورکیا"، پاڵی وە هەمان پارتی لە کوردستانی عیراق و سووریا دابوو ، ئەندامانی زۆرتر لە خوێندەوارانی دێهات و لە بەشێکی چینی ناوەندی شارستان بوون؛ ساڵی ١٩٦٩ کێشەیەکی ناوخۆی گرانی تێکەوت، دەستە- یەك بە ڕابەریی دکتۆر شڤان لێیجیابوونەوە و بۆخۆیان پارتیەکیان بەناوی" پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا" دامەزراند ، کە بەلای چەپدا بوو و داوای سەربەخۆیی تەواوی بۆ کوردستان دەکرد(٤٣) .
جگە لەو دەستە قاچاغانە، دەبێ لێرەدا باسی " د. د. ك. ئۆ. " ی ئاشکرا و چالاکیش بکرێ، کە ڕێکخراوێکی ئاشکرای لە ئەساسدا فەرهەنگیی غەیرە سیاسی بوو ، بەڵام لەو ماوەکورتەی کاری ئاشکرایدا ( بەهاری١٩٦٩

تا دەرەنگانی ١٩٧٠) دەوری گرنگی سیاسیی بۆ کورد دیت. بەوە کە ڕێکخراوێکی فەرهەنگیی ڕەسمی بوو، کەوتبووە روون کرنەوەی وەزعی ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی "ڕۆژهەلات" بۆ بیروڕای گشتی، کۆنگرەی ڕۆژنامەگەریی پێکدەهێنان، کۆڕی دەبەستن، پۆستەرو نامیلکە و... ئیدی بلاودەکردنەوە، بەتایبەتی سەرنجی بۆ سیاسەتی کپ کردنی ئازادی لە کوردەواریدا رادەکێشا. لە ١٩٧٠وە،مانگنامەیەکی دە لاپەڕەیی زانیاری و دەنگوباسی بە ٣٠هەزار دانە لە شارو دێهاتی کورد و بەسەر کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و فەرهەنگی و سانديکاییەکانی تورکیشدا بلاو دەکردەوە*. بە حەملەی گەورەی زانیاری و دەنگوباس بلاوکردنەوە، کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری و،گێڕانەوەی شەخسیی رەوشت و رادەی عەمەلیاتی کۆماندۆ،ئاخری ، دەنگی لە ڕێی ڕۆژنامانەوە بە بیرو رای گشتی گەیاند. بیرو رای تورکی لیبرال و دیموکرات بزووت. ڕێکخراوی خوێندکارانی تورکیا، سانديکای کرێکارانی سەنعەت، مامۆستایان، و تورکیە ئیشچی پارتیسی ناڕەزاییان لە سیاسەتی سەرکوت-کردنی گەلی" ڕۆژهەلات" دەربڕی. ئەندامانی ددك ئۆ کە دەچوونە دێهات تا لە هەلومەرجی ژیانی خەلکەکەی بکۆلنەوە،قسەیان بۆ دێهاتییان دەکرد، باسی ئەوەیان بۆ دەکردن کە دەستوورمافی هاونیشتمانێتی داوە، دەبێ داوای بکەن و دەبێ خۆیان ڕێك بخەن. حکومەتی تورك بەم چالاکیانە زۆر ناڕەحەت بوو،ئەوەبوو هەر لە ئۆکتۆبری ١٩٧٠دا (هێشتا شەش مانگ بەر لە کۆدێتا) رابەرانی سەرەکیی ددك ئۆ ی خستبوونە زیندانەوە.

لە ١٩٧٥ـەوە، ڕێکخراوێکی تری لاوان کە بە ناوی " کۆمەلانی فەرهەنگیی گەل " ( هـ ك. د.)(٤٤) ناسرا، لە شارستانی کوردەواریدا دامەزرا، زۆرتر بیری لای پەروەردەکردنی ئەندامان و یارمەتی دانی جووتیاران و کرێکاران بوو لەکێشەیان لەگەل ئاغاو خاوەن کاردا.

کوردیش هەن بەدەوری " دیسك" ( یەکێتی سانديکایانی کرێکارانی پێشڤەرو) و " ت وب- دەر" ( کۆمەلەی یەکێتی مامۆستایانی تورکیا)(٤٥). کۆمەلەی جووتیاران هێشتا نیە. لە سیاسەتی ڕەسمیی تورکیادا، زۆرتری کورد " جمهوریەت هالك پارتیسی" ( پارتیەکەی ئەتاتورك )یان هەلبژاردووە کە پارتیەکی سۆشیال دیموکراتە و پێیان وایە ئەمە لەم دەورودووکانەدا بە تەئسیرترین ڕێیەکی خەباتە بۆ دیموکراسی. چەپی مارکسیی تورك ئەوەندە پارچە - پارچە بوون (هەر پارچەیە نیسبەتێکی گرنگی لە کورد پێکدێ) ناتوانن قورساییەکی سیاسیی زۆر پەیداکەن، جارێ وێناچێ جێ‌پڕکەرەوە(بەدیل)یەکی تری ڕەسمییان بەدەستەوە هەبێ.

---

*بۆدەقی تەواوی هەر نۆ ژمارەی ئەم مانگنامەیە و بەرهەمی تری ددك ئۆ بڕوانە: ددك ئۆ داڤاسی،ئەنقەرە، ١٩٧٥.

## پێنج - پارتیه سیاسیه تورکەکان و مەسەلەی کورد

ساڵی١٩٧٦، دەوری ٢٠ پارتی و دەستەی سیاسیی ئاشکرا و قاچاغ لە مەیدانی سیاسەتی تورکدا هەبوون. ئێمە لێرەدا هەرهەڵوێستی گشتیی هێزە سیاسیە سەرەکیەکانی تورك لە مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد ئاماژە پێ-پێدەکەین.

هەرچەندە رەنگە زێدە سادەکردنەوەش بێت، بەڵام بەهەرحاڵ، دەکرێ پارتی و دەستەی سیاسیی تورك بکرێنە چوار بەش: ١- بۆرژوای لیبرال، ٢- بۆرژوای نەتەوەیی، ٣- پان تورانی ( ئەوپەڕی راست )، ٤- سۆسیالیست و کۆمونیست.

### ١- هەڵوێستی پارتیە بۆرژوا لیبرالەکان

گرنگترین رەوشتی بۆرژوا لیبرالەکان ئەوەیە کە دەیانەوێ حکومەت ئابووری نەگرێتە دەست خۆیەوە، وازیان لێ-بهێنێ بەکەیفێ خۆیان کارو کەسابەت و سەنعەت و بازرگانیی خۆیان بکەن و دەست نەخاتە کاروباریانەوە، ئیدارەیان بەدەست خۆیان بێ و بەدەست دەوڵەت نەبێ. بۆرژوا لیبرال،بە رواڵەت لەگەڵ کەمالیەتدان تاکوخۆیان لە غەزەبی لەشکر بپارێزن، دەیانەوێ لەگەڵ کوردانێکی وەکوخۆیان خاوەن پارەو پوول ودارایی یەکبگرن، هەم ئەوان لە نەزمی ئابووریی تورکدا بتوێننەوە و هەم سەرمایەی خۆشیان بخەنە کوردستانەوە و، بازاڕ و سەوداو مامەڵەکە زل بێتەوە:

<u>" دەمۆکرات پارتی" ی عەدنان مەندەریس:</u>

کاتێ ئەم حیزبە ساڵی ١٩٥٠ هاتە سەرحوکم، سیاسەتێکی تا رادەیەك نوێی بەرامبەر بە کوردهێنا، زۆر هەوڵی دا بازرگانان وئەعیان وئاغاوەتی کورد بکاتە دۆستی خۆی و، ئابووریی کوردستان لە بازاڕی سەرمایەداریدا بتوێنێتەوە. بەوەندە دیموکراتیەتەی هێنای،هێندێك لە زۆرداریی جارانی حکومەتی کەم کردەوە، کۆچ پێ کردنی بەزۆروی کورد نەما، رەفتاری جارانی لەشکر لە کوردستان گۆڕا،و ئیدارەی حکومەتیش دەسەڵاتی ئەو زۆرداریەی نەما. هەرچەندە ئەم حیزبە مافی فەرهەنگیی کوردی هەر نەدا، و لەکاتی قەیرانی سیاسیدا باسی دێوی جیابوونەوەخوازیی کوردی دەهێنایەوە کایەوە و، پەیمانی هاوکاریی دژی کوردی لەگەڵ داگیرکەرانی تری کوردستاندا ئیمزا کرد ( پەیمانی بەغدا)، بەڵام " قسەکردن"ی بە زمانی

کوردی رێدا .

عەدالەت پارتیسی :

ساڵی ١٩٦١، بۆ درێژە پێدانی هەمان سیاسەتی " دەمۆکرات پارتی"ی پێشووی مەندەریسی لەقەنارەدراو، دامەزرا . - ماوەی مارتی ١٩٧١ تا ئۆکتۆبری ١٩٧٤ی لێ دەرچێ - لە ١٩٦٥ـەوە لەسەر حوکمە . نوێنەری سەرمایەدارانێکە کە لەگەڵ سەرمایەدارانی نێونەتەوایەتیدا نێوانیان هەیە، ودەوڵەمەندو ئاغاوەتی کورد-یشی لەگەڵدا هەن، بەتوندی بەگژ نەتەوایەتیی کـورددا دەچێ، بەڵام سەردەمێك بە بەرنامەی " ئاوەدانکردنەوەی رۆژهەڵاتی ئەوەندە ماوە زۆرە لەلایەن حکومەتانی بیرۆکراتەوە پشتگوێخراوە" جێیەکی بۆخۆی لە کوردستاندا کردەوە . خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی ١٩٦٥دا دەنگی زۆریان بۆ دا،بەڵام ئیتر خۆی و دەمیرێلی رابەری لە دوای ئەوەوە لەبەرچاوی خەڵکی کـوردەواری زۆر شکاون *. عەدالەت پارتیسی دەڵێ : " هەرکەس لە تورکیا بژی تورکە"، دەمیرێل لە وتارێکیدا لە شاری مـاردین( ساڵی ١٩٦٧) گوتی : " هەر کەسێکی خۆی پێ تورك نیە یان لە تورکیادا شاد نیە، بۆ هەر کوێیەکی دەیەوێ بچێ ئازادە، سـنوور لەسەر پشـت کراونەوە ". لە ١٩٧٠وە ئیتر دەنگی کەمتر دەست دەکەوێ و ناتوانێ بەتەنیا حوکم بکا . لە دەرەنگانی ١٩٧٤ەوە،ئەندامی سـەرەکیی وەزارە-تێکی چەند قۆڵییە بەناوی" بەرەی نەتەوەیی" لەبەرامبەر چەپدا کە بە"هاوپەیمانانی کۆمونیزمی نێونەتەوایەتی"ی لێ دەدوێن .

دەمۆکراتیك پارتی ی بۆزبەیلی :

لە عەدالەت پارتیسی جیابووەتەوە . خۆی بە دەنگی چینی ناوەندی پێشکەش دەکا،ئێستا( ١٩٧٦- ١٩٧٧ ) لە ئۆپۆزیسیۆن ( موعارەزە)دایە . لە هەڵبژاردنی ١٩٧٣دا چل کورسیی پەرلەمانی بردەوە، بەڵام ئیتر لەوساوە کە

---

* هاتنەخواری هێزی عەدالەت پارتیسی لە تورکیاشدا (ناو تورکان) لەبەرچاوە . ئەم پارتیە لەهەڵبژاردنی ١٩٦٥دا ٥٣٪ی دەنگی بۆ درا و ٢٦٠ کورسیی (لە ٤٥٠کورسیی)پەرلەمانی بردەوە، لە هەڵبژاردنی ئۆکتۆبری١٩٦٩شدا ٢٥٦کورسیی وەدەست هێنا، بەڵام لە ئۆکتۆبری ١٩٧٣دا زۆر هاتە خوار و " جمهوریەت هالك پارتیسی"ی ئەجە-ڤیت بەناوی گرنگترین پارتی سیاسی جێی گرتەوە . عەدالەت پارتیسی ئێستا ( کۆتایی ١٩٧٦) دەوری ١٧٠ کورسیی لە پەرلەماندا هەیە . نووسینی لاتینیی تورکیی هەندێ ناو :

Adalet Partisi, Demirel ; Demokrat Parti, Adnan Menderes ; Demokratik Parti, Bozbeyli

سیاسەت زۆرتر بەرەو ئەم پەڕ- ئەوپەڕ دەچێ، ئەم لەوبەیندا هێزی خۆی زۆر بۆعەدالەت پارتیسی لەدەست داوە. لە کوردستـــان زۆرکەم هەیە، چونکە بوونی نەتەوەی کورد بەتوندی ئینکاردەکاو نایەوێ هیچ گۆڕانێك بکەوێتە وەزعی کوردەوە؛ بێ لەوە، قەت هەڵوێستێکی تری لە باسی کورددا نەبووە .

میللی سەلامەت پارتیسی ی ئەرباکان :

ساڵی ١٩٧٦ لە گەورەییدا سێیەم پارتی بوو و ٤٩کورسیی لە پەرلەماندا هەبوو، پەیامی " برایەتیی مسوڵمانان " ی پێیە، نایەوێ کەس باسی کوردو تورك و... ئیدی بکات، واتا بەگژ دەسەڵاتی تورك بەسەر کورددا ناچێ، نارەزایی لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەرنابڕێ، و ناشیەوێ کە کورد بڵێ : " کوردم " .

## ٢- هەڵوێستی پارتیە بۆرژوا نەتەوەییەکان

جمهوریەت هالك پارتیسی :

جمهوریەت هالك پارتیسی ( پارتی گەل ی جمهوری ) ئەندامی ســەرەکیی ئەو دەســتەجاتە نەتەوەییەیە کە لە " ئیتیحادو تەرەقی "یەوە کەوتوونەوە . بیری بە دەوری ئابووریی نەتەوایەتی و ســەرمایەی نەتەوایەتیی تورکدا دەسوورێتەوە. بەڵام بیروباوەڕی هەر بە باسی ئابووری نابڕێتەوە،ئەم حیزبە خاوەنی ئەو جۆرە نەتەوایەتییەیە کە ئەرمەنیەکانی پێ قەڵاچۆکرا و بە سیستەم کوشتارو وێرانی و کارەساتی پێ بەسەر کورد هێنرا . ئەتاتورك ساڵی ١٩٢٣ ئەم حیزبەی دروستکردو کردی بە تاقە حیزبی حاکم. دوای مردنی ئەتاتورکیش(١٩٣٨) هەروەکوخۆی تاقە حیزبی دیکتاتۆر مایەوە تا ١٩٥٠. دەستەیەکی" ئۆرتانن سۆڵوو"( چەپی ناوەند) لە١٩٦٣وە بە دەوری بولەنت ئەجەڤیتەوە کۆبوونەوە و دوایی دەستیان بەسەر هەموو حیزبەکەدا گرت . ئەوە کە دژەکانی ( لە سەردەمی فاشیزمی پەرلەمانیدا) هاواری" دەوڵەتی بەهێز"یان دەکرد وئەم حیزبە رەقیبیان بوو و ملی بۆنەدەدان، ئەوە لای خەڵکێکی خۆشەویست کرد . لە هەڵبژاردنی ئۆکتۆبری ١٩٧٣دا زۆر سەرکەوت، هـەرچەندە ژمارەی دەنگی‌کە وەدەستی‌هێنا بەشی ئەوەی نەدەکرد هەرخۆی وەزارەتێك پێکبهێنێ . ئێستا خۆی بە پارتیەکی" سۆشیال دیموکرات" دادەنێ و، دەیەوێ ببێ بە ئەندامی " نێونەتەوایەتیی سۆسیالیست "، و دەڵێ کـە دەیەوێ ئازادیی دەربڕینی بیروڕا و ئیجازەی پارتی کۆمونیســتی تورکیا بدا و دیموکراسی بخاتە ژیانی ئابـووری و سیاسیی

---

(( Cumhuriyet Halk Partisi, Ecevit ; Milli Selamet Partisi, Erbakan. ))

تورکیاوە . لە بەرنامەی هەڵبژاردنیدا بەناوی " ئاق گونلەر " ( ڕۆژانی گەش )، بەڵێن دەدا کە دەیەوێ بەتایبەتی گوێ بە پێشخستنی" ڕۆژهەڵات" بدا و تۆڵەی ساڵانی پشتگوێخرانی ڕابردووی بۆ بکاتەوە . ئەم حیزبەی ئەتا-تورك، تەبیعی،بەهیچ جۆرێك بەلای باسی مافی فەرهەنگییکورددا ناچێ . داگیرکردنی ٤٠٪ی خاکی قبرس لە لایەن لەشکری تورکەوە لەسەردەمی حوکمی ئەم حیزبەدا، نموونەیەکی تری هەمان تاس وحەمامی سەردەمی ئەتا-تورکە و ریسواییەکی لاف لێدانی" سۆشیال دیموکرات " بوونیەتی . بەهەرحاڵ، وابووە ئەم پارتیە توانیویەتی خەڵکێك لە کوردستان وا لێ بکا دەنگی بۆ بدەن( لە بەرامبەر ڕەقیبانی تردا) . کاتێ دوای شۆڕشی هەرێمی باشووری کوردســـتان، دەستەیەك لە پەرلەماندا داوایان کرد حوکمی عەسکەری بخرێتە ویلایەتەکانی کـورد-ستانەوە، زۆرتر ئەم پارتیە بوو کە پێشی پێ گرتن و نەیهێڵا داواکەیان بۆ جێ بە جێ ببێ . نوێنەرانی ئەم پارتیە لە پەرلەماندا،کە چەندین لەوانە کورد بوون و لە ساڵی ١٩٧٣وە ببوونە ئەندامی پەرلەمان ، تەنانەت داوایان لە حکومەتکرد سنوور بۆکوردی ئاوارەی هەرێمی باشوور بکاتەوە و وەریانبگرێ و جێ و ڕێ و ژیانیان لە تورکیادا بۆ دابین بکات . هەرچەندە دیارە ئەم پارتیە دەیەوێ بەوانە دەنگی کـوردان لە هەڵبژاردندا وەدەست بێنێ، بەڵام ئیتر ئەم شێوەیەی دوایی لەو توندو تیژیەی جارانی جیاوازە .

## جمهوریەتچی گوڤەن پارتیسی :

ئەم پارتیە دەڵێ کە نەتەوەییە . کۆنە ئەندامانێکی جمهوریەت هالك پارتیسی، کە گوایا لەسەرئەوە کە بەرەو چەپ ڕۆیشتووە لێ جیابوونەتەوە،دایانمەزراندووە . هێزی ئەوەندە نیە . بەوە کە لە سەردەمی" فاشیزمی پەرلەمانی"دا خۆی کردە ڕوویەکی دیموکراتیی لەشکرو میت، زۆر سووك بوو. ئەم حیزبە هەمیشە زۆر توندڕۆی هەر دەربڕینێکی هەویەتی کوردییە، بەو بەڵگەیە کە ئەوە یەکێتی کۆماری تورکیا دەخاتە مەترسیەوە .

## کەمالیی چەپ :

هەرچەندە ئەمانە هێزی ئەوتۆیان لە پەرلەماندا نیە، بەڵام هێزێکن لە ژیانی سیاسیی تورکیادا . دەڵێن کە دوژمنی هەرتك :" سەرمایەداری" و" کۆمونیزم"ن، و" هەر دەستەیەك کادیری پێشکەوتووی لە هەر پێوەندێکی تایبەتی و ناوچەیی و تەئسیرێك بەدوور، دەتوانن بە دەسەڵاتی دەوڵەت ئیسلاحاتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێدا-ویستی پێشکەوتنی وڵات بەجێبهێنن " . ( بۆ ئاگاداریی پتر لە بیروباوەڕیان بڕوانە : " تورکیەنین دوزەنی"ی

---

(( پارتی بڕوای جمهوریەتچی Cumhuriyetçi Gűven Partisi ))

"د.ئاقجی ئۆغلو" ی ڕابەریان، بیلگی یاینەڤی،ئەنقەرە،ل٥٨٩-٧٤٠) . سەیر نیە ئەفسەرانی ژێرتەئسیری ئەم بابەتە کەمالیەتە کۆدێتایەك بکەن، ئەگەر شتی وا ببێ و ئەمانە حوکم بگرنە دەست خۆیان، دەبێتە کارەساتێك بۆ کوردی کوردستانی ژێردەستی تورکیا، ئەمانە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە " کورد وجوودی نیە" و ئامادەن بە هێز ئەو قسەیەیان بسەلێنن .

## ٣- هەڵوێستی پان تووورانیی ئەوپەڕی ڕاست

هەرچەندە پرۆژەی"پان تووورانیەت"ی شەڕی جیهانیی یەکەمی کۆمیتەی ئیتیحادوتەرەقی شکستی خوارد، بەڵام بیروباوەڕەکە - بەبێ ڕێکخراوێکی تایبەتی - لە ناو نەتەوەییە تورکەکاندا هەر مایەوە، و لە ڕۆژنامە و گۆڤا ر و کتێباندا هەر زۆری لەسەر دەنووسرا . لە ١٩٦٥ بەم لا، سەرهەنگ ئالپئارسلان تورکەش کەوتە سەر دانانی پارتیەکی بە ئیجازە بۆ ئەو مەبەستە . ئەم زەلامە ڕابردووی لایەنگریی نازیەتی هەیە، ساڵی ١٩٤٦ لە سەر " چالاکیی فاشیستی و نەژادپەرستی" درایە دادگای عەسکەری، دوایی بەردرا و ڕێ درا بچێتەوە ریزی لەشکر ؛ لە کاتی کۆدێتای ١٩٦٠دا - کە دەورێکی چالاکی تێدا دیت - سەرۆکی بەشی ناتۆ بوو لە سەرۆکایەتیی ستادی لەشکری تورکیادا . کە ئەندامی کۆمیتەی " م. ب. ك." (٤٦) و مشاوری سەرەك وەزیران بوو،لەگەڵ دە- دوازدە کەسێکی تردا هەوڵیان دا کۆدێتایەك بکەن و تێدا سەرنەکەوتن، گیران و لە کۆمیتە دەرکران و کران بە سەفیر لە وڵاتانی دوور(١٩٦٠) . ساڵی١٩٦٣، تازە گەڕابۆوە کە دیسان هەوڵیکۆدێتایەکی تری دا ،دیسان سەری نەگرت و گیرا و هێندێك خرایە زیندانەوە. دوای ئەوە بڕیاری دا پارتیەکی سیاسی لە تەرزی پارتیە فاشیستە ئەوروپاییە- کان دروست بکا، دەستەیەکی خزاندە ریزی پارتیەکەوە کە ئەوسا بە ناوی " ج. ك. م. پ. " ( پارتی جووتیاری نەتەوەی جمهوریەتچی) هەبوو، کاتێکت زانی ئەوانە کۆنفرانسێکیان گرت و تورکەشیان بە سەرۆك هەڵبژارد .
تورکەش بەم شێوەیە پارتیەکی بەدەستەوەگرت و ڕابەرە کۆنەکانی وەلانان، ئەوجا ناویشی گۆڕی، کردی بە پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (م هـ پ: میللیەتچی حەرەکەت پارتیسی) . ئیتر تورکەش خۆی ناوناوە ڕزگارکەری تورکی " ئەسیرلەر"ی رووسیاوچین و دوا شوورەی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی تورك بە ڕووی کۆمونیزم و جیابوونەوە- خوازییکوردەوە . م هـ پ لە ١٩٦٧ـەوە ڕێکخراویعەسکەرییهەن . هەرچەندە بەندی ٢ی قانوونی ڕێکخراو و پارتی لە تورکیا قەدەغەی کردووە ڕێکخراو و پارتی مەشقی عەسکەری بە ئەندامانیان بکەن، و ئەگەر بیکەن

---

((Cumhuriyetçi Köylü Millet Partisi, Milliyetçi Hareket Partisi, Alparsalan Türkeş ))

سزای قەدەغەکرانیانی لەسەرئەوە بۆ داناون، بەڵام بۆ تورکەش قەیدی نیە . م هـ پ هەرساڵە، بە ئاشکرا بـە ڕۆژی نیوەڕۆ، مەشقی بەکارهێنانی چەکی گەرم بە سەدان لە ئەندامانی لاوی دەکا. دیارە کاربەدەستانی حکومەت بەخۆڕایی نیە کە پەتیان وا بۆ م هـ پ و چەکدارانی شل کردووە، پیاوکـوژانـی م هـ پ لە کوشـتن و بڕین و ترساندنی لاوانی پێشڤەڕوودا کارێك بە ئەنجام دەدەن کە پۆلیس خۆی پێی ناکرێ، ئەوجا شەڕو ئاژاوە وهەرایەکی وا لە وڵاتدا دەنێنەوە کە ڕژێم هەمیشە بەهانەی کۆدێتای حازرو بزر بەدەستەوەیە . پیاوکوژانی م هـ پ ( بەناوی بۆزکورت =گورگەبۆز ،گورگەبۆر) بەردەوام پەلاماری زانکۆیان،خوێندگەی‌بەرزوشوێنی ژیانی خوێندکاران دەدەن . لە ١٩٦٩وە، پتر لە ٢٠٠خوێندکاری پێشڤەرووی کوردو تورکیان کوشتوون،کە زۆرتر وابووە هەر ڕێك لەبەردەمی پۆلیسدا کوشتوویانن . ئەم حیزبە لە پەرلەماندا هەر دە کورسیی هەیە، بەڵام تەئسیری بە سەر ژیانی سیاسیی تورکیاداو هێزی لە دەزگای دەوڵەتدا یەکجار زۆر لە هێزی هەڵبژاردن و پەرلەمانی پترە ؛ بـە هەرچی توندو تیژیی لەتوانایدایەو بە شێوەیەکی عەسکەری دژی کوردە، هەر لە باسی" پێویستی بەتورككردنی ئەو ناوچە لە جیابوو- نەوە نەهاتانەی نەتەوەی تورك"دا ( کە مەبەستی کوردسـتانە) لە بوونی کورد دەدوێ . قەلاچۆکردنی کورد بەشی ئەساسیی پرۆگرامی پێك دەهێنێ .

## ٤- هەڵوێستی پارتی و دەستەجاتی بانگی سۆسیالیزم

هەمووی بەر لە پازدە ساڵ نەبوو کە ناوی سۆسیالیزم لە تورکیادا وشەیەکی مەلعوون و بقە بوو، کەچی ئێستا بڕۆ سەیری بکە چۆن بووەتە مۆدە، داوێنی چینی ناوەندی، بۆرژوا لیبرال،ونەتەوەیی چەپ،هەموو دەڵێن سۆسیالیستن . پێنج پارتیی ئاشکرا، دووی قاچاغ و، دەوری یەك دەرزەن " جەبهە" و" بزووتنەوە" هەن ،کە هەریەکەیان خۆی بە میراتگری ڕاستەقینەی فکری مارکس دادەنێ، گۆڤاری خۆی هەیە، زۆریان ڕۆژنامەی ڕۆژانە و بنکەی بڵاوکرد- نەوەشیان هەیە، ئەدەبیاتیشیان زۆرتر هەر شەڕەجنێوی نێوان خۆیانە، زۆرتریش هەر خوێندکارن کە روویان تێ- دەکەن . ئەم شەڕەجنێوانەیان زۆرتر دەربارەی کێشەی وڵاتانی ترن، ئەو کێشانەش ئەوەندە زۆرن کە ئیتر کەم دەپەرژێنە سەرباسی دەردێکی وڵاتی خۆیان . خۆ" ئەگەر" باسێکی کێشەی نەتەوایەتیی‌کورد بکەن،ئەوا باسێکی زۆر بێ مستەوا دەکەن . هەم مەترسیی حکومەت و هەم گیانی شۆڤێنیەتی" تورکیای گەورە" وەکو کەلەپوورێك، ئەوەندە ڕەگوڕیشەی قووڵیان دە دەروونی ئەواندا هەیە، تا بۆیان بکرێ خۆ لە هەرباسێکی‌کورد لادەدەن . زۆرتر قسەیان بە جنێوێکی وا دەبڕنەوە کە : " ئەوانەی باسی مافی گەلی کـورد بکەن کە خۆی بڕیاری خۆی بدا، کەسانێکن شۆڤێنیستن و بۆرژوا ناسیۆنالیست لەر" . هەندێکی تریان هەن دەڵێن : " ئێستا کاتی ئەوە نیە بەم

قسانە هێزە دیموکراتیك و شۆڕشگێڕەکان پارچە- پارچە بکەن" ، ئەوجا " ئاخر لە کاتێکدا کە دەزانین ئەگەر سۆسیالیزم لە تورکیادا سەربکەوێ کوردیش ئازادی و مافی خۆی پێدەگات، ئەم قسانەی باسی کورد چ پێویستن ...ها ؟ " .

پارتی کۆمونیستی تورکیا (ت. ك. پ. ) :

ئەو قسانەی سەرەوە، هەمان جەوهەری بیری پارتی کۆمونیستی تورکیان . هەرچەندە ئەم پارتیە سیاسەتی کپکردنی ئازادیی کوردی مەحکووم کردووە، و بە قەبووڵ کردنی بیروباوەڕی " مافی دیاری کردنی چارەنوسی خۆ ی گەلان " بەگشتی ئەو مافەی بۆ کوردیش قەبووڵ کردووە ( بەوە کە" گەلان" کوردیش دەگرێتەوە!)، بەڵام دیسا ،لەو پتر لە نیو سەدەیەیدا ، " قەت " نە بەلای باسی مەسەلەی نەتەوایەتیی کورددا چووە و نە قەت داوای کردووە ڕێ بدرێ گەلی کورد ئازادانە بڕیاری خۆی بدا. تەنانەت خوێندەوارێکی تورکی کۆمو- نیستی وەك " نازم حیکمەت " ی شاعیر، کە بە گڕی هەستی نێونەتەوایەتی، شیعری بۆ خەباتی گەلانی : کووبا، ئیندۆنیزی، و هیندیەکان نووسیوە، تاقە یەك دانە بەیتە شیعری بۆ خەباتی بێ وچانی گەلی کورد لە دەم نەهاتووەتە دەر، لە کاتێکدا کە هەموو لە شەڕی دژی هەمان دوژمن ( ڕژیمی بۆرژوای تورك) دا بوون .

پارتی کرێکارانی تورکیا (ت. ئی. پ.) :

تورکیە ئیشچی پارتیسی، تاقە پارتیی چەپی تورکی بە ئیجازەی رەسمی تا ١٩٧١ ، دەورێکی گرنگی لە بڵاوکردنەوەی بیرو رای سۆسیالیستی و پەرەپێدانی خەباتی بۆ دیموکراسیدا دیتووە . هەمان چالاکیی خەباتی، بەرەو ئەوەی برد لە ئاست وەزعی گەلی کورددا چاو بکاتەوە و بێتە سەر ئەوە کە لەو رووەوە هەوڵی شتێك بدا ، ئەوەش گۆڕانێك بوو دە هەڵوێستی ئەو پارتیەدا کە بە تەقەلا و خەباتی سەختی " ئەندامە کوردەکانی " بەدی هات، چونکە هەمان شۆڤێنیەتی لەمێژینەی تورك بە خستی دە کەللەی " ئەندامە تورکە کۆمونیستەکان"ی ئەم حیزبەشدا هەر هەبوو . خەباتی کوردەکانی ناو ئەم پارتیە،لە نوامبری ١٩٧٠دا بەریگرت، ئەوەبوو لەکۆنگرەی چوارەمیدا بڕیار درا کە" گەلێکی کورد لە رۆژهەڵاتی تورکیا هەیە؛کاربەدەستانی فاشیستی نوێنەری چینە دەسەڵاتدارەکان سیاسەتی تواندنەوەو سەرکوتکردنی گەلی کوردیان گرتووەتە بەر کە زۆرجار بووە بە کرداری خوێنین"؛ " هۆیەکی ئەساسیی دواکەوتوویی ئەو ناوچەیەی‌گەلی کوردی تێدا دەژی لەچاو ناوچەکانی

(( Tűrkiye Koműnist Partisi; Tűrkiye İşçi Partisi.))

دی، بێجگە لە یاسای پەرەسەندنی نارێکی سەرمایەداری، سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هێزی چینە دەسەڵاتدارەکانە، ئەوەیان لەبەرچاو بووە کە ئەم ناوچەیە گەلی کوردی تێدا دەژی " ؛ " لەبەرئەوە گیرو گرفتی رۆژهەڵات بە گیروگرفتێکی ناوچەیی دانان، درێژەپێدانی بیروباوەڕی شۆڤێنیانە و نەتەوەییانەی چینە دەسەڵا-تدارەکان دەگەیەنێ و هیچی دی ". جگە لەوەش، کۆنگرە بانگی لە پارتی کرد " پشتگیریی خەباتی گەلی کورد بکا بۆ بەجێ هێنانی هەموو ئاوات و داخوازە دیموکراتیەکانی " .

ئەم بڕیارە، بە ڕەچاوگرتنیهەڵوێستی تورك، ئازایانە بوو، قەت بەرلەوە لە مێژووی تورکیادا نەبووە پارتیەکی کە نوێنەری لە پەرلەماندا هەبووبێ گوتبێتی گەلیکورد لە تورکیا هەیە . ئەم پارتیە بە گوتنی ئەوە ملیخۆی کێشایە سەرکۆلکەداری میرغەزەب . بەتاوانی" چالاکیی جیابوونەوەخوازانەی بۆکوردان" لەلایەن حکومەتی" بەهێز"ی " نیهاد ئەریم"ـەوە کە لەشکر دایнابوو، لە حوزەیراندا قەدەغەکراو پێچرایەوە، رابەرانی گرنگی گیران و تابە١٢ ساڵیش حوکمدران، تا لە تەمووزی ١٩٧٤دا بەخشران و لە زیندان دەرچوون .

لە پایزی ١٩٧٤دا، بەهیجە بۆران و چەند کەسێکی تر لە رابەرانی تورکیە ئیشچی پارتیسی دیسان کۆبوونەوە و حیزبەکەیان بە هەمان ناو سازکردەوە، بەڵام ئیتر بەهیجە خانم هەموو ئەندامانی کۆنی بۆ کۆنەکرانەوە . هەندێك لەوانە - ی نزیك لە پارتی کۆمونیست - بەر لەم سازکردنەوەیەی بەهیجەخانم پارتیەکیان بۆخۆیان دامەزراندبوو، ناویان نابوو " تورکیە سۆسیالیست ئیشچی پارتیسی"، هەندێکی تر پارتیەکیان بەناوی" سۆسیالیست پارتی" (٤٧) دروست کردبوو . ئیتر" تورکیە ئیشچی پارتیسی"ی ئەمجارەی سازکراوی بەهیجەخانم هەرلە چەند شارێکی گەورەدا توانی بنکەی باش پەیدابکا، تازە هێزی زۆری چەند ساڵی بەرلەوەی ناو سانديکايانی سەنعەتی و مامۆستایانی بۆ پارتی کۆمونیست لەدەست دابوو. رابەرانی ئێستا لە باسی کورددا زۆر سرك و بەپارێز وترسن، بەهیجەخانم و رابەرانی تری پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە " هەر بزووتنەوە و مەیلێك، هەرچەندە خۆی لەخۆیدا بە جیا پێشڤەڕوو و دیموکراتی و رەواش بێت، لەچاو خەباتی پێداویستی چینی کرێکار و هاوپەیمانانی لە پێناوی سۆسیالیزمدا شتێکی سانەوییە و دەبێ ئەو تابیع بەم بێت" *. ئیتر خەباتکارانیکوردیش پۆل- پۆل وازیان لێ هێناوە .

---

* بۆ بەراورد :" یورویوش " (مارش) ، حەفتەنامەی تورکیە ئیشچی پارتیسی، ژمارە ٥٢ .

سۆسیالیست پارتی : (٤٨)

محەمەدعەلی ئایبار و هەڤاڵانی لیبرال سۆسیالیستی، ساڵی ١٩٧٤ دایانمەزراند، ناڵێ مارکسیە، ئەندامانی لە رۆشنبیرانی لیبرال و وێدەچێ هەندێ سانديكاييش بن . هەرچەندە ئایبار شەخسیەتێکە لە ساڵانی ١٩٤٠ـەوە بەرگریی لە دیموکراسی کردووە،بەڵام خەڵکێکی زۆر ئاوری لێ ناداتەوە . زۆر ئاگای لە ئیجازەی رەسمیی حیزبەکەی هەیە و لەبەر ئەوە باسی کـورد ناکا، هەرچەندە بە رێکوپێکی دژی " رەفتاری کۆماندۆ لە رۆژهەڵات " بووە .

تورکیە سۆسیالیست ئیشچی پارتیسی :

ساڵی ١٩٧٤ بەتەمای ئەوە دامەزرا هەموو دەستەو کۆڕوکۆمەڵە شۆڕشگێڕەکان لەژێر ئاڵایدا کۆ- بکاتەوە، بەڵام بە جرە- جر خۆی رادەکێشێ و خۆی دەخاتە لای چەپی" تورکیە ئیشچی پارتیسی " یەوە، چەند سـانديكاييەكی سـەنعەتی و خوێندەوارێكی پەیداکردوون . گۆڤارەکانی : " ئیلکە " ( مەبدەء، پرەنسـیپ ) و " کیتلە " ( جەماوەر) لە باسی زۆر شتاندا زماندارییان لێ دەبارێ، بەڵام هەتا ئێستا " تاقـە یـەك دانـە " باسی مەسەلەی کوردیان نەکردووە * .

دەستەجاتی مائۆیی :

چەندین تاقمن، هەموو خۆ بە تابیعی فکری مائۆتسی تۆنگ دادەنێن . شەڕو چەقە و هەرایەکیان ناوەتەوە ئەوسەری دیار نیە، کەوتوونەتە شەڕی یەکترو شەڕی چەپی تری تورك : " هەی کاونتەری شۆڕشگێڕیی ریڤیژیونیستی سۆشیال فاشیستی فلانەو فلانیستی ...نازانم چیستی !". هەر بە زمانیش ناوەستن،وا دەبێ بە هەمان شێوەی فاشیستی ئەوپەڕی دەستەڕاست رەفتار دەکەن . هەموو هەر خوێندکارن :

ـــ پارتی رەنجبەرانی تورکیا : (٤٩) میهری بەللی ساڵی ١٩٧٤ دایمەزراند . لە سـاڵانی ١٩٦٠ـەوە،لە دژی بیری " شۆڕشی سۆسیالیست" ی تورکیە ئیشچی پارتیسی،بەرگریی لە بیری" شۆڕشی دیموکراتیی نەتەوایەتی" دەکرد . لە ساڵانی ١٩٦٠دا، لاوانێکی زۆر ئەم قسەیەیان بەکەیفێ بوو و لەگەڵیدا بوون، بەڵام ئیتر دوای ئەوە ئەوەندە پارچە- پارچە بوون و، پارچەی پارچەکانیش پارچە- پارچە بوون و ئەوانیش...ئیلا ماشائەڵڵا،تا لە تامیان

---

* بیرلیك پارتیسی ( پارتی یەکێتی)یش، کە زۆرتر بەدەست ئاینیە(شیعە) کانە و لەم ساڵانەی دواییدا خۆی بـە سۆسیالیست پێشکەش کردووە، ئەویش بەهەمان شێوە ( باسی هەموو شتێ دەکا، کورد نەبێ) .

دەرکرد و ئیتر ئەو باوەیان نەما . میهری بەللی،مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ ی کورد ناسەلێنێ، دەڵێ : " کورد دەبێ لەپێشدا رەگەڵ تورك بکەون و شۆڕش بە ئەنجام بدەن، ئەوسا دوای ئەوە ئێمە مافی فەرهەنگییان دەدەینێ، چارەسەری مارکسیی کێشەکە بەم جۆرەیە" .

ـــ پارتی شۆڕشگێڕیکرێکاران و جووتیارانی تورکیا( ت. ئی. ئی. ك. پ.) : دەستەیەکی تری مائۆییە،پارتیەکی قاچاغە، " دۆغو پەرینچەك" رابەریی دەکا کە گۆڤارێك بە ناوی " پ. د. ئایدنلك " ( رووناکیی پرۆلیتاری شۆڕشگێڕ) دەردەکا. کەمێك لە حیزبەکەی میهری بەللی بەهێزترە، زۆرتری کاتی خۆی بۆ شەڕی رێکخراوانی چەپ تەرخان کردووە، بۆ شەڕی " دیسك" و " توب - دەر" و پارتی و رێکخراوە دیموکرات و سۆسیالیستەکانی تر. هەڵوێستی لە مەسەلەی کورد هیچی بەسەرهیچیەوە نیە، بەجۆرێك بەدەست تاکتیکانەوە گیرۆدە بووە بۆی ناچنەوە سەریەك . لە پرۆگرامیدا دەڵێ کە حیزب" مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ ی کورد و- ئەگەربیەوێ- مافی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی دەسەلێنێ ( بەندی٥٢)*، بەڵام دەڵێ کە حیزب "پێشڕەوی کرێکاران وگەلی تورکیای دوو نەتەوەیە"** ( کوردو تورك)، و پێشنیار دەکا مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد" لە چوارچێوەی کۆمار- ێکی گەلیی دیموکراتدا" چارەسەر بکرێ کە " هەردوو گەلی برا لەسەر بناغەی یەکسانی کۆدەکاتەوە"*** . ئەم بەڵێنە هێشتا هەر زۆر تیۆریە، بەتایبەتی چونکە ئەم حیزبە زۆر بە توندی بەگژ هەر هەوڵێکی دامەزراندنی هەر رێکخراوێکی کورد یان سانديکایەکی کورددا دەچێ . ئەندامانی داوادەکەن کە" لەشکری تورکیا چنگی لە داگیرکردنی کوردستان توندتر بکا" تاکو لە بەرامبەر خەتەری سۆسیال ئیمپریالیزم ( سۆڤیەت و جەماعەتی ) دا بەرگری لە تورکیا بکرێ . (٥٠)

ئەوانی تر :

لە دەستەجاتی زۆرتری تری نهێنی و نیوە نهێنی :

ـــ لەشکری رزگاریی گەلیی تورکیا ( ت. هـ ك. ئۆ. ) : دەستەیەکی ناسراو و لەبەرچاوە، دەنیز گەزمیش ( تا لە

---

* بۆ بەراورد : ت. ئی. ئی. ك. پ. داڤاسی(دەعواسی)، ساڤونما (دیفاع)، ئەستەمبوڵ، ١٩٧٥، ل٣٧٠ .

** هەمان سەرچاوە(ی پێش ئەمە)، ل٣٧٣.

*** هەمان ، ل ٣٧٨-٣٧٩ .

(( Mihri Belli ; Doğu Perinçek , P.D.Aydınlık ))

قەنارەدانی ساڵی ١٩٧٢) رابەریی‌کرد. هەڵگری بیری شەڕی پارتیزانی شارە. شەڕ بۆ رزگاریی تورکیا دەکا لە زاڵبوونی ئیمپریالیزم، لەم قۆناغەدا " ئەرکی سیاسیی دەستبەجێی گەلانی تورکیا " لە "چوونە جەبهەیەکی یەککگرتوو" دا دەبینێ . هەرچەندە دەڵێ " گەلێکی کورد لە تورکیا هەیە " و ددان بەوەدا دەنێ کە خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد رەوایە، بەڵام دەڵێ ئەو کێشەیە هەر تەنیا دوای شۆڕش دەکرێ چارەسەربکرێ . ئەم رێکخراوە، زۆر خوێندکاری لاو، و لاوانی زۆری کوردی کێشاوەتە ریزی خۆیەوە، کە یەکێك لەو لاوە کوردانە دەنیز گەزمیش خۆی بوو ! .

ـــ جەبهەی رزگاریی گەلیی تورکیا : رێکخراوێکی عەسکەریی پارتیەکە کە هەمان ناوی هەیە . دەڵێ دەبێ لە دێهاتەوە شارەکان ئابلۆقە بدرێن . ماهیر چایان دایمەزراند ،و خۆی ساڵی ١٩٧١ لە هێرشێکی حکومەتدا کوژرا. وێ دەچێ ئەم رێکخراوە نهێنیە لەناو ئەفسەرانی لاوی لەشکرو لەناو خوێندکاراندا لایەنگری هەبن . ئامانجی راستەوخۆی ئێستای : رزگاری لە زاڵبوونی ئیمپریالیزم و بەرگری کردن لە تورکیا لە بەرامبەر سۆشیال ئیمپریا- لیزمی بەتەماح ( سۆڤیەت و جەماعەتی) . وابووە بڵاوکراوەی بە زمانی کوردی دەرکردوون، بەڵام هیچ راگەیاند- نێکی دەربارەی مافەکانی گەلی کورد یان چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیادا نەبووە * .

هەرچەندە بزووتنەوەی سۆسیالیستی و دیموکراتیی تورکیا لەم پازدە (٥٢) ساڵەی رابردوودا زۆر پێش‌کەوتووە، بەڵام هێشتا هەر لە جەغزی رۆشنبیران، بەشێکی داوێنی چینی ناوەندی، و چەند بەشێکی کەمی پرۆلیتاریای سەنعەتیدایە . کۆششی پتر، تۆژینی زۆرتر و، هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی دەقی بیری تائێستاقەبووڵکراوی لەپێشە، تا " ئەوجا" بتوانێ تەئسیرێکی گەورەی بەسەر وەزعی وڵاتدا هەبێ . ئەم کاڵی وکرچی و نەگەیشتنە، بەتایبەتی لە هەڵوێستی نزیکەی هەموو دەستەجاتی چەپی تورکدا خۆ دەنوێنێ کە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد هەیانە؛ هەڵوێستێکی بەتەواوی ئالوودە بە تەرزی بیرکردنەوەی نەتەوەیی و شۆڤێنی، کە لە بیروباوەڕی چینە حاکمەکانی تورك بە میرات وەرگیراوە .

---

* دوو دەستەی خەتی " ترۆتسکی"یش هەن، هەریەکەو بنکەی بڵاوکردنەوەی خۆی هەیە : "سودا"و"کۆز" (٥١) .

(( <u>T</u>űrkiye <u>H</u>alk <u>K</u>urtuluş <u>O</u>rdusu, Deniz Gezmiş;
<u>T</u>űrkiye <u>H</u>alk <u>K</u>urtuluş <u>Ç</u>ephesi, <u>T</u>űrkiye <u>H</u>alk <u>K</u>urtuluş <u>P</u>artisi, Mahir Çayan.))

چونکە هۆشی چینایەتی لەناوگەلی کـورددا -کە هێشتا وڵاتی هەر لەژێر چەکمەی داگیرکەردایە - لە هۆشـی نەتەوایەتی لەسەرەخۆتر پەرە دەستێنێ، چەپی تورك ئەم هەستە نەتەوایەتیەی کورد بەدناو و رەش دەکا . بـەڵام بەگژداچوونی مەیلی نەتەوایەتیی نەتەوەی چەوساوە، بەناوی پێداویستی فەوریی پەرەپێدانی خەبات لە پێناوی سۆسیالیزمدا، ماڵی خۆ وێران کردنە لە مەیدانی واقیعدا . زۆر پێش ئەوەی بەم هۆشـی نەتەوایەتیەی کـورد نارەحەت بن، ئەو کـوردەی پەرەپێدانی فەرهەنگیی تا ئێستاش لە سەدەکانی ناوەندیداهێڵراوەتەوە، هـەقـە ئەوانەی هیچ دڵێکیان لای رزگاریی گەلانە بەم هۆشیاربوونەوەیەی سیاسیی کورد شادبن . لەدایك بوونی هۆشی نەتەوایەتی لەگەلێکی چەوساوەدا ، پەیدابوونی ئارەزووی خۆئازادکردن لە چەوسانەوەی فەرهەنگی و لە چەوسانە-وەی ئابووری و سیاسییش، خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە . لە راستیدا ،نەفامیەکی کە پیاو لەم رووەوە لەوانەی دەبینێ کە دەیانەوێ چەپی مارکسیی تورك بن، زۆر سەرسوورمێنە . حەقەن مارکسیەتی ئەمانە نوسخەیەکی زۆرسەیروعاجباتیە، کە تاوانی بۆرژوا ناسیۆنالیزم وشۆڤێنیزم بەسەر شۆڕشگێڕانیکورددا دەبارێنن، ئەو شۆڕشگێڕانەی هاواری خەبات بۆ ئەوە دەکەن کە یەکێتی کار لەنێوان گەلی کوردو گەلی تورکدا هەبێت،هەر لەبەر ئەوەی چونکە ئەم شۆڕشگێڕانە لەسەرمافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ ی گەلان پێدادەگرن و قەبووڵ - ناکەن خەباتی نەتەوایەتیان بکرێتە تابیعیك و بۆ ماوەیەکی نادیار هەڵگیرێت .

هەر پارتیەك بڵێ من لەسەر مارکسیەت دەڕۆم،ئەو قسەیەی لەسەری پێویست دەکات بەرگری لە مافی گەلێکی چەوساوە بکا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتیی خۆی و رێکخستنی ژیانی نەتەوایەتیی خۆی بە ئازادی .

تەنانەت دووریش لە مەسایلی بیروباوەڕو رێزلێگرتنی، هەر پێداویستی تاکتیکیی زۆر ئاشکرا بۆ ئەوە هەن کە چەپی مارکسی هان بدەن پشتی هەر شتێك بگرێ کە رەنگ بێ " دوژمنە باوەکوشتە"کەی ( بۆرژوای تورك) بێ-هێز بکا ،و لەگەڵ هەموو دوژمنانی زاڵبوونی ئەو بۆرژوایەدا ببێتە هاوپەیمان . بە هیچ جۆرێك گومان لەوەدا نیە کە خەباتی رزگاریخوازی گەلی کـورد حەقەن لە رووی ئابووری، سیاسی، عەسکەری،و بیروباوەڕییەوە، پشتی چینە حاکمەکانی تورك دەشکێنێ و بەوە دەوری خۆی دە خەبات لە پێناوی سۆسیالیزمدا دەبینێ . خەبات لە دژی شۆڤێنیەت و نەتەوایەتیی زاڵبوو، دژی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، و بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ، مەگەرهەر بەشداریەکی تەندروست و پتەوکەر بێت بۆ بزووتنەوەی دیموکراسی وسۆسیالیستی لە تورکیادا .

## نەتیجەگیریی دوایی (٥٤)

میری کۆر و بەدرخان، هاوکات لەگەڵ یۆنانییان، بولگارییان، لەگەڵ بۆلیڤار و سان مارتن دا، شەڕی رزگاریی گەلی خۆیان لە پێناوی سەربەخۆییدا بەئەنجام دا. کورد لەوساوە ئارەزووی سەربەخۆیی خۆی بە پتر لە سەد راپەڕین پیشان دا، لەپێشدا دژی شایان و سوڵتانان، و دوای ئەوە دژی دەوڵەتانی کە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم کـوردستـانیان دابەش کرد. سەرنەکەوتنی ئەو راپەڕینانە، بەشێکی خەتای چەند هۆیەکی دەرەوەی بوو : کوردستـان دەکەوێتە ناوەندی ناوچەی وەهاوە کە چاوی ئەوپەڕی تەماحی تێبڕاوە ، رێی دەریای نیە، و بە دەوڵەتانی کـۆنـەپەرست دەوردراوە کە خاکیان داگیرکردووە . بەشێکیش خەتای هۆی ناوخۆ بووە : تا سـەرەتای ساڵانی پەنجا، عەقڵی عەشیرەتیی تێدا هەر زاڵ بوو، دەسـەڵاتێکی مەرکەزیی تێدا نەبوو ،و شەڕو هەرای دەرەبەگی گەلیان لێك دادەبڕی، کوردستان پێوەندیی بە دنیای دەرەوە بڕابوو ،و بەهۆی دواکەوتوویی بەسەریەکدا کەوتووی فەرهەنگیی گەلیکورد ،کورد رۆشنبیرانی نوێی وای نەبوون بتوانن لە رووداوانی سەردەمیخۆیان بگەن و دەرسی تەواویان لێ وەربگرن . دیسا ،کوردستان هەر بەو وەزعەشی،ئەگەر موستەعمەرەیەکی ئینگلیس یا فەرەنسا بوایە،ئێستالەمێژ بوو سەربەخۆیی خۆی وەرگرتبوو و بە قوربانیی یەکجار زۆر کەمتریش .

دوایی، بە نەمانی کۆچەری، سەرمایەداری چوونە کوردستانەوە،و کۆتاییهاتنی شوانکارەیی لەمێژینە، هەیکەلی دەرەبەگی وعەشیرەتی کەوتنە هەڵوەشان، چینی نوێ سەریان هەڵدا، نوخبەیەکی شۆڕشگێڕ یەکیگرت،و جووتیارانیش لە خاوی و خەواری راپەڕین و کەوتنە بەشداریی ژیانی سیاسیەوە . نەتیجەیەکی حەقیی ئەم هۆشیاربوونە گشتیە ئەوەبوو گەلی کورد بە تێکڕایی،هەلومەرجی ژیانی خۆی رۆژ بە رۆژ لەبەرچاو روونتر بۆوە کە : نەتەوەیەکی چەوساوەیە، ژێردەستەو بەزۆر لە ژێرنیری بێگانەداهێڵراوەتەوە . تووڕەیی لە رەفتاری زاڵمانەیکاربەدەستانی تورك زیادی کرد . شۆڕشی کوردی هەرێمی باشووری کوردستان (٥٣) هۆشی نەتەوایەتیی کوردی یەکجار زۆر پێشخست و هیوای کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆی پتەو کردەوە . وادیارە ئاخری،هەلومەرجەکانی پێداویستی خەباتێکی رزگاریخوازی نەتەوایەتیی شۆڕشگێڕی نوێ لە کوردستانی تورکیادا ئامادەبوون .

بەگوێرەی بارو دۆخی ئێستای هێزەکان، - بەمن- باشترین رێیەکی لەبەردەم پارتیەکی شـۆڕشـگێڕی کورددا هەیە ئەوەیە لەگەڵ هێزە پێشڤەرووەکانی تورکدا لەبەرەیەکدا بێت و، خەباتی سـیاسـی بۆ دیموکراتی کردنی رژێمی

تورکیاو دامەزراندنی رژیمێکی فێدەرالّی بکات . نەتەوەی کورد لەکۆماری تورکیادا کە کەمایەتیەك نیە،بەلّکو کۆمەلّگایەکی نەتەوایەتیە (نەتەوەیە)، نزیکەی ٢٥٪ی دانیشتوانی دەولّەتی تورکیا پێکدەهێنێ، دەکرێ حەقمەن "دەولّەتێکی فێدەرالّیی تورك -کورد" قەبوولّ بکا . بەهەرحالّ،کارەکە هەر بە قەبوولّکردنی چارەسەرێکی وا لـە-لایەن کوردەوە پێکنایەت، دەولّەتێکی فێدەرالّی یەکێتیەکی ئازادانەیە لەنێوان هاوبەشانی یەکساندا و قەبوولّ-کردنی پرۆژەیەکی وەها لەلایەن گەلی تورکیشەوە ئەساسییە . بە رەچاوگرتنی نەتەوایەتیی تورکیای گەورە و شۆڤێنیەتی رەگوڕیشەقوولّ، کە سەرچاوەکانیمان هیوادارین روونکردبێتەوە، هیچ وێناچێ ئەو قەبوولّکردنەی ئەو ئێستا نزیك بێت .

لە هەموو بارێکدا، گەلی کورد ئەومافە بۆخۆی دەپارێزێ کە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا،و ژیانی نەتەوایە-تیی خۆی لەسەرخاکی خۆی کە بە ئەوەندەها سەدە خاوەنی بووەو تێیدا ژیاوە،بەو شێوەیەی کە خۆی هەلّیدەبژێرێ رێك بخا. بەدی هێنانی ئـەو مافە لەئینکارنەهاتانەی، بە رادەی یەکەم دەکەوێتە سەرهێزی خۆی، دوای ئەوە سەر پشتگیریی سیاسی، مەعنەوی و ماددیی هێزە دیموکرات و پێشڤەرووەکانی سەرتاسەری دنیا .

رێك وەك چۆن لە سەدەی رابردوودا،سەربەخۆیی پۆلّەندا(لهستان) عونسورێکی پێشکەوتنی تێکڕای ئەورووپا بوو، ئاواش خەبات بۆ کوردستانێکی ئازاد، یەکگرتوو، سەربەخۆ و سۆسیالیست، هێزێکی مەزنە بۆ گۆڕانی پێشڤە-رووانە لە سەرتاسەری رۆژهەلّاتی‌ناوەڕاستدا،چونکە ئامانجی : گۆڕینی گەورەی وەزعی سەپاوی کۆنەپەرستانەی ئێستای ناوچەکەیە . ئا لێرەوەیە کە خەباتی‌گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی، بەشێکی تەواوکەری تێکڕای ئەو خەباتە دیموکراتیەیە کەگەلانی سەرتاسەری دنیا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی دەیکەن،وعونسورێکی بەشدارییە لە سەرکەوتنی ئەو خەباتەدا .

لەم دوا چارەگەی سەدەی بیستەمدا، کە مافی سەربەخۆیی بۆ دوورگەهایەکی وەها داوادەکرێ هەموو ژمارەی دانیشتوانیان چەند دەهەزارێکە، گەلی کـوردی کە ژمارەی لەوەی زۆربەی دەولّەتانی سەربەخۆی سەرگۆی زەوی پترە، ناتوانێ ماوەی زۆری تر، ئاوا، تاقە کۆمەلّگایەکی مرۆڤی بەم قەوارەیەی بە بـێ کیانی نەتەوایەتیی خۆی بمێنێتەوە . هیچ هۆیەکی سیاسی،بیروباوەڕی، یا ئابووری نیە کە بتوانێ پاکانە بۆ بەردەوام بوونی بێ ویژدانیی وا بکا .

پاریس، ژانویە/ کانوونی دووەم - ١٩٧٧

(١) ئەسڵەکە : کوردستانی تورکیا .

(٢) ئەم وشەیە لە ئەسڵەکەدا نیە، هی منە .

(٣) دوای ئەم نووسینە : "باتمان"و"شرناخ"یش بوون بە ویلایەت .

(٤) ئەسڵەکە :" ئەنادۆڵی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات"،کە زاراوەیەکی"سیاسیی" رژێمی تورکیایە .
چیاکانی " ئەنتی تۆروس" ( و باکووری ) ، کوردستان و ئەنادۆڵ لێك دادەبڕن .

(٥) نا ئاینی، عیلمانی .

(٦) نوسخە ئینگلیسیەکە - بە هەڵە - ساڵی ١٩٢٦ بە ساڵی هاتنی نیزامی چەند حیزبیی لە تورکیا باس دەکا .

(٧) نوسخە ئینگلیسیەکە نووسیویە ١٩٤٦ .

(٨) " مس" و " چەرم " بە زمانی فەرەنسی دوو حەرفیان جیاوازە کە یەکێکیان ناخوێندرێتەوە، وەرگێڕی ئەڵمانی مس و مسگەرەکەی کردووە بە چەرم و سەڕاج (چەرمساز) .

(٩) ئەمە داڕشتنی منە . فەرەنسی و ئەڵمانیەکە : لەژێر حوکمی کۆماری بۆرژوای تورکدا( یا تورکیادا)، ئینگلیسیەکە وشەی کوردستانی خستووەتە پێشەوەی : کوردستان لەژێرحوکمیکۆماری بۆرژوای تورکدا .

(١٠) مستەفا کەمال کرا بە پشکنیاری لەشکری نۆیەم کە بارەگای لە سامسون بوو و لەوێوە سەری لە شاری تری ئەنادۆڵ و لەکوردستان دەدا . ( لێرەدا تێکەڵ بوونی ناوی ئەنادۆڵ وکوردستان لەلایەن نووسەرەوە نیە ) .

(١١) کۆماری ترانس قەوقاس چەند حەفتەیەك دوای دامەزرانی هەڵوەشا، لە مایسی ١٩١٨دا بوو بە سێ کۆماری جیاوازی سەربەخۆ( گورجستان، ئەرمەنستان، ئازەربایجان) ــ شۆ و شۆ،مێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانی و تورکیای نوێ؛ ویلایەتی سِتّە ( شەش ویلایەتەکە) : ئەرزەرۆم، بتلیس، خارپووت، دیاربەکر، سێواس،وان ــ فان بروونەسن، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، ل٣٦٤ ؛ کۆنگرەی " کۆمەڵەی بەرگریکردن لە مافەکانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات" تا ١٩١٩/٨/٧ بووە ــ شۆ و شۆ .

(١٢) پەیمانی ئەلیکساندرۆپۆل کە شەوی ٢ لەسەر٣/١٢/ ١٩٢٠ ئیمزا کرا " خۆی لە خۆیدا " تەئسیری نەکرد چونکە لەشکری سۆڤیەت بەزوویی کۆتایی بە رژێمی داشناق هێنا، بەڵام ئەوە بوو بە بنەمای " پەیمانی دۆستایەتیی تورك وسۆڤیەت"ی ١٩٢١/٣/١٦ کە دژی پەیمانی سێڤر بوو،ئەم سنوورە سیاسیەیکۆماری تورکیای سەلماند کە ئێستا هەیە، لێدانی هەر دەستەیەکی دژی رژێمی هەردوولای رەوا کرد ( جۆرێك پەیمانی سەعداباد ی دواتری تورکیا لە گەڵ دەوڵەتانی هاوسێیدا ،ئەم جارە لەگەڵ رژێمی لێنین دا) . لێنین

بەوە لەلای خۆیەوە کورد و ئەرمەنی و کۆمونیستەکانی تورکیاشی بە ئەتاتورك فرۆشت، لەمەدا تا رادەیەك شتێکی لە بابەتی پەیمانی" سۆڤیەت - سەددام "ی دەوری نیو سەدە دواتر) .

(١٣) کۆبوونەوە ١٩٢٠/١/٢٨ لە ئەستەمبوڵ کرا ، بەڵام میساقی میللی دواتر ١٩٢٠/٢/١٧ راگەیەندرا ( شۆ و شۆ ) .

(١٤) یەکەم کۆبوونەوەی بویوك میللەت مەجلیسی لە ١٩٢٠/٤/٢٣دا بوو کە مستەفاکەمال تێدا کرا بە سەرۆك و عیسمەت پاشا( دواتر ناوی ئینونوی وەرگرت) بە سەرۆکی ستاد( ئەرکان)ی گشتی (شۆ و شۆ ) .

(١٥) مەبەست ساڵی ١٩٢٢ ، بەڵام تاریخی رۆژ(ەکان)ی" بویوك تەعەرروز"ی ئاب و ئەیلوول (ئووت - سیپتامبر) لیرەدا ورد نیە .

(١٦) لە هەر سێ نوسخەدا وەها نووسراوە .

(١٧) نوسخە ئەڵمانیەکە دەڵێ:" شەڕی سەربەخۆیی تورك پشتگیریی بەربڵاوی گەلی لێ کرا ،بەو بڕوایە کە وڵاتی لەو یۆنانیە داگیرکەرانە بەرگری لێ دەکرد کـە لەگەڵ خەڵکدا ئەوپەڕی زبر بوون و ئەمە لە کینەی زۆر کۆنەوە دەهات " . ئەوجا ئەم تەعلیقەی خۆی وەپاڵ دەخا :

« کەنداڵ لێرەدا بە غەرەز دەبێتە پڕۆپاگەندەچی، و بەلای پان تورکدا. دڕندەیی شەڕەکانی نێوان یۆنانی و تورك لەولاوە بوەستێ، ئەو خەڵکەی ئاسیای بچووکی کەنار دەریا لە سێ هەزار ساڵەوە یۆنانی بوون، کەمال ئەتاتورك بە پەلاماری قەڵاچۆکردن دوو ملیۆن دانیشتوانی یۆنانیی تورکیای راو نا ـ دەستەی نووسەرانی پۆگرۆم » . کە بە بیری من تەعلیقیکە زۆر رەوا و ئەوپەڕی بەجێیە .

(١٨) نوسخە ئەڵمانیەکە لای خۆیەوە سەرچاوەیەکی تریشی رەگەڵ دەخا کە دەگەڕێتەوە پتر لە ساڵ و نیوێك <u>پێش</u> پەیمانی لۆزان ! ( رۆژنامەی Le Temps لو تا(یا بە شێوەی ئەمین زەکی : تان) ی رۆژی ١٩٢١/١١/١) .

(١٩) ئەسڵ : " ١٩٢٦/٦/٥ کە دەبوو بڕیار دەرچێ، ویلایەتی مووسڵ خرایە سەر عیراق و/ی ژێر ئینتیدابی ئینگلیس" ،کە هەڵەیە . هەرێمی باشووری کوردستان بە بڕیاری ١٩٢٥/١٢/١٦ی کۆمەڵی نەتەوەکان خرایە سەر عیراق . تورکیا ( بەرامبەر بە هەندێ ئیمتیاز) لە ١٩٢٦/٦/٥دا پەیمانێکی لەگەڵ ئینگلیس و عیراقدا ئیمزا کرد کە بەگوێرەی ئەمە بەو بڕیارەی ١٩٢٥/١٢/١٦ رازی بوو .

(٢٠) پیشەوەر لێرەدا : کاسبی خاوەن سەنعەتی دەستی . ئینگلیسی و فەرەنسیەکەی : ئارتیزان / ئارتیزا، وەرگێڕی ئەڵمانیەکە کردوویە بە : " هونەرمەند "، تۆمەز بە " ئارتیست" ی وەرگرتووە .

(٢١) دارایەنی، داراهنی، ئێستا بە رەسمی پێی دەگوترێ "گەنج".

(٢٢) تەقریر (قَرار، مَرسوم)، سکوون (سَکینە، ئارامی) Takrir-i Sukun

(٢٣) ئەوە کە رژێمی سۆڤیەتی هاوکاریی مستەفا کەمالی کردووە لە قەلاچۆکردنی ئەوەندە نەتەوە و نەژادان و لە لێدانی کۆمونیستی تورکیشدا،نووسەر لێرەدا دە سەری قوربانیانیدا دەشکێنێتەوە، هەمان قەوانەی کە هەندێ کۆمونیستی عیراقی و تودەی ئێرانیش لەدژی شۆڕشی کوردیان بەکار دەهێنا.

(٢٤) ئاشکرایە کە نووسەر ئارمسترۆنگ ی لێرەدا لەبیرچووە. بڕوانە داوێنی ل٣٤.

(٢٥) ئێدواردهێریۆ(١٨٨٢-١٩٥٧) زۆر ساڵان وەزیرو،سێ جار(١٩٢٤، ١٩٢٦، ١٩٣٢) سەرەك وەزیرانی فەرەنسا بووە، سەرۆکی پەرلەمان بووە(١٩٤٧-١٩٥٣)، لە رابەرانی پارتی رادیکال- سۆسیالیست بووە؛ بە کەسێکی وا بڵێی کە ئاگاداری رووداوان نەبووە و فریوی خواردووە، رێك وەکو ئەوەیە کە بڵێی شیراك بە هۆی فریو خواردن و بێ ئاگاییەوە لە ماڵی دایکی سەددام حوسێن بە پێشکەوتوویی و ئاشتیخوازیی رژێمی سەددام حوسێنی هەڵدەگوت، کە هەردوو قسە - لە باشترین حاڵەتدا - قسەی هیچ و پووچن.

ئەوە کە هێریۆ و شیراك لە دنیای سیاسەتدا ئەو شانۆگەریانە دەکەن، بە تایبەتی لە رەوشتی کاربەدەستانی فەرەنسادا، شتێکە کە پیاو تێی‌دەگا، بەڵام ئەوە کە فەرەنسا پیاوێکی ئاوای تێدا بە نووسەری گەورەی "مێژووی فەرهەنگی" دادەندرێ جێی داخی راستەقینەیە بۆ ئەو وڵاتە.

ئەو بیست کتێبەش کە نووسەر باسیان دەکا، ئەوان پتر لە ژێر تەئسیری بیرورای ئەورووپادا بوون (و هەن)، تاوەکو ئەو بیرو رایە لەژێر تەئسیری ئەواندا. مستەفا کەمال شەپقە و کۆت و شاڵواری ئەورووپایی لە جێی جلوبەرگی کوردی و عارەبی و ئیدی دانا، سەمای رۆژئاوایی لە جێی هەڵپەرکێی نەتەوایەتی، قانوونی موسۆلینیی لە جێی ئیسلامی و، زۆر شتی تری کە ئەورووپایی بە سەرکەوتنی فەرهەنگی خۆیانی دەزانن بەسەر فەرهەنگی تردا. تەنانەت یونێسکۆ بۆ ئەوکردارانەی یادی سەد ساڵەی لەدایك بوونی‌کردەوە.

ئەوە کە ئەتاتورك چەند ملیۆن کەسی بێ گوناهی کوشتووە لای ئەوان مەسەلەیەك نیە. لە کتێبی خوێندنی منداڵاندا لە هۆڵەندا بە ئەتاتورك هەڵدەگوترێ، من لەگەڵ خەڵکی لە ئاستی جیاوازدا، کە بە گشتی زۆر رقیان لە تورکە، دەدوێم و دەپرسم چۆن ئێوە جینایەتکارێکی وەها کە ملیۆنان مرۆڤی قەلاچۆ کردووە، لە نیشتمانی خۆیانی هەڵکەندوون و چەند و چەند شێوە جینایەتی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی کردووە، ئاوا

پێهەڵدەڵێن ؟ ؛ وەڵامیان نزیکەی هەمیشە ئەمەیە : بەڵێ، بەڵام لەبیرت نەچێ کە ئەتاتورک حەرفی لاتینیی لەجێی حەرفی عارەبی داناوە . ئەمە لە وڵاتێکدا کە ئەزیەت دانی مانگایەك ،پشیلەیەك،یا بە زبری سەربڕینی بۆقێك لە لایەن ئاشپەزی رستۆرانێکەوە دەکرێ تووڕەیی بیروڕای گشتیی لێ پەیدا بێ . هەڵوێستی ئەوروپا لە ئەتاتورك لە یەك تاقە وشەدا کۆ دەبێتەوە : نەژادپەرستی .

(٢٦) ( بەگوێرەی شۆ و شۆ) " سەربەست جمهوریەت فرقەسی " لە ١٩٣٠/٨/١٢ بە عەلی فەتحی ئۆکیار دامەزرا( مستەفا کەمال " مەقبولە"ی خوشکی خۆیشی خستە ریزیەوە ) ؛ مستەفا کەمال ١١/١٧/ ١٩٣٠ بە فەرمانێکی کۆتایی پێ هێنا، و ١٩٣٠/١٢/٢١ مەرسومێکی وەزارەت " بەرەسمی" ئەو هەڵوەشاندنەی راگەیاند .

(٢٧) " ئە.E" ی ئەمەکچی Emekçi ( رەنجبەر ، زەحمەتکێش) ،هەروەك نووسەر وەریگێڕاوە، لە ئەدەبیاتی سیاسیی تورکیدا لەجیاتی " ئیشچی " ( کارگەر، کرێکار ) و تەنانەت لەجیاتی " پرۆلەتەر " ( پرۆلیتاریا)ش بەکارهاتووە .

(٢٨) بەکارهێنانی ئەم "...چی " یە لەو مەڵبەندە زۆر ئاساییە، دەڵێن : کوردچی، مائۆچی، ...ئیدی .

(٢٩) میللی ئیستیخبارات تەشکیلاتی M. İ. T.

(٣٠) نوسخە ئینگلیسیەکە لە جیاتی " ناوچەیی" نووسیویە " ئاینی " ،- هەرچۆنێك بووە- " ریژیۆنۆ " فەرەنسیەکەی لێ بووە بە " ریلیژیۆ " .

(٣١) نوسخە ئینگلیسیەکە نووسیویە " راپەڕین " . کەنداڵ خۆی لە وشەی " شۆڕشی کورد " و " جەنەراڵ " بارزانی، ی کە لە نووسینی - بە نموونە - دکتۆر وانلی دا دەیبینین، بەدوور گرتووە .

(٣٢) ئەسڵ زاراوەیەکی قانوونە لە رژێمی بازاڕی سەرمایەداریدا؛ ئەوانەی کاردەکەن مافی ئەوەیان هەیە دەربارەی کرێ و معاشی وەریدەگرن بدوێن و نوێنەرانیان بۆ ئەوە لەگەڵ خاوەن کاردا دابنیشن و گفتوگۆی لەسەر بکەن ، قانوونێك ئەوە رێكدەخا، وا لێرەدا دەستوور گوایا ئەوەی قەبووڵ کردووە .

(٣٣) ئا. پ.(Adalat Partisi) عەدالەت پارتیسی؛ ی. ت. پ. یەنی تورکیە پارتیسی؛ ت. ئی. پ. تورکیە ئیشچی پارتیسی .

(٣٤) - بە گوێرەی وانلی - خەڵکی ئەرزەڕۆم .

(٣٥) ئەسڵ : بزووتنەوەی کوردی عیراقی .

(٣٦) تورکیە ئیشچی پارتیسی ١٩٦١/٢/١٣ دامەزرا، محەمەدعەلی ئایبار لە ١٩٦٢ تا ١٩٦٩ سکرتێری بوو، لە ١٩٧١/٧/٢٠ داخرا . ( شۆ و شۆ )

(٣٧) ئەسڵ : کوردی عیراق .

(٣٨) ئەسڵ " حکومەتی تورك" ، " بۆرژوای تورك" ، " حکومەتی بۆرژوای تورك" ، " تورکی بۆرژوای حاکم" وەك یەك بەکاردەهێنێ . لێرەدا دەڵێ " بۆرژوای تورك " .

(٣٩) ئەسڵ : کوردی عیراق .

(٤٠) ئەسڵ : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە تورکیا .

(٤١) ئەسڵ : پیتی بۆرژوا( بۆرژوای بچووك) .

(٤٢) هەندێ رستەی ئەم بەشەم بەکورتی وەرگێڕاون .

(٤٣) دکتۆر شڤان لە مەڵبەندی زاخۆ سەعیدئێلچی‌ی کوشت ( بەهاری ١٩٧١)، کاربەدەستانی شۆڕشی کورد لە سزای ئەوەدا دکتۆر شڤانیان بە مەرگ حوکم دا و حوکمەکەیان بەجێ‌هێنا(هاوینی ١٩٧١ لە حاجی ئۆمەران) .

(٤٤) هالك کولتور دەرنەکلەری .

(٤٥) دیسك : دەڤریمجی ئیشچی سەندیکاسی کۆنفەدەراسیۆنو( یەکێتی ساندیکایانی کرێکارانی پێشڤەڕوو) .
Devrimci İşçi Sendikası Konfederasyonu.

توب- دەر : تورکیە ئورەتمەنلەر بیرلیك دەرنەیی ( کۆمەڵەی یەکێتی مامۆستایانی تورکیا) .

Türkiye Öğretmenler Birlik – Derneği.

(٤٦) میللی بیرلیك کۆمیتەسی ی‌کۆدێتاچیان بە رابەریی گورسێل لە ١٩٦٠/٥/٢٧تا ١٩٦١/١١/٢٠حوکمی‌کرد.

(٤٧) ئەسڵ کە دێتە سەر ناوە تورکیەکە دەڵێ " سۆسیالیست پارتیسی " .

(٤٨) ئەسڵ نووسیویە : سۆسیالیست پارتیسی .

(٤٩) تورکیە ئەمەکچی پارتیسی، ئەسڵ نووسیویە : پارتی کرێکارانی تورکیا؛ بڕوانە ژمارە ٢٧ی ئەم پەراوێزانە .

(٥٠) Tűrkiye İhtilâlci İşçi Köylü Partisi

تورکیە ئیختیلالجی ( شۆڕشگێڕ) ئیشچی ( کرێکار) کۆیلو( جووتیار/ دێهاتی) پارتیسی

رێکخراوێکی مائۆیستی لە کوردستان ( کاوە) داوای دەکرد کەهەموو لەشکری تورکیا تەنیا لەسەرهێڵی سنووری یەکێتی سۆڤیەت بێت ،تاکو کوردستان و تورکیا لە خەتەری سوپای سوور( بە زاراوەی ئەو : ئۆردوی

سۆسیال ئیمپریال) بپارێزێ . من کاسێتێکی گۆرانی و موسیقای تیپێکیم هەیە کە بە ئاوازی هەڵپەرکێیەکی زۆر گەرم وگوڕی کوردی قسە بە سۆڤیەت دەڵێ : رووسیا سۆڤیەت لەعنەتی        کەت ناڤ خەلکێ ب غەلەتی

هۆهۆ هۆهۆ سۆڤیەتی        هێ هێ هێ هێ لەعنەتی

لۆلۆ لۆ لۆ لە عنەتی        لێ لێ لێ لێ سۆڤیەتی

(... ئیدی)

(٥١) سودا Suda ( ئازار، رەنج - لە "صُداع "ی عارەبی= سەرێشە)؛ کۆز Kōz (پشکۆ ) .

(٥٢) نوسخە ئەڵمانیەکە ئەم وشەی" پازدە" یەی فەرەنسیەکەی بە" پێنج" وەرگێڕاوە . من دڵنیام لەوە کە ئەگەر " سوپەرمارکێت"ێکی ئەڵمانی بیویستایە شتێك دەربارەی تووروگێزەر لە فەرەنسیەوە وەربگێڕێتە سەرئەڵمانی ئەوا دەیدایەتە دەست کەسێکی کە ئاگای باشتر لەوە بوایە کـە وشەی " پازدە"ی فەرەنسی راست وەربگێڕێ . من کە بۆ یەکەم جارو دواجار کەندالُم دیت و پرسیاری وەرگێڕانە ئینگلیسی و ئەڵمانیەکەی ئەم نووسینەیم لێ کرد ، دەرکەوت کە هەرئەوەندە دەیزانی کە وەرگێڕدراون و هیچی تر ؛ کتێب دەربارەی کورد تا بڵێێ بێ نازە، داخی گرانی کورد .

(٥٣) ئەسڵ : خەباتی چەکداری کوردی عیراق .

(٥٤) هەرچەندە نووسەر ئەم نەتیجەگیریەی رەگەڵ ئەم باسەی خستووە، بەڵام باسی یەکەمی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەش دەگرێتەوە ( کورد لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا ) ، و بڕوانە لاپەڕە ٧ی ئەو بەرگی یەکەمە .

باسی چوارەم :

# گورگەبۆر و مانگی یەك شەوە

نووسینی : کۆمیتەی دژی فاشیزم لە هۆڵەندا

ئەسڵ ( بە هۆڵەندی) :

Motief Special, augustus 1980.

De grijze wolf en de halve maan-

Turks fascisme en rechts-extremisme in Europa.

( مۆتیف (ژمارەی) تایبەتی، ئاب/ ئووتی ١٩٨٠.

گورگوبۆر و مانگی یەك شەوە -

فاشیزم و ئەوپەڕی دەستەڕاستی تورك لە ئەورووپا. )

" گورگەبۆر یا گورگە بۆز (بە تورکی: Boz kurt بۆزکوورت ) لە کۆندا رەمزێکی پیرۆزی عەشیرەتانی تورك بووە ، بۆ پاراستنیان و زاڵبوونیان بەسەر دوژمنانیاندا پێیان بە ودم بووە، لەمێژەوە بە رەمزێکی نەتەوەیی تورك دانراوە، بەڵام لەوەتای فاشیست کردوویانەتە دروشمی تایبەتی خۆیان خەڵکی دی دەستیان لێ بەرداوە . مانگی یەك شەوە ( بە تورکی : Hilâl هیلال) لە ئاڵای ئیمپراتۆریی عوسمانی وەرگیراوە، کە ئاڵایەکی سوور بوو و سێ مانگی یەك-شەوەی تێدابوو . م. هـ پ. M.H.P.( میللیەتچی حەرەکەت پارتیسی Milliyetçi Hareket Partisi = پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی )ی فاشیستی تورك ، ئەندامە هەرە چالاکەکانی خۆی ناوناوە " گورگەبۆر " و، ئەو ئاڵایەی عوسمانییشی کردووەتە ئاڵای خۆی ".

کۆمیتەی دژی فاشیزم لە هۆڵەندا، باسێکی بەو ناو و پێشەکیە دەربارەی ئەو فاشیستانە ئامادە کردووە، کە بەشی هەرەزۆری دەربارەی رەفتاریانە لە هۆڵەنداو شوێنی تری ئەورووپادا . مەرکەزێکی پێوەندیی بێگانەی کۆچ-کردوو بۆ هۆڵەندا Nederlands Centrum Buitenlanders ئەوەی وێرای وێنەی زۆرەوە بە پەنجا لاپەرەی ئا٤ (خورشیدی) بە ناوی دوازمارەی گۆڤارەکەی خۆی ( مۆتیف Motief ) بڵاوکردووەتەوە ( ئاب/ ئووتی ۱۹۸۰) . ئەم باسە کوردیەی ئێرەی من (۱۹۸۱) پوختەیەکی هەندێ بەشی هەڵبژاردەیە لەوە .

ئەسڵەکە زۆر وێنەی زۆرگرنگی تێدابوو، کە من ئەگەر پێم لە خودی نووسینەکە گرنگتر نەبووبن،پێم کەمتر نەبوون، هەموو وێنەکانم وێرای کۆپیەکی دەستخەتی ئەم وەرگێرانەم، وێرای بەرهەمی تر، لە نوامبری ساڵی ۱۹۸۳ دا، دا بە ئازاد مستەفا ( لە سەردانێکی ئەورووپایدا) کە لە کوردستان بە چاپی بگەیەنێ و بڵاوی بکاتەوە ، لەوێ چاپ نەبوو و هەموو وێنەکانیش لەناوچوون .

## یەك - دروشمی تورکیای گەورە پێش رژیمی چەند حیزبی

شۆڕشی یەك بەدوایەکی ولاتانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەربەخۆییان، تا دەهات قەڵەمڕەویی ئەو ئیمپراتۆرییەی تەسکتر دەکردەوە . کەسانێکی نەتەوەیی تورك لە ئاست ئەوەدا کەوتنە سەر دروشمی " تـووران " ( نیشتمانی گەورەی تورك)،کە مەبەست لە یەکێتی ولاتانی تورکزمان و ولاتانێکی تریش بوو کە - بە راستی یا بە خەیاڵ - رۆژگارێك نیشتمانیتورك بوون . شکستیعوسمانی لە شەڕی جیهانیی یەکەمداو داگیرکرانی خاکی خودی تورکیاش لەلایەن لەشکرانی بێگانەوە ( فەرەنسا،ئینگلیس،ئیتالیا،یۆنان)، تەوژمێکی نوێی نەتەوایەتیی تورکی هێنایە کایەوە،کە لەنەتیجەدا بە رابەریی مستەفاکەمال بە پێکهاتنی کۆماری تورکیا گەیشت . خەباتکارانی نەتەوایەتیی نوێی تورك، کۆمەڵێك ئەدەبیاتیان بۆ رێبازی خۆیان سازکرد ، لەوەدا مێژوویەکی خەیاڵییان بۆ تورك داتاشی، بەنموونە : ژیاریەکانی میسۆپۆتامیاو هیندو چین و ئیسلامیشیان تێدا کردنە بەشێك لە بەرهەمی نەتەوەی تورك . تورکیان هان دا ئاوڕ لەو مێژووە پڕ لە شانازییە بداتەوەو سەرلەنوێ گەورەیی خۆی بسەپێنێ .

بیروباوەڕی کەمالیەت (ی مستەفا کەمال) لە شەش نوختەدا جێکرایەوە : ١- جمهوریەت؛ ٢- نەتەوایەتی ( لەسەر ئەساسی دەوڵەتی تورکیا)؛٣- ئیسلاحاتخوازی(١)؛ ٤- عیلمانیەت ( رژیمی نائاینی)، ئاین کرا بە مەسەلەیەکی شەخسی؛ ٥- گەل پەروەری ( ئینکارکردنی شەڕی چینایەتی و دژایەتیی تر لە کۆمەڵدا، پشتگیریی هەمووگەل)؛ ٦- دەوڵەت ( و دەوری گرنگی لە ئابووریدا، بێ ئەوەی دژی بەشی تایبەتی ئابووری بێ ) .

ئەتاتورك،کەلە سیاسەتی دەرەوەیدا واقیعی بوو،بۆ پاراستنی دۆستایەتیی زۆرگرنگی لەگەڵ رژیمی سۆڤیەتیدا، چاوی لە دروشمی هەڵوەشاندنی یەکێتی سۆڤیەت ( لێ جیاکردنەوەی ولاتانی تورك زمانی) پۆشی، بەلام مێژووی خەیاڵیی داتاشراوی نوێی هەر درێژە پێدا، و تەنانەت تائێستاش هەرئەوەیە کە لە خوێندگەکانی تورکیادا بە دەرس دەخوێندرێ . خاوەنانی دروشمی تورکیای گەورە ئیتر لێرەدا رێی خۆیان لەوەی مستەفاکەمال جیاکردەوە، لە سالانی سی و چل دا زۆر لەژێر تەئسیری ئەڵمانیای نازیدا بوون، دەیانویست تورکیا بچێتە شەڕی جیهانیی دووەمەوەو لایەنی ئەڵمانیا بگرێ تاکو ولاتانی تورك زمانی یەکێتی سۆڤیەت لەو رێیەوە بخرێنە (وە) سەرتورکیا. ئالپ ئارسلان تورکەش لە ١٩٤٢/١٢/٢٩دا بۆ" نیهال ئاتسز"ی هاوبیری نووسیوە دەڵێ : " ئەڵمان لە هاوینی داهاتوودا حەتمەن هێرشیان دەست پێدەکەن ( بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت ) و شەڕ دەبەنەوە، ئەگەر تورکیا رەگەڵ

ئەڵمان بکەوتایە ئێستا دەمێك بوو شەڕمان بردبۆوە" (نامەکە لە بیرەوەریەکانی کازم ئالوچ دا، لە "یەنی گازەتە"، نیسان- مایس ١٩٦٧دا بڵاوکراوەتەوە) . پان تورك ( داواکارانی تورکیای گەورە)،دەستەی وایان تێدا هەبوون کە جلوبەرگی رەسمیی نازییان دەبەردەکرد، چەند رابەرێکیان ئەم لاو ئەولای سمێڵیان وەك ئەوەی هیتلەر هەڵدەپاچی وسەریشیان وەك هی ئەو دەتاشی . دەزگای جاسووسیی ئەڵمان پێوەندیی بە پان تورکەکان و چەند رابەری ئیسلا- می و ئەفسەری گەورەی لەشکری تورکیاوە هەبوو . رۆژنامەی" پۆلیتیکا"ی تورکی،لە ١٩٧٨/٣/٤دا فۆتۆکۆپی ی نامەیەکی نهێنیی بڵاوکردەوە کە ١٩٤٤/١٠/٩ بارەگای سەرەکیی دەزگای جاسووسیی ئەڵمان لە بەرلین بۆ وەزارەتی کاروباری هەندەرانی ئەڵمانی نووسیوە . نامەکە داوا لە وەزارەت دەکا پێوەندی بە سێ کەسی دەست - ڕۆیشتووی تورکیاوە بکات کە دەزگای جاسووسی پێوەندیی باشی پێیانەوە هەیە . یەکەمی ئەو سێ کەسە : ئالپ ئارسلان تورکەش،کە دەربارەی دەڵێ : " خوێندنی ئەکادیمیی عەسکەریی تەواوکردووەو رابەری پان تورکەکانە" ( هەمان تورکەشی کە ئێستا سەرۆکی م هـ پ ی فاشیستە)، دووەکانی تریش :" تەکین ئاریبورون" و" سەعدی کۆچاش" (هەمان کۆچاشی جێگری سەرەك وەزیرانی رژیمی عەسکەریی ١٩٧١) . پان تورك لە ١٩٤٤دا، لەژێر دروشمی " بەربەرەکانیی کۆمونیزم" و" تورکیای نەتەوەیی" و" رزگارکردنی تورکی دەرەوەی تورکیا" خۆ پیشان- دانیان ساز دان . حکومەتی تورکیا،کە لە شەڕدا بێ لایەن ببوو و روو لە کۆتایی شەڕدا رووی لە بەرەی رۆژئاوای دژی ئەڵمان دەکرد، پان تورکی بەوە تاوانبار دەکردن کە بەتەمای کۆدێتا بوون، ئەوەبوو ( لە کۆتایی ١٩٤٤دا ) پان تورکی پێچانەوە، رابەرانی - بە تورکەشەوە - ماوەیەك گرتن . ئیتر لەوساوە پان تورکایەتی بە سیاسەتی کۆمەڵێکی جێ گومان دانراوە . پان تورك تا ساڵانی شێستیش هەر دەستەی بچووك- بچووك بوون و بە نهێنی کاریان دەکرد .

## دوو- رژێمی چەند حیزبیی تورکیا

رژێمی کۆماری تورکیا تا چەندساڵێکی دوای مستەفا کەمالیش هەر " یەك حیزبی" و لە هەموو روویەکەوە زۆر مەرکەزی مایەوە . لە ١٩٤٦دا، رژێم بوو بە چەند حیزبی . لەو رژێمە چەند حیزبییەدا ،هیچ کە هەر باسێکی هەو-یەتی کورد قەدەغە بووە،پارتیە چەپەکانیش بە زوویی قەدەغەکراون . لەشکر تائێستا(١٩٨٠) سێ جار راستەوخۆ حوکمی گرتووەتەوە دەست خۆی و ،پەرلەمان وحیزبەکانی پێچاونەوەو سەرلەنوێ بەشێوەی تری کە خۆی ویستوویە حوکمی مەدەنی و حیزبایەتیی رێ داوەتەوە .

لە یەکەم قۆناغی رژێمی چەند حیزبیدا ( ١٩٤٦-١٩٦٠)، داواکارانی " بازاڕی ئازاد" لە" دەمۆکرات پارتی" دا کۆبوونەوە کە لە ١٩٥٠ تا ١٩٦٠ حوکمی کرد. سیاسەتی دەمۆکرات پارتی لە زۆر رووەوە لەوەی کەمالیەکان جیاواز بوو : چەند ئیمتیازێکی دایەوە بە ئاینیەکان ( رێ درا بانگ بە عارەبی بدرێ، قورئان خوێندن کەوتەوە بەرنامەکانی رادیۆ)، سیاسەتێکی زۆر سەرمایەدارانەی پێڕەویکرد کە زۆرلاسایی‌کردنەوەی رۆژئاوا بوو، قەرزی زۆری لە وڵاتان کردو سەرمایەی دەرەوەی خستە تورکیاوە . ئەمە لەسەرەتادا کەڵکی بۆدێهات هەبوو و سەرمایەی شەخسیی سەنعەت و بازرگانییشی تا رادەیەك بووژاندەوە، بەڵام دوای چەند ساڵێك ئابووریی وڵاتی شێواند: بارستاییەکی سامناك، بەرین بوونەوەی جیاوازیی کۆمەڵایەتی و، وڵات پتر بە وڵاتانی خاوەن قەرز بەسترابۆوە . حکومەت بەتوندی لە خوێندکاران و خوێندەوارانی ناڕازیی دا، و ئەوەندەی دی ناڕەزایی پەیدا بوو. لەشکر لە مایسی ١٩٦٠دا حوکمی راستەوخۆ گرتەدەست، دەمۆکرات پارتیی هەڵوەشاندو رابەرەکەشی( مەندەریس ) لە قەنارە دا . ساڵی ١٩٦١ رێی دا حوکمی مەدەنی بگەڕێتەوە .

لە دووەم قۆناغی رژێمی چەند حیزبیدا ( ١٩٦١- ١٩٧١ ) ، پاشماوەی دەمۆکرات پارتی بە ناوی " عەدالەت پارتیسی " هاتەوە سەرشانۆ و، ئەمە ساڵی ١٩٦٥( بە رابەریی دەمیرێل) هاتە سەرحوکم . سیاسەتی" عەدالەت پارتیسی"یش، وەکو دەمۆکرات پارتی ی پێشوو، زۆر سەرمایەدارانە بوو، لەلایەکەوە پرۆژەی گەورە بووژانەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە بێکاری زیادبوو، بارستایی پتربوو، نیسبەتی شت گران بوون زۆر لە نیسبەتی زیادبوونی کرێ و معاش پتر بوو، تورکیا پتر بە وڵاتانی دەرەوە - بەتایبەتی ئەمریکا و ئەڵمانیای رۆژئاوا - بەسترایەوە، ئاسایش بەمە پتر شێوا، بزووتنەوەیەکی بەهێزی چەپ کەوتە ناو کرێکار و خوێندەوارانەوە ، زۆرتری چینی ناوەندی کەم کەمە کەوتە لای دەستەڕاستی توندڕەوەوە . راست و چەپ و دەزگای دەوڵەت ، لە کۆتایی ساڵانی

شێستدا تەواو لێك دوور بوون.

لەشکر لە مارتی ١٩٧١دا حوکمی راستەوخۆ گرتەوە دەست، چەند وەزارەتی "ناحیزبی"ی پێکهێنان، ویلایەتە گرنگەکان دوو ساڵ ونیو بە عەسکەر حوکمکران، سەربازخانە کرانە زیندان و جێ شکەنجە بۆ دەیان هەزار خەڵك، بەتایبەتی خەڵکی چەپ و یا کورد ،و دەستێك بە ناوی پاککردنەوە بە دەزگاکانی دەوڵەتدا هێنرا . لە ئۆکتۆبری ١٩٧٣دا، لەشکر دیسان رێی حوکمی مەدەنیی دایەوە .

لە سێیەم قۆناغی رژێمی چەند حیزبیدا( ١٩٧٣- ١٩٨٠) چەند حکومەتی" چەندقۆڵی"ی حیزبەکان پێکهێنران و هەڵوەشان . ساڵی ١٩٧٤ دە مانگێك بە رابەریی ئەجەڤیت، لە ١٩٧٥ تا دوا مانگی ١٩٧٧ ( ماوەی پچرانی کەمی هەڵبژاردنی حوزەیرانی ١٩٧٧ی لێ دەرچێ ) بەرابەریی دەمیرێل، لە ١٩٧٨-١٩٧٩دا دیسان ئەجەڤیت ، لە ١٩٧٩دا حکومەت هەر لە حیزبەکەی دەمیرێل (عەدالەت پارتیسی) بوو بەڵام هەر بە پشتگیریی لایەنانی تری دەستەڕاست بوو کە حوکمی بۆ دەکرا . هیوای دروست بوونی حکومەتێکی دووقۆڵیی دەمیرێل - ئەجەڤیت قەت بەجێ نەهات . ئەجەڤیت، کە دەبوو مەسەلەی بێ پارەیی چارەبکا، دەبوو پارەی نوێ قەرزبکا تا قیستی زۆری قەرزی کۆنی پێ بداتەوە؛ "سندووقی نێونەتەوایەتیی پارە" قەرزی بەومەرجە دەدا کە : نرخی لیرەی تورك کەم بکرێتەوە ( واتا شت گرانبوون )، کرێ و مەعاش وەك خۆی رابگیرێ و زیاد نەکرێ، هەلی پتر بۆ سەرمایەی دەرەوە برەخسێنرێ . بەڵام ئەجەڤیت هێزی لە پەرلەماندا زۆر نەبوو و جڵەوی کاری بەتەواوی بەدەستەوە نەبوو ، ئومێدی ئەوەی لێ برا هیچی پێ بکرێ، دەمیرێل لە نوامبری ١٩٧٩دا هاتەوە سەرکارو دەستیکرد بە قەرزکردن ، مەرجەکانی سندووقی نێونەتەوایەتیی پارەی قەبووڵکردو زۆرتریش رۆیشت : نرخی پارەی زۆر داشکاند، نرخی کاڵا زۆر باڵا چوو، پشتگیریی دارایی جووتیاران و شتی لەوبابەتەی نەهێشت . ئەم سیاسەتەی بووە هۆی گرانیە- کی زۆری وا کە کرێ ومەعاش وێ ڕانەگەن و، مان گرتنیگەورەو درێژخایەن وڵات بگرێتەوە . حکومەت هەوڵی زۆری دا مانگرتوو بچنەوە سەرکار. لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٨٠دا دەوری ٦٠هەزار چووبوونەوە سەرکار،بەڵام دەوری ٥٥هەزاری دی هێشتا هەر مانیان گرتبوو، چاوەڕوان دەکرا ٧٠هەزار کرێکاری "مەعدەن- ئیش" مان- بگرن .

لەشکر لە ١٩٨٠/٩/١٢دا دیسان حوکمی راستەوخۆ گرتەوە دەست، رابەرانی هەر چوار پارتیەگەورەکان و دەیان ئەندامی پەرلەمانی خستنە حەپسەوە، پەرلەمانی داخست و دەستوور( قانوونی ئەساسی)ی پەکخست، دەستبە- جێ ماڵ پشکنین و خەڵك گرتن دەستی پێکرد . جەنەراڵی کۆدێتاچی هەوڵی زۆریان دا وا پیشان بدەن کە

ئەوەندەی دژی چەپن ئەوەندەش دژی راستن، بەڵام یەکەم هەنگاویان دژی یەکێتی سانديکايانی چەپ (دیسك) بوو و ئاشکرایە کە مەبەستیان زۆرتر لێدانی بزووتنەوەی چەپ و کوردە، و لە مەسەلەی ئابووریدا رایانگەیاند کە هەمان سیاسەتی ئابووریی دەمیرێل دەگرنە بەر، ئەوەیە " تورگوت ئوزەل "ی وەزیری ئابووریی حکومەتی " دەمیرێل "یان کردووە بە مشاوری ئابووریی خۆیان. لەوانەیە کرێ و معاش ٧٠٪ زیادبکرێ (نیسبەتی شت گران بوون لە سالی رابردوودا زۆر لە ٧٠٪ پتر بوو)،هەرچەندە لەشکر رێگا بۆ سەرمایە خستنەکار خۆش دەکا، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە ناتوانێ ژیانی ئابووریی خەڵك خۆشتر بکا .

## سێ- کێشەی مەزهەبیی تورکیا

یەکێك لە کارەکانی ئەتاتورك ئەوەبوو ئاین و حوکمی لێك جیاکردنەوە . دیارە مسوڵمان هەبوون ئەوەیان بەدڵ نەبوو و خەباتیان بەنهێنی بۆ ژیاندنەوەی حوکمی ئاینی هەردرێژە پێدا ،ئەوەبوو بەندی ١٦٣ی قانوونی سزایان بۆ دانرا. خەباتی نهێنیی ئەوانە لە ساڵانی پەنجادا رووی ئاشکرای لێرەو لەوێ دەرخست . دوو رێکخراوی کە رێکخستنی فراوانیان پێکهێنا : " نوورجوو" ( نوورچی) و " سولەیمانجْ " ( سولەیمانچی) بوون . (٢)

### ١- نوورجوو( نوورچی)

مریدی " سەعیدنوورسی" ین، کە پیاوێکی ئاینیی کـورد بوو ( ١٨٧٣- ١٩٦٠)، کتێبی زۆری نووسیون کە نوێخوازیی ئیسلام وگونجانی لەگەڵ ژیانی نوێدا باسکردووە؛ زۆر جار کێشەی لەگەڵ ئەتاتورکدا لێ پەیدابووە، لەبەرئەوەی بەگژ یاسا دنیاییەکاندا چووە زۆرتری ژیانی لە زینداندابەسەربردووە . کتێبەکانی تا ١٩٥٠ش قاچاغ بوون و هێندێکیان ئێستاش هەر قاچاغن . خوێنەرانی کتێبەکانی لەسەرەتادا هەر خەڵکی رۆژهەڵات ( کوردستان- وەرگێڕ) بوون،دوایی لە هەموو( کۆماری) تورکیادا دەخوێندرانەوە . وێ دەچێ نوورچیەکان ئێستا لە یەك ملیۆن کەس پتر بن . سەعیدنوورسی پیاوێکی هێمن و لێبورد بوو ،کە تەنانەت دوژمنەکانیشی بۆ ئەوە رێزیان لێ دەگرت . مریدەکانی وا نین،سەختگرو وشکن . سەردەمێك کۆمەڵەیەکیش بەناوی"نوور ئۆردووسوو" سەری هەڵدا، کە لە بڵاوکراوەکانیدا بڵاوکردنەوەی مسوڵمانەتی بە زەبری چەك هان دەدا . نوورچی لە رووی حیزبایەتیەوە ئێستا پشتی " عەدالەت پارتیسی" دەگرن .

### ٢- سولەیمانجْ ( سولەیمانچی)

لە ناوی " سولەیمان حیلمی توونـاهان "ـەوەیە (١٨٨٨- ١٩٥٩)، زانایەکی تەقلیدی ( بە رێوشوێنی لـەمێژینە) بوو، دەیویست دەوڵەت دەست نەخاتە کاروباری ئاینەوە، لەبەر ئەوە زۆر دوژمنی " ئیدارەی کاروباری ئاینی" و خوێندگە رەسمیەکانی دەوڵەت بوو، دەرسی ئەو خوێندگەیانەی پێ لە ئیسلامی راستەقینە دوور بوو، دەورەی

قورئانی سەربەخۆی هەبوو . سولەیمانچی هەر خۆیان پێ مسوڵمانی تەواوە، ئیمامێکی لەخۆیان نەبێ نوێژی لە-پشت ناکەن، خوێندنی هەرشتێکی غەیری قورئان و هەر جۆرە تێکەڵاویەك لەگەڵ غەیری دەستەی خۆیاندا پەسند ناکەن، خوێندگەی ئاینیی دەوڵەت بە جێگەی بێدینان دادەنێن، خۆیان خوێندگەی تایبەتیان هەن کە هەر تەنیا قورئان و تەفسیریان تێدا دەخوێنن . خوێندگەی ئاینیی دەوڵەت دەرسی تریشی لەپاڵ قورئان و تەفسیر تێدا دەخو-ێندرێ، لەبەر ئەوە لە کاتی ئیمتیحاندا بۆ وەزیفەو کار پەیداکردن زەحمەتە ئەوەی لای سولەیمانچییانی خوێندبێ دەرچێ، چونکە لەو ئیمتیحانانەدا جگە لە قورئان و تەفسیر شتی تریش دەپرسن . سولەیمانچی لە مزگەوت و خوێندگەیاندا پرۆپاگەندەی زۆر دژی کۆمونیزم بڵاودەکەنەوە، جوو بە گەورەترین دوژمنی ئیسلام دادەنێن، زۆر رقیان لە عەلەوی ( شیعە )ـەکانە، ئەوانیش لەم ساڵانەی دواییدا - وەك م هـ پ - بە خۆش کردنی ئاگری رق و کینـەی مەزهەبـی لەو ویلایەتانەدا کـە خەڵکیان سەر بە چەند ئاین و مەزهەبـی جیاوازن، پتر هاتنە پێشـەوە ؛ لە رووی سیاسیەوە زۆربەیان پشتی " عەدالەت پارتیسی" دەگرن و کەمێکیشیان لە " م هـ پ " نزیکترن؛ کەمال کاچار ی زاوای سولەیمان خۆی ( مێردی کچی)،ئەندامی عەدالەت پارتیسی یە و لە پەرلەماندایە .

## ٣- م س پ ( میللی سەلامەت پارتیسی )

م س پ، لە کۆمەڵانێك پێكهاتووە کە داوای گەڕانەوەی حوکمی ئیسلام دەکەن، کۆمەڵانێکیشیان وێران کـە پەیمانکاری ( قۆنتەرات) وکاری بازاڕ دەگرن و لە دەسەڵاتی ئیحتیکارەکانی بێگانە دەترسن، زۆر دژی سیاسەتی ئەوروپاییەتیی حکومەتە، جیهانی ئیسـلامیی کردووە بە دروشمی خۆی، سیستمی سەرمایەداریی بە رابەریی ئەمریکا( کە زۆر بە دڵی نوورچی و سولەیمانچییانە) ناوێت و لە شتێك دەگەرێ جێیئەوە بگرێتەوە، شۆڕشی ئێران حەماسەیەکی زۆری تێدا پێكهێناوە ( هەرچەندە زۆریش دوژمن بە عەلەویە‌یە! ) ، لە ئیدارەی کاروباری ئاینیی دەوڵەت و خوێندنی ئاینیی رەسمیدا دەستی دەڕوا، ژمارەیەکی زۆری دەورەی قورئان هەیە، " میللـی گـۆروش تەشکیلاتلاری Milli Gőrüş Teşkilâtları " ( تەشکیلاتەکانی دیدی میللی ) و یەکێتی سـەندیکایانـی کرێکارانی " هەق- ئیش Haq-İş " سەر بەون، کۆمەڵەیەکیشی بە ناوی " ئاکنجی Akıncı " (٣) هـەیـە کە لـە بابەتی کـۆماندۆی فاشیـستـەکانـە، کەسانێکی تێدا مەشقی شەڕیان پێ دەکرێ و زۆرتر بەردەدرێنە گیانـی عەلەویەکان .

## ٤- عەلەوی ( شیعە )

عەلەوی لە ( کۆماری) تورکیادا کەمایەتین ( چوار ملیۆن )، زۆربەی خەڵکی تر سوننین،و نێوانی شیعەو سوننی قەت خۆش نەبووە . زۆرعەلەوی لە ویلایەتی : مەرەش، مەلاتیە، سێواس، ئەرزەرۆم، و خارپووت دەژین . ئەوەندەی عەلەویی کورد عەلەویی تورکیش هەن . حاڵی عەلەویی تورکیای بەر لە جمهوریەت، بەهۆی شەڕی شیعە و سوننیی ئێران و تورکیاوە، زۆر خراپ بوو. لە دروست بوونی جمهوریەتەوە کە دین و دەوڵەت لێك جیا- کراونەوە، عەلەوی‌یش توانیویانە بچنە سەرکاری رەسمی (دەوڵەتی) و کەسابەت و بازرگانی بکەن و شوێنی خۆیان بکەنەوە، بەڵام نێوانی خەڵکی عەلەوی و سوننی هەر خراپە و بەدەگمەن وادەبێ ژن لە یەکتر بهێنن . زۆرتری عەلەوی چەپن، لەبەر ئەوە " م هـ پ " و" سولەیمانچی " ( کە دوژمنانی چەپن) دوژمنایەتی و رقەبەریی کۆنی شیعە و سوننی‌یان لەم ساڵانەی دواییدا بۆ لێدانی عەلەویان زیندوو کردۆتەوە و ئاگریان خۆش کردووە، بەمە خەڵکێکی زۆریان بەگژ چەپدا کردووەو شوێنێکی زۆریان بۆخۆیان لەو ویلایەتانەدا کردۆتەوە کە شیعەو سوننیی هەردوو تێدا دەژین .

## چوار- م هـ پ ( میللیەتچی حەرەکەت پارتیسی ) ی تورکەش و ئەدەبیاتی

ئالپ ئارسلان تورکەش، کە پێشتر باسی نێوانیمان لەگەڵ ئەڵمانیای نازیدا کرد، یەکێك بوو لە ٣٨ ئەفسەری کۆدێتای ١٩٦٠و، دوای ئەوە لەوانەدا بوو کە دژی گەڕانەوەی حوکمی مەدەنی بوون، خۆی و ١٣ئەفسەری دی ماوەیەك دوورخرانەوە و کاریان لە سەفارەتخانەکانی تورکیا دراین، تورکەش بوو بە وابەستەی عەسکەری لە دەلهی. کەمێ دوای هەڵبژاردنی ١٩٦١ گەڕایەوە تورکیا. دۆستەکانی ویستیان بیخزێننە جێیەکی گرنگی عەدالەت پارتیسی یەوە، بەڵام نەچووە سەر. پان تورك و دەستەڕاستی تر لە سەرەتای ساڵانی شێستدا لە کۆمەڵەیەکدا کۆبیوونەوە ناوی" کۆمەڵەی قەڵاچۆکردنی کۆمونیزم " بوو. پارتیەکیش هەبوو ناوی" ج ك م پ" ( پارتی جووتیاری نەتەوەی جمهوریەتچی) بوو. تورکەش کۆمەڵێکی رەگەڵ خۆی خست و چووە ئەم" جكمپ" یەوە و شوێنێکی گرنگی بۆخۆی تێداکردەوە؛ لەکۆنگرەی ١٩٦٥یدا بوو بە سەرۆکی. ئەوجا سەرلەنوێ بە شێوەیەکی تری رێكخستەوە، وەك دەزگایەکی عەسکەریی لێ کرد و کەسانی جێبڕوای خۆی خستە شوێنە گرنگەکانەوە. ساڵی ١٩٦٧ یا ١٩٦٨، بنکەی تایبەتی بۆ پێگەیاندنی کۆماندۆ کردەوە. لاوانێك لەو بنکانەدا مەشقیان پێ - دەکرا : جودۆ، شەڕ بە دار، بە بەرد، هێرش و خۆپاراستن، دواتر کاراتێ و چەکیش. ئەندامی " ج ك م پ " لە پەرلەماندا ریفعەت پایکال ( لە ئەفسەرانی کۆدێتای ١٩٦٠) بەڕێوەبەری ئەو بنکانە بوو. یەکەم راپۆرتی رۆژنا-مەگەری دەربارەی ئەو بنکانە لە رۆژنامەی جمهوریەت (ی ١٩٦٨/٨/١) دا بوو. ئەم کۆماندۆیانە بوون ساڵی ١٩٦٩ بۆ یەکەم جار سێ خوێندکاری چەپیان کوشت. دوای یەکەم شەڕی نێوان کۆماندۆ و خوێندکارانی چەپ، لە رۆژنامەی " حوریەت " (ی ١٩٦٩/١/١٠) دا گفتوگۆیەك دەخوێنینەوە کە لەگەڵ تورکەشدا کراوە، لەوەدا:

« حوریەت : ئەگەر شەڕی نێوان ئەم دوو دەستەیە گەورەتر بێ و خەڵکەکەی تریش تێ وەردا، پێت وانیە ئەوە خەتەرێکی زۆر دەنێتەوە ؟

تورکەش : نا، ئەوە روو نادا، چونکە ئێمەو لاوانمان قەڵغانێکمان سازداوە. بزووتنەوەیکۆمونیستان ناتوانێ چیدی پەرە بستێنێ. رەنگە لەسەرەتادا رووداوی تری وەها بێنە پێش، بەڵام لەدواییدا ئارام دەبێتەوە، چونکە ئێمە بە ئامادەیی رووبەروویان وێستاوین. ئەو لاوانەی ئێوە پێیان دەڵێن

کۆماندۆ، بیروباوەڕی " دۆکووز ئشك" ( نۆ رووناکی) ڕێبازیانە .

حوریەت : دەکرێ بنووسین کە تۆ بەتەواوی لەپشت ئەو کارانەی لاوانی کۆماندۆی ؟

تورکەش : بەڵێ، ئەمە تەواوە . من بەتەواوی و بە هەموو شێوەیەك پشتی ئەو لاوانە دەگرم . »

( جارێکی تر دواتر کە پرسیاری لێ‌کرابوو، ئەم قسانەی ئێرەی خۆی ئینکار کردبوو) .

تورکەش ساڵی ١٩٦٩ ناوی حیزبەکەی کرد بە " میللیەتچی حەرەکەت پارتیسی" (م هـ پ) ( پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی) . ناوی کۆماندۆش کرا بە " بۆز کوورت" ( گورگە بۆز، گورگە بۆر) .

## ١- پرۆگرام، دۆکووز ئشك

پرۆگرامی ساڵی ١٩٧٣ی م هـ پ کە سەرنج دەدەین ( هەمان ئەوانەی ساڵانی پێشووترە بە دەستکاریەکی کەمەوە)، لە بەشی یەکەمیدا ئامانجی دووری دیار دەکا : " داهێنانی بارێکی نەتەوەیی نوێ لە سەر بنچینەی میسالیاتی نەتەوایەتیی تورك و بەپێی : بۆ تورك، تورکایەتی، لە تورکەوە " . ئەوجا دەڵێ : " ئامانجی یەکەمی پارتی : دامەزراندنی تورکیایەکی بەهێز، دەوڵەمەند و، گەورەیە کە دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوە لەناو بدات " .

هەر لەو بەشەی یەکەمیدا، " دۆکووز ئشك "ی تورکەش بە بڕبڕەی فکری پارتی باس دەکا . ئەوەی ڕاستی بێت، نووسینی تورکەش سەرچاوەو ئەساسی هەموو چالاکیەکی م هـ پ یە،جگە لەوە پرۆگرامێکی ئەوتۆ لەکاردا نیە . کتێبی دۆکووزئشكەی تورکەش ( کە زۆری لە پرۆگرامی پارتیەکەی پێشوو ج ك م پ وەرگرتووە)،ساڵی ١٩٦٥ دەرچوو و لەوساوە ٢٥ جارێك چاپ کراوەتەوە، باسی لەمانەیە :

« ١- میللیەتچی‌لیك ( نەتەوەییەتی) .

٢- ئولکوجولوك (میسالیەت): خەبات بۆنەتەوەی تورك (ل١٧-١٨)، ڕزگارکردنی تورکەکانی دەرەوەی تورکیا (..) . ( م هـ پ بە ئەندامە هەرە چالاکەکانی، کۆماندۆ گورگەبۆرەکانی،دەڵێ : ئولکوجو( میسالی) ) .

٣- ئەخلاقچلك ( ئەخلاقیەت): ئەخلاقی تورك،کە رووحیەتی تورك دەیەوێ و بۆنەتەوەی تورك بەکەڵکە(ل ٢٠) .

٤- تۆپلوومجوولووك ( کۆمەڵایەتیەت، سۆسیالیزم ) : سەرمایەی تایبەتی بپارێزرێ و یارمەتی بدرێ،دەوڵەت سەرپەرشتیی نێوانی کرێکارو خاوەن کار بکا تا گیروگرفت نەیەنە پێش و زیان لە نەتەوەی تورك نەکەوێ، سەرمایە و پارەی کەمی کە خەڵك لە بانکدا ڕایدەگرن وەسەریەك بخرێن تا کەڵکی پرۆژەی گەورەیان هەبێ، دەوڵەت پرۆژەی گەورە بەجێ بێنێ ( تورکەش بەتایبەتی ناوی ڕۆکێت و تەکنیکی فیزیای ئەتۆم دەبا) .

٥- عیلمجیلیك : گیروگرفتی نەتەوە بە شێوەی زانستی چار بکرێن .

٦- حوریەتچیلیك : ئازادی، سەلماندنی مافی مرۆڤ .

٧- کویجولوك : ئاوەدانەوە لە دێهات، ئەو ٤٣هەزار دێیەی ئێستای کۆماری تورکیا بکرێنە ٤٣٠٠دێی گەورە ( شاری کشتوکاڵ) - گوایا- تا خوێندن و بژێشك و پێداویستیان پێ بگات .

٨- گەلیشمەجیلیك ڤە هالكچیلیك ( پێشکەوتن و گەل پەروەری) .

٩- ئەندوستریجیلیك ڤە تەکنیكچیلیك ( سەنعەت و تەکنێك) : ئەم سەدەیە سەدەی ئەتۆم و رۆکێتە،هێزی هەڵم باوی چوو، کارەباش بەم زووانە باوی نامێنێ !، دەبێ نەتەوەی تورك پێشکەوتووترین وگەورەترین سەنعەتی هەبێ .

## ٢- جیهان گرتن

تورکەش لە ساڵانی پەنجادا چەندگوتارێکی دەربارەی تورکایەتیی ولاتانی باشووری رۆژهەلاتی ئەورووپا بلاو- کردەوە، کە لەم دواییانەدا لە کەشکۆلی " گۆنول سەفەربەرلیگینە" ( بۆ بەسیجی مەعنەوی)دا چاپ کرانەوە . لە شوێنێکیدا دەڵێ :

" ئەگەر باهۆزێك لە چیاکانی کۆریاوە هەڵبکا، هەر کەنارئاوەکانی کۆریا دەخرۆشێنێ . باهۆزێك لە ڤێتنامەوە هەڵستێ،هەر لە ڤێتنامدا تەئسیر دەکا . باهۆزی هیمالایاش، دەکرێ هەمیشە لە ئۆقیانووسی هیندیدا ئارام- بێتەوە .

بـــــەڵام ! ، ئەگەر جارێك باهۆز لە چیاکانی ئاسیای بچووکەوە بێ، هەموو دنیا دادەگرێ " . ( چاپی دووەم ١٩٧٩، ل ٥٠ ) .

دیارە " هەموو دنیا " لە بەشێکی ئەورووپا و لە قبرس و دەریای ئێجەش پترە کە تورکەش بە تورکیان دادەنێ و دەڵێ : " رزگارکردنی هەموو تورك و بوونی تورکیا بەیەکەوە بەندن " ( تورکەش، تورکیەنین مەسەلەلەری، چاپی چوارەم ، ١٩٧٥ ، ل٨٢) . یەحیاکەمال لە شیعریدا هاوار لە خودا دەکا لەشکری تورك سەرفرازبکات " چونکە ئەمە ئیتر دوا لەشکری ئیسلامە "، بەڵام نەجدەت سەڤینچ مەبەستی باهۆزی تورکەش باشتر روون دەکاتەوە :

" ئـەوە کە دەوڵەت (ی تورك) گەورەتر ببێ، ببێ بە گـەورەترین دەوڵەت، بە تـاقە دەوڵەتێك لەسەر گۆی زەوی، بەشەرەفترین میسالیەتیلاوانی تورکە". (ن. سەڤینچ، ئولکوجویە نۆتـلەر(تێبینییـان بۆمیسالی)،چاپی سێیەم،

١٩٧٦، ل٥٩) .

نەجدەت سەڤینچ، کە دەیەوێ هەموو دنیا بکا بە یەك دەوڵەتی تورك، دەزانێ شەڕێکی زۆری تێدەچێ، بـەڵام چار چیە :

" تاکە ڕێیەك هەبێ بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی ئەوەیە هەموو دنیا لەژێر فەرمانی یـەك دەوڵەتدا بێ ، ئەو دەوڵەتەش دەبێ تورك دروستی بکاو حوکمی بکا، چونکە خونکاری کاری تورکە . تورکێکی نەتەوەیی لە کاتێکدا حەزلە ئاشتیدەکا کە بزانێ ئەو ئاشتیە ڕێیەکە بۆ شەڕێکی نوێ،ئەگینا قەت بەهیچ جۆرێك ئاشتیی ناوێ . " ( سەڤینچ، هەمان سەرچاوە(ی پێش ئەمە)، ل٦١) .

سەڤینچ لە شوێنێکدا، کە وادیارە دەزانێ هەموو خەڵکی ئەم دەوڵەتە تورکەی دنیای بۆ ناکرێتە تورك، ئامانجی م هـ پ بەم شێوەیە باس دەکا :

" دەوڵەتێکی نەتەوایەتیی وەها پێکبێنێ کە ئامادە بێ بۆ خاتری تـاڵـە موویەکی سـەری تورکێك هەموو دنیا سەرببڕێ، هاونەژادانی ژێردەستەو خاکی زەوتکراومان ڕزگاربکات و شەڕی ڕزگاریی هەموو ئەو گەلانە بەڕێوە ببا کە لەژێر باری کۆمونیزم و سەرمایەداریدا دەناڵێنن . خودا کەسانێکی بـۆ ئـەو مەبەسـتە تـورك دروست کردووە . دەست وەشاندن لە هەرکەسێکی بڕوای بەمە نەبێ یا دژی بێ،نەك هەر ڕەفتارێکی میسالیا- نەی تەواوە، بەڵکو شەڕێکی پیرۆزیشە، بۆ بـەجێ هێـنـانـی فـەرمـانـی خـودایــە ." ( هەمان، ل٥٥) .

## ٣- تورکایەتی و ئیسلامێتی

مەسەلەی ئیسلامێتی سەرێشەی زۆری بۆ م هـ پ ناوەتەوە . لەلایەکەوە،یەکەم پان تورك دژی ئیسلام بوون و دەیانویست فەرهەنگی پێش ئیسلام زیندوو بکەنەوە . ئیسـلام، کە لە تورکەوە نەهاتووە و بە یەك چاو سەیری هەموو گەلان دەکا، دیارە بیری ئاغایەتیی نەتەوەی تورك بەسەر گەلاندا قەبووڵ ناکا . بەڵام لـە لایەکی ترەوە، زۆربەی خەڵکی تورکیامسوڵمانن وهەستی ئاینی لەوێ حیسابی بۆ دەکرێ . لەبەرئەوە هەندێ بەرپرسیارانی پان تورك بیریان لەو مەسەلەیە وا کردەوە کە لەجیاتی ئەوەی دوژمنایەتیی ئیسلام بکەن، وا باشترە بچن بۆمەبەستی خۆیانی بەکار بێنن . ئەوەبوو ئەم خەتە دوایی بەسەر م هـ پ دا زاڵ بوو .

تورکەش،خۆی زۆر بە مسوڵمان پیشان دەدا . هەر لە سەردەمی ج ك م پ دا لەگەڵ خەتی دژی ئیسـلامی پان تورکەکان تێکچوو، زەلامێك بەناوی " دوندار تاشەر" بوو بە ڕەقیبێکی سەختی و لەدواییدا کوژرا، نەزانرا کێ

چۆن کوشتی، بەڵام رێی تورکەش بەو کوشتنە زۆر تەخت بوو . " ئاگاهـ ئۆکتای گونەر "ی ئابووریناس گرنگترین شەخسیەتی ئەو دەستەیە بوو کە دەیانویست دروشمی ئیسلامی بخەنە حیزبەوە، تورکەش‌یش بە یەکێکی سەر بەو دەستەیە دەناسرا . ئەمانە مەسەلەی تورکایەتی و ئیسلامێتیان وا هێنایە پێشەوە کە گوایا تورك و ئیسلام یەکتر تەواودەکەن و لێك جیا ناکرێنەوە، چونکە ئیسلام داوای "جیهاد"ی کردووە و تورکی ئەهلی شەڕیش لەوەتای بوونە مسوڵمان هەمیشە لەشکری ئیسلامیان پێکهێناوە و جیهادیان کردووە ( گونەر، ڤێریم ئیکۆنۆمیسی ( ئابووریی بەرهەم) ،چاپی سێیەم، ١٩٧٨ ،ل٤٠٨-٤١٠) . ئیسلامێتیی تورکەش سەرو دڵی کۆڕوکۆمەڵە ئیسلا-میەکانی گرت، زۆر بەتوندی بەگژیدا چوون، قسەکانی پێشووی خۆیان بۆ چاپ کردەوە کە تێدا بە ئاشکرا پەلا-ماری ئیسلامی دابوو، تەنانەت هەندێك لەوانە کردیان بە ئانیمی یا شامانی ( پەرستنی رووحەکانی تەبیعەت، ئاینی تورکی بەر لە ئیسلام ) . راستییش،کە پیاو سەیری دۆکووزئشك ی تورکەش دەکا ( یەکەم چاپ ١٩٦٥) باسێکی ئیسلامی تێدا نابینێ، تەنانەت ئشکی سێیەمیش کە باسی ئەخلاقچلك دەکا مەبەستی ئەخلاقی‌تورکی بەر لە ئیسلامە . بەهەرحاڵ، تورکەش ساڵی ١٩٧٦ بوو بە حاجی !، لەگەڵ ئەرباکان ( سەرۆکی میللی سەلامەت پارتیسی) دا چووە حەج،و پرۆپاگەندەیەکی زۆری سیاسیی بۆ ئەوە کردو بەوە زۆر سونیی ( لەدژی شیعە) هێنایە لای خۆی ( لەو ناوچانەدا کە کێشەی سوننی وشیعەیان تێدا هەیە، زۆرترینی ئەندامانی لەو رێیەوە پەیدا دەکا و لەو رووەوە مەگەر هەر خەست کردنەوەی ئیسلامیچێتیەکەی لێ چاوەڕوان بکرێ ) . م هـ پ پرۆپاگەندەی ئیسلامی بۆ خۆی زۆر بە گرنگ دەگرێ، تەنانەت چەند کەسێکی زۆر گرنگی لەبەرخاتری دڵی مسوڵمانان دەرکردوون، کە سەڤینچ یەکێکە لەوانە . نەجدەت سەڤینچ سەرەك نووسەرانی ( ساڵی ١٩٧٤ی) رۆژنامەی م هـ پ " هەرگون" ( هەر رۆژ، رۆژانە)، دانەری" ئولکوجویە نۆتلەر " کە دوای" دۆکووزئشك "ی تورکەش و " ماین کامپف " ( تێکۆشانی من) ی هیتلەر، گرنگترین کتێبی لاوانی م هـ پ یە ؛ لەسەر ئەوە کە هەڵوێستی لەگەڵ پرۆپاگەندەی ئیسلامیی حیزبدا ناگونجێ، لە حیزب دەرکراوە .

## ٤- ژن

بەیتە شیعرێکی تورکی هەیە کە زۆر لەسەر زمانی م هـ پ ییەکانە، دەڵێ :

" کچێ، بۆچ هێشتاش هەر لەگەڵ رەفیقەکانتدا خەریکی یاریی ؟

کە تۆ ئێستا لەو تەمەنەدایت زگ بکەی و دنیاگرت بێ ".

لە باسی زگ پڕکردن و دروست کردنی دنیاگراندا، شتی لەم بابەتە دەبینین :

" لە هەموومان ئاشکرایە چۆن بیرو باوەڕی بێگانە دەیانەوێ ژن وکچی تورك بۆ نیازە رەشەکانیان بەکاربێنن . کۆمونیزم و سەرمایەداری و هەموو بیروباوەڕە تێکدەرەکانی دی، ژیانێك دادێنن کە ژنی تێدا بچەوسێند- رێتەوە و ئەرکی پیرۆزو بەشەرەفی - وەك بوونە دایك -ی بەر نەفرین بکەوێ، بۆ ئەوە تێ دەکۆشن کە پایەکانی خێزان لە بناغەرا وێران بکەن،گاڵتە بە رەوشت وئاینمان دەکەن و درۆ و دەلەسەیان وەدوودەخەن . ئەرکی سەر شانی ژنە تورك ئەوەیە هۆشیارانە بەرەنگاری ئە و بیروباوەڕانە ببێتەوە " ( ئەردۆگان تانریۆڤەر، تورك میللیەتچی‌لیگی ڤە کادین ( نەتەوەییەتیی تورك و ژن) ، قەیسەری، ١٩٧٨،ل٩) کە زۆرتر هێرش بۆ سەر دوژمنانی م هـ پ یە تاوەکو هەر شتێکی تر .

## پێنج - دوژمنانی م هـ پ

دیاره ئەوانەی کە م هـ پ بە دوژمنیان دادەنێ کەم نین، لەوانە :

### ١- کۆمونیست

" گەورەترین دوژمنی ئەمڕۆی نیشتمانی تورکیا و نەتەوەی تورك کۆمونیزمە، کۆمونیزم دوژمنی سەرەکیی بزووتنەوەی نەتەوەییە" ( تورکەش، تۆپلومجوولووك، ل٨و٩) . رووسیای قەیسەری و تورکیا بە سەدان ساڵ شەڕو شۆڕیان بووە، پڕۆپاگەندەی دژی سۆڤیەتی ئەم نیوسەدەیەی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبریشی هاتووەتە سەر کە گوایا کۆمونیست رووسیایان کردووە بە وڵاتی ئیباحیەتی جنسی و بێ دین و ئیمانی و،کەس لەوێ چیدی نە خاوەنی ماڵی خۆیەتی و نە ناموسی خۆی و...ئیدی . ئێستا وای لێهاتووە کۆمونیست لای تورکێکی سادە کەسێکە دەیەوێ مزگەوتەکەی نەهێڵێ و ژنەکەی و هەرچی هەیەتی لێ زەوت کا و رووسیشی بێنێتە سەر . م هـ پ سوود لەم بارە دەبینێ و هەر کۆسپێکی سەر رێی خۆی بە " کۆمونیست " تاوانبار دەکا .

### ٢- جمهوریەت هالك پارتیسی

و بەتایبەتی ئەجەڤیتی رابەری، کە م هـ پ بە کۆمونیستێکی خەتەری ناو دەبا و چەند جار ویستوویە بیکوژێ .

### ٣- ساندیکایی چەپ

بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە " دیسك" . م هـ پ چەقۆکێش و سەرسەری دەنێرنە کۆبوونەوەکانیان تا لێیان تێکدەن، بە چەك هەڕەشە لە کرێکاران دەکەن کە دەنگ بۆ دیسك نەدەن، ساندیکایی چەپی چالاك دەگرن و شکەنجە دەدەن و هەڕەشەیان لێ دەکەن ئەگەر بێنەوە سەرکار دەیانکوژن، پڕۆپاگەندەیان لەدژ دەکەن کە : " ئەو کۆمونیستە دڕندانە هەرا دەنێنەوەو دنیا دەشێوێنن " .

### ٤- رێکخراوانی چەپ

تورکیا ئیشچی پارتیسی، رێکخراوانی خوێندکاران، یەکێتی مامۆستایان، یەکێتی کارمەندان و... ئیدی ؛ کە م هـ پ ( بە هاوکاریی دەزگاکانی حکومەت ) ئەندامانی لێ کوشتوون .

### ٥- عەلەوی

( بڕوانە : خۆشکردنی ئاگری رق وکینەی مەزهەبی - ل١٢٦و١٢٧ ) .

### ٦- کوردی نەتەوەیی

بە بیری م هـ پ ، هـەموو نەتەوەیەك یـەك مەبەستی هەیە : ببێتە فەرمانڕەوای جیهان، ئەمە ناچاری دەکا لەگەڵ نەتەوەکانی تردا لێی ببێ بە شەڕ . کە دێتە سەر باسی کـورد ، فاشیست دەڵێن : " کورد تورکن ". ئەو کوردانەی باسی هەویەتی نەتەوایەتیی خۆیان بکەن، یا پتر بڕۆن و داوای خودموختاری یا سەربەخۆیی خۆیان بکەن (هەمان شتی کە گوایا بۆ تورکەکانی دەرەوەی تورکیایان دەوێ)، ئەوا بە کۆمونیسـت و خاین تاوانباردەکرێن . تەنانەت زۆر ئەندامی چالاکی رێکخراوە کـوردەکـان بەدەستی چەقۆکێش و سەرسەریە فاشیستەکان کوژراون . ( بڕوانە : شەش - هەڵوێستی م هـ پ لە کورد ل١١٦-١١٨) .

### ٧- یۆنانی و ئەرمەنی و جوو

م هـ پ زەمینەی مێژوویی دوژمنایەتیی نێوان تورکیا و یۆنان،و تورك و ئەرمەنی، بۆمەبەستی خۆی زۆر بەکار-دێنێ . مەسەلەی قبرس و دەریای ئێجە ( کە نەوت لەو دەریایەدا دۆزراوەتەوە )، و چەندکردارێکی ئەرمەنیەکـان ( کوشتنی چەند دیپلۆماتی تورك، بۆمبا خستنە چەند کۆنسولگەری و مەکتەبی سەفەر) یش لەلایەن م هـ پ وە بۆ خۆشترکردنی ئاگری رق وکینەی نێوان تورك و یۆنانی،و تورك و ئەرمەنی بە خەستی بەکارهێندراون، م هـ پ هەرهەلێك دەقۆزێتەوە بۆ خەستترکردنەوەی دوژمنایەتیی یۆنانی و ئەرمەنی . هەرچەندە جوویەکی ئەوتۆش لـە تورکیا نیە، بەڵام دیسا هەر، م هـ پ - ئەوەندەی مسوڵمانە سەختگرەکان - دژی جووە؛ لە نووسـینەکانیڕا وێ-دەچێ زۆر شتی هەر راست لە ئەدەبیاتی نازیەکانەوە وەرگرتبێ، وەك ئەوە کە " جوو سـەرمایـەداری گەورەی چەوسێنەرن و درۆزن و دەستبڕن و بیروباوەڕی کۆمونیزم بڵاودەکەنەوە ". با چەند دێڕێك لە ژمارەیەکی تایبەتی حەفتەنامەی" یەنیدەن میللی موجادەلە" ( سەرلەنوێ خەباتی نەتەوەیی) ی سەر بە م هـ پ سەیرکەین کە ساڵی ١٩٧٢ لە ئەڵمانیا بە بەربڵاوی لەناوکرێکارانی تورکدا بڵاوکراوەتەوە :

« لە سەدا حەفتای هەرچی کارگەی سەنعەتی ( لە تورکیا ) هەیە، لە دەستی لە سەدا سێی خەڵکـدایە . کڕین و فرۆشتنی کاڵای وڵاتیش لەگەڵ دەرەوەدا بەدەست ئەم دەستە کەمە و بەدەست سەرمایەی جیهانییەوەیە . خـاوەن کارگە لە تورکیا سەیردەکەی ناوی شلۆمۆنە، بازرگانی گەورە مگردیجە، ئەوانەی دەتوانن پرۆژەی گەورە بگرن

داودن، گۆمبێلن، کۆهێنن . ئەوانەش کە پارەیەك شك نابەن بچن دەرمانی پێ بۆ منداڵەکانیان بکڕن عەلین، محەمەدەکانن کە پارەی جیازی بووکەکانیان بۆ پێك نایە، ئەحمەدەکانن کە دەبێ وردکەنان لە تەنەکەی زبڵ ( ئەشغاڵی)ی جوو ویۆنانی و ئەرمەنیەکان هەڵگرنەوە » ؛ ئەوجا دەڵێ :

« برا کرێکاری خۆشەویست ، ئێمە هەموومان دەزانین، کە ئەگەر جووی خاوەن کارگە و یۆنانی و ئەرمەنیی سوودخۆر بەری رەنجی دەست و ئارەقەی ناوچەوانی ئێوەیان نەناردبا دەرەوە و نەچووبا ئیسرائیل و یۆنانەوە، تۆ ئەمرۆ ناچار دەبووی لە چاوگە کانەکانی ئەڵماندا ملکەچی فەرمانی جووی چەپەڵ یا مەسیحییان ببی، ئێستا هەوای ئازادی نیشتمانت هەڵدەمژی و لەناو ماڵ و منداڵی خۆتدا ئاسوودە و بەختیار دەبووی . بەڵام ئەوەتا ، ئەم باندە ئیرهابیانەی بەربوونەتە گیانی دنیاوە، دەمیان ژەنیوەتە ئابووریی نیشتمانمانەوە و وەك زەروو خوێنی نیشتمانمان دەمژن .

برا ، تۆ دەبێ ئەوە بزانی کە خیانەتی ئەمانە هەر هی ئەمرۆ و دوێنێ نیە، جوو و هاوپەیمانانیان بە سەدان ساڵە خەریکن تۆوی دووبەرەکی دەچێنن، چیان بوێ بە کەیفی خۆیان تەخشان- پەخشانی دەکەن، بە هەموو رێیەکی لە دەستیان بێ رەوشتمان خراپ دەکەن، سووکایەتی بە نیشتمانمان دەکەن . قەت رۆژێك بوو ئەمە ببڕێتەوە ؟ نا ، قەت! . تا ئێستا ، ئەمرۆش، سەری ئەم باندە خاینانە هەر خەریکی خیانەت کردنن، ئەوەی نووسەرن بە نووسینی رۆژنامە و خاوەن کارگە بە کارگە!. سەربازانی بروسکە- کۆماندۆی جوو و چەقاڵ - بەقاڵی بە قیرەو هاواری کۆمونیست، لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، خۆیان مەڵاس داوە بزانن کێ بەوێدا دەڕوا !، چاوەڕوانی جووتیاران وکرێکارانن بینە قوربانییان . چاپخانە و رۆنیۆ بەردەوام خەریکی چاپی ئەو نووسراوە پڕ لە پرۆپاگەندا-نەن کە لە دووکانی جوو دەرچوون ، ئەو نووسراوانە پڕن لە درۆ، کە تەئسیر ناکەنە سەر کەس مەگەر کەسانێکی شەخسیەت زەعیف . ئەوان خۆشیان ئەوە دەزانن، بەڵام هەدا نادەن، قەت ماندوو نابن لەوەی بە سەدان جار و هەزاران جار ئەو قسانە بڵێنەوەو رووحی خەڵك نابوود بکەن . ئەوانە دڵی باشی ئێوەو سەبرو ئارامیتان بە هەل دەزانن و دەیانەوێ سەرتان بە باسی سۆسیالیزم و سەربەخۆیی و دادۆشین و شتی لەو بابەتە بئاخنن، دەیانەوێ ئەوەیان لە رێی ئەو قەحبانەشەوە بۆ پێك بێ کە دەرسی جنسی ونەفسی لە شانە کۆمونیستەکاندا فێرکراون ،ئیتر هەرکەس بکەوێتە داویانەوە بۆ ئەوەی پەروەردە دەکەن کە ببێتە سەربازێکی کاروانی چەتەی کۆمونیستی، ئای، دوژمنانی نەتەوەکەمان ئا ئەوەیان دەوێ ".

## شەش - هەڵوێستی م هـ پ لە کــورد (٤)

لە دەوری ٤٤ ملیۆن کەسی لە تورکیا دەژی، هەشت ملیۆنی کوردە . کورد زمانی تایبەتی خۆی هەیە کە زۆر لە تورکی جیاوازە و نێوانی لەگەڵ فارسـیدا هەیە . کـورد لە ئەساسدا لە رۆژهەلآت و باشووری رۆژهەلآتی تورکیا دەژین، بەلآم بەهۆی کۆچ کردن و چوونە شاری گەورە، ئێستـا ژمارەیەکی زۆریان لە شـارەکانی ئەسـتەمبوڵ، ئەنقەرە، ئیزمیر،و ئەدەنە ش هەن . کـوردی زۆر لە وڵاتانی هاوسێشدا هەن : عیراق ( دەوری ٣ ملیۆن )، ئێران (٤ملیۆن)، سووریا ( نیو ملیۆن)، یەکێتی سۆڤیەت ( نزیکەی ١٠٠هەزار) . کورد هەستێکی بەهێزیان هەیە کە گەلێکی جیاوازن،هەستی نەتەوایەتیان بەهێزە و لەم ساڵانەی دواییەدا تا دێ ئاشکراتر دەبێ . نەتەوایەتیی کورد ئەوەی راستی بێت،لە کۆتایی سەدەی رابردوو و کەوتنە ئەم سەدەیەدا پێ‌گەیشت . ئەمەش، بەشێکی کاردانەوەی نەتەوایەتیی تورک بوو. هاوپەیمانان دوای شەڕی جیهانیی یەکەم هیوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سـەربـەخـۆی کـوردیان، لە پەنا ئەرمەنستانی سەربەخۆدا، بووژاندەوە . خەباتی رزگاریی نەتەوایەتی بە رابەریی ئەتاتورک، کـە کـوردێکی زۆریشی تێدا بەشدار بوون، ئەو نەخشانەی تێکدا و کۆماری تورکیا پێکهێندرا . ئەوجا دیاربوو کـە حیسابێك بۆ ئاواتی تایبەتی کوردان لەو کۆمارەدا نەکرا، دەوڵەت زۆرمەرکەزیانە بەرێوە برا و زۆر لەسەر نەتەوا-یەتیی تورك پێ داگیرا . کورد ،نارەزاییان دەربری . راپەرینی گەورەی نەتەوەیی کورد، لە١٩٢٥،١٩٢٩، ١٩٣٠، و ١٩٣٧دا بەرپابوون . ژمارەیەکی زۆری راپەرینی بچووك و ناوچەییش لەنێواندا هەبوون ( کە نەتەوەیی تەواو نەبوون، زۆرتر هەستی ئاینی دەیبزواندن یا ئەوەبوو وەك هەر کۆمەڵگایەکی تەقلیدی ( سوننەتی) دژی ئەوەبوون دەوڵەت دەست بخاتە کاروباریانەوە ) . ئەم راپەرینانە بە شێوەی ئەوپەری خوێناویانە لێدران، وێ دەچێ بە دەیان هەزار کـوردیان تێدا کوژرابێ، ژمارەیەکی زۆرتریش دوورخرانەوە و رەوانەی بەشەکانی تری وڵات کران . ئیتر نەتەوایەتیی کورد بە گەورەترین مەترسیی سەر یەکێتی وڵات دانرا . دەوڵەت هەوڵی دا هەویەتی کـوردی لە ناو-بەرێ، هەموو کوردان بکا بە تورك . جلوبەرگی کوردی قەدەغەکرا، رێ نەدرا چی‌دی لە شاردا بە زمانی کـوردی قسە بکرێ، ئەو تیۆریە لە خوێندگەدا بە دەرس گوترا کە گوایا کورد " لە راستیدا " تورك بوون و زمانی ئەسڵیی خۆیان لەبیر چووەتەوە، تەنانەت نەدەبوو ناوی " کورد "یش بهێنرایە، ناویان نان " تورکی چیا" . دەربرینی هەر

شتێك كه پێوەندیی بەهەستی كوردبوونەوە بوایە بە جیابوونەوەخوازی و تاوانكردن بەرامبەر بەیەكێتیی دەوڵەت دانرا،كه دەكرا سزای زۆر سەختی لەسەر بدرایە ( ئێستاش بەندی ١٤١و١٤٢ی بەدناوی یاسای سزا دەربارەی ئەم " تاوان"ـەن ) . كوردستان ( مەڵبەندی كوردی لێ دەژین ) لە رووی ئابووریەوە دەستی پێشكەوتنی لە هەموو بەشێكی دیكەی توركیا كەمتر تێكەوتووە : بێ سەنعەت، رێگاوبانی كەم، بەدەگمەن دەرمان و دكتۆری تێدایە، حاڵی خوێندن و خوێندگەی تابلێی خراپ، بێكاریی زۆر و... ئیدی .

دوای ١٩٤٦، دەمۆكرات پارتی كەڵكی لە نارەزایی كوردان وەرگرت : زۆر كەسی بەوە راكێشایە لای خۆی كـە چاوەروانی ئەوەبوون سیاسەتێكی تری لەجێیی" سیاسەتی دژ بە كورد"ی ئەتاتورك و ئینونوی پێ بێ . بەڵام لـە نیوەی دووەمی ساڵانی شێستدا، ئەوجا بزووتنەوەی كوردكەمێك هاتە پێش، ئەویش لەژێر تەئسیری دوو گۆرانی سیاسیی تری ئەو ساڵانەدا :

یەك ـ لە عیراق، كـورد لە ١٩٦١ شەری پارتیزانییان دەست پێكرد، سەركەوتنی یەك لەدوا یەكی گرنگیان وەدەست خستن ( لەدواییدا ساڵی ١٩٧٠ حكومەتی بەغدایان ناچاركرد بەڵێنی خودموختارییان بداتێ ) . دیارە باسی ئەم سەركەوتنانە دەگەیشتەوە كوردی توركیا و ورەیان پێ بەرز دەبۆوە .

دوو ـ گەیشتنی " ت. ئی. پ." ( پارتی كرێكارانی توركیا) لە توركیا خۆیدا بوو، یەكەم پارتیەك كە بوونی گەلی كوردو فەرهەنگی تایبەتی كوردی بە ئاشكرا سەلماند . نوێنەرانی ت. ئی. پ. زۆریان كورد بوون .

مەسـەلـەی مـافی دیـاری كـردنـی چارەنووسی خۆ ی نـەتـەوە، لە بزووتنەوەی چەپدا بەگشتی زۆر گوێ پێ درا . بزووتنەوەی كـورد لە بزووتنەوەی چەپ زۆر نزیك بوو، بەتایبەتی ئـەم دەست خستنە دەستی یەكە بوو وای كـرد حكومەت بە جێمەترسیەكی گەورەیان دابنێ . دوای حوكمیعەسكەریی ١٩٧١/٣/١٢، ت . ئی. پ. بـە هـۆی بریارێكی كۆنگرەی دەربارەی كـوردان كە سـاڵێك بەرلەوە دابووی، قەدەغەكرا . لێدانی هەموو كۆر و كۆمەڵانی دژ بە سیاسەتی حكومەت لە ١٩٧١-١٩٧٣، رێكخراوە كوردەكانی لەوانی تر سەختتر گرتەوە . لەكۆتایی ١٩٧٨ ـەوە حوكمی عەسكەری دانراوەتەوە، دیسان بەتایبەتی كوردن كە دەچەوسێندرێنەوە، هەموو رۆژنامە و گۆڤاری كوردی كە لە ساڵانی دواییدا سەریان هەڵدا وێرای رێكخراوەكانی كورد قەدەغەكراون .

## فاشیست و كورد :

دوو جۆرە بیرو را دەربارەی كورد لەناو بزووتنەوەی فاشێستی توركدا هەیە . یەكێك ئەوەیە كە كـورد توركنەژاد نین، كەواتە با لە وڵاتی تورك باركەن و شوێنەكەیان بدرێ بە قرخیزی و ئوزبەكی و گەلە

تورکەنەژادەکانی تری یەکێتی سۆڤیەت و چین . بەتایبەتی لەو ساڵانەدا کە کورد بە روونی رەگەڵ چەپدا بوون، م هـ پ ییەکان زۆرتر وابوو هاواریان لێ هەڵدەستا دەیانگوت با کورد لەم وڵاتە دەرچن و بچنە مۆسکۆ . بـەڵام زۆربەی م هـ پ لەسەر رای تورکەشی رابەریانن کە لە لاپەرە ١٥ی کتێبەکەی دۆکووزئشك دا دەڵێ : " تورك هەر کەسێکە هەست بەوە بکا کە لە نەژادێکی تری غەیرە تورك نیە، بە راستی خۆی بە تورك بزانێ، بۆ تورکێتیی خۆی بژی" ؛ بە راستی بە خوێن و نەژاد تورکە یان نا بۆ ئەوان مەسەلە نیە، هەستی تورکێتی مەسەلەیە . کەواتە بە رای ئەوان، ئەگەرکورد واز لە کوردبوونی خۆی بهێنێ دەتوانێ شەرەفی ئەوە پەیدا کات کە لە نەتەوەی تورکی هەرەبەرز( سووپەر) بێت . لە رێی رۆژنامەنووس و مێژوونووسانیانەوە هەوڵی زۆریان دا ئەسڵیکورد بگەرێننەوە سەر تورك ( هەمووی نزیکەی هەزار ساڵێکە یەکەم تورك پێی ناوەتە ئەم وڵاتەوە، لە کاتێکدا کە کورد دووهەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر لەم شوێنە ژیاون کە ئێستا لێیین ) . م هـ پ چەند ئاغایەکی کوردی ئاگری و بنگۆل - یشی بە جۆرەها بەڵێنی زۆر راکێشابوونە لای خۆی . ئەو کوردەی بە فاشیستان بڵێ" سوپاسی هەستتان دەکەین بۆ ئەو شەرەفی تورکێتیەی کە دەتانەوێ بماندەنێ، با پیرۆزی خۆتان بێت، ئێمە دەمانەوێ کـورد بمێنینەو ە" ، فاشیست بە خاینی وڵات و دوژمنی گەلی تورك و بە خەتەری دادەنێن بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا .

رێکخراوەکوردەکان لەگرنگترین مەبەستەکانی پەلاماری دڕندانەی فاشیستانن، جا چ لە تورکیا و چ لە وڵاتانی دەرەوە . هەرچەندە بەراوردکردنیش زەحمەتە،بەڵام دیارە فاشیست و تورکی نەتەوەیی تریش لە ئەوروپا پڕدوژمنا- یەتیی رێکخراوە کوردەکان دەکەن ( بە نموونە کۆمەلا کارکەرێن کوردستان ل هۆللەند ) تاوەکو کۆمەڵەی دی .

## حەوت - ڕێکخراوانی م هـ پ

م هـ پ حیزبێکی ئاشکرایە،ئەندامی لە پەرلەماندا هەیە ( لە هەڵبژاردنی ١٩٧٧دا ٦،٤٪ی دەنگەکانی بردەوە)، داوای ڕژیمێك دەکا کە جۆرە کۆپیەکی ئەڵمانیای نازی بێ ( پەرلەمان نەمێنێ، هەر مەجلیسی سەنا وەك کۆمیتە- یەکی ڕاوێژکردن هەبێ و بتوانێ لەهەندێ شت بدوێ، بەڵام بڕیاری گرنگ هەر بە دەست " سەرۆك " بێت ، رادیۆ و تەلەفزیۆن و دادگاو قانوون و خوێندن و...هەموو شت لە خزمەتی فەرمانڕەوادا بن...ئیدی)،دەیەوێ شەش ڕێکخراو ( سەندیکا) لە وڵاتدا دامەزرێن بۆ : کرێکاران، جووتیاران، بازرگانان ( و کاسبکاران و دووکانداران) ، کارمەندانی دەوڵەت ، خاوەن کار ( ئەوانەی خەڵك کاریان لا دەکا )، ئەوانەی کاری ئازاد دەکەن .

هەموو کەسێك دەبێ لە یەکێك لەو ڕێکخراوانەدا بێت، نیسبەتێکی داهاتی بدا بە سندووقی ڕێکخراو تا پرۆژەی نوێی پێ بکرێتەوە، خەباتی چینایەتی قەدەغە بکرێ، مان گرتن بە خیانەت دابندرێ ( تەنانەت هەر لەم ساڵانەی دواییدا چەند جار م هـ پ پەلاماری مانگرانی داوەو ویستوویە بەزۆر مان گرتنیان پێ بشکێنێ ) .

کۆمیتەی ڕابەرایەتیی م هـ پ، دیارە بە سەرۆکایەتیی تورکەش ( باش بوغ = سەرۆك، ڕابەر، فەرماندە )، لەم کەسانە پێکدێت : موحسین یازیجی‌ئۆغلو،تورکمەن ئۆنور ،مەهمەت(محەمەد) ئەکیجی،موستەفا میت،شەوکەت چەتین،حەسەن چاگلایان،مەهمەت ساکاریا ،تاها ئاکیوڵ، هالدوون ( خەلدون) تاشۆڤا؛ کە کۆبوونەوەی حەفتانە- یان لەگەڵ تورکەش‌دا هەیە، تا ڕاپۆرتی بدەنێ و فەرمانی لێ وەربگرن و بۆ هەر کێشەیەك ڕاوێژی پێ بکەن .

بەڤوونە، تورکەش لە کۆبوونەوەیەکی ئۆکتۆبری ١٩٧٨دا فەرمانی دا کە گەرەکی " باهچەلی ئەڤلەر " ی ئەنقەرە ئاسایشی بۆ حیزب تێبکەوێ، زۆری نەبرد کە حەوت لە ڕابەرانی تورکیا ئیشچی پارتیسی لەوگەرەکەدا کوژران و کێشەوهەرای تریشی زۆر تێدانرایەوە و گەڕەك بەتەواوی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی م هـ پ ( عەلی یوورت ئاسلان، ڕۆژنامەی " ئایدنلك"ی ١٩٨٠/٨/٤) .

کۆمیتەی ڕابەرایەتیی م هـ پ، ڕابەریی ئەم ڕێکخراوانەش دەکا :

میسك (میللیەتچی ئیشچی سەندیکاسی کۆنفەدەراسیۆنو، یەکێتی سەندیکای کرێکارانی نەتەوەیی ) .

ئولکوجو ئیشچی‌لەر دەرنەکلەری ( کۆمەڵەکانی کرێکارانی میسالی) .

ئولکوجو مەموورلەر دەرنەکلەری ( کۆمەڵەکانی مەئموران ( کارمەندان )ی میسالی) .

ئولکو - بیر ( یەکێتی خوێندکاران) .

سان - تەك ( کۆمەڵەی سەنعەتگەران/ سەناعەت) .

ئولکوجو گەنچلیك دەرنەکلەری ( کۆمەڵەکانی گەنجانی میسالی) .

طبیّەلی‌لەر بیرلیگی ( یەکێتی ئەهلی کاری بژیشکی) .

ئولکوجو مالیّەچی‌لەر ( یەکێتی ئەهلی کاری پارە و سەرمایەو حیسابداری...ی میسالی) .

ئولکوجو کۆیلولەر ( جووتیاران/ دێهاتییان ی میسالی ) .

م هـ پ گەنچلیك قوّلّاری ( قۆڵەکان( لقەکان) ی گەنجانی م هـ پ ) .

ئولکو - تەك ( کۆمەلەی مامۆستایان ) .

## هەشت - شێوەی کاری م هـ پ

### ١- لە ڕێی ڕێکخراوانیەوە

" گەنج ئولکوجو تەشکیلاتی" ( تەشکیلاتی میسالییانی گەنج) ساڵی ١٩٦٨ بۆ گەنجان دامەزرا، ساڵی ١٩٦٩ " ئولکوجو ئۆجاکلەری" ( وەجاخەکان/ یانەکانی میسالی) دامەزرا، دوای ئەوە کرانە یەك: " ئولکوجو گەنچلیك دەرنەکلەری". م هـ پ کوشتن و بڕینەکانی بەوان دەکاو دەیەوێ خۆی وا پیشان بدا کە گوایە پێوەندیی پێیانەوە نیە ( هەروەك لە ئەوروپا پێوەندیی بە گورگەبۆرانەوە ئینکار دەکا)، بەڵام بەگوێرەی زۆر بەڵگە زۆر ئاشکرایە کە ڕاست ناکا. ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٩٧٠ی میت کە دوای چەند ساڵێك ئاشکرابوو، باسی " ئولکوجو ئۆجاکلەری" دەکا دەڵێ:

« پێوەندیی بەردەوامیان بە "م هـ پ" وە هەیە و ڕێکخراوێکی ئەون، ئەو پارتیە فەرمان و ئامۆژگارییان دەداتێ چی بکەن و چی نەکەن. بارەگاو جێ‌مەشقی ئەو کۆماندۆیانەی کە ئەم چەند ساڵەی دوایی لە چەند ویلایەتێکدا کرانەوە، کاری ئەو ڕێکخراوە و بەشی گەنجانی " م هـ پ » یە " ( لە ڕۆژنامەی " ئایدنلك"دا بڵاوکرایەوە، دوای ئەوە کرا بە کتێبێك : " ئا. پ. حکومەتینین ١٩٧٠تە حازرلاتتیگی م هـ پ ڕاپۆروو ،ئیستانبوول ،١٩٧٨" ( ڕاپۆرتی ئامادەکراوی حکومەتی عەدالەت پارتیسی لە ١٩٧٠دا دەربارەی م هـ پ )، ئەم دەقەی ئێرەی ئێمە لەو کتێبە وەرگیراوە : ل ١١) . ڕاپۆرتەکە باسی ژمارەی ئەو بارەگایانە دەکا دەڵێ : لە ئاب/ ئووتی ١٩٦٨ـەوە تا تەمووز/ ژووئیەی ١٩٧٠، ٢٨ بارەگا کراونەوە، لە چەند دەکەسێکەوە تا ٢٠٠ کەسیان تێدا پێ‌گەیەندراوە . دەورەی پێ‌گەیاندن لەبابەتی ئەوانەی ئێس- ئێس و بروسکە-کۆماندۆی ئەڵمانیای هیتلەری، بۆ تەلقینی سیاسی و ئاگاداریی ئاینی و دیارە بەر لە هەموو شتێکیش بۆ فێرکردنی کوشتن و بڕین، تازەلاون کەم وادەبێ تەمەنیان لە بیست ساڵ تێپەڕیبێ، زۆرتر بێکارن، لەپێشدا لە ڕێی دەورەیەکی بەخۆڕایی کاراتێ‌وە یا بە بەڵێنی ئەوە کە کاریان بۆ پەیدا دەکەن یان دەیانخەنە زانکۆوە دەیانکێشنە " ئولکوجو ئۆجاکلەری" یەوە، دوای ئەوە لە هەموو بارێکدا ئیتر دەبەسترێنەوە چونکە سزای وازهێنان لە ڕێکخراو کوشتنە، بە نموونە : بەرپرسیاری " م هـ پ " ی ویلایەتی ئەنتالیا کە ویستی واز لە م هـ پ بهێنێ، م هـ پ کوشتی. جێگری ڕابەرێکی م هـ پ (ئۆسمان یوکسەل سەردەنگوتچی) کە وازی هێنا چووە ژێر سێبەری " میللی سەلامەت پارتیسی"، ئەوجا قسەی خۆی کرد،

لە قسەیدا گوتی:« ئەندامە گەنجەکانی م هـ پ لایان وایە تاپتر خەڵك بکوژرێ، م هـ پ زووتر دێتە سەر حوکم. گشت رەفتاری کۆماندۆ(ی م هـ پ) لە رووی ئەم بیرەوەیە » ( رۆژنامەی جمهوریەت، ژمارەی ١٩٧٧/٥/١) . لە ساڵانی حەفتادا سێ‌هەزار کەسێك بەهۆی سیاسی لە تورکیا کوژراون کە هەرە زۆریان گورگەبۆر( کۆماندۆی م هـ پ) کوشتوونی؛ پێش ئەوەش هەر ساڵی ١٩٦٩ کە حەوت کەس کوژران، سێیان بەدەست پۆلیس و سێ بەدەست گورگەبۆران کوژران ( حەوتەمیان گورگەبۆرێك بوو نارنجۆکی خۆی بەدەستیەوە تەقی و کوشتی ) . " وەلـی جـان ئۆدونجو" کاتێك گیرا تەمەنی ١٧ساڵ بوو، لە زیندانیشدا یەکی دیکەی کوشت.

م هـ پ کارو یا خوێندنی بۆ هەزاران لەوگەنجانەی سەر بە خۆی دۆزیوەتەوە ، تەنانەت وابووە کەسانێکی بەبێ شەهادە ( گەواهینامە) ی پێویست خستووەتە زانکۆوە، بەوە ئەوەندەی پلەی زانین هاتۆتە خوار ئەوەندەش هێزی م هـ پ لە خوێندگەو زانکۆیاندا زیادی کردووە، مامۆستاو خوێندکاری پێشڤەرو راونراون، ناچارکراون واز لە خوێندن بێنن،یا کوژراون . لە رێی " میسك"ـەوە ( بە هاوکاریی لەگەڵ خاوەن‌کاردا لەدژی کرێکارانی چەپ) هەم کرێکاری چەپی راوناون و هەم کاری بۆ گەنجانی خۆی دۆزیوەتەوە . چەندجار پیاوکوژی فاشیست لەکاتی گرتن و لێپرسینەوەدا گوتوویانە کە چەك و یا پارەیان لە " میسك" وەرگرتووە . " نارنجۆکێك ساڵی ١٩٧٩ لە بارەگای میسك دا تەقیەوە، بەرپرسیارانی م هـ پ خەتاکەیان بەسەر کۆمونیستاندا هێنا، دوایی دەرکەوت کـە خۆیان لەوێ خەریکی دروستکردنی نارنجۆك بوون و یەکێکیان بەدەستەوە تەقیەوە. دەفتەرێکی حیساباتی میسك دوای ئەوە لە پشکنیندا وەچنگ پۆلیس کەوت، پڕ بوو لە حیسابی ئەو پارانەی لە پیاوکوژانی دەستەڕاست خەرج‌کرا- بوون ( رۆژنامەی جمهوریەت ی ١٩و١٩٧٩/٧/٢٠) .

## ٢ - لە رێی مەرکەزی لە دەزگاکانی رژێمدا

م هـ پ بەرەسمی لە هەڵبژاردنی حیزبیی تورکیادا بەشدار دەبێ، ئەندامی لە مەجلیسی نوێنەران و سەنادا هەن ، ئەندامان و دۆستانی لە لەشکردا هـەن، هاوکاریی لەگەڵ میت و کۆنترا- گەریلا دا هـەیـە، تەنانەت تورکەش ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٧ جێگری سەرەك وەزیران و بەرپرسیاری پۆلیس بوو . لە رژێمی تورکیادا باوە،هەزاران و دە هەزاران دەنگ لە هەڵبژاردندا - بەتایبەتی لە دێهات - دەکرِدرێن، ئەوەی دەنگی زۆری دەست بکـەوێ دەتـوانێ دوای ئەوە چاکە لەگەڵ خەڵك بکا ( دەنگم بۆ بدە تا بەکارت بێم، چاکە بە چاکە) . کەسانێك لە رێی فرۆشتنی دەنگەوە: گیرفان پڕدەکەن،کار دەدۆزنەوە، دەسەڵات بەسەر دێدا پەیدادەکەن، لە دابەش‌کردنی زەوی رزگاردەبن

یا زەوییان دەدرێتێ ( کە م هـ پ ئیسلاحاتی ئەرزیی بەدەستەوەبووە، خاوەن زەویی گەورەی بە ڕزگارکردن لە دابەشکردنی زەوی کڕیون، و جووتیاری هەژاری بێ زەویشی بەوە ڕەگەڵ خۆی خستوون کە ناوی خستوونـە سەرووی لیستەی ئەوانەوە کە زەوییان بدرێتێ - دیارە زەویی خاوەن زەویی غەیری دۆستی م هـ پ ) .

م هـ پ، مـەرکەز و هێزی لە دەزگاکانی دەوڵەتدا بۆ تەختکردنی ڕێی کـاری ڕێکخراوانی خۆی زۆر بـەکـار دەهێنێ، زۆر نموونە زۆر لەبەرچاون :

ـ عومەر تانلاك یەکێك لە پیاوکوژەکانی م هـ پ بوو، دوایی وازی لە م هـ پ هێنا و هەندێ ئیعتیرافی کرد، ڕۆژنامەی ئایدنلك لە سەرەتای دیسامبری ١٩٧٩دا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریی بۆ سازدا کە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسانی تێدا دایەوە، باسی خۆی کرد: چۆن لە تەمەنی ١٤یان ١٥ساڵیدا لە خوێندگە بە تەئسیری خوێند-کارێکی تر چووەتە ئولکوجو ئۆجاگی لە ئەنقەرە، چۆن دوای ئەوە بەڕێوەبەری فاشیستی خوێندگەکە دەمانچەی داوەتێ تاهەڕەشەی پێ لە خوێندکارانی چەپ بکا و وایان لێ بکا واز لە خوێندگە بهێنن، چۆن ئیتر دوای ماوەیەك چەپ لەو خوێندگەیەدا نەماوە . باسی کرد چۆن پارەیان داوەتێ، لەگەڵ کەسانی تردا تـەقەیان لە خەڵك کردووە، چۆن جارێك ویستوویانە نارنجۆکێك بخەنە گیرفانی زەلامێکەوە چونکە باجی نەداوە بە م هـ پ . ئەوجا ناردراونە ئەنتالیا و ئەرتڤین و ئەرزەڕۆمیش . باسی کرد چۆن هەموو فەرمانێك لە م هـ پ دا بە بێ هیچ باسێك بـەجێ-دەهێندرێ . ڕۆژنامەنووسێك لێی پرسی :" چۆن گورگەبۆر وا زوو لە زیندان ڕزگاردەبن ؟ " ، تانلاك نموونەیەکی بۆ هێنایەوە گوتی : " جارێك لە پەلامارێکدا سێ کەسمان لێ گیرا، کەسێك چووە مەکتەبی مەرکەزیی بـەشی گەنجانی م هـ پ و خەبەرەکەی پێ ڕاگەیاندن و چۆنێتیی گیرانەکەی بۆ باسکردن، کەمێك دوای ئەوە ئەندامانی پەرلەمان و سیناتۆری م هـ پ پێوەندییان بە ئیدارەی پۆلیسەوە کرد و بەریان دان " . تانلاك خۆی جارێك لەگەڵ یەکی دیکەدا لە کاتی پەلامارێکدا پۆلیس گرتوونی، ئەوەی لەگەڵیدا بووە هاواری لە کەسێك کردووە کە " بـڕۆ نەجات گولتەکین ( سکرتێری گشتیی م هـ پ ) ئاگادارکەوە " ، دوای ئەوە دوو سەعاتی پێنەچووە هەرتکیان بەردراون ( ئیتیراف، داڤادان دونەن ئولکوجوعومەرتانلاك ئانلاتیۆر ،( ئیعتیراف،عومەرتانلاکی کە ڕێی گۆڕیوە دەگێڕێتەوە) ل١٥،و ڕۆژنامەکانی ١٩٧٩/١٢/٥) . عەبدوڕەحمان ساغ کایا،کە حکومەت ساڵی ١٩٧٧کردبووی بە بەڕێوەبەری کارگەی " ئانت بیرلیك" ی دەوڵەتی، مامۆستایەکی تانلاك بووە لە کوشتن و بڕیندا . تانلاك هـەر ئەندامێکی بچووکی ئولکوجو ئۆجاکلەری بووە، لە " تی. ئی. تی." (تیپەکان( توغای‌لار؟)ی ئینتیقامی تورك) یا " ئە. ت. ك. ئۆ." ( ئۆردووی ڕزگاریی ( کۆرتولوش) تورکی دیل ( ئەسیر) ) و " یلدرم کۆماندۆ " ( بروسکە

کۆماندۆ) شدا نەبووە .

ـ عەلی یوورتاسلان، پێوەندیی بە بنکەی سەرەکیی م هـ پ وە هەبووە، لە دوا ساڵدا ئەندامی بەڕێوەبەرایەتیی " ئولکوجو گەنچلیك دەرنەکلەری" بووە و لـە " مەکتەبی کاروباری قانوونی"یەکەیدا کاری کردووە . ئیعتیرافی کرد کە ئەرکێکی سەرشانی ئەوەبووە پیاوکوژە فاشیستەکان لە زیندان رزگاربکا، بە یارمەتیی دۆستان و بـە کڕینی فەرمانبەرانی دەوڵەت وا بکا پەروەندەیان بکەوێتە لای کاربەدەستان وحاکمانی سەر بە م هـ پ . تەنانەت وابووە ژنیان ناردوونە لای حاکم و فەرمانبەرانی گەورەی دەوڵەت ( تا لەگەڵیان جووت بن و بەوشێوەیە وێنەیان بگرن و بەوە ملیان کەچ کەن) . هەر نەبوو، بە یارمەتیی ئەفسەرو کاربەدەستانی سەر بە خۆیان رێی هەڵاتنیان لە زیندان بۆ برەخسێنن، لە رێی پارێزەر(وەکیل) و دۆستانیانەوە بڕیەندو چەقۆیان بۆ بگەیەننە زیندان ( کە ئەو چەقۆ-یانە هەندێ جار بۆکوشتنی زیندانیی تری چەپ بوون) . کارێکی تری یوورتاسلان دروستکردنی هەویەوکاغەزی ساختەو پەیداکردنی شاهیدی بەدرۆ بووە، بەڤوونە :

ئەندامێکی گەورەی م هـ پ جارێك زەلامێکی کوشت، پۆلیس بە شوێنیدا دەگەڕا بیگرێ، پیاوکوژ خۆیگەیاندە ئەم " مەکتەبی کاروباری قانوونی"یەی یوورتاسلان، مەکتەب پێوەندیی بە بەرپرسیاری پۆلیسی شوێنێکی تری دوورکرد ،و رێککەوتن‌کە سێ پۆلیس بچن شاهیدیی ئەوەی لە دادگا بۆ بدەن کە لە رۆژی کوشتنەکەدا لای ئەوان - کە لە شارێکن هەزار کیلۆمیتر لەجێی کوشتنەکە دوورە - تەوقیف بووە ( لە زنجیرە باسێکی ئایدنلك ی ئابی ١٩٨٠ ،گۆڤاری دێرشپیگڵی ئەڵمانیش وتووێژی لەگەڵ یوورتاسلاندا کرد- ١٩٨٠/٩/٨) . یورتاسلان لە ماوەی دوو ساڵدا دوومليۆن ليرەی تورك (دەوری سەدهەزار مارك)ی لە سکرتێری گشتیی میسك (مەتە بەشەن) بۆ ئەو مەکتەبە قانوونیەی وەرگرتووە .

گوتمان تورکەش لە ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٧٧دا جێگری سەرەك وەزیران و بەرپرسیاری پۆلیس بوو، لەبەر ئـەوە نابینین فاشیست لەو ماوەیدا گیرابن، تەنانەت کاتێك کاربەدەستێکی پۆلیس دەستەیەك کۆماندۆی فاشیستی لەسەر ئەوە گرتبوو کە پەلاماری خوێندکارانیان دابوو، ئیجازەیەکی بەزۆری درابوویێ کە تا ماوەیەکی دیارنـە-کراوی تر نەچێتەوە سەرکارەکەی . لە سەرەتای حوکمی ئەجەڤیت دا، زۆر پیاوکوژی فاشیست گیران، لە دەزگای پۆلیسیشدا دەستێکیان پێداهێنان، بەڵام زۆرکەم . پیاوکوژو سەرسەریی زۆر بەدناویان لە زیندان رایانکرد، دیارە ئەوەش دەستی کەسانێکی ناو پۆلیس ولەشکری تێدابوو .

ـ " تاریش" ناوی رێکخراوێکە دەوڵەت بەسەری رادەگا، کۆمەڵەی هەرەوەزیی فرۆشیارانی بەرهەمی کشتوکاڵی

ویلایەتەکانی ڕۆژئاوای تورکیایە، چەند کارگەش کاری دەکەن، دەبێ وەزارەتی بازرگانی بەڕێوەبەری بۆ دانێ .

م هـ پ ساڵی ۱۹۷٦ دەستی لە"وەزارەتی بازرگانی"دا دەرۆیشت،ئەندامێکی خۆی کردە بەڕێوەبەری ئەم تاریشە . بەڕێوەبەری نوێ،گورگەبۆری لە سەرتاسەری وڵاتەوە - لە ڕێی ئولکوجو ئۆجاکلەری یەوە - هێنانە تاریشەوە، بە-غوونە: هەر لە کارگەی پەمووەدا ۷۰۰ کرێکاری نوێ بە یەك جار دامەزران کە هەموو فاشیست بوون ( ئەوکارگەیە بەرلەوە دووهەزار کەسی تێدابوو)،کرێکاری نوێی فاشیست کەوتنە دڕندەیی خۆیان،هێندە بە بەربڵاوی خەڵکیان گرت،شکەنجە دا،کوشت،تا عەدالەت پارتیسی یان ناچارکرد-هەرچەندە هاو وەزارەتیش بوون- کۆمیتەیەك بنێرێ لە مەسەلەی ئەم کارگەیە بکۆڵێتەوە . کۆمیتە دوای لێکۆڵینەوە ڕایگەیاند کە : بەڵێ ڕاستە، پۆلیس چەك وتەقە-مەنی و شیشی ئاسن و زنجیرو بۆکس و چەقۆ و ساتۆری لەو کارگەیەدا دۆزیوەتەوە، تەنانەت شوێنی تایبەتی بـۆ شکەنجەکردن و مەیدانی گوللەباران کردنیش لە کارگەدا دۆزرانەوە ( ئایدنلك ی ۱۹۸۰/۲/۱٥، میللیەت ی ۱۹۸۰/۲/۲۳) . لەکاتی حوکمی ئەجەڤیت ( ۱۹۷۸- ۱۹۷۹ ) دا، تاریش لە فاشیستان پاك کرایەوەوکرێکاری لە ڕێی حیزبەکەی ئەجەڤیت ـەوە ( ج هـ پ ) لێ دامەزران . کە ئەجەڤیت لەسـەر حوکم نەما، بەڕێوەبەرایەتیی تاریش یش گۆڕایەوە، کرێکار زۆر لەوە ترسان کارگە بگەڕێتەوە سەر دۆخی ساڵی ۱۹۷٦-۱۹۷۷ی، لەبە ڕئـەوە دژی ئەم گۆڕینەی بەڕێوەبەرایەتی بوون، حکومەت زۆر بە سەختی وەڵامی دانەوەو بە کۆمەڵ کرێکارانی لە کارگە دەرکرد، ئەوە خەڵکی ئیزمیری زۆر خرۆشاند، ئیزمیر ڕاپەڕی، پۆلیس و عـەسکەر ڕاپەڕینەکەیان زۆر بە سەختی دامرکاندەوە ( شوبات/ فیوریەی ۱۹۸۰) .

مەهمەت(محمد)عەلی یۆڵاگێلمەز، مامۆستایەکی تەمەن ۲۳ ساڵەی خوێندگەی دێی "چانکری" ( باکووری ئەنقەرە) بوو، فاشیست لە سەرەتای ۱۹۸۰دا گرتیان و دوای حەفتەیەك لاشەکەی دۆزرایەوە . جگە لـە سـەری دەستیان بۆهیچ کوێی نەبردبوو، هەر بە زیندوویی زمانیان بڕیبوو، هەردووچاویان هەڵکۆڵیبوو، ئەوجا تێزابیان بە دەموچاویدا کردبوو تا زۆر بە ئێش ولەسەرەخۆبمرێ . تاقە تاوانێکی یۆڵاگێلمەز ئەوەبوو چەپ بوو و لە ناوچە-یەکی جێ دەسەڵاتی فاشیستـان مامۆستا بوو . کەس وکارو مامۆستاکانی دۆستی یۆڵاگێلمەز دەڵێن دەمێك بوو فاشیست هەڕەشەیان لێ کردبوو، بەڵام حکومەت چ ئەوسا و چ کاتی ڕفاندنی وتەنانەت لە کاتی دۆزینەوەی لاشە-کەشیدا ( کە وێنەی لێرەدا ( لە ئەسڵەکەدا- وەرگێڕ) بڵاوکراوەتەوە) هیچ گوێیەکی پێ نەدا ( لە New Statesman نیوو ستێیتسمان ی ۱۹۸۰/۷/٤) .

فاشیست ناوچەی دەسەڵاتیان هەن کە نابێ چەپ و یا کۆمونیستیان تێداهەبن ، بەغوونە ئەرزەرۆم یا یۆزگات (؟-

وەرگێڕ) قەڵای ئەوانە . تەنانەت ئەگەر ئۆتۆمبیلێك ژمارەی ویلایەتێکی وای پێوەبێ کە خەڵکەکەی بە چەپ ناسرابن و بە شوێنێکی وادا بڕۆن کە قەڵای فاشیستان بێ، بەر بەردو تێلایی دەدرێ و لەوانەیە بێ سێ و دوولێ- کردن دەستدرێژیشی لێ بکەن .

## ٣- خۆش کردنی ئاگری رق وکینەی مەزهەبی

دەوری **١٩٧٥**، م هـ پ رێیەکی نوێی بۆ وەدەست هێنانی دەنگی سوننیە سەختگرەکان دۆزیەوە، بەتایبەتی لە : مەرەش، مەڵاتیە، سیواس، ئەرزنجان،و خارپووت، کە سوننی و عەلەوییان هەردوو تێدا دەژین . م هـ پ لە حوکمدا بوو،کاری گەورەی پۆلیس و ئاسایش و ئیدارەو خوێندن و...ئیدی دان بە ئەندامانی خۆی و زۆری لێ ناردنە ئەو ویلایەتانە . لەلایەکی ترەوە، لاوانی خۆیشی ( کۆماندۆ و غەیری کۆماندۆ ) بە ناوی خوێندکار هەر خزاندنە ئەو ویلایەتانەوە . ئەوجا دەستی بە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەیەکی زۆر کرد کە : شیعە کۆمونیستی کافرن، پێوەندیی نامووس و خێزانییان نیە، دەیانەوێ مزگەوتەکان ئاگر تێبەردەن و... پرۆپاگەندەی تری لەو بابەتە . دەستیکۆماندۆکانی بەرەڵاکرد بەربینە گیانی خەڵك و بە بۆمباهاویشتن و تەقەکردن و هەراوهۆریانانەوە ترس و وەحشەتی تەواو بخەنە وڵاتەوە . کاربەدەستانی م هـ پ بەم شێوەیە ئەو ویلایەتانەیان وردە- وردە لە ژمارە- یەکی زۆری چەپ لە بێژنگ دا. چەپیش وەخۆکەوتن و خۆیان بۆ خۆپاراستن کۆکردەوە. لەپێشدا هەر م هـ پ بوو کە دەستی دەوەشاند ، ئێستا چەپیش هاتنە مەیدانەوە، وەزع بەجارێك خرۆشا : عەلەوی بەلای چەپدا کەوتن و سوننی بەلای راستدا . م هـ پ زۆربەی دەنگی سوننیەکانی بەم شێوەیە بردەوەو وای کرد کۆمەڵانێکی زۆری سوننی بە خوێنی عەلەوییان تینوو بن و پەلاماریان بدەن، لێرەدا سێ نموونە هەڵدەبژێرین :

<u>ئا- مەڵاتیە، نیسانی **١٩٧٨** :</u> والیی هەڵبژێراوی مەڵاتیە، کە مەزنێکی کورد بوو، نامەیەکی بۆ هات، کاتێك کردیەوە نامە تەقی، خۆی و سێ خزمی کوشت . والیی کوژراو لایەنگری م هـ پ بوو، لەبەر ئەوە عەشیرەتەکەی گوناهی کوشتنەکەیان خستە سەرعەلەوییان . گەرەکەکانی عەلەوییان لە مەڵاتیە پەلاماردران، چوار کەسیان تێدا کوژرا و سێ بریندابوون، ئەوجا لەشکر کەوتە نێوانەوە و شەڕەکەی راگرت، بەڵام هەر دوای چەند رۆژێك قسە بڵاوبۆوە کە شیعە ژەهریان کردووەتە ئاوی خواردنەوەی شارەوە . کەمێك دوای تەقینی نامەکە، وەزیری ناوخۆ گوتی وێ دەچێ فاشیستەکان ئەم نامەیان ناردبێ نەك چەپ، بەڵام بێ فایدە بوو، خەڵك گوتیان نەخێر وەزیر درۆ دەکا و هەرعەلەوین ئەمەیان کردووە . ماوەیەکی کەم لەمەوبەر، بەرپرسیارێکی م هـ پ وازی لە

حیزبەکەی هێناو راستیی ئاشکرا کرد، بە دوورو درێژی مەسەلەی ئەو نامە بۆمبایەی باس کرد کە، چۆن م هـ پ ویستی سەرەك عەشیرەتێکی خۆشەویستی خەڵك بکوژێ و خەتاکەی بهاوێتە ئەستۆی چەپەکانەوە تـا خەڵك بەگژ چەپدا بکا، لەبەرئەوە کەسی بۆ ئەمە لەم والیە کوردە باشتر نەدۆزیەوە .

ب - سێواس، ئەیلوول/ سپتامبری ۱۹۷۸ : دەستەیەك لاو کە دیاربوو کۆماندۆی م هـ پ بوون، لە گـەڕەکی "عەلی‌بابا"ی سێواس، کە گەڕەکی عەلەوییانە، پێش بە پیاوێکی پیرو منداڵێکی بچووك دەگرن، خەڵکی گەڕەك بە هانایانەوە دێن و کۆماندۆکان راودەنێن . کۆماندۆ دەچنە گەڕەکی سوننییـان و هاواردەکەن کە ئێوە لـەکوێن ؟ وا عەلەوی دەیانەوێ پەلاماری مزگەوتەکان بدەن . سوننی دەورووژێن و دەستە دەستە بەسـەر گەڕەکی شیعەدا دەدەن، دووکان و ماڵی خەڵکی چەپ و کەسانی سەر بە ج هـ پ ئاگر تێ بەردەدەن، لە هەندێ شوێن تـەقـەش دەکەن . درەنگانی شەو لەشکر دەستی بەسەر وەزعدا گرت . نەتیجە : ٥ کوژراو، ۹۲ بریندار .

ج - مەرەش، دیسامبری ۱۹۷۸ : "نەناسراوێك" نارنجۆکێکی هاویشتە ناو خەڵکێك کە لە سینەمایەك دەردە- چوون، سینەماکە فیلمێکی زۆر نەتەوەییانەی پیشان دەدا، تاوانی فڕێ دانی نارنجۆك درایە پاڵ شیعە، ئەوەی نارنجۆکەکەی هاویشتبوو ناسرا و گیرا و دەرکەوت کە لە تی ئی تی(تیپەکانی ئینتیقامی تورك) بوو، بەڵام ئەمە لە مەسەلەکەی نەگۆڕی !، بە ناوی تۆڵەسەندنەوە دوو مامۆستای چەپ کوژران، لە کاتی ناشتنیاندا فاشیست دیسان شەڕیان نایەوە و زیان لە هەردوولا کەوت . رۆژێك دوای ئەوە، فاشیسـت و پیاوی ئاینیـی سـوننیـی سەختگر رابەریی بیست هەزار کەسیان کرد، بە سەر گەڕەکی عەلەوییاندا دا و بە کوشتن و تالان و سووتاندن وەر- بوون، بەیانی رەسمی گوتی سەد کەسی تێدا کوژرا، بەیاناتی دی باسی سەدان قوربانی دەکەن . لە دادگادا، ٤۰۰ کەس تاوانبارکران، ۲۲ لەوانە بە مەرگ و ١٤ بە زیندانی ئەبەد حوکم دران . زۆربەی حوکم دراوەکان جووتیار، خاوەن کەسابەتی بچووك، کارمەندی بچووك، و کرێکار بوون . ئەوانە کوشتارەکەیان بەجێ هێنابوو، بەڵام ئەوانەی نەخشەیان بۆ کێشابوو و هەڵیانسووڕاندبوو دەستیان بۆنەبرا .

## نۆ - کۆنترا-گەریلا و م هـ پ

کۆنترا- گەریلا (دژی پارتیزان ، لە تورکیا : کۆنتر گەریللا ) ، ڕێکخراوی دەوڵەتە، بە ڕەسمی بۆ لێدانی بزوو-تنەوەی یاخی بوون لە ڕژیم سازکراوە، لە پێوەندیی چەند دەزگایەك پێکدێ :

ــ بەشی شەڕی تایبەتی : بەشێکی لەشکرە، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە هەیئەتی ئەرکانەوە ( ستادی لەشکر) هەیە .
ساڵی ١٩٦٥ بە سەرپەرشتیی " سیا.C.I.A " ( وەکالەتی ئیستیخباراتی مەرکەزی ) ی ئەمریکا دروست کراوە، وەك ئەوانەی کە سیا لە ڤێتنام و ئەمریکای لاتین دروستی کردوون (٥) .

ــ مەکتەبی شەڕی ڕەوانی : بەشێکی میت ـە . میت یش، وەك دەزگاکانی تری دەوڵەت، دەسەڵاتی چەند حیزبی تێدایە،بەشێکی سەر بە عەدالەت پارتیسی یە،بەشێکی سەربە ج هـ پ ،و بەشی بەهێزی جەرگەی میت بەدەست م هـ پ یە ( شەهاب هۆمریس ی سەرۆکی قانوونیی میت خزمێکی تورکەش خۆیەتی ) . ئەو بەشەی میت ی کـە کاری کۆنترا-گەریلا دەکا بە بەشێکی م هـ پ دادەندرێ . ماهیرکایناك بەرپرسی دووەمی ئەم مەکتەبە، ناوی زۆری بە چوونە ناو کۆڕو کۆمەڵان و جاسووس پێکەوەنان لە ١٩٧١-١٩٧٣دا پەیداکردووە .

ــ بەشی تایبەتی ئیستیخبارات و ئەمنیەتی کە لەزۆر وەزارەتدا هەن، زۆرتری ئەفسەرانی پێشوو و کارمەندانی میت کاریان تێدادەکەن .

ئەسنادی گرنگ دەربارەی ئەم ڕێکخراوە، ساڵی ١٩٧٨ لە ڕۆژنامەی ئایدنلك (٦) دا بڵاوکرانەوە و دوای ئـەوە کران بە کتێبێك ( ڕەسمی بەلگەلەرلە کۆنترگەریللا ڤە م هـ پ ، ١٩٧٨= کۆنترا-گەریلا و م هـ پ بە ئەسنادی ڕەسمی) . پێش ئەمەش ،م. ئە. دەگەر( حاکم(داوەر) ێکی‌عەسکەریی خانەنشین) ساڵی ١٩٧٧ دەرگای ئەو باسەی دە کتێبێکیدا ( سیا، کۆنترگەریللا ڤە تورکیە ) کردبۆوە . دوورنیە خەتێکی تر هەر لەناو میت دا - بەهۆی ڕقەبەری لەگەڵ ئەم خەتەدا - ئەم ئەسنادەی گەیاندبێتە ئایدنلك . ئەم ئەسنادە بە ڕوونی دەریدەخا کـە کۆنترا - گەریلا نە کۆنترۆڵی پەرلەمانی بەسەرەوەیە و نە وەزارەت . بەپێی ئەو ئەسنادە، دەبێ هاتنە سەر حوکمی‌عەسکەر-یی ساڵی ١٩٧١یش هەر کاری کۆنترا- گەریلا بووبێ . ناوی " کۆنتر گەریللا " بۆ جاری یەکەم لە دەمی ئەو کەسانە بیسترا کە لە زیندان دەرچووبوون و باسی پرسینەوەو شکەنجەیان دەگێڕایەوە،کە چۆن شارەزاو پسپۆڕانی تر- جگە لە میت - پرسینەوەیان لێ کردوون و شکەنجەیان داون و پێیان گوتوون : " تۆ ئێستا کەوتوویتە دەستی

كۆنترِ گەریللاوە، لێرە نە قانوون هەیەو نە مانوون!، هیچ، ژیانت دە دەستی ئێمەدایە، بشتکوژین هەروا دەڕۆی، کەس نیە فریات کەوێ " . زۆر کرداری دڕندانەی ئەم ساڵانەی دوایی، کە نەخشەیان زۆر زانایانە کێشرابوون ، خاوەنیان ئێستاو ئێستاش ئاشکرا نەبوون، بە هی کۆنترا- گەریلا ( کۆنترِ گەریللا) دەزانرێن . بە پێی رۆژنامەی ئایدنلك بۆمبا تەقینەکانی وێستگەی قەتارو فرۆکەخانەی ئەستەمبوولی بەرلە هەڵبژاردنی ۱۹۷۷ کاری کۆنترا - گەریلا بوون . زۆر کردەوەی ئیرهابی هەن بە هی کۆنترا- گەریلا دەزانرێن، بەڵام هیچ کاتێك نەبووە لێکۆڵینەوە بە ئەنجام بگات و شتێك بڵێ . کتێبی ئەو ئەسنادە چەند شتێکی لە نامیلکە ئەمریکایی و تورکیە نهێنیەکانی کۆنترا- گەریلای تێدایە، کە زۆر رووداوی ئەم ساڵانەی دواییمان بۆ دەبەنەوە سەریەك ، بەڤوونە دەڵێ :

«هەندێ جار ،دەکرێ خۆمان شت بقەومێنێن تاکو بۆ پڕۆپاگەندە سوودی لێ ببینین: تاڵان کردن ودزی، کوشتاری بە کۆمەڵ ، هەتکی نامووس و شتی تری لەم بابەتانە بکرێن و بخرێنە ئەستۆی بزووتنەوەکانەوە، تا خەڵك لەو بزووتنەوانە بتەکێنەوە . یا تەنانەت عەسکەر خۆیان لە خەڵك بگۆڕن، خۆ بەکەسانی سەربەو بزووتنەوانە پیشان بدەن و بچن خەڵك بچەوسێننەوە و ئەزیەتیان بدەن » . یا دەڵێ : « بزووتنەوەیەکی نوێ، زۆرتر وایە بێ ئەزموونە، پیاو تا رادەیەك بەهاسانی دەتوانێ خۆ بخاتە ریزەکانیەوە، تا لەناوەوە وێرانی بکا، خۆ ئەگەر ئەوەش نەکرێ هیچ نەبێ ئاگاداری کارو چالاکیی دەبین» . یا:« وەکیلیهەراهەڵگیرسێن و خەڵك وروژێن لە شارەگەورەکاندا سازبکرێن و بخرێنە زانکۆ و کارگەکانەوە، تا هەرجۆرە وێرانکاری و پەلامار و کوشتن و برینێکی بۆ سەرگرتنی نەخشەکانمان پێویست بێت بیکەن » ( لە نامیلکەکانی : گالوولاGalula ( پیاوێکی سیا )، جەنەراڵ ئاکیۆل ( سەرۆکی بەشی شەڕی رەوانی لە وەزارەتی ناوخۆ) و ، کۆلۆنێل ڤوورال ( شەڕی تایبەتیی لەشکری تورك )،کە لە " رەسمی بەلگەلەری "دا ئاشکراکراون ل ٤٣- ٤٨ ) .

بەشێکی تری ئەو کتێبە " مەرەش "مان وەبیر دەهێنێتەوە، دەڵێ :

« دۆزینەوەی کەسانێك یا جۆرە بیروباوەڕێك کە تەئسیری لەناو خەڵکدا زۆر بێ، کارێکە بۆ شەڕی رەوانی بە- کەڵکە . ئاین یەکێکە لەو باوەڕانە کە لە هەموو شتێکی دی پتر بەکاردێ، دەکرێ - بەڤوونە - بڵێی ئەوانەی لە شەڕدا بۆ دین و ئیمانیان دەمرن شەهیدن ( وەرگێڕی هۆڵەندی : واتا دەچنە بەهەشت)، بەڵام خودا گوتوویە ئەوانەی لەگەڵ کۆمونیزمدان و لەپێناوی سەرکەوتنیدا دەمرن دوژمنی دینن . هەرمسوڵمانێك شتی وا ببیسێ یا لە شوێنێکدا بخوێنێتەوە، هەرنەبێ هەندێکی لەسەر دەوەستێ، کە ئەوە شتێکە پیاو حیسابی بۆ بکا» ( لە کتێبێکی کۆلۆنێل گونەری Güneri ، رەسمی بەلگەلەری ل ٨٢ ) .

کەواتە کۆنترا- گەریلا بە بەربڵاوی پیاوی خۆی دەخزێنێتە ناو کـۆمەڵانەوە، خـەڵك دەورووژێنێ، دووبـەرەکی دەچێنێ و ئیرهاب دەکا. پیاوی ئیستیخباراتی حکومەت لە نزیکەی هەموو ئەو ڕێکخراوە چەپانەدا هەبوون کـە ساڵی ١٩٧١ گیران. زۆر ئەندامی وا هەبوون کە خەڵك تا ئەوسا زۆر بە شۆڕشگێڕی دەناسین و بە تاوانی زۆر گەورە گیرابوون، کەچی لەپڕ دەرکەوت کە جاسووسی حکومەت بوون. سـاڵی ١٩٧٧، ئاشکرا بوو کـە کـۆنترا- گەریلا رابەریی "توسدەك" ی کردووە، کە - گوایا - ڕێکخراوێکی چەپی ئیرهابی بوو.

م هـ پ لەسەر هەمان ئەو ڕێوشوێنەی کۆنترا- گەریلا دەڕوا، چەپەکان دەڵێن هاوکاریەکی تەواو لە نێوان م هـ پ وکۆنترا-گەریلادا هەیە. کوشتاری عەلەوییەکانی مەڵاتیە و مەرەش نموونەی ئاشکرای ئەوکردارانەن کە م هـ پ خۆی دەیکا و بـەسـەر خەڵکی دیکەیدا دەهێنێ. دەستەیەکی ٩ کەسیی فاشیست، کـە سەرۆکەکەیان کۆنـە رابەرێکی م هـ پ بوو، ساڵی ١٩٨٠ دەرکەوت کە خۆیان بە کۆمونیست پیشان داوە و دزی و تاڵانیان کردووە تا خاوەن کار ئەوەندەی تر رق لە کرێکاری کۆمونیست هەڵگرن و بەگژ کۆمونیستاندا بچن (باسی ئەم دەستەیە و دادگاکارییان لە: "دەمۆکرات"ی ١٩٨٠/٨/٣٠،و "میللییەت"ی ١٩٨٠/٩/١٢ دا).

لە حوزەیران/ ژوئەنی ١٩٧٧دا، باسی کۆدێتایەك لە ئارادا بوو کە بەر لە کرانی دەستی بەسەردا گیرا. جـەنەراڵ نامیق کەمال ئەرسوون (کە سەر بە فاشیستان بوو) بە فەرمانی دەمیرێل خانەنشینکرا،ئەوجا گرتنی ئەفسەرانی فاشیستی لە ئەرزەرۆم (کە بنکەی بەهێزی فاشیستانە) بەدوادا هات. ئێستاش خەڵك بەتەواوی نەیانزانی ئـەم مەسەلەیەی حوزەیرانی ١٩٧٧ چۆن بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێ، دەسەڵاتی فاشیستـان لە لەشـکردا بـە چوونی ئەرسوون و چەند ئەفسەرێکی ئەرزەرۆم نەبڕاوەتەوە (م هـ پ لە ساڵانی حەفتادا جێی زۆری لە لەشکردا - بە تایبەتی لە ریزی کۆلۆنێلەکاندا - بۆخۆی کردەوە،لەناو جەنەراڵەکانیشدا کەسانێك هەن پشتی دەگرن). دوای ئەوە رۆژنامەکان دەیاننووسی کە نەخشەی کۆنترا- گەریلا بۆ کوشتنی ئەجەڤیت پێوەندیی بە م هـ پ و پلانە-کانی کۆدێتای ئەرسوونەوە هەبووە.

## ده - م هـ پ له ئه‌وروپا

ده‌وری ملیۆنێك تورك له ئه‌وروپا هه‌ن، ئه‌وروپایی به چاوێكی كه‌متریان سه‌یرده‌كه‌ن، پیسترین كاریان ده‌ده‌نێ و ته‌نانه‌ت له رووی ره‌سمییشه‌وه (خسته‌خانه‌و دادگاو... ئیدی) له‌گه‌ڵ ئه‌وروپاییاندا یه‌كسان نین . له هه‌لومه‌رجی وادا، پرۆپاگه‌نده‌ی زێده نه‌ته‌وه‌یی و پێهه‌ڵگوتنی بێ مانا و ئه‌وه كه ئه‌وان له‌و خه‌ڵكه باشترن كـه وا به كه‌متریان لێ ده‌نۆڕن، زه‌مینه‌ی گوێ لێگرتنی هه‌یه . م هـ پ وده‌سته‌ڕاسته‌كانی توركی تر زۆر كه‌ڵك له‌و باره وه‌رده‌گرن و ده‌سه‌ڵاتیان له‌و رێیه‌وه تا دێ له‌ناوكرێكارانی توركی ئه‌وروپادا پتر ده‌بێ .

دوای كۆدێتای مارتی ١٩٧١، خه‌ڵكێكی زۆری چه‌پ له توركیا رایانكرد و هاتنه ئه‌وروپا، و ئه‌وان بوون یـه‌كه‌م رێكخراوی كرێكارانی توركیان له ئه‌وروپا دامه‌زراند، ئه‌م كاره‌یان ترسی زۆری خسته دڵی فاشیستانه‌وه و ئیتر ئه‌وه‌نده‌ی دی مه‌سه‌له‌ی رێكخستنی ده‌ره‌وه‌ی وڵاتیان به گرنگ گرت .

هه‌رچه‌نده م هـ پ، به‌قسه‌ی خۆی، ده‌بێ ساڵی ١٩٦٩ كۆنگره‌یه‌كی بچووكی له ئه‌ڵمانیا گرتبێ،به‌ڵام وێ ده‌چێ یه‌كه‌م بڵاوكراوه‌ی نه‌ژادپه‌رستیی تورك ئه‌وه‌بێت كه ساڵی ١٩٧٠ له به‌رلین بڵاوكراوه‌ته‌وه. بڵاوكراوه لـه ١٩٧٢دا پتربوون، حه‌فته‌نامه‌ی " یه‌نیده‌ن میللی موجاده‌له " ش له‌و ماوه‌یه‌دا هاته پاڵ . هه‌ر له ساڵی ١٩٧٢دا یه‌كه‌م رێكخراوی سه‌ر به م هـ پ به ئاشكرا دێته به‌رچاو و به‌یاننامه‌ی پڕ له جنێو به كۆمونیزم و دیموكراسی و جوو بڵاو ده‌كاته‌وه ( نووسراوی كۆمه‌ڵه‌ی توركه نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی مونیخ - نوامبری ١٩٧٢) . م هـ پ له پێشدا له باشووری ئه‌ڵمانیادا ته‌شه‌نه‌ی كرد، له ١٩٧٣وه بناغه‌ی داكوتا، له نیسان/ ئاوریلی ١٩٧٣دا كۆمه‌ڵه‌یه‌ك بۆ هه‌موو ئه‌ندامانی م هـ پ له ئه‌ڵمانیا به ره‌سمی دامه‌زرا، نه‌جاتی ئوویگوور - ی كه م هـ پ له ئه‌نقه‌ره‌وه ناردی - دایمه‌زراند . زۆری پێ نه‌چوو، كۆمه‌ڵه ٣٠ لقی له ئه‌ڵمانیادا كرده‌وه‌و، مه‌ركه‌زی برایه " لودڤیگس هاڤن " كه " كامیل تانری كولو " ی لێ ده‌ژیا . كۆنگره‌ی گه‌وره‌ی رێكخراوه‌كانی م هـ پ له ئه‌وروپا ( به ناوی كۆنگره‌ی كۆمه‌ڵه‌ی كرێكارانی توركی نه‌ته‌وه‌یی له ئه‌وروپا) له مارتی ١٩٧٥دا له لودڤیگس هاڤن گیرا . توركه‌ش ( كه به‌رله‌وه چوار جار سه‌ری له ئه‌ڵمانیا دابوو) به‌تایبه‌تی بۆ ئه‌و كۆنگره‌یه هات، كه دووهه‌زار نوێنه‌ری تێدا به‌شدار بوون . دیاره ژماره‌ی ئه‌ندامانی م هـ پ زۆرله‌وه پتر بوو،- به قسه‌ی تانریكولو- ده‌بێ ساڵی ١٩٧٣ ٣٧هه‌زار ئه‌ندام، و له ١٩٧٦ ٤٨هه‌زار ئه‌ندامیان هه‌بووبێ . له كۆنگره‌دا بڕیار درا یه‌كێتی رێكخراوه‌كانی م هـ پ له شه‌ش شوێنی ئه‌ڵمانیا (هێسن، بایه‌رن، نیده‌رزاكسن - برێمن، بادن- ڤورتمبێرگ، نۆرد راین- وێستفالن،به‌رلین)

و لە: نەمسا ( ئوتریش ) ، سویسرا، فەرەنسا، بەلجیکا، هۆڵەندا پێکهێێن. لـە دیسامبری ١٩٧٥دا رابـەرانـی رێکخستنی نوێی م هـ پ کۆنگرەیان لـە کولن بەست، تێدا ئۆرهان بیلمانیان کـرد بـە بەرپرسیاری هۆڵـەندا .
دەستەی بـەڕێوەبـەرایەتیی کـۆمـەڵـە: ئەنوەر ئالتایلی ( بـەڕێوەبەری گشـتی )، کامیل تانریکولو ( جێگـری بەڕێوەبەری گشـتی، بەرپرسیاری هێسن)، و سێ ئەندام . ئورسان ئویمەن Örsan Öymen ی رۆژنـامـەنووسـی ناسراو ،لە باسی ئالتایلی‌دا نووسی کە" ئالتایلی بەدرێژایی ئەو ساڵانەی لە ئەوروپا بووە کاری بۆ میت کردووە".
ئالتایلی لە هەڵچوونێکیدا لە هەرگون دا ددانی بەوەدا هێنا کە وابووە ( هالکن کورتولوشو ی٨/١٠/١٩٧٩ لـە رۆژنامەی هەرگون ی٢٤/٩/١٩٧٩ی وەرگرتووە )، ئالتایلی ئێستا گەڕاوەتەوە ئەنقەرەو سەرنووسەری رۆژنامەی هەرگونی م هـ پ یە . بیلمان ی بەرپرسیاریهۆڵەنداش لە وتووێژێکدا باسیکرد کە رێکخراوەکەی دەنگوباس و زانیاریی دەربارەی ئەو تورکانەی لە هۆڵەندان داوە بە حکومەتی تورکیا .

## م هـ پ لە هۆڵەندا

ئۆرهان بیلمان شاری " رۆتردام "ی کرد بە بنکەی خۆی، بەرلەوە - بەلای کەم - کۆمەڵەیەك لە ئەمستردام هەبوو ( لە شەقامی ئاچە )، کە لە نوامبری ١٩٧٥دا کرا بە " کۆمەڵەی کرێکارانی تورکی نەتەوەیی " و ئالپئاگۆت بەرپرسیاری بەڕێوەبەرایەتیی بوو . رێکخراوی میللی ئولکوجو تورك ئیشچیلەردەرنەیی ( کۆمەڵەی کرێکارانی تورکی میسالیی نەتەوەیی) لە هۆڵەندا بە سەرۆکایەتیی بیلمان یەکەم جار لە ١٥/٢/١٩٧٦ لە رۆتردام کۆبۆوە، ئیتر دوای ئەوە کۆبوونەوەکانیان لە ماڵی یەکێکیان یا لە مەرکەزەکەیان ( لە شەقامی سخێرم لان ی رۆتردام ) دەکرد . یەکەم کۆنگرەی ئاشکرای فاشیستی تورك لە هۆڵەندا، ١٣/٥/١٩٧٩ لە شاری ئەمرسفۆرت گیرا ،کە بەناوی کۆنگرەی پێنجەم بوو ،واتا بە ئاشکرا رایانگەیاند کە بەرلەوەش ( لەکاتی هەڵگیرانی بە رەسمیی دامودەزگایانداهەر کاریان کردووە) . کۆنگرەی شەشەم لە نوولاند گیرا ،کە ١٥٠٠کەسی تێدا بەشداربوو ( رۆژنامەی تەرجومان ی ١٠/٥/١٩٧٩ نووسی سێ هەزارکەس ) . (٧)

بەوە کە هۆڵەندی گورگەبۆریان خۆش ناوێن، هۆڵ و شوێنی کۆبوونەوەیان بە ئیجار نادەنێ . گورگەبۆر پەنا دەبەنە بەر فێڵ و تەڵەکە، بەناوی کۆمەڵەی مزگەوت دروست کردن یا کۆمەڵەی فەرهەنگی داوای دەکەن، بەفوونە : لـە دیسامبری ١٩٧٩دا هۆڵیان بەناوی " کۆنسێرتی موسیقای مەولەوی" گرت، کە بلیتی زۆر گران بوو، خەڵك بۆ گوێ گرتن لە موسیقای عیرفانی چوون، چەند سەعات پرۆپاگەندەی م هـ پ یان بیست ئەوجا نیو سەعاتێك موسیقا، بەڵام بەهەرحاڵ هەر ئەوەیان بۆ چووە سەر، ئەوانی تریان هەمووی لێ تێکدرا .

ڕۆژ نەبوو کرێکارانی تورکیا لە ئەڵمانیا بە بارێك شکایەتەوە نەچنە سەر سەندیکای ئەڵمان (د گ ب ) و سەر کلیسا ،هاواریان لەدەستی هەڕەشەو شکەنجەو کوشتن و بڕینی فاشیستی تورك بوو، لەبەرئەوە د گ ب وکلیسا ڕوویان لە فاشیستان گرژکرد. دەستوور( قانوونی ئەساسی)ی تورکیاش دامەزراندنی ڕێکخراوی حیزبەکانی لە دەرەوەی وڵات قەدەغەکرد، ئیتر م هـ پ - ناچار- لە ١٩٧٦/٧/٢٨دا کۆمەڵەکەی هەڵگرت . بەڵام ئەوهەڵگرتنە هەر بە ناوبوو، هەمان کۆمەڵە لەژێر پەردەی ناوی تردا کاری خۆی دەکرد : " کۆمەڵەی فەرهەنگیی تورك " ، " کۆمەڵەی میسالی "، و تەنانەت " کۆمەڵەی مزگەوت " . ڕاپۆرتی ١٩٧٧ی ئەڵمانەکان دەڵێ : " م هـ پ یارمەتی بۆ ڕێکخستنەوەی خۆی لە کۆمەڵە فەرهەنگیە ئیسلامیەکان وەردەگرێ،کە سەر بە یەکێتی مەرکەزە فەرهەنگیە ئیسلامیەکانی کولن‌ن ( کە ئەمە لقی‌ئەورووپای سولەیمانچییەکانە- دواتریاسی دێ) . دوای سەردانێکی تورکەش لە ئەڵمانیا ، کە لەلایەك لەگەڵ هاوبیرانی و لەلایەکی ترەوە لەگەڵ چەند سیاسیەکی ئەوپەڕی دەستەڕاستی ئەڵماندا ( لەوانە: شتراوس) قسەی کرد ،لە ١٧و١٩٧٨/٦/١٨دا ڕێکخراوی م هـ پ لە ئەورووپا سەرلەنوێ بەرەسمی هاتەوە مەیدان، بەڵام ئەم جارە بە ناوی : " یەکێتی ئەورووپایی کۆمەڵە تورکە میسالیە دیموکراتەکان"! .

یەکێك لەو فاشیستانەی ئەم جارە لە تورکیاوە لەگەڵ تورکەش‌دا بۆ ئەو مەبەستە هاتنە ئەڵمانیا ئۆسمان کۆنداکچی بوو، کە - وەك تورکەش - لە هۆڵێکدا قسەی بۆ چوارهەزار فاشیستی تورك کرد . کۆنداکچی لەکاتێکدا بوو بە بەرپرسیاری ئەم فەدەراسیۆنە بەناو نوێ و ڕەسمییە کە هەر ئیقامەشی لە ئەڵمانیا نەبوو، دوایی دکتۆر هانس ئێکهارت ی " سێ دێ ئوو "(یەکێتی دیموکراتی مەسیحی) ئیقامەی بۆ وەرگرت، هەمان دکتۆری کە ئیقامەی کاری بۆ سەردار چەلەبی یش وەرگرت کە فاشیست لە ئەستەمبووڵەوە ناردیان جێی کۆنداکچی بگرێتەوە . هەر لە دامەزرانەوە ٦٤ کۆمەڵەی ناوچەیی لەم فەدەراسیۆنەدا هەبوون ( کە کۆمەڵەی ڕۆتردام ی هۆڵەنداش یەکێك بوو لەوانە ) . کاتێك یەکەم کۆنگرەی ئەم فەدەراسیۆنە لە شوباتی ١٩٧٩دا گیرا ،نوێنەرانی سەد شوێنی تێدابوون .

## یازدە - شێوەی کاری گورگەبۆران لە ئەورووپا

گورگەبۆر بە چەند ناوێك و لە چەند ڕێیەکەوە کاردەکەن : کۆمەڵانی کرێکارانی میسالیی تورك ( ئو.ت. ئی. د)، مزگەوت، خوێندگەو ، چەند ڕێی ترەوە :

### ١- پاترۆن

هەر تورکێکی تازە دێتە ئەورووپا ، دیارە پێویستی بە هاتوچۆی پۆلیس و ئیدارەکانی تری دەوڵەت دەبێ، خوا خوا-یەتی کەسێك پەیدابێ خۆی لێ بکا بە خاوەن و ڕێگای کار و خانوودۆزینەوە و خوێندنی منداڵانی پیشان بدا و هاتوچۆی ئیدارەکانی لەگەڵ بکا ، یارمەتیی بدا تا جێی خۆی دەکاتەوە . ئەوەش بە کەسانێك دەکرێ کە پێش ئەوان هاتوون، زمان دەزانن و شارەزای کاروبارن . بۆیە هەر شوێنێك، چەندکەسێك دەبینیکە زۆر فێڵبازانە ئەو هەلە دەقۆزنەوە و ئەم تازەهاتووانە دوای خۆیان دەدەن ؛ لەلایەکەوە پۆلیس بەوە مەمنوون دەکەن کە دەتوانن زانیاریی بۆ کۆبکەنەوە و لە ڕێگەی ئەوانەوە شارەزای هەڵسوکەوتی ئەم تازەهاتووانە بیێ، لەلایەکی ترەوە وا لەو تازەهاتووانە دەکەن تێ بگەن کە ئەم دەڵاڵانە بەتەواوی لەگەڵ پۆلیسدا جووتن و هەموو کارێکیان لەدەست دێ ، بەم جۆرە خۆیان لەو خەڵکە دەکەن بە کوێخا و تەئسیرێکی زۆریان بەسەریاندا هەیە . ئەوانە لای کۆمەڵناسان ناویان کراوە بە " پاترۆن "، شتێکی لەبابەتی " مافیا" . یلماز ئاسوجال ( لە کولن) و کامیل تانریکولو ( لە هۆڵەندا) لەوکەسانە بوون کە بناغەی ئەم کارەیان دانا . گورگەبۆرو پاترۆن کەڵك زۆر بەیەکتر دەگەیەنن . پاترۆن چوونە ناو تورکانەوەو ڕێی خۆیان لە ژیانی ئەورووپاشدا کردووەتەوە : کافێ و هوتێلیان هەن، قاچاغچێتیی چەك و هیرۆیین دەکەن، دەتوانن کەڵکی زۆر بە فاشیستان بگەیەنن و ، فاشیست بە دڕندەیی و دەسەڵاتی خۆیان بۆ پاترۆنان زۆر بەکەڵکن . لەو کارانەدا ، دیارە دەکرێ پاترۆنێکیش سەری تێدا بچێ :

موزەففەر چاووش‌ئۆغلو و باوکی لە شاری" ئوترێخت" (هۆڵەندا) لەو پاترۆنانە بوون ، لە دەستەڕاست بوون بەڵام گورگەبۆر نەبوون . موزەففەر کافێیەکی هەبوو ،لە کۆمیتەی بێگانانی کۆچکردوودا بوو ،و بە سەر تیمێکی تۆپی پێ‌ش ڕادەگەیشت . لەکۆتایی ١٩٧٨و ١٩٧٩دا دەستەیەکی بچووك و دڕی گورگەبۆران لە ئوترێخت پێکهات ، فیلمیان بۆ پڕۆپاگەندەی سیاسیی خۆیان پیشان دەدا ، تیمێکی تۆپی پێ‌شیان کردەوە ( کلیسایەك شوێنی بۆ کۆبوونەوە دانێ)،هەرا لە نێوان ڕابەرانی هەردوو تیمدا پەیدابوو ،لە ١٩٧٩/٣/١٩دا گورگەبۆر لەکاتی تەواوبوو-

نی یارییەکی تۆپی پێدا موزەففەریان بەر دەمانچە دا و کوشتیان . یەکێك لەوناوانەی کە لە لێکۆڵینەوەی کوشتنیدا هاتن : "ئۆغوز" ناوێك بوو کە فاشیستێکە گوایا حکومەتی تورکیا لێی دەگەڕێ و بە قاچاغی لە هۆڵەندا دەژی .

## ٢- وەرزش

یاریی تۆپی پێ لە تورکیا لە هەموو وەرزشێکی تر پتر باوی هەیە . گورگەبۆر لە هۆڵەندا خۆیان یانەی وەرزشی تۆپی پێ دادەمەزرێنن ( لە رۆتردام، ئوترێخت)، یا دەچنە یانەی خەڵکی تر و دەستی بەسەردا دەگرن ( لە شاری : ئەلکمار، ئارنهێم،هێنگەلۆ) . گورگەبۆر کاراتێ و جودۆش دەکەن : کاراتێبازێك لە شاری نەیمێیخن رابەریی "کۆمەڵەی میسالیەکان"ی دەکرد ؛ لە شاری ئۆس تورکێکی چەپ لە مارتی ١٩٧٩دا شکەنجە درا ، دەرکەوت کە فاشیستێکی کاراتێباز شکەنجەی دابوو .

## ٣- هەڕەشە و ترساندن

گورگەبۆر زۆرهەڕەشە لە خەڵك دەکەن،دەزانن پۆلیسی هۆڵەندی سەری خۆی بەو خەڵکەوە نایەشێنێ کە هاواریانە لە دەست ئەوان . کۆمەڵەی چەپی " هـ ت. ئی. ب." لە ئەمستردام بەهێزە، جگەلەوەش هەر شارەکە زۆرتر دژی فاشیستانە، لەبەرئەوە هەرچەندە گورگەبۆرێکی زۆریشی لێ هەن ( کۆمەڵەی کرێکارانی نەتەوەیی ، کۆمەڵەی لاوانی میسالی،و لە مەرکەزی فەرهەنگیی تورکیشدا هەن) هەر هەڕەشەیان لەوێ ناخوا. بەڵام لە جێیەکی وەك دێنهاخ (لاهە،لاهای) دەستدرێژیی زۆر دەکەن، چەند جار وابووە پێشیان بە یەکێك گرتووە کە رۆژنامەی وای فرۆشتووە یا بەیاننامەی وای بڵاوکردووەتەوە کە بەدڵی ئەوان نەبووە، گرتوویانە و شکەنجەیان داوە . گورگەبۆر لە ئەیلوول/ سیپتامبری ١٩٧٩دا پەلاماری مەرکەزی "کۆمەڵەی کرێکارانی تورك- فریز"ی فریزلاند ( باکووری هۆڵەندا) یان دا ( دەوری ٤٠٠تورك لە فریزلاند کاردەکەن)، دارو دیواریان بە دروشمی" مەرگ بۆکۆمونیستان" و " کۆمونیستەکان بۆ مۆسکۆ" و بە وێنەی کەللەسەریگورگ داپۆشی . لە شاری زڤۆڵە : گۆرانیبێژێکی تورك لە ئۆکتۆبری ١٩٧٨دا گۆرانیی بۆ کۆمەڵێك دەگوت ( ٨٠تورکێك کە ٨-٩یان چەپ بوون و ٨٠ هۆڵەندیەك)، هەر کە ویستی گۆرانیەکی چەپ بڵێ کارەبا(بەرق) کوژایەوە ، گورگەبۆرێکی زۆر بە چەقۆ کەوتنە گیانی خەڵك . م هـ پ لە زڤۆڵە هەیە، خەڵك هاواریانە لەدەستی؛ ئەو تورکەی لەگەڵیدا نەبێ، لای ئەو بە کۆمونیست تاوانبار-

دەکرێ، ئەندامێکی پێشووی م هـ پ لەوێ کە وازی لێ هێناوە هەمیشە هەڕەشەی لێ دەکرێ . لە تڤێنتە ( ڕۆژ- هەڵاتی هۆڵەندا) : گورگەبۆری زۆری لێ هەن، مەرکەزی گرنگیان لە شاری ئاڵمەلۆ یە،بەقسەی خۆیان لەو ٢٥٠٠ تورکەی ئاڵمەلۆ ٧٠٠کەسیان گورگەبۆرن . لە چەند شوێنی تریش لە ڕۆژهەڵات و لە باکووری هۆڵەندا، ئەوانەی یەکەم هەنگاوی دانانی ڕێکخراوی گورگەبۆرانیان نا، کەسانێك بوون کە لەمەوبەر ماوەیەك لە ئاڵمەلۆ ژیابوون . بەکارهێنانی دین لەلایەن گورگەبۆرانەوە، بەتایبەتی لە تڤێنتە، زۆر بە زەقی دیارە . لەگەڵ مسوڵمانە سەختگرە- کان ( بەتایبەتی دەستەی سولەیمانچی ) دا، مزگەوتیان لە شارانی : هێنگەلۆ، ئاڵمەلۆ، و هاکس بێرخن دروست - کردوون،و پڕۆپاگەندەی زۆر لەدژی عەلەوی ومەسیحیەکانی تورکیا دەکەن . کۆمەڵەی کرێکارانی چەپی تورك و کۆمەڵەی تری تورکی بێلایەن هەمیشە ئامانجی تیری فاشیستانن، هەڕەشەیان لێ دەکرێ، پڕۆپاگەندەیان لە دژ دەکرێ، بە " عەلەویی بێ دین" و" کۆمونیست"یان ناودەبەن : ١٩٧٩/٥/١٨، ئێوارەی ڕۆژی بەرلە خۆ- پیشاندانی دژی فاشیستان لە ئوترێخت ( کە ت ت ئی ب- چەپی تورکیشی تێدا بەشدار دەبوو )،گورگەبۆر پەلا- ماری بارەگای تت ئیب یان دا ( لە ئەنسخێدە)، شووشەی پەنجەرەکانیان شکاندو دارو دیواریان بە دروشمی دژی پێشڤەڕوو و عەلەوی و کۆمونیستان پڕکردەوە ؛ "ئا. ت. ئی. ب."یش هەمیشە هەر ئامانجی پەلاماری فاشیستان بووە،ساڵی ١٩٧٩ بارەگایان بڕی و ئەو پارەیەی لێیبوو دزیان و هەرچیی تێیدابوو تێکوپێکیان دا . کەسانێکی هۆڵەندی هەن دەچن - بە بێ پارە - دەرسی زمانی هۆڵەندی لە بارەگای ئا.ت.ئی.ب. بە تورکان دەڵێن، زۆرجار گورگەبۆر پێشیان پێگرتوون، ڕاویان ناون و پەندیان پێ داون . چەندجار بە تەلیفۆن هەڕەشەیان لە ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەری ئا.ت.ئی.ب. کردبوو ،دوای ئەوە ڕۆژێك ( ١٩٨٠/٩/٦ ) خۆیان کوتا بارەگایەوە و قیڕاندیان کە ئەو زەلامەو ئەوەی بیری چەپی هەبێ دەکوژن . ڕۆژێك دوای ئەوە ( یەك شەممە) دەوری ٤٠ تا ٥٠ فاشیستێك بە زنجیرو چەقۆوە لەبەردەمی بارەگای ئا.ت.ئی.ب.( لە ئاڵمەلۆ) وێستان و دیسان هاواریان کرد کە هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە دەکوژن و بارەگاکەشی دەسووتێنن، دوای حەفتەیەك بارەگاکەیان ئاگر تێبەردا .

## ٤- پڕۆپاگەندە

« گرنگترین شت لە پڕۆپاگەندەدا ئەوەیە مەبەستەکەت لەسەریەك و بێ وەستان بڵێیەوە . بەنموونە: گریمان لای خەڵك گوتمان کە شەربەتی توور بە منداڵی ساوا دەکەوێ، و ئەوەمان پەیتا- پەیتا گوتەوە، دەبینین لەدواییدا هەر دایکێك کە منداڵی ساوای هەبێ دەکەوێتە سەر ئەوە کە شەربەتی

تووڕی بداتێ . ئەوەتا ،ئەو درۆیەی کەگوایا هیتلەر جووی کردوون بە سابوون، هێندەگوتراوەتەوە لە خەڵك بووە بە راستی » ( نەجدەت سەڤینچ، ئولکوجویە نۆتلەر، ل ٤٥-٤٦ ) .

م هـ پ بێ وەستان نامیلکەی پرۆپاگەندە بڵاودەکاتەوە، پەیتا- پەیتا هەندێ شت دەڵێتەوە : هەمیشە لە تەلی مسوڵمانەتی دەدا، باسی تورکی" ئەسیرلەر"ی سۆڤیەت و چین و عیراقیش دەکا، بەڵام زۆرتر هەر ئاین دەکا بە ئامراز. شوێنێك لە شاری رۆتردام هەیە، دەرسی زمانیهۆڵەندیی تێدا بە بێگانان دەگوترێ، لاوی تورکیش هەن دەچن لەوێ هۆڵەندی فێردەبن، شوێنەکە ناوی " باکۆ "یە . فاشیست خستبوویانە مێشکی ئەو لاوە تورکانەی لەوێ دەیانخوێند کە چونکە ناوی ئەم شوێنە باکۆیە هەرچی نمرەکانتان هەیە دەنێردرێنە مۆسکۆ!، ئیتر هەر لاوە تورك بوو لەترسان کارتی نمرەکانی دەدڕاند! . فاشیست بەیاننامە بەناوی چەپان دەنووسن و بە دەرگای مزگەوتا- نیەوە دەدەن تا مسوڵمانانی سوننیی پێ لە چەپ وعەلەوییان بورووژێنن ( بەڤوونە،بەیاننامەیەك بڵاوکراوەتەوە کە وێنە و ناو و دروشمی قارەمانانی چەپی قزلدەرەی پێوەیە و بە سوننیەکان دەڵێ : " هەی یەزیدیەکان " ! ، و هەڕەشە لەو کەسانە دەکا کە لە مزگەوت پارە کۆدەکەنەوە ) .

ـ تورکایەتیی ئەفغانستان: یەکێتیکرێکارانی میسالیی تورك لەهۆڵەندا، رۆژی ١٩٨٠/١/٥ خۆپیشاندانێکی دژی هاتنە ئەفغانستانی لەشکری سۆڤیەت سازدا . حوسەین دەدەئەکشار، لە وتارێکیدا کە لەوێ خوێندیەوە، گوتی : " ئێمە تورك، بەر لە هەزار ساڵ ئەفغانستانمان دامەزراندووە، با رووس بە چەکمەی خوێناوییانەوە لە خاکی ئێمە دەرکەون . ئێمەی میسالی، رەفتاری دوژمنانەمان نیە، چاو نابڕینە وڵاتی ترەوە،دەمانەوێ هەر ئەوە- مان بدەنەوە کە هی خۆمان بووە " .

## ٥- قاچاغچێتیی چەك وهیرۆیین و دزبەکارهێنان

لە ١٩٧٨-١٩٧٩دا بایی دەوری دووهەزار ملیۆن لیرەی تورك (دەوری سەد ملیۆن مارك) چەك وچۆڵی قاچاغ چووەتە تورکیاوە، بایی ئەوەندەش بەنگ و هیرۆیینی قاچاغ لە تورکیا دەرچووە . مافیای ئەم قاچاغچێتیە سەودای لەگەڵ " هـەمـوو " پارتیە سیاسیەکاندا هەیە، بەڵام زۆرتری لەگەڵ ئەوپەڕی دەستەڕاستدایە . لە ئەوروپا، رستوران و دووکانی واریدو سادیرکردن بۆ داپۆشینی ئەو مەبەستە بەکار دەهێندرێن . یەکەمین سیاسیی تورکی بەو مەسەلەیەوە گیرا ( قودرەت بایهان) سیناتۆرێکی م هـ پ بوو ،لە فەرەنسا بایی چەندملیۆن مارکێك ئەسرار( مەوادی موخەددیر)ی پێگیرا . هالیت کارامان ( خالید قارەمان) ی ئەندامی پەرلەمان لە

میللی سەلامەت پارتیسی، لە هاوینی ١٩٧٩دا بە هیرۆیینێکی زۆرەوە گیرا ( دێرشپیگل ی ١٩٧٩/٨/٢٧، شتێرن ژمارە٤٣ی ١٩٧٩) . سیاسیی تریش هەن کە کەمتر بەناوبانگن و بە قاچاغچێتیی هیرۆیینەوە گیراون، زۆریان سەر بە " م هـ پ " ن .

رستۆرانێکی تورکان لە بەرلین کە مەرکەزێکی گرنگی بازرگانیی هیرۆیین بوو، خاوەنەکەی لە رێکخراوێکی دەستەڕاست بوو، لەو پسووڵانەی لە دووکانەکەیدا بوون دەرکەوت کە لەم ساڵانەی دواییدا نیو ملیۆن مارکی دابوو بە رێکخراوی گورگەبۆران لە ئەڵمانیا .

ئەو بازرگانییەهیرۆیینەی کە لەسەرەتادا چینی هێنایانە هۆڵەنداوە، ئێستا بەتەواوی بەدەستی تورکەوەیە، زۆرتر بەدەستی م هـ پ وەیە . بەشی ئەسراری پۆلیسی رۆتردام دەڵێ حەقەن گورگەبۆر لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاریان داوە هەموو ئەو کەسانەی هیرۆیین دەهێننە هۆڵەندا بخەنە دەستی خۆیانەوە، هێنانی هیرۆیین بۆخۆیان پاوان- بکەن .

پۆلیس، لە یەکەم مانگی ١٩٨٠دا رایگەیاند کە گورگەبۆر زیندانیی تری عادی ( بانك بڕ، دزی ئۆتۆمبیل) یان لە زیندانەکاندا لەخۆیان نزیك کردوونەوە و دوای ئەوە بەناوی " تەکنیسیۆنی یاریدەدەر " بەکاریان هێناون .

## دوازده - ڕێکخراوە ئیسلامیە دەستەڕاستەکان لە ئەوروپا

ڕێکخراوە ئیسلامیە دەستەڕاستەکانی تورکیا، لە م هـ پ یش خێراتر لە ئەوروپا تەشەنەیان کرد. سەرەتایان لە ئەڵمانیا بوو و لەوێوە پەلیان هاویشتە هۆڵەنداشەوە. لە ئەڵمانیا دوو یەکێتی ڕەقابەت دەکەن:

١- ١٣٠ کۆمەڵەیەکی یەکێتی مەرکەزە فەرهەنگیە ئیسلامیەکان ( سولەیمانچی، کەواتە سەر بە عەدالەت پارتیسی و ، ڕەنگە م هـ پ یش).

٢- میللی گوروش تەشکیلاتی ( تەشکیلاتی دید(Görüş )ی نەتەوەیی) کە زۆر سەر بە میللی سەلامەت پارتیسی-یەو ٢٠٠ کۆمەڵەیەکی هەیە.

هەردوولا زۆر وشك، هەرلایە هەر خۆی بە نوێنەری مسوڵمانان دادەنێ ، هەرچەندە هەموو مزگەوت و دەورەکانی قورئان سەر بەئەمان نین بەڵام چونکە بەشێوەی ڕێکخراو کاردەکەن زۆریان کێشاونە لای خۆیان.

### ١- سولەیمانچی

حکومەت لە تورکیا بە چاوی گومان لێیان دەنۆڕێ، لە ئەوروپا لەوانی دی چالاکترن، ڕێکخەری گەورەیان لە ١٩٧٥ـەوە " هاروون ڕەشید تویلئۆغلو" لە کولن دەژی. هەرچەندە سولەیمانچی دەڵێن ناکرێ مسوڵمان دۆستا-یەتیی مەسیحی و جوو بکا، بەڵام تویلئۆغلو لەگەڵ هوفنەر Höffner ( کاردینالی کولن ) و ئەلبریشت هەسنگەر ( ئەندامی پەرلەمان لە سێ دێ ئوو- یەکێتی دیموکراتی مەسیحی ) دا زۆرخۆشە، بۆ ئیقامەی خەڵك و ئیجازەی خانووکردن و...ئیدی زۆریارمەتیی دەدەن. سولەیمانچی لە ١٩٧٨ـەوە حەفتەنامەیەکیشیان بەناوی" ئەنادۆلو" هەیە کە ئەردۆغان ئۆلجایتۆ ( پێشتر ڕۆژنامەنووسی تەرجومان) دەریدەکا. ڕێکخراوێکی سیاسیشیان بە ناوی " حوڕ تورك" یاخود " کۆمەڵەی دۆستایەتیی ئازادیخوازانی تورك و ئەڵمان" هەیە کە لە عەدالەت پارتیسی یەوە نزیکە. جگە لە ئۆلجایتۆ و هەسنگەری باسمانکردن، " ئا. پۆلات " ی سکرتێری گشتیی مەرکەزە فەرهەنگیە ئیسلامیەکانیش لە دەستەی بەڕێوەبەریدایە.

لە هۆڵەندا، سولەیمانچی شانسیان هێنای و هۆڵەندیەکی مسوڵمانی چالاکیان پەیداکرد: ئەبدول ڤاهیت ( عبد الواحد) ڤان بۆمڵ). ڤان بۆمڵ یەکەم کەس بوو سەرنجی بۆگوێ دانە باری ئاینیی مسوڵمانانیتورك (ومەغریبی) ڕاکێشا، لە دامەزرێنەرانی مەرکەزی ئیسلامیی شاری ئوترێخت بوو، لە ١٩٧٤-١٩٧٥دا بەناوی ئەو مەرکەزە

چووە " یەکێتی ڕێکخراوانی مسوڵمانان لە هۆڵەندا " ( تورک، مەغریبی، سورینامی ،و ئیندۆنیزیی تێدان ) . ئەم یەکێتیە نێوانی زۆری لەگەڵ ئیدارەکانی هۆڵەندادا پەیداکرد و بەناوی هەموو مسوڵمانانی هۆڵەندا کەوتە چالاکی . سولەیمانچی زۆرکاریان لەژێر پەردەی ئەم یەکێتیەدا بۆ دەچێتە سەر، بەڤوونە : سولەیمانچی زۆر دژی هەموو جۆرە شەهادە ( دیپلۆم،گەواهینامە ) یەکن و بە کاری بێدینانی دادەنێن، دەچن مەلای کۆلکە-خوێندەواری بێشەهادە لە تورکیاوە دەهێننە هۆڵەندا دەرس بە منداڵی مسوڵمانان بڵێن، دەرسی - بەڤوونە - لەم بابەتە : لە کتێبی " موسولمان چۆجوغونا بەعزی دینی سوئاللەر" ( هەندێ پرسیاری ئاینی لە منداڵی مسوڵمان ) کە سولەیمانچی بۆ دەورەی یەکەمی قورئانیان داناوە :

« پرسیار ( دیارە لە منداڵێکی تورک کە " حەنەفی"یە ) : ئیمامی هەرەگەورەی دانەری تەریقەتەکەمان ئیمام ئەبوحەنیفە چ سزایەکی بۆ ئەو کەسە داناوە کە نوێژ ناکا ؟

وەڵام : ئەو کەسەی نوێژ ناکا، ئەوەندەی لێ دەدرێ تا خوێن لە لەشی دێ، ئەگەر بەوەش نەچووە سەر نوێژ، دەخرێتە زیندانەوە و هەتا نوێژ نەکا نایەتە دەرەوە » ( ل ١١) .

دەبێ لێرەدا بڵێین خۆش بە حاڵی ئەو نوێژنەکەرە کە تورکی حەنەفی‌یە و کوردی شافیعی نیە، شافیعی - بە گوێرەی ئەو کتێبە - ئەگەر لە نوێژنەکردن تۆبە نەکا خوێنی حەڵاڵە ( سەری دەبڕدرێ) . ئەم دەرسە لە ئەورووپا بە منداڵی٧-١٢ ساڵی دەگوترێ، بە " دار" فێردەکرێ، کە زۆر وا دەبێ منداڵی بەستەزمان چەند ڕۆژ پەکی ڕۆیشتنی دەکەوێ، ئەوەندە بە دار لە بنی پێی دراوە ناتوانێ بڕوا .

## ٢- میللی گوروش تەشکیلاتی

میللی‌گوروش تەشکیلاتی (ی سەر بە میللی سەلامەت پارتیسی) و سولەیمانچی(ی سەربە عەدالەت پارتیسی) - وەك باس کرا- ڕەقیبی یەکترن . سولەیمانچی لە دوا هەڵبژاردن ( ئۆکتۆبری ١٩٧٩) ی تورکیادا دێ بە دێ دەگەڕان خەڵکیان هان دەدا دەنگ بۆعەدالەت پارتیسی بدەن و پرۆپاگەندەیان دژی میللی سەلامەت پارتیسی دەکرد. لەوماوەیەدا لە ئەڵمانیاش زۆر ناڕێك بوون . لە ئەڵمانیا ،دەستی میللی سەلامەت پارتیسی لە سولەیما-نچی پتر دەڕوا ،تەنانەت جێی خۆی لەسەرحیسابی م هـ پ یش دەکاتەوە. ڕێکخراوانی سەر بە میللی سەلامەت پارتیسی لە ١٩٧٨و١٩٧٩دا پێنج مزگەوتیان لەچنگی م هـ پ دەرهێناوەوخستوویانەتە دەستی خۆیانەوە،بەم پێنجەوە ١٣مزگەوت لە ١٨مزگەوتی گەورەی بەرلین دەکەوێتە دەستی ئەوانەوە . میللی سەلامەت پارتیسی

بەگشتی پڕۆپاگەندە دژی م هـ پ دەکا و گلەیی لە نەژادپەرستیەکەی دەکا تا کوردان بەلای خۆیدا بهێنێ، ئەوە وەبیر دەهێنێتەوە کە ئیسلام جیاوازی ناخاتە نێوان میللەتانەوە و، هەر بە ئیمان و بێ ئیمان لێك دەکاتەوە :

" خۆ هەموو کەس لە تورکیا هەر تورك نیە، پێشووش لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا قەت شتی وا نەگوتراوە " .

بەڵام کاتێك ڕێکخراوانی دیدی میللی ١٩٧٩/١١/١٧ بە شەقامەکانی کولن دا خۆپیشاندانیان ڕێکخست و داوایان کرد ئیسلام پتر قەبووڵ بکرێ، سولەیمانچی و فەدەراسیۆنی تورکانیش پشتیانگرتن و هەراوکێشەی هەڵبژاردنی تورکیایان خستە لاوە .

پۆلیسی ئەڵمان لە ئابی ١٩٧٩دا، دەستەیەك قاچاغچیی هیرۆیینی گرت کە لە بەرپرسیارانی میللی سەلامەت پارتیسی بوون (دێرشپیگل ١٩٧٩/٨/٢٧ ،شتێرن - ژمارە ٤٣، ١٩٧٩) . هەر لەهەمان میللی سەلامەت پارتیسی بوون لە ١٩٨٠/١/٥دا لە بەرلین مامۆستایەکی گەنجی چەپیان گرت کە مەنشووری چەپی بڵاودەکردەوە، زۆر بە خوێن ساردی کوشتیان و خۆیان کوتایە مزگەوتێکەوە ، کاتێك پۆلیس بەسەر مزگەوتیدا دا و گرتنی هێشتا چەکەکانیان هەر بەدەستەوەبوو . کەواتە هەر تەنیا م هـ پ نیە کە قاچاغچێتیی دەکا و خەڵك دەکوژێ، تۆمەز میللی سەلامەت پارتیسیش ئەو کارانە دەکا .

## ٣- شەڕ و هەرا لە مزگەوتدا

هەرئەوەندە باسی " پارە" هات، یا حکومەتێك گوتی با مسوڵمانەکان نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و بیاننێرن تا بزانین چیان بۆ بکەین، ئیتر ئەم کۆڕو کۆمەڵە ئیسلامیانە دە گیانی یەکتر بەردەبن و هەر دەستەیە دەڵێ : " خۆمان " ! . ئەمە دوو ڕووداو بەڤوونە :

ـ لە ١٩٧٧و١٩٧٨دا قسەیەك بڵاوبۆوە کە گوایا عارەبستانی سعوودی و لیبیا و حکومەتی هۆڵەندا دایانناوە پارەیەك بۆ مزگەوتەکانی هۆڵەندا تەرخان بکەن . ئەمە جارێ هەرقسە بوو، دەستەیەك لە " یەکێتی ڕێکخراوانی مسوڵمانان لە هۆڵەندا " وەخۆکەوتن کارێك بکەن هەموو پارەکە نەچێتە گیرفانی سولەیمانچیەکانەوە، لەبەرئەوە بە پەلەپەل ڕێکخراوی نوێیان پێکەوەنان و داوای ئەندامێتیی یەکێتیان بۆ کردن و، بەتەمابوون هەر یەکێتیەکە بەتەواوی لە چنگی سولەیمانچیان دەرهێنن . سولەیمانچیش لەبەرامبەردا تا توانیان خۆیان تاو دا تاکو دەسەڵات هەر دەسەڵاتی خۆیان بێت، کۆمەڵەی مەرکەزی ئیسلامییان لە شاری ئوترێخت کردەوە و کردیانە مەرکەزی چالاکیی خۆیان ( ئێستا ١٣ ڕێکخراوی وەهایان لە دەرەوەی ئوترێخت هەیە ) . ئەم ڕەقابەتە وای کرد ئەوەندەی

دی مزگەوت و مەدرەسەی قورئانی منداڵان و مەرکەزی تری ئیسلامی سەرتاسەری هۆڵەندا دابگرن.

ـ حکومەتی نەمسا( ئوتریش) ئیسلامی بە " ئاینێکی کە لە نەمسادا هەیە" قەبووڵ کردو، داوای لە مسوڵمانان کرد لە ڕێکخراوێکدا کۆببنەوەو، نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ حکومەتدا قسەبکەن تا حکومەت بزانێ چیان بۆ بکا . لەسەرئەوە، لە کۆبوونەوەی ١٩٨٠/٦/١دا بەگژ یەکتردا چوون و، تەنانەت بەرپرسیاری ناوچەی میللی گۆروش تەشکیلاتی خەنجەرێکیشی رە یەکی دی نا ( تەرجومان ١٩٨٠/٦/٥، ئەنادۆلو ١٩٨٠/٦/١٣) ، ( بڕوانە وێنەکەی - لە ئەسڵەکەدا - چوارشانەی بە ریشێکی جەنگەڵی کە سنگی دەرپەڕاندووە) .

## ٤ - کۆمەڵە ئیسلامیە تورکەکان لە هۆڵەندا

لەوەناکا میللی سەلامەت پارتیسی جارێ لە هۆڵەندا ئەوەندە بەهێزنیێ . هەرچۆنێك بێت، کۆمەڵەی مزگەوتـان نابینین کە بەرەسمی بەناوی ئەوانەوە کاربکەن . " فەدەراسیۆنی کۆمەڵە فەرهەنگیە ئیسلامیە تورکەکان " لـە هۆڵەندا باوی هەیە و، ڕەقیبی گرنگی سولەیمانچیەکانە،خەڵکی جۆراوجۆر لە دەستەی‌دامەزرێنەرانیدا دەبیندرێن، هەر لەو مەلایانەوە کە کۆنسولگەریی تورك هێناونی و تا دەگاتە مسوڵمانی ئەوپەڕی دەستەڕاست . هەندێ لە کۆمەڵەکانی ئەم فەدەراسیۆنە هەر بۆ داپۆشینی کاری فاشیستانن، بەڤوونە : " کۆمەڵەی مسوڵمانی تورك " ی شاری ئەیپڵ‌دۆرن ( کە لە ١٩٧٦ـەوە هەیە)، لە یەکەم مانگی ١٩٨٠دا عومەر ئالبایراك( ئەل بەیرەق) ی بە بەر-پرسیاری هەڵبژارد ، کە گورگەبۆر لە شوباتی ١٩٧٦دا ( کۆنگرەیان لە ڕۆتردام) بە بەرپرسیاری ڕێکخراوی ئەیپڵ-دۆرن ( و دەوروبەری)ی خۆیان هەڵبژاردبوو . ئەم فەدەراسیۆنە دەستی لە سولەیمانچیان سەندووەتەوە، بە قسەی خۆی ٣٧ کۆمەڵە سەر بەون ( و هەوڵ دەدەن حکومەتی" تورکیا" بەرەسمی قەبووڵیان بکا ) . ئیبراهیم گۆرمەز ی سکرتێری، کەمێك دوای ڕووخانی حکومەتی دەمیرێل، چوو سەری لە چەند وەزیرێکی نوێی تورکیاو"هاونیشتما-نی سادە تورکەش" ! دا، گۆرمەزGörmez لە سەردانەکەیدا ئەمانەشی لەگەڵدا بوون : ئۆرهان یلمان ی سەرۆکی هەموو گورگەبۆرانی هۆڵەندا، شوکرو تەتك - سکرتێری کۆمەڵەی ئەمستردامی تورکە نەتەوەییەکان ( کـە یانەی گورگەبۆرانە)، عومەر کۆرکماز - سکرتێری مەرکەزی فەرهەنگیی تورك لە ئەمستردام، هامیت ( حامد ) تاش - سکرتێری کۆمەڵەی ئیسلامیی ئەمستردام .

(١) یا : شۆڕشگێڕی ( ئینقلاپچلك inkılapçılık ) .

(٢) نوورچی و سولەیمانچی، وەکو کاوەچی و ئاپۆچی و ئیدی ؛ ئەم " چی "یە لە تورکیدا - بەگوێرەی حەرفی دەنگدارو بێدەنگی پێشی - دەبێتە " جْ، چْ، جو، چو، جوو، چوو، جی، چی" ؛ دەڵێن "ئاپۆجوو"، " کاڤاجْ "، کورتچی"، " سولەیمانجْ "،" نوورجوو" ... ئیدی .

(٣) ئاکنجی akıncı لە مێژووی عوسمانیدا هێزی پێشاهەنگ بوون، بە تاڵان و بڕۆ و دڕندەیی ڕێیان بۆ لەشکر خۆش دەکرد .

(٤) ئەم فەسڵە، وەرگێڕاوی تەواوی دەقی بەشێکە لە فەسڵی دووەمی ئەسڵ ( ل ١٥-١٦ی) .

(٥) کۆنترا- گەریلا ی ڕژیمی تورکیا، وا باوە کە " کومر " ی ئەمریکایی دروستی کردبێ؛ کومر سەردەمێك لە ڤێتنام بووە و دوای ئەوە کراوە بە سەفیری ئەمریکا لە ئەنقەرە .

(٦) ڕۆژنامەیەکی مائۆیستی، گومانی لێ دەکرا کە دەستی میت و ئیستیخباراتی تری تێکەوتبووبێ .

(٧) ئەسڵ لیستەی تەواوی دووردرێژی ناوان و ئادرەسانی تێدا هەیە، لە چ کۆبوونەوەیەکدا چ کەسانێك بوونە کۆمیتەی ڕابەری و کێ بەرپرسیارانی کامە لق و لە کوێ و ...، ڕووداوی کۆنگرەکان و ... ئیدی .

---

ئالپئارسلان تورکەش Alparslan Türkeş ( لە دایك بوون : ١٩١٧/١١/٢٥ - قبرس ) ، دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کە تێدا بەشدار بوو ئەوەی ١٩٩٥ بوو، کە نەیتوانی تەنانەت تاقە یەك کورسی لە ٥٥٠ کورسیەکەی پەرلەمان وەدەست بهێنێ .

دەولەت باخچەلی Devlet Bahçeli ساڵی ١٩٧٠-١٩٧١( لە تەمەنی ٢٢-٢٣ ساڵیدا) سکرتێری گشتیی یەکێتی خوێندکارانی نەتەوەیی فاشیستی م هـ پ بوو، ساڵی ١٩٨٧ بوو بە سکرتێری گشتیی م هـ پ ، ساڵی ١٩٩٧ ( دوای مردنی تورکەش لە ١٩٩٧/٤/٤دا ) بوو بە باش بوغ ( سەرۆکی م هـ پ ) .

م هـ پ لە هەڵبژاردنی ١٩٩٩/٤/١٨ی پەرلەماندا بە دووەم پارتی دەرچوو : ١٢٩ کورسیی پەرلەمانی وەدەست هێنا ( ١٨,١٪ ی هەموو دەنگەکان ) ، تەنیا حیزبەکەی ئەجەڤیت ( دەمۆکراتیك سۆڵ پارتیسی) لە پێش ئەوەوە بوو ( ١٣٦ کورسیی پەرلەمان، ٢٢,٣٪ ی هەموو دەنگەکان) . ئەوەبوو ئەجەڤیت بوو بە سەرەك وەزیران و باخچەلی بوو بە جێگری سەرەك وەزیران .

## پێڕستی ناو (ی ل٩-٩٠،٩٩-١٤٣)

### ( جگە لە ناوی نووسەرانی هەردوو باس و وەرگێڕو سەرچاوەی رۆژئاوایی )

### ئـ

ئا پ بڕ- عەدالەت پارتیسی؛ ئاپۆچی١٤٣؛ ئاتسز ( نیهال-)٦٩،٩٩؛ ئاتیلا٤٣؛ ئارارات / ئاگری/ ئاگری داغ ٩، ٣١،٣٣،٣٥-٣٨،١١٨؛ ئاراس( ئاوی-)٩؛ ئارمسترۆنگ٣٤؛ ئاری/ ئاریایی٤٣،٦٨؛ ئاریبورون( تەکین-)١٠٠؛ ئازەربایجان(کۆماری-)٩١؛ ئازیزئۆغلوبڕ- ی ت پ؛ ئاسلان(محەمەدعەلی-)٥٥؛ ئاسووری١٣؛ ئاسیا ی بچووك٩٢/ی مەرکەزی٤٣،٦٨؛ ئاغرناسلی(نیازی-)٥٧؛ ئاقجیئۆغلو بڕ- مستەفا کەمال: کەمالیی چەپ؛ ئاکنجی ١٠٥،١٤٣وبڕ- م س پ؛ ئاکیۆل بڕ-م هـ پ :کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی،کۆنترا گەریلا؛ ئاگری داغ بڕ- ئارارات؛ ئالپ دۆغان( جەنەراڵ- لە دەرسیم)٤١؛ ئالوچ ( کازم -)١٠٠؛ ئاماسیا(پرۆتۆکۆلی-)٢٥؛ ئانارشیزم/ ئانارشیست٥٧؛ ئانت بیرلیك(کارگەی)١٢٣؛ ئانیمی/ شامانی١١١؛ ئاییار محەمەدعەلی-) وس پ٥٧،٥٩،٨٤-٨٥،٩٥؛ ئایدنلك(رۆژنامە)١١٩،١٢١،١٢٣-١٢٥،١٢٨-١٢٩؛ ئورفە ٩،١١، ٢٠، ٣١،٥٥،٧٥؛ ئوزبەکی١١٧، ئوزگورلوك یۆڵوو٦١؛ ئوزەل( تورگوت)١٠٣؛ ئولکو..بڕ- م هـ پ؛ئۆنیسی د١٨؛ ئۆتوکەن ٦٨-٦٩؛ ئۆدونجو ( نموونەیەکی پیاوکوژی م هـ پ ) بڕ- م هـ پ؛ ئۆقیانووسی هیند١٠٩؛ ئۆکچۆن( گوندوز-)٢٧؛ ئۆکیار بڕ- س ج ف؛ ئۆنور بڕ- م هـ پ :کۆمیتەی رابەرایەتیی؛ئە ت ك ئۆ ١٢٣؛ ئەجەڤیت٦٠،٧٨-٧٩،١٠٢،١١٣-١١٤،١٢٤-١٢٥، ١٣٠،١٤٣وبڕ- ج هـ پ؛ئەحمەدبڕ- خانی،عارف؛ ئەدەنە١١٦؛ ئەرباکان ( نەجمەدین-) بڕ- م س پ؛ ئەرتقین١٢٣؛ ئەرجیش٣٨؛ ئەرزنجان ٢٢،٢٤،٣٨،٦٤ (وکتێبی" ئەرزنجان ١٩٣٢"ی عەلی کەمالی )،١٢٦؛ ئەرزەرۆم ٩-١٢،١٨-٢٢،٢٤، ٣١-٣٢،٩١،٩٤،١٠٦،١٢٣،١٢٥، ١٣٠/ کۆنگرەی ٢٤-٢٥؛ ئەرسون (جەنەراڵ نامیق‌کەمال-)١٣٠؛ئەرغەنی١٨؛ ئەرگەنەکۆن٤٣؛ ئەرمەنستان ٢٢-٢٦،٣٦-٣٧،١١٦(ی سەربەخۆ)/ ئەرمەنی ١٠،٢٢،٢٥، ٣٠، ٣٤،٣٦-٣٧، ٣٩،٤٣،٦٩-٧٠،٧٩،٩١-٩٢،١١٤-١١٥؛ئەرەغلی١٨؛ئەریم(نیهاد-)٨٤؛ ئەزمیربڕ ئیزمیر؛ئەستەمبوڵ١٠،١٢،١٩،٢٥ (و حکومەتی)،٢٦(حکومەتی)،٣٢،٣٤،٤٦،٥٤،٥٩،٨٦،٩٢،١١٦،١٢١،١٢٩؛ ئەسکەندەرۆنە( خەلیجی) ٩؛ ئەفریقا٦٩؛ ئەفغانستانی تورك! ١٣٧؛ ئەکرەم جەمیل پاشا٣٦؛ ئەڵمان / ئەڵمانیا ٢٧( وچەکی حکومەتی بەرلین بۆ مستەفا کەمال بە پارەی رژیمی لێنین ) / وەرگێڕان لەئەڵمانی٥٧/ خوێندن بە ئەڵمانی لە تورکیا٦٧،٩٩-(جاسووسیی-)١٠٠-(ی رۆژئاوا)١٠١،١٠٧،١١٤،١١٩،١٢١،١٢٤،١٣١،١٣٣-٤١ ئەلیکان(عەشیرەت) ٥٦؛ ئەلیکساندرۆپۆل ( پەیمانی- بنەمای دۆستایەتیی مستەفا کەمال و رژیمی لێنین )٩١؛ ئەمریکا/ یی ١٨، ٢٠،٢٣، ٢٩، ٥٠(ونەخشەی مارشال)-٥١،٥٩-٦٠،٧١،١٠١،١٠٥،١٢٨-١٢٩،١٤٣/- ی‌لاتین١٢٨/ی باشوور؛ئەنادۆڵ ٩-١٠،٢٢-٢٦،٣٥،٤٠، ٤٦،٩١ وبڕ- رۆژهەڵات؛ ئەنتالیا١٢٣؛ ئەنتی تۆروس( چیاکانی-) ٩،٩١؛ ئەنقەرە ١٠( ئەنستیتو)، ١٩-٢٠،٢٥،٢٧،٥٩-٦٠،٧٦،٨١، ١١٦،١١٩،١٢٣،١٢٥،١٣١،١٤٣،بۆ حکومەتی- بڕ- تورك/ تورکیا؛ ئەنگۆلا ٦٣؛ ئەورووپا/یی٤٧، ٩٠،٩٣-٤،١٠٥،١٠٩،١١٨،١٢١ ،١٣١،١٣٩/ بازاڕی هاوبەشی- ٦٠؛ئیبراهیم( سەرۆکی حکومەتی راپەڕینی ئارارات) بڕ- تەللۆ؛ ئیتالیا/ یی ٢٨،٤٧-٤٨،٥٧، ٧٠،٩٩؛ ئیتیحادی/ ئیتیحادو تەرەقی ٣١،٣٤، ٤٠،٧٩،٨١؛ ئیحسان نووری پاشا ٣١،٣٦-٣٧؛ ئیزمیر١٢،٢٧،١١٦ / کۆنگرەی ئابووری لە-٢٦، ٤٥؛ئیسرائیل١١٥؛ئیسلامی/مسوڵمان١٣،٢٣-٢٤،٥٨(یان)،٧٩،٩٣،٩٩--١٠٠،١٠٤-١٠٥،١٠٩،١١١-١١٤،١٢٩،١٣٣،١٣٦-٣٧، ١٣٩-١٤٢؛ ئیگلتن ٥٥؛ ئیلکە بڕ- ت س ئی پ؛ ئیلەری یورت ( بڵاوکراوەی-) ٥١-٥٢؛ ئیندۆنیزی ٨٣، ١٤٠؛ ئینگلیس / ئینگلستان / بریتانیا٢٢،٢٦،٢٨-٣٠،٣٤-٣٦،٤٤، ٥٠،٩٢،٩٩/ ئەگەر کوردستان موستەعمەرەیەکی- بوایە ٨٩ / وەرگێڕان لەئینگلیسی٥٧/ خوێندن بە ئینگلیسی‌لە تورکیا٦٧؛ ئینونو بڕ- عیسمەت؛ ئیۆنی ٤٣؛ ئێجە بڕ- دەریا ؛ئێران ٩،١٩-٢٠، ٣٠،٣٧( حکومەتی تاران)،٣٩، ٥٠-٥١،٦٧-٦٩،٧١،٩٣،١٠٦،١١٦ / شۆڕشی١٠٥؛ شایان ٨٩؛ ئێلچی ( سەعید) ٧٥،٩٥؛ ئێنگڵس (هەڤاڵی مارکس) ٥٧؛

## بـ

باباتاهير١٤ ؛بابل٤٣ ؛باتمان٩١ ؛ باتوم٢٢ ؛ اتێ١٤ ؛ باخچەلی ئەڤلەر(گەرەکی-)١١٩باخچەلی(دەولەت)١٤٣ ؛بادیللی/ بادەللی(کەمال-)٥٥ ؛
بـارزانی( سەرۆك مستەفا-)٥٣-٥٤ ،٦٨-٦٩ ،٩٤ ؛ بارش دونیاسی بڕ- باسار؛ باسار( ئەحمەد حەمدی-، گۆڤاری بارش دونیاسی )٥٣-٥٤ ؛
باکۆ(کۆنگرەی کۆمونیستی‌لە-)٢٧ ،(شوێنێك لە شارێکی هۆلەندا)١٣٧ ؛ بالکان٢٢ ؛ باهچەلی بڕ- باخچەلی؛ بایار(جەلال-) ٥٠ ؛ بتلیس١٨ ،
٣٧،٣٢/ شاری ٣١،٣٣/ ویلایەتی٢٢ ،٢٤ ،٣٨ ،٦٦ ،٩١ ؛ بحەمدوون(کۆنگرەی دامەزرانی خۆیبوون - لوبنان)٣٦ ؛ براهایی( لە یەزیدیەتدا)
١٣ ؛ برجا بەلەك٦٨ ؛ بریتانیا بڕ- ئینگلیس؛ برێشت٥٧ ؛ بنگۆل٣١ / ویلایەتی٦٦ / ( ئاغای)١١٨ ؛بوجاك(فایق-)٧٥ ؛ بولگاری ٣٤ ،٨٩ /
بولگاریا ١٠ ؛بولیڤار٨٩ ؛ بویوك تەعەرروز٢٦ ،٩٢ ؛ بویوك میللەت مەجلیسی٢٥-٢٦ ،٩٢ ؛بۆتان(جزیرا-)٦٨ ؛بۆران(بەهیجە-)٨٤ ؛ بۆزبەیلی
بڕ- دەمۆکراتیك پارتی؛ بۆزەرسلان محەمەد ئەمین-)٥٥ ؛ بۆلشەفیك بڕ- سۆڤیەت؛ بۆلیڤار٨٩ ؛ بەدرخان٨٩ /-یەکان٦٨/ برایانی-ی(جەلادەت
وکامران عالی-)١٣ ،٣٦ / جەلادەت٣٦ ؛ بەرلین ١٠٠ وبڕ- ئەلمانیا ؛ بەشەن(مەتە)١٢٤ ؛ بەغدا(پەیمانی- ) ٥٠-٥١ ،٧٧ / سەنتۆ ٥١/ رادیۆی
کوردیی-١٠ ، بۆ حکومەتی- بڕ- عیراق؛ بەکاتا( هـ ئۆ.-، وەزیری ناوخۆ)٥٤ ؛ بەللی ( میهری-/ پەرلەمانیستەکان) / ت ئە پ ٥٨ ،٨٥-٨٦ ؛
بیبل ( ئۆگست-)٥٧ ؛ بیرلیك پارتیسی ٨٥ ؛ بیزەنتی٦٩ ؛ بێرووت ٣٦ ؛ بێشکچی ( ئیسماعیل-) ١١ ،٥٥-٥٦ ،٦٣ ؛

## پـ

پاپازیان(ڤاهان-) ٩ ؛ پارتی ــ بۆ زۆربەی پارتی و رێکخراوان هەر یەکەم حەرفەکانی ئەسڵی ناوە رەسمیەکە لێرەدا بەکارهاتووە؛ پارە(سندووقی
نێونەتەوایەتیی-)١٠٢ ؛ پاکستان٥٠ ،٦٩ ؛ پالوو٣٥و بڕ- شەریف( شێخ) ی-،یادۆ؛ پاناما ٦٠ ؛ پایکال بڕ- ج ك م پ؛ پ د ك - سووریا٧٥ ؛
پ د ك لە تورکیا٧٥ ؛ پ د ك ی تورکیا٧٥ ؛ پ د ك ی عیراق٧٥ ؛ پرۆلەتەردەڤریمجی بڕ- ت ئی ئی ك پ؛ پرۆلیتاریا٢٦ ،٧٣ ،٨٧ ؛
پەس د ی کـورد ٢٣ ؛ پولومور٣٨ ؛ پۆرتوگال ٦٢ ؛ پۆگرۆم ٩٢ ؛ پۆلەندا ( لەهستان)٩٠ ؛ پۆلیتیکا( رۆژنامەی -)١٠٠ ؛
پەرواری ٣١ ؛ پەرینچەك بڕ- ت ئی ئی ك پ؛ پیران ٣٢ و بڕ- سەعید( شێخ-)؛

## تـ

ت ئە پ ٨٥، ٩٥ ؛ ت ئی ئی ك پ ٨٦ (ودۆغو پەرینچەك ،پ د ئایدنلك)، ٩٥ ؛ ت ئی پ٥٣ ،٥٥-٦٠ ،٧٥ ،٨٣-٨٥ ،٩٤ ،٩٥ ،١١٣ ،١١٧
،١١٩ ، یورویوش٨٤ ؛ ؛ تارانجی( جاهید سیدقی-)١٣ ؛ تاریش١٢٤-١٢٥ ؛ تاشۆڤا بڕ- م هـ پ : رابەرایەتیی-؛ تاشەر بڕ- ج ك م پ؛
تانریۆڤەن ( ئەرۆگان-)١١٢ ؛ تانلاك ( عومەر-، ئیعتیرافی و عەبدورەحمان ساغ کایای مامۆستای١٢٣ ؛ ؛ ترابزۆن٢٣ ؛ تراکیا٢٥ ؛
ترۆتسکی ( خەتی- و بنکەی سودا و کۆز) ٨٧ ،٩٦ ؛ ت س ئە ك پ٤٩ ؛ ت س ئی پ٨٤ ،٨٥( و گۆڤاری ئیلکە وکیتلە)؛ تفلیس٢٢ ؛
ت ك پ( تورکیە کۆمونیست پارتیسی) ٢٧ ،٤٢ ، ٧٩ ،٨٣-٨٤ ؛ توب - دەر٨٦ ،٩٥ ؛ تودە ٩٣ ؛
تورك/ تورکیا(وکۆماری تورکیا ،حکومەتی/ رژیمی ئەنقەرە/تورك ئیدی)٩-٢٠ ،٢٢-٥٧ ،٦٠-٩٣ ،٩٥-٩٦ ،٩٩-١٠٢ ،١٠٤ ،١٠٦-١٤ ،١١٦
-١١٨ ،١٢٢ ،١٢٤-١٢٥ ،١٣١-١٣٣ ،١٣٥-١٤٠ ،١٤٢/ پان تورك٨٢ ،٩٢ ،١٠٠/ پان تورکیا ١٠٠ ، ١١٠/ تورکیای گەورە٩٩-١٠٠ ،
١٠٩/ توورران٩٩ / (پان) توورانی٢٥ ،٤٣ ،٨١ / تورکی ( بەشێك) ٥٢ ،٥٤-٥٥ ،٥٧ ،٦١ ،١١٦ ،١٢٩ و بڕ- م هـ پ
تورك - ئیش٥٩ ؛ تورکەش بڕ- م هـ پ؛ تورکیە بویوك میللەت مەجلیسی بڕ- ناوەکە بەبێ تورکیە؛ توسدەك ١٣٠ ؛ توورانی بڕ- تورك
تۆقات١٠ ؛تەرابلس٢٢ ؛تەرجومان(رۆژنامە)١٣٩ ،١٤٢ ؛ تەرەقی پەروەر جمهوریەت فرقسی٣٢ ،٣٤ ؛تەریقەت١٤ ؛ تەسەووف١٣ ؛ تەقریری
سکوون ٣٣ ،٩٣ ؛ ت هـ ك ئۆ - دەنیزگەزمیش٥٩-٦٠ ،٨٦-٨٧ ؛ ت هـ ك ج / پ - ماهیر چایان ٦٠ ،٨٧ ؛ تەکین ئالپ٤٣ ، ٤٥ ؛ تەللۆ(ئیبراهیم

پاشا حسکی-)٣٧؛ تەیران(فەقێی-)١٤؛ تی ئی تی١٢٣، ١٢٧؛

## جـ - چـ

جاش ١٤؛ جاهید بڕ- تارانجی؛ جزیری( مەلای-)١٤؛ ج ك م پ٨١، ١٠٧( ورفعەت پایکال)-٨ ١٠، ١١٠(ودوندار تاشەر)؛ ج گ پ / فەیزی نۆغلو ٨٠؛ جمهوریەت(رۆژنامەی تورکی)١٠٧، ١٢١-١٢٢؛ جوانڕۆ٥١؛ جوو٤٤، ٧٠، ١٠٥، ١١٤-(وبروسکە-کۆماندۆی)١١٥، ١٣١، ١٣٧، ١٣٩؛ جوودی ( چیای-) ٩؛ جۆرجیا بڕ- گورجستان؛ جەبران ( سەرهەنگ خالید بەگی-)٣١-٣٣؛ جەبسۆی ( جەنەراڵ عەلی فوئاد-)٢٧؛ ج هـ پ ٤٧، ٦٠، ٧٦، ٧٨-٧٩، ١١٣، ١٢٥، ١٢٨ و بڕ- ئەجەڤیت؛ جەلادەت بڕ- بەدرخان؛ جەم ( ئیسماعیل -) ٤٦؛ جەنگیزخان٤٣؛ جیهان بەیلی ١٠؛

چاگلایان بڕ- م هـ پ( کۆمیتەی رابەرایەتیی)؛ چانکری ١٠، ١٢٥؛ چاپان بڕ- ت هـ ك ج؛ چەتین بڕ- م هـ پ(کۆمیتەی رابەرایەتیی)؛ چەقماقچی (فەوزی-)٦٦؛ چیلۆ ( چیای-)٩؛ چین٨١(تورکی-)، ٩٩(ژیاریی-)، ١١٨، ١٣٧، ١٣٨(-ی) و بڕ- مائۆ؛

## حـ - خـ

حاجۆ(حەسەن ئاغای-)٣٦؛ حاجی ئۆمەران ٩٥؛ حوریەت ( رۆژنامەی-)١٠٧-١٠٨؛ حەڵەب٣٢؛ حەمیدیە٤١؛ حەنەفی ١٤٠؛

خارپووت١٤، ١٨-١٩، ٢٤، ٣٢، ١٢٦ / شاری- ١١، ٣١، ٣٣ / ویلایەتی ٣٨، ٩١، ١٠٦؛ خالید بڕ- جەبران؛ خانی - مەم و زین ١٤، ٥٥؛ خنس٣١، ٣٣؛ خۆیبوون ٣٦-٣٧، ٣٩؛ خەلیج بڕ- ئەسکەندەرۆنە؛

## د

داراهنی- گەنج ٣٢-٣٣، ٩٣؛ داشناق٢٤-٢٥، ٣٦، ٣٩، ٩١؛ دجلە- فورات٥٤(گۆڤاری-)؛ دد ك ئۆ ٥٩، ٧٥-٧٦ ؛دۆستایەتی(پەیمانی) مستەفا کەمال ورژیمی لێنین ١٩٢١/٣/١٦ ٩١ / ئەلیکساندرۆپۆل ٩١ وبڕ- ئەڵمان( چەکی- بە پارەی رژیمی لێنین بۆ مستەفا کەمال) / تورك و فەرەنسا؛ ٢٧(هاوکاریی ٣٣، ٣٥)؛ دۆغو و دۆغوجو...ئیدی بڕ- رۆژهەڵات؛ دەرسیم ١٤، ٤١-٤٢، ٤٩ - ویلایەتی ٢٤/ راپەڕینی ٣١، ٤١، ٤٩؛ دەرسیمی (نووری-) ٣٢-٣٣، ٤٢؛ دەریا ی ئێجە٢٦، ٦٥، ١١٤ / ی رەش ٩، ١٨، ٢٣، ٦٥، ١٠٩؛ دەڤ - گەنچ٥٨؛ دەگەر(م. ئە.) بڕ- کۆنترا گەریلا؛ دەلی بڕ- م هـ پ / تورکەش؛ دەمۆکرات ( ژمارەیەکی-) ١٣٠؛ دەمۆکرات پارتی/ عەدنان مەندەریس ٥٠-٥١، ٥٣، ٧٧-٧٨، ١٠١، ١١٧؛دەمۆکراتیك پارتی/بۆزبەیلی٧٨؛دەمۆکراتیك سۆلپارتیسی١٤٣؛دەمیرێل ٦٠، ٧٨، ١٠١-١٠٣/حکومەتی ٦٠ وبڕ- عەدالەت پارتیسی(ئا پ)؛دەنگ(بڵاوکراوە)٥٤؛ دەوڵەتیزم٤٦؛دیاربەکر ١٠، ١٨-٢١، ٣١، ٥٤، ٧٥/ شاری١١-١٢، ٣١، ٣٣، ٧٤/ ویلایەتی ٢٤، ٣٨، ٦٦، ٩١/ یانەی٢٦؛ دیجلە٩(ئاوی،دۆڵی)، ٦٨/ ( نەخشەی- ١٩٦٣)٧١؛ دیسك٥٩، ٧٦، ٨٥، ٩٥، ١٠٣، ١١٣؛ دیڤریك / دیوریك ١٨؛ دێر شپیگل١٢٤، ١٣٨، ١٤١؛

## ر

رامان١٩، راپەڕینی ٣١؛ رامبوو (ل. -)٣٨؛ رزگاری ( گۆڤاری - )٦١؛ رواندز بڕ- محەمەد ( میر- ی)؛ رووحی سوو١٣؛ رووس / رووسیا ی قەیسەری٢٢، ٢٥، ٦٣، ١١٣ / ی لێنین٢٧ / ی سۆڤیەتی ٢٧، ٤٩، ٨١ و بڕ- سۆڤیەت؛ رووناهی( گۆڤاری)٣٦؛ رۆزا لوکسمبورگ٥٧؛ رۆژا نو(رۆژنامە)٥٤؛رۆژهەڵات/دۆغو/دۆغوئەنادۆلو/شەرق١١، ١٥، ٥٥-٥٦، ٦٦-٦٧، ٧٢، ٧٦، ٧٨-٧٩، ٨٣-٨٤، ١٠٤، ١١٦؛رۆژهەڵاتچی/ یتی،دۆغوجو/لوك٥١، ٥٤؛رۆژهەڵاتی ناوەڕاست٢٧، ٩٠؛ رۆمانیا٢٨؛ رەحمی بڕ- سالتوك؛رەش کۆتان(راپەڕینی-)٣١؛ریا نوو(بڵاوکراوە)٥٤؛

ز زەردەشتی- زەردەشتیەت١٣؛ زیلان٣٨؛

ژ ژاپۆن٢٨؛ ژن ٤٢، ١٢٤ و بڕ- م هـ پ؛

سـ

ساسوون٣١، ٣٥؛ ساغ کایا بڕ- تانلاك؛ ساکاریا بڕ- م هـ پ(رابەرایەتیی)؛ سالتوك (رەحمی-)١٣ ؛سالّح پاشا(فەرماندەی تورك-ئارارات)٣٧؛ سامسوون٩١؛ سان- تەك بڕ- م هـ پ ( ناوی رێکخراوانی)؛ سان ریمۆ ( کۆنگرەی/ پەیمانی -)٢٩؛ سان مارتن٨٩؛ سایکس - پیکۆ(پەیمانی-) ٢٨س پ بڕ- ئاییار؛ ستالین٥٧؛ ستێر٣٦؛س ج ف/ عەلی فەتحی ئۆکیار٤٧، ٩٤؛سعوودی(عارەبستانی-)١٤١ ؛سمکۆ٣٣، ٣٧؛سودا بڕ-ترۆتسکی؛سورینامی١٤٠ ؛سولەیمانچی١٠٤-١٠٦، ١٣٣، ١٣٩-١٤٣/ سولەیمان حیلمی‌تونا‌هان١٠٤(کەمال کاچاری زاوای١٠٥)؛ سوننی ١٣، ١٠٦، ١١١، ١٢٦-١٢٧، ١٣٧؛ سویسرا/ یی ٤٧؛ سووری/ سووریا ٩، ٢٠، ٣٠، ٣٣، ٣٥، ٣٧، ١١٦ وبڕ- کوردستان-هەرێمی رۆژئاوا؛ سۆسیال ئیمپریالیزم ( سۆڤیەت و جەماعەتی)٨٦-٨٧، ٩٦؛ سۆسیال یست- یزم ٤٥، ٥٤، ٥٧-٥٩، ٧٥، ٧٧، ٨٢-٨٣، ٨٦-٨٧، ١٠٨، ١١٥؛ سۆڤیەت(یەکێتی-) ٩، ١٨، ٢٠، ٢٣(بۆلشەفیك)، ٢٧، ٣٧، ٣٩، ٤٤، ٥٠-٥١، ٩١-٩٣، ٩٦، ٩٩، ١١٦، ١١٨-١١٩وبڕ- دۆستایەتی،سۆسیال ئیمپریالیزم/ سۆڤیەتەکان بڕ- قارس؛ سۆلهان٣١؛ سۆمەری٤٣؛ سۆن پۆستا٤٩؛ سەددام حوسێن٩٢-٩٣؛ سەردەنگوتچی ( ئۆسمان یوکسەل-) ١٢١؛ سەعداباد (پەیمانی-)٥٠، ٩١؛ سەعیدی پیران ( شێخ-) ٣١-٣٥؛ سەڤینچ ( نەجدەت - و ئولکوجو نۆتلەر )١٠٩-١١١، ١٣٧؛ سەلەك ( سەباحەدین -)٢٤؛ سەنتۆ بڕ- بەغدا ( پەیمانی-)؛ سیا ( سي ئای ئەی )١٢٨،وگالولا ١٢٩، ١٤٣( و کومر)؛ سیپان( چیای- )٩؛ سیرب - کروات- سلۆڤین( دەوڵەتی-)٢٨؛ سیلڤان٧٤؛ سیهەسەنانلی (دۆغان-)٥٥؛ سێ دێ ئوو ١٣٣( ود. ئێکهارت،شتراوس)، ١٣٩( وهوفنەر)؛ سێرت٢١، ٣١ / شاری ٣١ / ویلایەتی ١٠، ٢٤، ٣٨، ٦٦؛ سێڤر( پەیمانی-)٢٦، ٢٨، ٩١؛ سێواس١٩، ٣٨، ٥٢، ١٢٦-١٢٧ / کۆنگرەی ٢٥ / ویلایەتی ٩، ١٨، ٩١، ١٠٦؛

شـ

شافیعی١٣، ١٤٠؛ شام ٢٠، ٣٦؛ شامانی بڕ- ئانەمی؛ شتراوس بڕ- سێ دێ ئوو؛ شتێرن١٤١؛ شرناخ٩١؛ شڤان(دکتۆر-)٧٥، ٩٥؛شۆلۆخۆف ٥٧؛ شۆ و شۆ ( سەرچاوە)٩١-٩٢، ٩٤-٩٥؛ شەڕی جیهانی ی یەکەم١٠، ٢٢، ٢٩، ٤٠-٤١، ٨١، ٨٩، ٩٩، ١١٦ / ی دووەم٤٩، ٩٩؛ شەریفی پالوو( شێخ-)٣١؛ شیراك( ژاك-)٩٣؛ شیرکەتی‌نەوت ی تورك ٢٩/ ی حکومەتی تورکیا(دواتر:عیراق) /ی دارکی...٢٩/ شێلْ ١٨، ٢٩ / مۆبیل ١٨/ نیەرئیست...٢٩ / بی پی١٨/ تی پی ئا ئۆ١٩؛ شیعە١٣(/ قزلباش/- تابیعانی ئیمام عەلی)، ١٥، ١٠٥-١٠٦، ١١١، ١٢٦-١٢٧/عەلەوی ١٣، ١٥، ١٠٥- ی کوردوتورك١٠٦، ١١٤، ١٢٦-١٢٧، ١٣٠، ١٣٦-١٣٧؛ شێخ ( بۆ ناوان بڕ- ناوەکە بەبێ شێخ)؛

عـ

عارف(ئەحمەد)١٣ ؛عارف‌عەباس٣٦؛عارەب١٠، ٥١/عارەبی١٤، ٤٣، ٩٣-٩٤،بانگ بە- لەتورکیا١٠١ ؛عارەبستان بڕسعوودی؛عومانی٢٢، ٢٤-٢٥، ٢٧، ٢٩-٣٠، ٣٤، ٤٣، ٤٧، ٩٩، ١٤١، ١٤٣/ نەتەوەی٢٤/ کۆدێتای١٩٠٨ ٣١؛ عەبدوڵڵای مەلکان(شێخ-)٣١؛عەدالەت پارتیسی ( ئاپ)٥٣-٥٤، ٧٨-٧٩، ٩٤، ١٠١-١٠٢، ١٠٤-١٠٥، ١٠٧، ١٢١، ١٢٥، ١٢٨، ١٣٩-١٤٠وبڕدەمیرێل؛عەلەوی بڕشیعە؛ عەلی(ئیمام) بڕ- شیعە؛ عەلی فوئاد پاشا٢٢؛ عەلی یێ یونس٣٥؛ عەنتاب٢٠-٢١ / شاری ١١ / ویلایەتی١٠؛ عیراق/عیراقی ٩، ١٩-٢٠، ٣٠، ٥٠-٥١، ٦٧، ٧١، ٩٢-٩٣، ٩٥-٩٦، ١١٦-١١٧، ١٣٧؛ عیسمەت پاشا(ئینونو)٢٢، ٢٨، ٣٨، ٤١، ٤٥، ٤٧، ٤٩، ٥٣-٥٤، ٩١، ١١٧؛

## فـ

فارس٦٨/ فارسی ٤٣، ١٢٢؛ فاشیزم/ یست/ی ٤٧-٤٩، ٥٧-٦٠، ٨١، ٨٦، ١٠٠، ١١٤، ١١٧-١١٩، ١٢٢-١٢٧، ١٣٠-١٣١، ١٣٣( تورکی فاشیستی دیموکرات!) -١٣٦، ١٤٢-١٤٣؛ فاشیزمی پەرلەمانی٧٤، ٧٩-٨٠؛ فانۆن٥٧؛ فرات ( شەریف-)٦٨؛ فورات ( رووباری-)٤٢؛ فەرەنسا٢٨-٢٩، ٣٣، ٣٥-٣٦، ٤٢، ٤٤-٤٥، ٤٧، ٩٣ / خوێندن بە فەرەنسی لە تورکیا٦٧ / ئەگەر کوردستان موستەعمەرەی - بوایە٨٩/ پارتی رادیکال سۆسیالیست/ ئێدواردهێریۆ ٤٥، ٩٣؛ فەریدپاشا(سەرەك وەزیران)٢٣؛ فەلەستینیەکان٥٩؛ فەوزیپاشا٣٤؛ فەیزیئۆغلوبڕ-جگ پ؛

ڤـ ڤارتۆ٣١، ٦٨؛ ڤورال بڕ- کۆنترا گەریلا؛ ڤینیس٢١؛ ڤێتنام١٠٩، ١٢٨، ١٤٣؛

## قـ

قادری(تەریقەتی)١٤؛ قارس٩-١٠، ١٨/ ویلایەتی٢٢، ٢٤-٢٥/ وسۆڤیەتەکانی٢٣؛ قاهیرە(رادیۆی کوردیی-) ٥١؛ قبرس ٥٢، ١٠٩، ١١٤، ١٤٣/ عەمەلیەتی ئاشتی پاراستن! ٦٠/ داگیرکرانی بەشێکی لەلایەن تورکەوە ٦٨، ٨٠؛ قرخیزی١١٧؛ قزل ئۆغلو( فەخرەدین -)٦٨؛ قزلباش بڕ- شیعە؛ قورئان خوێندن لە رادیۆی تورکیا١٠١/دەورەی قورئان(ی سولەیماچی،م.س.پ)١٠٥؛ قەدری جەمیل پاشا٣٦؛ قەرەبوك١٨؛ قەرەبەکر پاشا( کازم ) ٢٢، ٢٤، ٣٤؛ قەرەچ٤٤؛ قەوقاس٦٣ / کۆماری ٢٤، ٩١؛

## کـ

کاچاربڕ- سولەیمانچی؛ کازاخستان٦٣؛ کاسترۆ٥٧؛ کامران بڕ- بەدرخان؛ کانیاك بڕ- کۆنترا گەریلا؛ کاوەچی٩٥، ١٤٣؛

کلیمەنسۆ٢٨-٢٩؛ کووبا٨٣؛ کورتالان١٩؛

**کورد - کوردستان**

کورد٩-١٥، ١٧-٢٠، ٢٢-٢٦، ٢٨، ٣٠-٤٤، ٤٦، ٥٠-٥٦، ٥٩-٦١، ٦٣-٩٠، ٩٢-٩٦، ١٠١-١٠٤، ١١٤، ١١٦-١١٨، ١٢٦-١٢٧، ١٤٠

کوردایەتی٥٤-٥٦، ٥٩-٦٠، ٧٣

دەوڵەتی سەربەخۆی ــ٣٠، ٣٤-٣٥، ١١٦

کوردستان هەموو ــ٢٨، ٣٠، ٦١، ٨٩، ١٠٤

ــیکی ئازاد، یەکگرتوو، سەربەخۆ و سۆسیالیست٩٠

هەرێمی باکوور ( بەهەر ناوێك کە مەبەست لەو بێت،زۆرتر هەر ــ)٩-٢٤، ٢٦، ٣١-٤٢، ٤٤، ٤٩-٥٤، ٥٦، ٥٩، ٦١-٦٧، ٦٨-٨٢، ٨٦-٨٧، ٨٩، ٩١، ٩٥-٩٦٠، ١١٧ و بڕ - رۆژهەڵات

هەرێمی باشوور( بەهەر ناوێك، کە مەبەست لەو بێت، کەنداڵ زۆرتر دەڵێ " عیراق")٢٨، ٣٠، ٣٣، ٣٦، ٥٤، ٥٦، ٦٧-٦٨، ٧١، ٧٤-٧٥، ٨٠، ٨٩، ٩٢، ٩٥-٩٦، ١١٧ و بڕ- مووسڵ

هەرێمی رۆژهەڵات ( بە هەر ناوێك)٣٣، ٣٦-٣٧، ٦٧

هەرێمی رۆژئاوا( بەهەر ناوێك)٣٠

کوردی (بەشێك) گۆڤار بە-٥٤، ٦١/ قسەونووسین و چاپ بە- ٦٦ / خوێندن و خوێندگە بە- ٦٧ / شیعار بە-٧٤/ قەدەغەیی فەرهەنگ و زمانی١١٦ / قەدەغەکرانی رۆژنامەوگۆڤاری١١٧؛

کورد ئۆغلو (ئاوەدانی) ١٠؛ کورد ئیستیقلال جەمعیەتی ٣١-٣٢، ٣٦؛ کورد تەشکیلاتی ئیجتیماعیە جەمعیەتی ٣٦؛ کوردستان بڕ- کورد؛ کورد میللەت فرقەسی٣٦؛ کومر بڕ- سیا؛ کۆچاش ( سەعدی )١٠٠؛ کۆچ گیری ( بزووتنەوەی-)٢٦؛ کۆریا ٥٠( شەڕی-)، ١٠٩؛ کۆز بڕ-

ترۆتسكی؛ كۆزلوك٣١؛ كۆماندۆ ی حكومەتی تورك(وعەمەلیاتی) ٥٦، ٦٠، ٧١-٧٢، ٧٤، ٧٦ / ی تر بڕ- جوو،م هـ پ؛ كۆمونیزم/كۆمونیست ٣٤، ٥٠، ٥٧، ٧٧-٧٨، ٨٠-٨١، ٩٣، ١٠٠، ١٠٥، ١٠٧، ١١٠، ١١٢-١١٥، ١٢٢، ١٢٥-١٢٦، ١٢٩-١٣١، ١٣٦/ كۆمونیستی توركیا / توركی كۆمونیست ٢٧، ٨٣، ٩٢-٩٣ و بڕ- ت ك پ / حیزبە كۆمونیستەكەی مستەفا كەمال٢٧ / دژی- بڕ- م هـ پ؛ كۆمەل١٩؛ كۆمەلا كاركەرێن كوردستان ل هۆللەند١١٨؛ كۆمەڵی نەتەوەكان ٩٢/ ئەنجومەنی٢٩-٣٠/ كۆمەڵی نەتەوە یەكگرتووەكان٦٩؛ كۆمیتەی بەرگری كردن لەمافەكانی ئەنادۆڵ وتراكیا ٩١ و بڕ- سیواس( كۆنگرەی)؛ كۆنترا- گەریلا ٦٠، ١٢٢، ١٢٨( و دەگەر، شەهاب هۆمریس،ماهیر كانیاك) - ١٢٩( و جەنەراڵ ئاكیۆل،كۆلۆنێل ڤورال،كۆلۆنێك گونەری) وبڕ-سیا( گالولا)؛ كۆنگرەی بەرگری كردن لە مافەكانی ویلایەتەكانی رۆژهەڵات بڕ- ئەرزەرۆم ( كۆنگرەی-)؛ كۆیی ( حاجی قادری -)١٤؛ كەبان ( بەندی-)٩؛ كەرزۆن ( لۆرد-)٢٩؛ كەمال( یاشار-)١٣؛ كەمال / كەمالی بڕ- مستەفا كەمال؛ كەمالی(عەلی -) بڕ- ئەرزنجان؛ كیتلە بڕ- ت س ئی پ؛ كینرۆس (لۆرد-)٤٤؛

## گـ

گارزان( لە سێرت )١٩؛ گالولا بڕ- سیا،كۆنترا گەریلا؛ گورجستان٢٤،٢٦ / كۆماری ٩١ / جەبهەی / گورجی٦٩؛ گورسێل( جەنەراڵ-)٥٣؛ گورگەبۆر بڕ- م هـ پ؛ گولبەنكیان٢٩؛ گولتەكین(نەجات- سكرتێری گشتیی م هـ پ )١٢٣؛ گومرو٢٤ و بڕ- ئەلیكساندرۆپۆل؛ گونەر(ئاگای ئۆكتای - ئیسلاحچیی م هـ پ )١١١؛ گونەری بڕ- كۆنترا گەریلا؛ گونەی ( یلماز-)١٣؛ گۆركی ( ماكسیم -)٥٧؛ گۆك ئالپ٣١؛ گەزمیش بڕ- ت هـ ك ئۆ؛ گەنج / داراهنی ٣١-٣٢؛ گیاپ٥٧؛ گیڤارا٥٧؛ گینیابیساو٦٣؛

## لـ

لاتینی ( نووسینی كوردیی-)١٢، ٣٦ / توركی٩٤؛ لوبنان؛٣٦؛ لو تا(ن)Le Temps( رۆژنامەی -)٩٢؛ لۆزان وكۆنگرەی/ پەیمانی -)٢٦، ٢٨-٣٠، ٧٠؛ لۆید جۆرج٢٨-٢٩؛ لیبیا١٤١؛ لیدیا٤٣؛ لێنین٥٧، ٦٩، ٩١ / - یستەكان٥٨؛

## مـ

مائۆ/ مائۆیی ... ئیدی ٥٧-٥٨، ٨٥، ٩٤-٩٥، ١٤٣و بڕ- بەللی،ت ئی ئی ك پ؛ مادەن ١٨؛ ماردین٩(دەشتی)، ٢١، ٧٨( شاری) / ویلایەتی ١٠، ٣٨، ٦٦؛ مارشال بڕ- ئەمریكایی؛ ماركس/ ماركسی...ئیدی ٢٥، ٥٧، ٦٠، ٧٦، ٨٢، ٨٥، ٨٨؛ مافیا١٣٤؛ ماك كارەس ٥٥؛ مایاكۆ- ڤسكی٥٧؛ محەمەد(میر- ی رواندز،لێرەدا : میری كۆر)٨٩؛ مدیات٢١؛م س پ/ ئەرباكان٦٠، ٧٩، ١٠٥(وهەق-ئیش)، ١١١، ١٢١، ١٣٨- ١٤٢؛ مستەفا سوبحی ( یەكەم سكرتێری پ ك ت )٢٧؛ مستەفا كەمال/ئەتاتورك/ كەمالی/ كەمالیەت٢٢-٢٧، ٣١-٣٢، ٣٤، ٣٧-٣٨، ٤٣- ٤٨، ٥٠، ٥٢، ٥٤-٥٦، ٦٠-٦١، ٦٥-٦٧، ٧٢، ٧٧، ٧٩-٨١، ٩١-٩٤، ٩٩، ١٠١، ١٠٤، ١١٤، ١١٦-١١٧/دۆستایەتیی لەگەڵ رژیمی لێنین- بڕ- دۆستایەتی/ مەقبوولەی خوشكی- ٩٤ / چەپی كەمالی/ كەمالیی چەپ ( و د." ئاقچی ئۆغلو"ی رابەریان ) ٨١ / بۆ حیزبە كۆمونیستەكەی مستەفاكەمال بڕ-كۆمونیزم/كۆمونیست؛ مسحەفارەش١٣؛موسۆلینی٤٧-٤٨، ٧٠، ٩٣؛ مووساعەنتەر٥٤-٥٥؛ مووسڵ(مەسەلەی/ویلایەتی) ٢٨-٣٠، ٩٢؛ مووش( ویلایەتی) ٢٢، ٢٤، ٣٨؛ مۆزەمبیق٦٣؛ مۆسكۆ٢٧، ١١٨، ١٣٧؛مۆنزوور( رووباری-)٤٢؛ مۆنشەفیك٢٤؛ مهاباد ( كۆماری كورد لە - )٥٥

م هـ پ ٥٨-٥٩، ٧٤، ٨١-٨٢، ١٠٠، ١٠٥-١٠٨، ١١٠-١١٤، ١١٦، ١١٨-١٢٨، ١٣٠-١٤١، ١٤٣

/ توركەش٥٨، ٧٤، ٨١-٨٢، ٩٩-١٠٠، ١٠٧(دوورخرابۆوە بۆ دەلهی) -١٠٩، ١١١، ١١٣، ١١٨-١١٩، ١٢٢-١٢٤، ١٢٨، ١٣٣، ١٤١، ١٤٣

/ كۆماندۆ- گورگەبۆر٤٣، ٦٨، ٨٢، ١٠٥(لەبابەتی)، ١٠٧-١٠٨، ١٢١-١٢٢، ١٢٤، ١٢٦، ١٣٤ / یلدرم كۆماندۆ ١٢٣-١٢٤

/ ئولكو- جو... ١١٩-١٢١،١٢٣-١٢٥ / ريكخراواني خەبات لەدژی کۆمونیزم٥٨ /

/کۆمیتەی رابەرایەتیی - ( ناوی ئەندامانی ) ١١٩ / ناوی رێکخراوانی - ١١٩-١٢٠،١٣١

/ ناوی گەنجانی ئولکوجو ی - / وەلی ئۆدونجو١٢٢ / دۆکوز ئشك١٠٨،١١١،١١٨ / - و ژن ١١١-١١٢

/ ناوی ئەندامان و رێکخراوانی - لە ئەوروپا ١٣١-١٣٨

و بڕ- ئە ت ك ئۆ، بەشەن(مەتەن )، تانریوڤەن، تورك،تەرجومان، تی ئی تی، سەڤینچ، گونەر، هەرگون ؛

مەتە(ئۆسمان-)٤٩؛ مەحموود ئەسعەد بۆزهورت٣٨؛مەحموودكورد٢١؛مەرەش١٤،١٢٦-١٢٧، ١٣٠/ ویلایەتی٩-١٠،١٠٦؛مەسیحی١٣،٢٣-٢٤،١١٥،١٣٦،١٣٩؛مەعدەن- ئیش١٠٢؛ مەغریبی١٣٩-١٤٠؛مەلاتیە١٨-١٩،١٢٦، ١٣٠/ شاری١١/ ویلایەتی ١٠،١٠٦؛مەلكان بڕ- عەبدوڵڵای( شێخ-)؛ مەمدووح سەلیم٣٦؛ مەندەریس(عەدنان-) بڕ-دەمۆكرات پارتی؛ مەنەمەن٣٥؛میت١٤،٥١،٦٩، ٨٠،٩٤،١٢٢ ،١٢٨؛ میسر( ژیاریی ) ٤٣؛ میسك١١٩،١٢٢-١٢٤ وبڕ- م هـ پ ( رێكخراوانی )؛ میسۆپۆتامیا ٢٩،٩٩؛ میللی بیرلیك كۆمیتەسی٥٢؛ میللی گوروش تەشكیلاتلاری١٠٥،١٣٩-١٤١؛ میللییەت (رۆژنامەی - ی توركی)٣٩، ١٣٠؛ میللی یۆڵ٦٩؛ مێشە ( بینوا -)٤٥؛

نـ

ناتۆ٣٩،٨١؛ نازم حیكمەت٥٧،٧٧؛ نازی/ نازیەت٤٩،٨١،٩٩-١٠٠،١٠٧،١١٤،١١٩؛ نكرۆما٥٧؛ نوورچی ١٠٤(و سەعیدنوورسی و مریدەكانیو نوورئۆردوسو) -١٠٥،١٤٣/ نوورسی(سەعید)١٠٤وبڕ- نوورچی؛ نەستۆری١٣؛نەسیمی١٣؛ نەقشبەندی(تەریقەتی)١٤؛ نەمسا (ئوتریش)١٣٢؛ نەوت١٨،٢٨-٢٩ وبڕ- شیركەتی؛ نەهرو ( جواهیر لال-)٣٥،٤٣؛ نیو ستێیتسمان١٢٥؛ نێونەتەوایەتیی دووەم٣٩،٧٩( نێو نەتەوایەتیی سۆسیالیست)؛

و وان ١٩،٢١،٣٣،٣٧-٣٨ / ویلایەتی ٢٢،٢٤،٣٨،٩١ / دەریاچەی -٣٨؛

هـ

هاوار( گۆڤار)٣٦، ٤٠؛ هـ ك د ٧٦،٩٥؛ هولاكۆ٤٣؛ هۆچی مین٥٧؛ هۆڵەندا/ی٩٣،١٢٩،١٣٢،١٣٤-١٤٠؛ هۆمەریس بڕ- كۆنترا گەریلا، میت؛ هۆنگ كۆنك٢٠؛ هەرگون( رۆژنامەی م هـ پ)١١١؛ هەق- ئیش بڕ- م س پ؛ هەكاری٣٨،٦٦،٧٢؛ هەیمەنە١٠؛ هیتلەر/ی ٤٤،٤٧، ١٠٠،١١١( وماین كامپف)، ١٢١،١٣٧؛ هیتی٤٣؛ هیگل٥٧؛ هیمالایا١٠٩؛ هیند/ ستان٢٩،٦٩،٩٩ وبڕ- ئۆقیانووسی؛ هیندیەكان٨٣؛ هێریۆ بڕ- فەرەنسا؛

یـ

یازجی ئۆغلو بڕ- م هـ پ (كۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی)؛ یادۆ ی پالوو٣٥؛ یاشار بڕ- كەمال؛ ی ت پ / یوسوف ئازیز ئۆغلو٥٣-٥٤،٩٤؛ یلماز بڕ- گونەی؛ یلدرم كۆماندۆ بڕ- م هـ پ؛ یورویوش( حەفتەنامە) بڕ- ت ئی پ؛ یوسوف زیا٣١-٣٣؛ یوگۆسلاڤیا١٠؛ یون ( گۆڤار)٥٤؛ یونێسكۆ٩٣؛ یوورت ئاسلان ( عەلی-، ئیعتیرافی گورگەبۆر)١١٩،١٢٤؛ یۆزگات١٢٥؛ یۆلاگێلمەز١٢٦؛ یۆنان/ ی٢٣،٢٦،٢٨، ٣٠،٣٤، ٥٧،٦٩-٧٠،٨٩،٩٢،٩٩،١١٤-١١٥؛ یەحیا كەمال١٠٩؛ یەریڤان٢٢/ رادیۆی كوردیی٥١؛ یەزیدی١٣ ،١٣٧( هەی یەزیدیەكان!)؛ یەنی ئاكیش ( گۆڤار)٥٥؛ یەنی ئیستانبول ( گۆڤار)٦٩؛ یەنیدەن میللی موجادەلە ( حەفتەنامەی- ی م هـ پ )١١٤،١٣١؛ یەنی گازەتە١٠٠ .

هەرچی کتێبی چاپی منە، من خۆم تایپی دەکەم و، بە ژمارەیەکی زۆرکەم بەچاپی دەدەم( ژمارەی پترم بۆ هەڵناسوورێ) و، ئەوانە بە سەر چەند کتێبخانە و کەسانێکدا دەبەشمەوە. کەواتە:

هیچ کتێبێکی چاپی من لای منەوە بۆ فرۆشتن نیە، بەڵام ئەگەر هەر کەسێك بیەوێ بۆخۆی چاپ بکاتەوەو بفرۆشێ، دیارە ئەو نرخی چاپکردنەوەی خۆی بۆخۆی لە سەر دادەنێ، ئەوە مافی رەوای خۆیەتی و هیچ کارێکی بە من نەداوە، بەڵام دیارە دەبێ لێرەدا لە جیاتی هەر" نرخ " لە سەری بنووسێ " نرخی چاپ کردنەوە " .

شێرکۆ هەژار

# - پاشکۆ-

گرنگترین کۆڕوکۆمەڵەکانی رووی چەپی مەنشووری سیاسیی تورکیا.


DE BELANGRIJKSTE GROEPERINGEN AAN DE LINKERZIJDE VAN TURKIJE'S POLITIEKE SPECTRUM.

کە م. م. فان بروونەسن M. M. van Bruinessen بە هۆڵەندی بۆ رێکخراوێکی کاروباری پەنابەرانی سیاسی لە هۆڵەندای نووسیوە - ١٢/ ٣/ ١٩٨١ .

باسەکە بە کێشانی نەخشەیەك دەست پێدەکا و ئەوجا نەخشەکە شیدەکاتەوە (بۆ وەرگێڕانی کوردیی ئەو نەخشەیە بڕوانە دوا لاپەڕەی ئەم پاشکۆیە ) .

تێبینییەکی وەرگێڕانی رێنووس لەم پاشکۆیەدا

وەرگێڕانی نووسینی هەندێك وشەی تورکی لەوەی بە تیپی لاتینییەوە بۆ نووسینی بەم تیپانە لەم پاشکۆیەدا هێندێك لەوەی ناو باسەکان جیاواز دەبینێت، تیپی u ی ی تێدا بە دوو واو( وو) نووسراوە و ü بە یەك واو (و) و .. ئیدی، بەڤوونە : Özgürlük Yolu ئوزگورلوك یۆڵوو . لێرەدا هەوڵم داوە شێوەی خوێندنەوەکەی نووسەری باس لەبەرچاو بگرم تا لە رووحی ئەسڵەکە ( و رێوشوێنی رەسمیی خوێندنەوەی تورکییش ) نزیکتر بێت، لە - کاتێکدا لە باسەکاندا گوێم بەوە نەداوە . دیارە نووسینی تورکی بەتیپیعارەبی دوو واوی تێدانەبووە و"Yolu " ی تێدا هەر بە " یولو" نووسراوە ( وشەی Özgürlük لە سەردەمی نووسینی بە تیپی عارەبیدا نەبووە، ئەگەر هەبوایە بە " اوزگرلك" یان تەنانەت " اوزگرلق" دەنووسرا ) .



K.D.P. (T)
K.D.P. (T) / K.U.K.
D.D.K.D.
P.K.K./U.K.O. (Apocu)
Kava
Kava-Red.
Rizgari
Ala Rizgari
Özgürlük Yolu / T.K.S.P.
T.S.İ.P.
T.İ.P.
S.D.P.
T.K.P.
T.E.P.
Kurtuluş
Dev Genç / Dev Yol
Dev Genç / Dev Sol
THKP/C Acilciler
Emeğin Birliği
T.D.K.P. ("Halkın Kurtuluşu")
T.İ.K.K.O.
Halkın Birliği
T.İ.K.P. (Aydınlık)
"Koerdisch links"
"Turks links"
Dev Genç (illegaal)
T.İ.P.
T.K.P.
PDA
THKO
T.H.K.P./C.
Kurtuluş
Dev Genç
Dev Yol
Dev Sol
Halkın Kurtuluşu groep
T.D.K.P.
T.İ.K.P.
T.İ.K.K.O.
Aydınlık/Halkın Sesi groep
S.D.P.
T.E.P.
Milli Belli groep
D.D.K.D.
KDP-Sivan
KDP
KUK
P.K.K. "Apocu"
Kava (Kawa)
Rizgari
Özgürlük Yolu
T.S.İ.P.
1971
1973
1980

# گرنگترین کۆڕوکۆمەڵەکانی رووی چەپی مەنشووری سیاسیی تورکیا

وا هەندێك تێبینی لێرەدا، دەربارەی ئەو کۆڕوکۆمەڵە چەپە تورك و کوردانەی کە دەکرێ ئەندامانیان بێن و لێرە داوای پەنابەری بکەن . کۆڕوکۆمەڵە دەستە راستەکان بە رادەیەکی باش لە نامیلکەی(بە زمانی هۆڵەندی-وەرگێڕ) "گورگەبۆرو مانگی یەك شەوە"دا باس کراون ( بە ناوی ژمارەیەکی تایبەتی " مۆتیف"یشە، کە دەکرێ وەدەستهێنانی لە" Gastarbeidwinkel, Holtemanstraat 2, Nemegen " رابسپێردرێ) . لێرەدا زۆر لەسەر باسی کۆمەڵە مەسیحی و عەلەویەکان ناڕۆم، باسی کۆمەڵەکانی ناوەندیش لە کورتی دەبڕمەوە، ئەمەش وەنەبێ لەبەرئەوەبێ کە ئەمانە گرنگ نەبن، لەبەر ئەوەیە کە بەزەحمەت دەکەونە بەر مەیدانی ئەم باسەی ئێرەوە .

تورکیا، تا لەحزەی کودێتاکە، دیموکراتیی پەرلەمانی بوو، بە مەجلیسی نوێنەران و سەناوە کە راستەوخۆ بەگوێرەی سیستەمێکی هەڵبژاردنی ناوچەیی هەڵدەبژێردران ( ٦٧ ناوچە،کە لەگەڵ ژمارەی ویلایەتەکاندا رێك دێتەوە) . دوو پارتیە هەرە گرنگەکان : " پارتی گەلی جمهوری" ( ج هـ پ CHP، رابەری یەکەمی : Ecevit ئەجەڤیت) و" پارتیعەدالەت"( ئاپ AP، رابەری یەکەمی: Demirel دەمیرێل). ئەوەی یەکەم پارتی لەمێژینەی داواکارانی ئیسلاحات،عەسکەری و بیرۆکراتە پاتەرنالیستەکانە(١) . ئەمەی دووەم نوێنەری هەموو ئەوانەیە کە بەرەنگاری سیاسەتی هەڵسووڕاندنی دەوڵەتیی ئەوانەی یەکەم دەبنەوە : خاوەن زەویەکان ( بەڵام جووتیارانی بچووکیش)، بازرگانان، پەیمانکاران، کاسبکارانیبچووك . " ج هـ پ" لە ساڵانی شێستەکانەوە رووی - ئەگەر هەر بەقسەش بێت - لە چەپ کردووەو دەیەوێ بێتە ریزی نێونەتەوایەتیی دووەمەوە . هەر لەو ماوەیەدا " ئاپ " بەرەو راست رۆیشت، بە توندی دژی ئەوەیە دەوڵەت دەست بخاتە زۆر کاروبارەوە ( چارەسەرکردنی کشتوکاڵ، ئابووریی دەوڵەتی، یارمەتیدانی دارایی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی جووتیاران،...ئیدی)، لە پرۆپاگەندەیدا لە تەلی هەستی نەتەوایەتی دەدا . لەوەتای حوکمی عەسکەریی جاری پێشوو (١٩٧١- ١٩٧٣)ەوە، هیچ پارتیەك نەیتوانیوە بەشی زۆری پەرلەمان وەچنگ بهێنێ، وڵاتەکە بە حوکمەتی چەند پارتی یا بە حوکمەتی کەمایەتی حوکمکراوە . هیچ حکومەتێك لەو حکومەتانە لە بارێکدا نەبووە ئەو بەڵێنانەی کە لە کاتی هەڵبژاردندا داونی بەجێبهێنێ؛ نرخی شت بە خێراییەکی سامناك هەر لە زیادبووندا بوون،کرێیکارومعاش هەر زۆر لەدواوەبوون،

بێکاری زیادبووە( ئێستا نزیکەی ٣٠٪ ـە). پەرلەمان بە شێوەیەکی لەبەرچاو فاسیدببوو، حکومەت خران و بە پارتی‌پێ‌گۆڕینی ئەندامانی پەرلەمان حکومەتی نوێ پێکهێنران . فەزیحەتانی لە باج، بازرگانی،پشتگیریی بە دراو و ئیدیی لەوبابەتە، ئەوانیش کاری خۆیان کرد کە خەڵکێکی زۆر ئیتر بڕوایان بە دیموکراسیی پەرلەمانی، یا هەرنەبێ بە سەرکردەی پارتیە سیاسیەکان، نەمێنێ . ئەم بێ‌بڕواییە و گیروگرفتی ئابووری بوون باوی توندو تیژیی سیاسییان خۆش‌کرد. هەر ئەوەشە ئۆخەی خەڵکی ڕێك دوای کۆدێتاکە لە پیاو دەگەیەنێ، کاتێ گورج ڕابەرانی " ئاپ" و" ج هـ پ"( و" م س پ MSP " و " م هـ پMHP"ی دەستەڕاست ) گیران و لە یەك خانوودا حەپس‌کران .

تورکیا لەم دوو دەساڵەی دواییەدا قەرزێکی زۆری وڵاتانی دەرەوەی کەوتەسەر، ڕێکخراوە جیهانیەکان ئامادە نەبوون ئەگەر هەنگاوی زۆر قەتعی نەنرێن قەرزی نوێ بدەن . حکومەتەکانی ڕابردووی تورکیا قەت نەیانویستووە لەو ڕووەوە هەنگاوی زۆر بنێن نەوەکا لە هەڵبژاردندا دەنگەکانیان لەدەست بچێ ( ئەوەتا ئەو بڕیارانەی کە ئەجەڤیت لە ناچاریدا ملی بۆ دان و بوونە هۆی ئەوە نرخی شت زیادتریش بێت بەبێ ئەوە کە لە کرێی‌کارو معاشدا تۆڵەی بکرێتەوە، بە نرخی لەدەست چوونی ئەوەندە پشتگیریی کەوتە سەر کە لە ١٩٧٩دا وای‌کرد دەست لە سەرەك وەزیرایەتی بکێشێتەوە) . حکومەتی دەمیرێل ( حکومەتی کەمایەتیی " ئاپ" ) لە دیسامبر(کانوونی دووەم)ی ١٩٨٠دا بەجێ‌هێنانی بەرنامەیەکی سەقامگیرکردنی‌ئابووریی بەگوێرەی کارنامەی " فریدمان Friedman" دەستپێ‌کرد ،کە نارەزاییەکی زۆری بزووتنەوەی سانديکایی لێ پەیدابوو، لە سیپتامبر (ئەیلوول)دا دەوری ٦٠هەزار کرێکار لە مانگرتندابوون، و زۆر مانگرتنی پتریش بەرێوە بوون .

کاتێ عەسکەر لە ١٩٨٠/٩/١٢دا حوکمیان گرتە دەستی خۆیان، دەستبەجێ هەموو چالاکیەکی یەکێتی سانديکایانی" دیسك DİSK "ی بەهێزی چەپ (و"میسكMİSK" و" هەق-ئیش Hak- İş"ی بچووکی دەستە - ڕاست)ـیان قەدەغەکرد . بە مەرسوومێك کۆتاییان بە مان گرتن هێنا و، " تورگوت ئوزەل Turgut Özel " ( ئێستا جێگری سەرەك وەزیران) - ی نەخشەکێشی ئەو بەرنامەی سەقامگیرکردنی ئابوورییەی باس‌کرا- یان کرد بە مشاوری یەکەمی خۆیان، کەواتە یەکێك لە مەبەستەکانی عەسکەر ئاشکرایە : دەیانەوێ بە دەستێکی بەهێز ئەو بەرنامەیە جێ‌بەجێ بکەن کە " ئاپ" بەتەنیا بۆی نەدەچووەسەر .

ئارەزوویەکی تری عەسکەر ئەوەیە یەکێتی نەتەوایەتی سازبکەنەوە، تا لە بەجێ هاتنی ئەوە خاترجەم نەبن ڕوون نیـە بەتەمابن بکشێنەوە . چەندین ڕووی کە نیشانەی مەترسی بۆ سەر ئەو یەکێتیە پێکدەهێنن، دەبێ بۆ ئەوە

لە ڕێ هەڵگیرێن :

ـ زبریی سیاسی ( بەڵگەیەکی وا بەدەستەوە نیە گومان لەوەدا بهێڵێتەوە کە ئەم زبریی سیاسیەش کە وڵاتی شڕوشپرزە دەکرد یەکێك بووە لەو شتانەی بوونە هۆی ئەم کۆدێتایە - هەرچەندە دیارە بەتەنیا هەر ئەوە نەبووە، وێناچێ ئەوە تەنانەت هۆی هەرە گرنگیش بووبێت ) .

ـ کۆڕوکۆمەڵانی کە ( بەندی ١٤١و١٤٢ی یاسای سزا دەربارەیان دەڵێ : ) " دەیانەوێ چینێك لە کۆمەڵدا چینەکانی تر بخاتە ژێردەستی خۆیەوە". ئەم قسەیەی کە مەبەستی تەواو روون نیە، لەوە دەکات لەم کۆدێتایەوە ئەوەندە پان و پۆڕ لێك بدرێتەوە کۆڕوکۆمەڵانی سۆسیالیست بە بەربڵاوی و هەندێ چالاکیی سانديکايانیش بگرێتەوە .

ـ نەتەوایەتیی کورد: ئەوەی هەرە جێمەترسی بێت، تەبیعی، جیابوونەوەخوازیی کوردە، بەڵام دەربڕینی زۆرکەمتری هەستی نەتەوەیی کوردیش دەچەوسێندرێتەوە . کۆڕوکۆمەڵانی جیاواز هەمن لەسەر ئەوە دەچەوسێندرێنەوە کە لە رابردوودا داوای " خوێندن بە زمانی زگماك"یان دەربڕیوە . پارتیەکی بچووکی سۆسیالیست " ت ئە پ TEP " ( پارتی رەنجدەرانی تورکیا) لەسەر ئەو داوایە قەدەغەکراوە( بڕوانە- ذە ريڤیووThe Review - کۆمیتەی نێونەتەوایەتیی یاساناسان International Commission of Jurists، ژمارە ٢٤، ژوئەن(حوزەیران)ی ١٩٨٠)؛ هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتیی ساندیکای مامۆستایان " توب - دەر Tõb Der " لەسەر هەمان شت داوای رەسمیی مەحکووم کردنی کراوە .

ـ خۆش کردنی ئاگری ئاکۆکیی ئاینی : وەك دەزانین، پتر لە سەد کەس لە شەڕی سوننی و عەلەویاندا لە شاری" قارەمان مەرەش" (دیسامبری ١٩٧٨) کوژران . ئەمە راستەوخۆ کارێکی‌کرد حوکمی‌عورفی لە چەند ویلایەتێك دابنرێت و داوی ئەوە بەرە بەرە شوێنی‌تریشی‌گرتەوە. لەوانەیە رابەری "م هـ پ "(ی فاشیست)" تورکەش" بە تاوانی نانەوەی ئەو جۆرە شەڕو هەرایانە بدرێتە دادگا . بێ لەوە، نەمبیستووە ( لەوەتای کۆدێتاکەوە) داوای سزاکاری لەورووەوە هەبووبێ .

ـ تێکۆشان بۆ هێنانە سەرکاری حوکمی‌ئاینی : سەرۆکی نوێی دەوڵەت" ئێڤرین Evren" لە چەند وتارێکیدا بە توندی هێرشی کردە سەر ئەو کۆڕوکۆمەڵانەی بەم جۆرە بۆ بناغەی عیلمانیەتی

جمهوریەت جێمەترسین . لەم رووەوە تەنیا لە ئەندامانی " م س پ " ( پارتی سەلامەتی میللی) خەڵك گیراوە، ئەمە دەستەیەکی نەك هەر زۆر ئـاینی بەڵکە دژی رۆژئـاواشـە، ئەندامانێکی بەدەرەوەی دەستـەیەکی تری ئوسوولی، کەمال کاجارKemal Kacar، لەم دواییانەدا لە نێو نوێنەرانی تورکیادا بوو لە " مەجلیسی ئەوروپایی "دا

ئەم دوو نوختەی دواییە چیتر لەسەر ناڕۆم، هەندێ پتر باسی سانديکا و کۆمەڵە پیشەییەکانی وەك یەکێتی مامۆستایان " توب - دەر " دەکەم، بەڵام چونکە وا باشترە جارێ شتێك دەربارەی ئەو بزووتنەوە سیاسیانە بزانین کە لە ناو ئەو رێکخراوە بەرینانەشدا چالاکییان هـەیـە، لە پێشدا بە باسێکی کۆڕوکۆمەڵە سیاسیە هەرە گرنگەکان دەست پێ بکەم ( بڕوانە نەخشەی رەگەڵدا) .

نـەناسراوی گـەورە لەم نەخشەیەدا پارتی کۆمونیستی تورکیا( ت ك پ TKP ) یە، دەوری ١٩٢٠ دامەزراوە، لە ١٩٢٥دا لێدانی سەختی وێکەوت، دەوری ١٩٥٠دیسان ماوەیەکی کەم بەئاشکرا کاریکردو ئەوجا دیسان زوو قـاچـاغ بۆوە . تا دەوری ١٩٧٠ وای لێهاتبوو ئیتر پیاو بەزەحمەت بڕوای دەکرد لە نـاو وڵاتدا مـابێت، بەشێکی کۆمیتەی ناوەندی لە بـەرلین و، بەشێکی تری لە لـەندەن بوو . " ت ك پ " یەکێکە لە دڵسـۆزترین پارتیەکان بۆ مـۆسـکـۆ . لە سـاڵانی حەفتـادا وێدەچوو جەماوەری لە پتربوون بێت، چـەند رۆژنامەیەك لەو ماوەیەدا دەرچـوون دیـاربوو پێوەندیی نزیکیان بەو پـارتیەوە هـەبـوو، لەوەی دەکرد بـەشـێکی بزووتنەوەی کـرێـکارانیش لە ژێر تەئسیری" ت ك پ "دا بێت، دەسـتـەی بـەڕێوەبەری سـانديکای کـرێکارانی مـەعدەن " مادەن - ئیشMaden-İş" کە هەر خۆی چەند ساڵێك دەستەی بەڕێوەبەری گشتیی"دیسك "یش بوو وێدەچوو لە وە نزیك بێت . زۆر شتی وەها لە دوو سـاڵی دواییدا روویان دا، بەوانە پیاو دەڵێ دەبـێ باسـی تـەئسـیری "تك پ" زۆر لەوەی کە هەبووە زلتر کرابێت . دوو رێکخراوی تری جەماوەران(لەژێرەوە) لەگەڵ "تك پ"دان : " ئی گ د İGD " ( ئیلەریجی گەنچلیك دەرنەکلەری İlerici Gençlik Dernekleri = کـۆمەڵانی گـەنجانی پێشڤەرەوو) و " ئی ك د İKD " ( ئیلەریجی کادنلار دەرنەکلەری İlerici Kadınlar Dernekleri = کۆمەڵانی ژنانی پێشڤەرەوو ) . چالاکیەکان : دەرسی سیاسی دان بە ئەنـدامان ( کلاسیکی مارکسی و بەرهەمی تیۆریی رابەرانی پارتی)، رێکخستنی چاکی خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین .

له ۱۹۷۸ یا ۷۹دا دووبەرەکیەك کەوتە ناو پارتیەوە : رابەری بەشی لەندەن بەدوای بڵاوکردنەوەی کتێبێکیدا، کە بەرگریی لە بیری " سەرەڕۆیانە" و وادیاربوو پاکانەی بۆ شەڕی چەکدار کردبوو، دەرکرا . بەشی بەرلین نەیدەویست شتی وا ببیسێ، بڕوای تەنیا بە ڕێکخستنی جەماوەر بوو، بە پشتگیریی سانديکايان خەباتی بۆ بەرەیەکی فراوان لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکانـ(ج هـ پ)دا دەویست . پەیدابوونی زۆر لەو کۆڕوکۆمەڵانەی کە لێرە بەدوا ناویان دێ، بەشێکی نەتیجەی وەدووکەوتنی بێ چەندوچۆنی مۆسکۆ و خەباتی پەرلەمانتاریزمی " ت ك پ" بوو .

ساڵی ۱۹٦۰ گۆڕانێکی گرنگی لە سیاسەتی تورکدا دیت . کوّدێتایەکی عەسکەریی کەمالی، حکومەتی " مەندەریسMenderes "ی ئەوپەڕی سەرمایەداری لادا . حکومەتی مەندەریس نەك هەر ڕێگەوبان و سەنعەتی نوێ و بەمەکینەکردنی کشتوکاڵی هێنابوو، بگرە قەرزێکی زۆری دەرەوەش و نائارامیەکی کۆمەڵایەتیی زۆر - تریش، بۆ ئەوەی ئەمەی دواییان دەست بەسەردا بگرێت پەنای بۆ سەرکوتکردنی پتر برد. عەسکەر لای بەشێك لە خەڵك ( ڕۆشنبیران، کارمەندانی دەوڵەت، ...) بە چاوی ڕزگارکەر سەیرکران، " مەندەریس"یان لە قەنارە دا، دەستوورێکی‌نوێیان داهێنا کە ئازادیی‌دیموکراتیی بەشێوەیەك هێنا تورکیاوە کە بەرلەوە نەیدیبوو(وەك بیەوێ حوکمی مەرگی کەمالیەت بدا!). بیروڕا دەربڕین بەئازادی (نەبوونی سانسۆر!)،کۆبوونەوە بە ئازادی،...ئیدی . بەڵام بەندی۱٤۱و۱٤۲ی یاسای سزا(ساڵی ۱۹۳٦ لە یاسای موسۆلینی کۆپی‌کراوە) سنووری ئەو ئازادیانەی وا داناوە کە بە هیچ جۆرێك ڕێکخراوانی سۆسیالیست (و کورد) نەگرنەوە . دەبوو پارتیە چەپەکان هەمیشە لە پرۆگرامەکانیاندا حیساب بۆ ئەم بەندانە بکەن، ئەوەندە هەبوو بەتایبەتی لە ساڵانی نەبوونی حوکمی عورفیدا بەجێ‌هێنانی ئەم بەندانە تا ڕادەیەکی زۆر بە نەرمی بوو ( ئێستا جیایە*) .

ساڵی۱۹٦۱، کەمێ دوای ئەوەی دستووری نوێ کەوتە کارەوە،" ت ئی پ <u>TİP</u> "( تورکیە ئیشچی پارتیسی = <u>پارتی‌کرێکارانی تورکیا</u> Türkiye İşçi Partisi ) لەلایەن چەند ڕابەرێکی سانديکاييەوە دامەزرا . ئەم پارتیە

---

* دوای حوکمی عەسکەریی ۱۹۷۱ دەستوور هەندێ دەستکاری کرا . بڕوانە " ذە ریڤیووThe Review " ژمارە ۱۰ (حوزەیرانی ۱۹۷۳) .

زوو هێزی پەیداکرد، بەتایبەتی لە ریزی رۆشنبیران و لەناو بەشێك لە کرێکارانی شارەگەورەکانیشدا. هەبوونی کوردی زۆریش لەو پارتیەدا سەرنجی رادەکێشا. تا دەوری ١٩٦٨،"ت ئی پ" تاقە پارتیەکی چەپ بوو، دوای ئەوە پەیدابوونی دەستەی دی چی لە نـاو ئەوەوە و چی لە دەرەوەی ئەو دەستی پێ کرد . پەلاماری رووسیی چیکۆسلۆڤاکیا بووە هۆی شکڵ وەخۆگرتنی رەوشـانی جیاوازی کە لە رووی هەڵوێستیان لە یەکێتی سۆڤیەت خۆ جیادەکەنەوە .

لە ١٩٧٠دا، کۆنگرەی پارتی بڕیار دەردەکا کە تێدا بوونی کوردان لە رۆژهەڵاتی تورکیادا دەسەلمێنێ ( بۆ جاری یەکەم لەوەتای ئەتاتورك )، و ئەوە دەست نیشان دەکا کە کـورد دوچاری سیاسەتێکی چەوساندنەوەی فەرهەنگین . ساڵێك دوای ئەوە - دوای دەسەڵات گرتنەدەستی عەسکەریی مارتی ١٩٧١- پارتیەکە لەسەر ئەو بڕیارەی قەدەغەدەکرێ .

دوای ١٩٧٤، بە پرۆگرامی گۆڕراو، دیسان دادەمەزرێتەوە . لەوساوە، بەتایبەتی دەربارەی کوردان، بە پارێزتر بوو . پارتیەکە لەوەبەدوا هەرگیز ئەندامی ئەوەندەی ١٩٦٥ نەبوو( کە ئەوسا ١٥ کورسیی مەجلیسی بردەوە) .
" بەهیجە بۆران "ی رابەری پارتی، لەم دواییانەدا بە ٨ ساڵ و ٦ مانگ زیندان حوکم دراوە .

" ت س ئی پ TSİP " ( تورکیە سۆسیالیست ئیشچی پارتیسی Türkiye Sosyalist İşçi Partisi = پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی تورکیا ) لەو ساڵانەدا دامەزرا کە " ت ئی پ " قەدەغە بوو، و بـەشێك لە کەسانی " ت ئی پ"ی کێشایە لای خۆیەوە . جیاوازیی ئیدیۆلۆجیی زۆر لەنێوان ئەو دوو پارتیەدا نین . چی"ت ئی پ" و چی " ت س ئی پ "، لەوەدەکەن لە بزووتنەوەی سانديکاییدا خەڵکێکی باشیان لە کادیرانی سیاسیی پتر پەروەردەبوو هەبێت .

" س پ SP "( سۆسیالیست پارتی Sosyalist Parti )، دواتر :" س د پ SDP"( Sosyalist Devrim Partisi سۆسیالیست دەڤریم پارتیسی = پارتی شۆڕشی سۆسیالیست ) ساڵی ١٩٧٤ دامەزراوە، ( قـانوونی، وێڕای ئەو ناوەشی) . لە دەستەیەکی زۆر بچووك پێکدێ بە دەوری" مەهمەت عەلی ئایبار"ەوە، کە لە١٩٦٩دا دوای کێشەوهەرای ناوخۆی" ت ئی پ" وازی لە سەرۆکایەتیی ئەوە هێنابوو( ئایبار زۆر بە توندی لە دژی پەلاماری رووسیی چیکۆسلۆڤاکیا بوو ) .

لە نێوان بزووتنەوەی خوێندکاران و" ت ئی پ"دا، " میهری بەللیMihri Belli"و دەستەکەی شوێنێکی تایبەتی خۆیان گرتەوە . بەللی، کۆمونیستی لەگەڵ حیزبدا تێکچوو، تیۆریی " شۆڕشی دیموکراتیی نیشتمانی " ی پەرە پێ دا کە لە تورکیا رووبدات، بەرلەوەی شۆڕشی سۆسیالیستیی تێدا پێکبێت . ئەمە باسێکی زۆری لە ناو خوێندکاراندا هان دا و سەرنجی عەسکەریە رادیکالەکانیشی راکێشا. ساڵی ١٩٧٥ بەللی" ت ئە پ TEP " ( تورکیە ئەمەکچی پارتیسی Türkiye Emekçi Partisi= پارتی رەنجدەرانی تورکیا)ی دامەزراند . ئەم پارتیە قاچاغە چونکە پرۆگرامەکەی، بەتایبەتی لە داوای " خوێندن بە زمانی زگماك"دا، وا دیارە بە پێچەوانەی دەستوور بووە ( بڕوانە گوتارەکەی مانفرێد سیمۆن Manfred Simon لە " ذە ریڤیوو- ژمارە ٢٤،حوزەیرانی ١٩٨٠"دا ) .

ئەو کۆڕوکۆمەڵە چەپانەی کەوتوونە لای چەپی نەخشەکەوە، هەموویان لە بزووتنەوەی خوێندکاران و گەنجانەوە سەریان هەڵێنا . لە ساڵانی شێستەکاندا، باس و لێکۆڵینەوەی سیاسی لە زانکۆکاندا رێك دەخران : فکر کولوپلەری فەدەراسیۆنو Fikir Kulüpleri Federasyonu = یەکێتی یانەکانی فکر . ئەمانە لە سەرەتادا زۆر لە ژێر تەئسیری " ت ئی پ" دا بوون، بەڵام روو لە کۆتایی شێستەکاندا رەوشانی رادیکالتر پەیدابوون، رێك وەك شوێنی تر لە دنیادا . لە ١٩٦٩دا ئەم باڵە رادیکالە رێکخراوی گەنجان : دەڤ - گەنج Dev - Genç ( تورکیە دەڤریمجی گەنجلیك فەدەراسیۆنو Türkiye Devrimci Gençlik Federasyonu = یەکێتی گەنجانی شۆڕشگێڕی تورکیا )ی پێکەوە نا . زۆر جۆرە بیروباوەڕ لە " دەڤ - گەنج"دا هەبوون . مائۆیستەکان، کە لە دەوری رۆژنامەی " پرۆلەتەر دەڤریمجی ئایدینلیك Proleter Devrimci Aydinlik "( = رووناکی(/ رووناکی بەخشی) شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا)دا کۆبووبوونەوە، یەکەم دەستە بوون لە" دەڤ - گەنج "جیابوونەوە، ئەوە دەوری ساڵی ١٩٧٠ بوو . ئەم دەستەیە کە زۆرتر بە " پ د ئا PDA " ناودەبرا، " ت ئی ئی ك پ TİİK "( تورکیە ئیختیلالجی ئیشچی کۆیلو پارتیسیTürkiye İhtilalci İşçi Köylü Partisi = پارتی شۆڕشگێڕی جووتیاران وکرێکارانی تورکیا)ی بە قاچاغ دامەزراند. ئەندامانی" پ د ئا" یارمەتیی جووتیارانیان دەدا خۆیان لە دژی خاوەن زەویە گەورەکان رێكبخەن . چەند یەکێتیەکی کرێکارانی کشتوکاڵ لەلایەن ئەوانەوە دامەزرێندران، ملکداریی زەوی رێکخران .

دوای ١٩٧٣، ئەم دەستەیە گۆڤاری " ئایدینلیك Aydinlik" و " هالکن سەسیHalkın Sesi" ی دەرکرد و، لە

١٩٧٨دا " ت ئی‌ك پ TÍKP " ( تورکیە ئیشچی کۆیلو پارتیسی Türkiye İşçi Kőylü Partisi = پارتی جووتیاران و کرێکارانی تورکیا ) ی ئاشکرای دامەزراند .

دەستەی " ئایدینلیك " هەمیشە بە رێکوپێکی دوای خەتی سیاسیی پەکین کەوتووە، هەمیشە ئاشکراترین عونسور لە پێکهاتنی ئەم پارتیەدا بریتین لە دوژمنایەتیی سەختی هەڵوێستەکانی سۆڤیەت و رەت کردنەوەی توندی ئەو دەستانەی کە زبری بەکاردێنن .

" ت ئی‌ك ك ئۆ TIKKO " ( Türkiye İşçi Kőylü Kurtuluş Ordusu تورکیە ئیشچی‌کۆیلو کوورتوولووش ئۆردووسو = لەشکری رزگاریی جووتیاران و کرێکارانی تورکیا ) دەستەیەکە لە " پ د ئا " جیابووەتەوە . دەوری ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١ پێی وابوو هەلومەرج بۆ شەڕی پارتیزانیی دێهات بە مۆدێلی چینی - ڤێتنامی گەیشتبوون . " ت ئی‌ك ك ئۆ " دەیویست " ناوچانی سوور " دروست بکات و لەو ناوچە سـوورانەوە بەرە بەرە بڵاوبێتەوە . وا دیارە " ئیبراهیم کایپاککایا İbrahim Kaypakkaya " ی رابـەری " ت ئی‌ك ك ئۆ " لە ژێر شکەنجەدا گیانی داوەو نەیانتوانیوە تاقە یەك وشەی لە دەم دەربهێنن . وێنەی قارەمانیی ئەم رابەرە، بێ‌گومان هێزی راکێشانی زۆری گەنجە رادیکالەکانی بۆ " ت ئی‌ك ك ئۆ " تێدابووە . لە دەوری ساڵی ١٩٧٥دا لەوەی دەکرد ژمارەیەکی باشی خەڵکی(لە چەند ویلایەتێکی) رۆژهەڵاتی تورکیای رەگەڵدابێت، ئێستا وادیارە زۆرتر هەر لە شارەکانی رۆژئاوادا هەیە .

" ت ئی‌ك ك ئۆ " رێکخراوێکی ( نهێنیی ) پارتیشی هەیە : " ت ك پ - م ل TKP- ML ( تورکیە کۆمونیست پارتیسی- مارکسیست - لێنینیست Türkiye Komünist Partisi- Markisst-Leninist ) . لەوەتای دووبەرە- کیەکی (١٩٧٧؟) بوونە : " ت ك پ - م ل / ت ئی‌ك ك ئۆ TKP- ML / TIKKO " و " ت ك پ - م ل/ هالکن بیرلیی TKP- ML / Halkın Birligi " . ئەمەی دواییان بە ناوی گۆڤارەکەیەتی ( Halkın Birligi هالکن بیرلیی = یەکێتی گەل ) . لایەنگرانی " ت ئی‌ك ك ئۆ " ماوەیەك رۆژنامەیەکیشیان بە ئاشکرا دەرکرد کە ناوەکەی بوو بە ناوی دەستەکەش : " پارتیزان Partizan " .

" ت هـ ك ئۆ THKO " ( Türkiye Halk Kurtuluş Ordusu تورکیە هالك کوورتوولووش ئۆردووسو = لەشکری رزگاریی گەلیی تورکیا) :

بەرگریی لە دژی ئیمپریالیزم و لەسەر رۆیشتنی ئەو خەباتەی کە ئەتاتورك بۆ رزگاریینەتەوایەتی دەستیدایێ، یەکێك لە بیروباوەڕە بنچینەییەکانی بزووتنەوەی خوێندکارانی دوا سالانی شێست بوو . ئەو خۆ پیشاندانە گەورانەی کە دژی سەردانی هێزی شەشەمی دەریایی ئەمریکایی لە بەندەرەکانی تورکیا بوون، لە راستیدا سەرەتای چالاکیی خوێندکارانی دادا . بزووتنەوە، لە وەلامدانەوەی پرسیاری " ئێ لەمە بەولاوە چۆن ؟ " دا لێکدابڕانی تێکەوت .

" ت هـ ك ئۆ" لەلایەن ئەو خوێندکارانەوە دامەزرا کە پێیان وابوو بە دەستەی بچووکی پارتیزانی پەلاماری ئامانجی رەمزی بدەن تا بزووتنەوەیەکی فراوانی گەل بهێنێتەکایەوە . چوار عەسکەریی ئەمریکایی رفێنران ( بەلام کاتێك کاربەدەستان داوای کرینەوەیانیان رەت کردەوە، بەردران) . ئەمە رێك چەند رۆژێك بەر لە حوکم-گرتنەدەستی عەسکەریی١٢ی مارتی ١٩٧١ بوو . لە سەردەمی حوکمی عورفیشدا چەند چالاکیەکی چەکداری تری بەدوودا هات - کە ئەوانیش کەسیان تێدا نەکوژرا . سێ رابەرەکەی" ت هـ ك ئۆ"(دەنیزگەزمیش، یوسف ئارسلان، حوسەین ئینان) سالی ١٩٧٢ لە سێدارە دران . ئەوانە لای دەستەیەکی بەرینی پێشڤەرووی تورك بە شەهید دادەنرێن، تەنانەت ئەوانەشیان کە نایانەوێت هیچ کارێکیان بە کاری ئەو دەستانە دابێت کە لە " ت هـ ك ئۆ" وە پەیدابوون، هەر جۆرە رێزێك بۆ ئەم شۆرشگێرانە پیشان دەدەن .

دوای سالی ١٩٧٣ بەدەگمەن کەس لە یەکەم بەرەی رابەرانی " ت هـ ك ئۆ" مابۆوە . بەرەیەکی نوێ خۆی بە میراتگری راستەقینەی سێ شەهیدەکان دادەنا . گەنجانێکی زۆر سەرەڕۆی واشیان تێدا دەبوو کە بانك بڕین لای ئەوان جۆرە " هونەر بۆ هونەر" ێك بوو . دەستەی مەرکەزی، دیاربوو کە ئەو جۆرە چالاکیانەی نەدەویست، دەیویست پتر گوێ بە رێکخستنی گەرەکە هەژارەکانی دەوری شارەکان بدرێت،کاری سەندیکایی لە پیشەسازیی بچووکدا و لەناو کرێکارانی کشتوکالدا و... ئیدی مەبەست بوو .

تا نزیکەی ١٩٧٧، " ت هـ ك ئۆ " هەر بەو ناوە بوو، دوای ئەوە هەنگاوی بەرەو خۆ کردنە پـارتی نا :
" ت د ك پ <u>TDKP</u> " ( تورکیە دەڤریمجی کۆمونیست پارتیسی Türkiye Devrimci Komünist Partisi = <u>پارتی کۆمونیستی شۆڕشگێری تورکیا</u>)، دوو پیتی بە دوویەوە : .I.Ö کورتکراوەی İnşa Örgütü " ئینشا ئۆرگوتو" یە(= <u>رێکخراوی دامەزراندنی...</u>) . ئەم دەستەیە زۆرتر هەر بەناوی رۆژنامەکەی ناودەبرێت : هالکن کورتوولووشوو Halkın Kurtuluşu ( کە لە سەرەتادا بە ئاشکرا دەردەچوو) . لە ناوەڕاستی سالانی حەفتاکاندا زۆر کەوتبووە ژێر تەئسیری مائۆیزمدا . یەکێتی سۆڤیەت و" ت ك پ" ئەوەندەی ئەمریکا و "م هـ پ " ( ی

فاشیست) بە دوژمن دادەنێ . چەند ساڵێكە ئەنوەرخۆجەی ئەڵبانیا پیاوی رابەریی بیروباوەڕیەتی .
" ئەمەگین بیرلیییEmegin Birligi "ی كە لەوبووەتەوە، لە دژایەتیی سۆڤیەتدا توندوتیژیی كەمترە، لەوەدەكا ئەندامانی زۆرتر لە خەڵكی ویلایەتی غازی عەنتاب بن .

" ت هـ ك پ/ ج THKP/C " ( Türkiye Halk Kurtuluş Partisi / Cephesi تورکیە هالك كوورتوولووش پارتیسی/ جەپهەسی= جەبهەی/پارتي رزگاریی گەلي توركیا) لەلایەن ئەوانەوە دامەزرا كە بەدوای چارەسەرێكی ناسەرمایەدارانە بۆ توركیا، زۆرتر لە ژێرتەئسیری شۆڕشی كووبادا بوون . پارتیزانیی شاری مۆدێلی ئەمریكای لاتین(ماریگلاMarighela،...). بانك برین بۆ پارەی پێویستی چالاكی، بەگرەوگرتنی كەسانێك بۆ پێ بەردانی هەڤاڵانی زیندانی ." ت هـ ك پ/ ج"ـش وەكو" ت هـ ك ئۆ " بەدەگمەن بەر لە حوكمی عەسكەریی١٢ی مارت زبریی لە چالاكیدا بەكارهێناوە . یـەكەم رابەری تیۆریی " ماهیر چایان " لەگەڵ چەند هەڤاڵێكیدا، لە كاتی بەجێهێنانی بەگرەوگرتنێكدا، بە دەستی هێزەكانی ئاسایش كوژرا . ئێستاش ناوی ئەو شوێنەی ئەمەی تێدا روودا: كیزیلدەرە Kizildere، هەم لای هەڤاڵانیان و هەم لای دەستە راستی سیاسی رەمزێكە . كەم لە رابەرانی یەكەم ماون، هەتاكو ئەو دەستانەش كە لە " ت هـ ك پ/ ج" وە هاتوون هەر زۆرتر لە گەنجان پێكدێن . ئەمەی جێی ئەوانەی پێشووی گرتووەتەوە زۆر ناجۆرە و یەك نـەبوونێكی زۆر لەســەر لێكدانەوە ( تەفسیر) ی راستی نووسراوەكانی ماهیرچایان هەیە .

دەستەی هەرە زۆر، راستەوخۆ بوو بە " دەڤ - گەنج"ی نوێ( Devrimci Gençlik Dernekleri Federasyonu دەڤریمجی گەنچلیك دەرنەكلەری فەدەراسیۆنوو = یەكێتی كۆمەڵانی گەنجانی شۆڕشگێڕ). ئەمە رێكخراوێكی ئاشكرا بوو كە دەوری ١٥٠ كۆمەڵەی ناوچەیی تێدابوون . ساڵی ١٩٧٧یا١٩٧٨، یەكێتی بوو بە دوو دەستە و هەر یەكەی ناوێكی وەخۆگرت : " Tüm Dev Genç Dernekleri Federasyonu - Devrimci Yol توم دەڤ گەنچ دەرنەكلەی فەدەراسیۆنوو- دەڤریمجی یۆڵ"( بەڕێوەبەرایەتیی مەركەزی لە ئەنقەرە) كە زۆرترهەر بەكورتی ناوی بە" دەڤ-یۆڵ Dev-Yol" دەبرێت، و" Devrimci Gençlik Federasyonu - Devrimci Sol دەڤریمجی گەنچلیك فەدەراسیۆنوو- دەڤریمجی سۆڵ " ( بەڕێوەبەرایەتی لە ئەستەمبووڵ ) كە زۆرتر هەر بە كورتی ناوی بە " دەڤ - سۆڵ Dev Sol " دەبرێت (٢) .

لەم دووانە "دەڤ - یۆڵ " زۆر گەورەترەكەیە، لە ١٩٧٨/١٩٧٩دا لە ناو هەمووكۆمەڵە چەپەكانی خوێندكاراندا

زۆر زۆرترینی ئەندامی هەبوون ." دەڤ - سۆڵ" زۆر بچووکترو رادیکالترە؛ یەکێکە لەو دەستانەی کە دەیانەوێ بە خەباتی چەکدار بتوانن جەماوەر راچڵەکێنن .

" ت هـ ك پ/ ج- ئاجیلجیلەر THKP/C- Acilciler "(زاراوەکە مانای شتێکی وەك" ئەهلی‌کاری راستەوخۆ"، "بێ سەبران" دەدات (٣) ). ئەمانە زۆرتر بە کاری زبری(بانك برین،رفاندن، پەلاماردان) سەرنجیان راکێشاوە .

" کوورتوولووش Kurtuluş " (= رزگاری) هەر بەتەواوی دەستەیەکی ترە . ئێستاش لە رووی تیۆریەوە شوێنە - واری تەئسیری کووبایی و وڵاتانی تری ئەمریکای لاتینی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام ئەهلی کاری زبری نیە و لە دەستەکانی تری کە لە"ت هـ ك پ/ ج" وە هاتوون پتر رۆشنبیرە . کوورتوولووش لە بڵاوکراوەکانیدا زۆرگوێ دەداتە مەسەلەی کورد و، رێکخراوی ( بچووکی) کورد " تێکۆشەر Têkoşer " لە کوورتوولووش جیابووەتەوە یا هاو رێکخراوە کوردیەکەیەتی .

## زبریی سیاسی و رێکخراوە چەپەکان

" ت ئی ك ك ئۆ TIKKO " و " ت هـ ك ئۆ THKO " و " ت هـ ك پ/ ج THKP/C " لە سەر بیری ئەو تیۆریانە بوون کە خەباتی چەکدار تێدا بەشێك بوو لە شۆڕشی خەبات بۆکراو، بەڵام زبری لە حاڵەتی ئەواندا پتر بەرامبەر بە دامودەزگایان بوو تاوەکو بەرامبەر بە کەسانێك . کوشتنی سیاسی بەشێك نەبوو لە رێبازیان . لەوەی ئەم دەستانە سەرنەکەوتن کە خەڵکەکە وەدووی خۆیان بدەن، هەندێك نەتیجەی ئەوەیان لێ وەدەست هێنا کە تیۆریەکە هەڵە بوویێت، و کە دەبێ پتر گوێ بدرێتە : کار لە ناو جەماوەردا، بزواندنی سیاسی، رێکخستنی کرێکاران و جووتیاران و خەڵکی گەرەك و...ئیدی . دەستەی بچووك هەر دوای ئەو بیرە کەوتن کە دەستەیەکی پێشرەو دەتوانێ لە رێی چالاکیی چەکدارەوە رێ بۆ شۆڕش خۆش بکات(ئاشکراترین: ئاجیلجیلەر و دەڤ-سۆڵ). بەڵام شتێکی تر هەبوو کە رەفتاری زبریی چەپی پەیداکرد، ئەویش شەرو دەستدرێژی‌کردنی گورگەبۆران بوو : زانکۆ ( و بەشێکی خوێندگە ناوەندیەکان) قەڵای چەپ بوون و یەکەم ئامانجی تیری فاشیستان . خوێندکار( و مامۆستا) بە زەبری چەك لە خوێندگەو زانکۆیان دوورخرانەوە . بەتایبەتی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە رابەری

فاشیستان تورکەش لە حکومەتدا بەشداربوو (١٩٧٥-١٩٧٧) . زۆر جار دەتبیست کە پۆلیس بەوە تاوانبار - دەکرا کە پارێزگاریی لە خوێندکارانی چەپ نـەکردووەو تەنانەت بەوە کە هەندێ جار بەئاشکرا لەگەڵ گورگە - بۆراندا هاوکاریی دەکرد. خوێندکاری چەپ وەخۆکەوتن چەك پەیدابکەن تا بەرگریی پێ لەخۆیان بکەن - یان تۆڵەی هەڤاڵانی کوژراو بکەنەوە . ئەو ناکۆکیانەی هەبوون ( زۆرتر بە دەستی گورگەبۆران دەنرانەوە) ئاگریان خۆشکرا،و بەوە کە ئەم دەستەیەی خەڵك دایە لای چەپ و ئەوەی ترلای راست، روویەکی سیاسیان پەیداکرد . لە زۆر شاراندا، گەڕەکەکان ببوون بە دوژمنی یەکتر - دیارترین وێنەی ئەمە لەو شوێنانە بوو کە ئەم گەڕەکەیان سوننی و ئەوەی تریان شیعە . کۆڕوکۆمەڵە چەپەکان رەقابەتیان لەسەر ئەندام دەکرد لە گەڕەکە " پێشڤەروو "ە - کاندا . دیارە دەست بەسەردا گرتنی باری فکری لە سەرتاسەری گەڕەکێکی وادا کە دەبوو بە هی فڵانە دەستە، ئەوەندە بەهێزنـەبوو . لە شەڕوهەرای چەکداری نێوان گەڕەکێکی وەها و گەڕەکێکی" دوژمنی ئیدیۆلۆجی"دا، کۆمیتەی‌ناوەندیی زۆربەی دەستەکان جڵەویان کەم دە دەستدا دەمێنێت . نزیکەی هەموو دەستەکان " بەشێکی دڕ" ی ئەندامیان هەبوو، کوڕی گەنج (١٥-١٨ساڵی)، کە خەباتی دژی فاشیستی بە خەباتی دژی خودی شەخسی " فاشیستان" تێدەگەیشتن، جا با بە بێ چەکیش بوایە .

هەروەك چۆن هەندێ جار ناکۆکیی لەمێژینە ( تەقلیدی ) بوون کە دەکەوتنە ناکۆکیی بیروباوەڕی سیاسیەوە، ئەمە هەندێك جار بەپێچەوانەوە بوو: ت دك پTDKP (دەستەی هالکن کوورتوولووشوو Halkın Kurtuluşu)، کە لەئەسڵدا تایفەگەریی ئاینیی رەگەڵدانەبوو، ئێستا نزیکەی تەنیا هەر لە عەلەوییان پێکدێ !.

# ریکخراوه کوردەکان

کورد دەوری ۲۰٪ی دانیشتوانی تورکیا پێکدێنن . له رووی تیۆریەوه، تائەوەندەی کوردبوونی‌خۆیان بەتایبەتی دەرنەبڕیوه، مافی هاونیشتمانانی‌تریان هەیه . ئەو ناوچانەی زۆربەی کوردی لیٚ‌دەژین،رۆژهەلات و رۆژهەلاتی باشووری تورکیا، هەژارو دواکەوتووه - بەشێکی نەتیجەی باری کەنارکەوتوویی جوغرافیایی ( ؟- وەرگێڕ ) و بەشێکیشی لەبەر سیاسەتی سالەهای گویٚ پیٚ‌نـەدانی بەئانقەستە . راپەڕینەکانی سالانی بیست و سیی کـورد ئەوپەڕی خوێناویانە دامرکێنرانەوه . بۆ ئەوەی ئیتر پێش بە جیابوونەوەی‌کورد بگیرێت، سیاسەتێکی تواندنەوه بەکارهێنرا و هەرچی رووی هەویەتی‌کوردی پیشان بدایێ سزای لەسەربوو . له سالانی شێستدا ئەم نوختەیەش - وێڕای شتی‌تر،لە لایەن دەستوورەوه - بە نەرمتر گیرا . ورده ورده کەمێك بە ئاشکراتر باسی گیروگرفتەکانی " رۆژهـەلات" ( ناوێکی نەرمە لەجێیی ناوی قەدەغەی کـوردسـتان ) کرا . هەرچەندە ئەو داخوازیانەی کورد له سـالانی شێستدا هـەیانبوون زۆر بـە پـاریزیش بوون، بـەلام هـەر بوونە هۆی نیگەرانیەکی زۆری کـەمالیه تەقلیدیەکان . دوای حوکمی عەسکەریی ۱۹۷۱ دەستوور وەها دەستکاری‌کرا کە چالاکیی نەتەوایەتیی کورد بەسەختتر بگرێت ( بڕوانە باسی ئەوە لە ذە ریڤیوو ژمارە ۱۰،حوزەیرانی۱۹۷۳ دا) . " ت ئی پ" قەدەغەکرا، زۆرتری لەبەر ئەو بڕیارەی کە کۆنگرەی چوارەمی دەربارەی کوردانی دابوو .

ژیانەوەی هۆشی کوردایەتی لە دوو سەرچاوەوه بوو، لەلایەکەوە : ئەو رۆشنبیرە چەپانەی لە" ت ئی پ "دا بوون کە بەگوێرەی لێکدانەوەی لێنینیانەی مەسەلەی نەتەوایەتی، چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتییان بە دوو رووی هەمان رژیمی فەرمانڕەوا دادەنا و دەیانویست خەبات لە دژی هەردوویان پێکەوە بکەن . لەلایەکی ترەوه : بالێکی نەتەوەیی پەتی هەبوو، بە دەوری " ك د پ - ت KDP-T" ( Kürdistan Demokrat Partisi - Türkiye کوردستان دەمۆکرات پارتیسی- تورکیە = پارتی دیموکراتی‌کوردستان - تورکیا)ی قاچاغدا . ئەمە لە ئەسلدا دەستەیەکی بچووك بوو لە نوێنەرانی چینە رابەرە لەمێژینەکانی کوردستان پێکهاتبوو، سالی ۱۹۵۸دامەزرا . له سالانی شێستدا، سەرکەوتنەکانی بارزانی لە ولاتی هاوسیٚ عیراقدا تەئسیریان لەوەدا هەبوو " ك د پ" له ناو کوردەکانی تورکیاشدا خۆشەویستتر بێت . " ك د پ"ی تورکیا، بارزانیی لەدوابوو، ئەمە شتێکی ئاشکرا بوو، و هەر دەنگوباسێکی شەڕی عیراق نـەتـەوایەتیی کوردی لە تورکیا و بەمە " ك د پ"یشی بەهێز دەکرد . دەستەیەك لە ناو" ك د پ"دا پەیدابوون هەولیان دا ئیحتیکاری سـەرەك عەشیرەتان و دەرەبەگان لە پارتیدا

بشکێنن، کاتێ ئەوە سەری نـەگرت لە پارتی دەرچوون . رابەری ئەم دەستـەیە بە ناوی نهێنیی " دکتۆرشڤان " کاریدەکرد( لەگەڵ ناوی " شـڤـان " ی گۆرانیبێژتاندا لێنـەشێوێت کە ئێستالای ئاپۆچیان دەورێکی رابەریی دەبینێ ! ) . " سەعیدئێلچی " رابەریی باڵی درێژەپێدەری کرد .

روو لە کۆتایی دەیەکەدا، کۆمەڵەی فەرهەنگی لە چەند شوێنی کوردستان دروست بوون، " ددك ئۆ DDKO " (دۆغودەڤریمجیکولتورئۆجاکلاری Dogu Devrimci Kültür Ocaklari=وەجاخە فەرهەنگیە شۆرشگێرەکانی رۆژهەڵات)،کە ئەندامانی" ت ئی پ TIP"ی سۆسیالیست و" ك د پ KDP"(بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە بەشی " پێشڤەروو"ی پارتی بوون)ی تێدا بەشدار بوون . " ددك ئۆ " یـەکەم رێکخراوانێك بوون لە کوردستاندا کە توانیان بۆ یەکەم جار دەستەیەکی فراوانیخەڵك بەسیج بدەن . شتی تر هەموو زۆر بەپارێزەوە رۆیشت : لام وایە تەنانەت وشەی "کورد"یش لەلایەن "ددك ئۆ"وە ناونـەبرا .
لە ساڵانی١٩٧٥-١٩٧٧دا، چالاکیە فەرهەنگیەکوردیەکان بۆ ماوەیەك بە بەرزترین پلەیان گەیشتن . چەندین گۆڤار، بە بەشێکی کوردی، دەردەچوون . زۆرتر وابوو زوو دادەخران، بەڵام دیسان هیتر لەجێی ئەوان سەریان-هەڵدەدا . کاتێك ئەم ئازادیە نیسبیە نەما، تەئسیری ئەو رێکخراوانەی کە دەیانویست - ئەگەر پێویست بکات بە زۆر - لە تورکیا جیاببنەوە، زیادیکرد.

ئوزگورلوك یۆلوو Özgürlük Yolu لەو رێکخراوە کوردانەیە کە هەرە نزیکی " ت ئی پ" مانەوە . ئەم ناوەی لە ناوی رۆژنامەکەیەوە وەرگرت کە لە ناوەراستی١٩٧٥ـەوە تا سەرەتای١٩٧٩ بەئاشکرا(بەتورکی و لاپەرەیەکی ئەدەبی بە کـوردی ) دەردەچوو . لە چەند شوێنێك لایەنگران کۆمەڵەی ناوچەییان بە ناوی " دهـ دك DHDK " (دەڤریمجی(یا:دەمۆکراتیك) هالك کولتور دەرنەکلەری Devrimci(/Demokratik)Halk Kültür Dernekleri= = کۆمەڵە شۆرشگێرە ( یا: دیموکراتە)کانی فەرهەنگی گەل ( یا: گەلی ) ) دامەزراندن . لە ١٩٧٩ یا ١٩٨٠دا ئەم دەستەیە پارتیەکی قاچاغیشی دامەزراند:" ت ك س پ TKSP " Türkiye Kürdistan Sosyalist Partisi تورکیە کوردستان سۆسیالیست پارتیسی = پارتی سـۆسیالیستی کـوردستانی تورکیا) . ئەم دەستەیە زۆرتر لە ناو رۆشنبیران و لە شارە گەورەکانیشدا لە ناو کرێکاراندا هـەیە . بەتایبەتی لە هەندێ لقی دیسك DİSK و یەکێتی مامۆستایان "توب - دەر Töb Der " دا بەهێزە .

" ددك ئۆ" دوای١٩٧٤ ماوەیەکی کەم بە ناوی‌کۆنی مایەوە . دوای ئەوەی چەند دەستەیەك بەهۆی یەك‌نەبوونی بیروباوەڕ لێی‌تەکینەوە، بەشی زۆربە ڕێکخراوی " رزگاری Rizgari "یان پێکهێنا کە ڕۆژنامەیەکی هەر بەو ناوە دەرخست . رزگاری لەسەرەتادا زۆر نەتەوەیی بوو، خۆی بۆ شی‌کردنەوەو شەڕی دژی بیروباوەڕی‌کەمالیەت زۆر ماندووکرد . وردە وردە بەرەو ڕەوشی سۆسیالیستی چوو. بێ‌بڕوایی بە سەرەك‌عەشیرەت و ئاغایان و، ئەو دەسەڵاتەی ئەمان هێشتا هەیانە، وای‌کرد رزگاری تابێت پتر ئومێد بخاتە سەر چینی‌کرێکاری‌کوردستان خۆی . کێشـەی دۆزینەوەو دیاری‌کردنی هـەویەتی چـینێکی کـرێکارانی وەها ( وێڕای جیاوازیی بیروباوەڕی تریش ) ساڵی ١٩٧٨(؟) بوونە هۆی دووبەرەکیەك . ئەوەی جیابۆوە : ئالارزگاری Ala Rizgari ( = ئاڵای رزگاری ) وێدەچێ لە خودی کوردستاندا بەهێزتر بێت،" رزگاری" لەناو کوردەکانی ئەنقەرەو ئەستەمبوڵدا .

" کاڤاKava " (= کاوە ) ڕێکخراوێکی مائۆیستیی بچووکە . کاتێك لە ١٩٧٨دا دوا تازەداهێنان لە تیۆریی مائۆیستیدا دەرچوو ،تیۆریی سێ‌جیهان، دووبەرەکی کەوتە"کاڤا"وە - ڕێك وەك زۆربەی دەستە مائۆیستەکانی تر. ئەو دەستەیەی تیۆریە نوێیەکەی قەبووڵ‌نەکرد ، ناوی خۆی نا" کاڤا- رەدKava-Red "(رەد= رەت‌کردنەوە) .

" ك د پKDP"ی شڤان،بەگوێرەی پرۆگرامی، دەبێ لەسەرەتای ساڵانی‌حەفتادا بووبێت بە پارتیەکی مارکسی-لێنینی . ئەوەم لێ روون نیـە کە ئەم پارتیە، بەوشێوەیەی، ئێستاش هەرهەیە یان نا . ئەوە بـەڵێ کە زۆربەی کادیری " ددك د DDKD " ( Devrimci Demokratik Kültür Dernekleri دەڤریمجی دەمۆکراتیك کولتور دەرنەکلەری = کۆمەڵە فەرهەنگیە دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان ) لە " ك د پ"ی شڤانەوە هاتوون .

" ك دپKDP" ی ئێلچی Elçi، زۆرتر لە بەشە عەشیرەتیەکانی کوردستاندا ئەندامی هەبوو . ئەم پارتیە پێوەند-یەکی نزیکی بە پـارتیە هـاوڕێیەکەی عیراق هـەبوو، خـەبات و چالاکیشی ماوەیەکی زۆر وێدەچوو هـەر ئـەو پشتگیریە بێت کە لەو دەستانەی دەکرد کە لە عیراق لە ژێر سەرکردەیی " بارزانی"دا بوون . دەستەیەکی گەنج لە ناو " پ د ك "دا وردە وردە بەرەو چەپ بزووت و لەدواییدا ( ١٩٧٧ ) خۆی جیاکردەوە : " کووك KUK " ( کوردستان ئوولووسال کوورتوولووشوو Kürdistan Ulusal Kurtuluşu = رزگاریی نەتەوایەتیی‌کوردستان). کەسانی" کوك" زۆرتروایە لە باسی ناوی ڕێکخراویاندا زۆر دەیئاڵۆزێنن :" کووك" قاچاغە،نابێ ناوی ببرێ،

ئێستاش وادەبێ بە خۆیان دەڵێن " ك د پ" ( هەرچەندە " ك د پ "یش ئەوەندەی ئەو قاچاغە )، یان هەر تەنیا باسی کۆمەڵانی ناوچەیی(ئاشکرای) لایەنگرانی کووك دەکەن، ئەو کۆمەڵانەی ناوی جیاوازیان هەن بە " ك K" و " دD" تێدا . با ناوی " کووك " تان لەگەڵ ناوی " Ulusal Kurtuluş Ordusu ئوولووسال کوورتوولووش ئۆردووسوو"( = لەشکری رزگاریی نەتەوایەتی)دا لێ تێك نەچێت، کە یەکێك لە ناوەکانی رێکخراوی کوردی هەرە تماشایی" ئاپۆجوو"انە ( ئاپۆجوو = ئاپۆچی- وەرگێڕ ) .

" ئاپۆجووApocu"ەکان، یا :" پ ك ك PKK Partiya Karkerên Kurdistan پارتیا کارکەرێن کوردستان ) یا " ئووکۆ UKO " Ulusal Kurtuluş Ordusu ئوولووسال کوورتوولووش ئۆردووسوو= لەشـکری رزگاریی نـەتـەوایـەتی ) لە ناو هەموو دەستەکاندا هەرە رادیکالە . " پ ك ك " کوردستان بە موستەعمەرەیەکی چینە دەسەڵاتدارەکان دادەنێ ( زۆربـەی دەستەکانی تریش هەر وای دادەنێن )، و پرۆپاگەندە بۆ خەباتی رزگاری لە ئیستیعمار دەکا . سەرەك عەشیرەتان و دەرەبەگان، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندیی راستەوخۆیان بە دامودەزگای دەوڵەتەوە هەیە، بە خاین و بەرپرسیار لە ئیستیعمارکرانی کوردستان دادەنێ .

لە هاوینی ١٩٧٩دا، " پ ك ك" شەڕی لەگەڵ یەکێك لە دەستڕۆیشتووترین و دڵڕەقترین ئاغایان " مەهمەت جەلال بووجاك Mehmet Celal Bucak " ی ناوچەی سیوەرەك Siverek ( ویلایەتی ئوورفە Urfa )دا لێ پەیدابوو . ئەمە لەشکرێکی دەوری سەدکەسیی تایبەتی خۆی بە دابی کۆن هەبوو، کە هەرە زۆری کەسانێکی قاچاغیقانوون بوون، کە خستبوونیە ژێربالی خۆیەوەو بە یاریدەی ئەوان ئیرهابی خستبووە هەموو ناوچەکەوە، خۆیشی لە هەمان کاتدا ئەندامی پەرلەمان بوو ( پارتی عەدالەت) . بەسەردادانێکی( سەرنـەگرتووی ) مەهمەت جەلال بووجاك بە نیازی کوشتنی، لەلایەکەوە" پ ك ك "ی لای دێهاتیە هەژارەکان پتر خۆشەویست کردو، لە لایەکی تریشەوە : سەرەتای دوژمنایەتیەکی خوێنین بوو لە نێوان بوجاك و دۆستە لەمێژینەکانی لەلایەکەوە کە لەلایەن لەشکرەوە یارمەتیدەدران، و"پ ك ك "دا کە لەلایەن جووتیارانیهەژارەوە، بەڵام بەتایبەتی لەلایەن ئەو عەشیرەتانەوە کە دوژمنایەتیان لەگەڵ"بووجاك"دا هەبوو، یارمەتی دەدرا. دەیان کەس لە هەردوولا تێدا کوژرا . ئەم دوژمنایەتیە خـوێنینە، وێنەی ئاپۆچیان تا رادەیەکی باش بەدەردەخـات . دەربـارەی چـالاکیەکانی تریان شـتێـکی ئـەوتۆ دیارنـیـە . و وێدەچێ ئەندامان زۆرتر لە خەڵکی سادە بن ( کەمیان رۆشنبیر لەناودا هەیە)، لە سـەرەتادا لەناو جووتیارە هەژارەکانی ویلایەتی ئورفە و ئادیـیەمانـ Adiyamanدا زۆر پشتگیریی لێکرا،

چونکە لەوەی دەکرد چەوساندنەوەو رووتاندنەوە لەلایەن ئاغایانەوە لەوێ بڕابێ . ئەو راستیەش،کە ئەمان لێرە هەر ئەوە نەبوو تەنیا کۆبوونەوە سازبدەن و کتێبان بخوێننەوە، هێزی خەڵکڕاکێشانی دا بە ئاپۆچیان . بەڵام بەگوێرەی ئەوەی کە خەڵکی دێهات لە زوڵم و زۆر( ی ئاپۆچیان ) وەڕزبوون، زۆرکەس هەبوون کە " بیروڕای دووەم second thought"یان دەربارەی ئەم ڕێکخراوە هەبوو .

کەسانێکی ئاپۆچی،رووی چەکیان نەك هەرلە بووجاك و پیاوەکانی، بەڵکو لە دەستەکانی تریش کرد. ڕێکخراوی جیاوازی چەپ هەمن، چ کورد و چ تورك، ئاپۆچیان بە پەلاماری چەکدارو تەنانەت بە کوشتنی ئەندامانیشیان تاوانباردەکەن .

## " دیسك DÍSK " و " توب - دەر Tőb-Der "

زۆر لەو دەستە ناوبراوانە، هەوڵ دەدەن یان لە ناو ئەو سانديكايانەدا كە هەمن هێز پەيداكەن يان خۆيان سانديكايان دامەزرێنن. لەناو " دیسك"دا، ئەو دەستانەی لە " دەڤ - گەنج"ـەوە هاتوون قەت نەيانتوانيوە هێزی زۆر پەيداكەن. زۆرسانديكای سەربەخۆی بچووكيان دامەزراندن، ئەويش زۆرتر لە ناوەوەی وڵاتدا، نەك لە مەركەزە سەنعەتيەكاندا( لە كەناری دەريا- وەرگێڕ ) . " ت ئی پTÍP"،و" ت س ئی پTSÍP " و" ت ك پ" دەسەڵاتێكيان لەناو سانديكايانی" ديسك"دا هەيە، بەڵام وانيە بڵێی دەكرێ سانديكايەكانی " ديسك" بە رووپۆشی ئەم پارتيە سياسيانە دابنرێن . ( لەوە دەكات كاربەدەستانی عەسكەر لە كاتی ئيفادە وەرگرتنی بەرپرسيارانی"ديسك"دا بەتايبەتی هەوڵی ئەوەيان دابێت وايان لێبكەن كە بڵێن فەرمانيان لە"ت ك پ" وەردەگرن). لە شارە كوردەكاندا زۆرتر هەر دەستەی " ئۆزگورلوك يۆڵوو Özgürlük Yolu "يە كە هێزی لە سانديكايان ( كرێكارانی شارەوانی و...ئيدی)دا هەيە .

ديسك، چەند چالاكيەكی بەناوەوەی هەن، كە دەكرێ بەچالاكيیسياسی دابنرێن : لە ١٩٧٦، ١٩٧٧و١٩٧٨دا گردبوونەوەی گەورەی ١ی ئەياری لە ئەستەمبووڵ رێكخستن . ديسك چەند جار لەسەريەك داوای پێكهێنانی "بەرەيەكی ديموكراتیينيشتمانی" كردووەتەوە لەدژی فاشيزمی هێزلەزيادبووندا، داوای لابردنی بەندی١٤١و ١٤٢ی قانوونی سزای كردووە، لە ١٩٧٩دا كاروەستاندنێكی رێكخست بە ناوی نارەزايی دەربڕين لە چەند كوشتنێكی كە ديسان فاشيست لە رۆشنبيرانی نـاودارييان كردن . لە سەر ئەم جۆرە چالاكيانەيە كە حكومەت لە رابەرانی سانديكايانی " ديسك" دەدا .

"توب-دەرTőb-Der ": يەكێتی مامۆستايانی پێشڤەروو، ئەندامانی تارادەيەكی زۆر لە هەموو دەستەكانەوە دێن، " ج هـ پ"(سۆشيال ديموكراتان) و هەرچی لای چەپی ئەوەوەيە . لە كۆنگرەكانی ساڵانەدا زۆرتر وابوو،لە هەڵبژاردنی كۆميتەی ئيدارەی گشتيدا رەقابەتێكی زۆر لەنێوان باڵە جياوازەكانی بزووتنەوەی چەپدا هەبوو. لە ١٩٧٨و١٩٧٩دا كـورد لە كۆنگرەدا زۆربوون و، لە سايەی هاوكاريی چـەند دەستەيەكی" چەپی تورك "ـەوە توانيان وابكەن كۆنگرە بڕياران دەركات كە خوێندنی بە زمانی زگماكيان تێدا داواكردوكە دەورێك لەمەدا درا بە" توب - دەر" . ئەم بڕيارانە بوون ٦٤ ئەندامی كۆميتەی ئيدارەی " توب - دەر"يان دوچاری سزادان كردن، بە گوێرەی بەندی ١٤١/ ١-٤ ی قانوونی سزا و بـەندی ١/٦٤ی بە گيانی قانوونی ژمارە ١٦٣٠ بەندی ٤

( دادستانی عەسکەری، لە " میللیەت"ی ۱۹۸۰/۱۱/۲۰دا . بەندەکانی دواییەم لێ روون نین ). لە ڕۆژنامە-کاندا روون نیـــە ئەگەر جگە لە هەڵوێستی بۆ کـوردان شتی تری وا هەبن کە ببنە هۆی ئەوە بەندی۱٤١یان بەسەردا جێبەجێ بکرێت ( کە ئەم سەرەنجام دەربارەی تێکۆشانە بۆ ئەوەی چینێکی کۆمەڵگا بە سەر چینێکی تردا زاڵ بێت) . بەهەرحاڵ، " توب - دەر" لە رابردوودا زۆر جار بە " کۆمونیزم" تاوانبارکراوە .

کۆمەڵەکانی تر: کارمەندان (فەرمانبەران)" توم - دەرTüm-Der "( کارمەندان بە واتای تەسکی، فەرمانبەران)، " پۆل - دەرPol-Der" (کارمەندانی پۆلیس)،و...ئیدی، دەکرێ ئەوانیش هەمان وەك " توب - دەر" باس‌بکەین، هەرچەندە وادیارە ئەمەی دوایین کەمێك رادیکاڵترە .

## چەند قانوون گۆڕانێك

گـۆڕینی هەرە گرنگی قانوون هێشتا دەبێ بەرێوەبن ( قانوونی ســاندیکایان، ئەو قانوونانەی ژیانی سـیاسی هەڵدەسووڕێنن،...) . دەستوور جارێ بۆئێستا بە وەمانایە گۆڕاوە کە هەرچی دەستەی عەسکەریی حاکم بیکا و لەگەڵ دەستووری پێشوودا نەگونجێت، دەبێ بە گۆڕینی دەستووری دابنرێت .

سزای چەند تاوانێك زیادکراون . " جمهوریەت"ی ۱۹۸۱/۱/۹ ئەم نوختانە ناو دەبات :

ـ فەرمانبەرانی کە وێکڕا کار بەردەدەن ( مان گرتن، کاروەســتاندن ) بە یەك ساڵ حەپس سزادەدرێن . ئەوانەی نووسراو و بەیاننامەو...ئیدی بۆ ئەو مانگرتنانە بڵاودەکەنەوە بە ۱ تا ۳ ساڵ حەپس سزادەدرێن .

ـ راکردن لە حەپس بە شەش مانگ حوکمدەدرێ، بەڵام ئـەگەر زبریی تێدا بەکارهاتبێ، یا ئەوەی یەکێك لەگەڵ کەسانی تردا پێکەوە رایانکردبێ، سزای لە ٤ تا بە ۸ ساڵ دەگات .

ـ هەڵواسینی بەیاننامە و شیعارو...ئیدی لە شوێنی گشتی : ۱-۲ ساڵ ؛ ئەگەر ئەو کەسەی کردوویەتی سەر بە رێکخراوێك بێت، سزاکەی دوو ئەوەندە دەبێ .

## چەند سزایەکی دیارکراو یان داواکراو

لەوبەینەدا دەوری ۱۰۰حوکمی مەرگ داواکراوە . ئەوەم لێ روون نیە ئەمانە هەموویان بۆ کەسانێك بن کە بە کوشتنی بەئانقەست یا بێ‌قەست تاوانبارکرابن . بەندێکی کە زۆرجار بەکاردێ بەندی۱٤٦ـە ( هەوڵی گۆڕینی دەستووری جمهوریەت و/ یا پێش بەکاری پەرلەمان گرتن!،کەسانێك کە خۆیان سەرکەوتوانە ئەمەیان‌کردبێ خەڵك بەگوێرەی ئەم بەندە بنێرنە پای قەنارە شتێکە بەراستی جێی بەدگومانییە ) .

چەند سزایەك لەسەر چالاکیی دوور لە زبری :

ـ خانمی رابـەری " ئی ك د İKD " ( کۆمەڵانی ژنـانی پێشـڤەروو ) لە دیـاریـەکر لە سەرئەوە دادگاکرا چونکە " خوێندن بە زمانی زگماك" ی لە وتارێکیدا لە شوێنی گشتی داواکردبوو . بەندی ١٧١ی بۆ بەکارهاتوو، دەکرێ سزای٨-١٥ساڵ حەپسی بداتێ ( تەرجومان ٢٩/١١/١٩٨٠ ) .

ـ سزای حەپس بۆ ٦٤ ئەندامی " ددك د" لە دیاربەکر لەسەر خەباتیان بۆ " دەوڵـەتێکی کـوردی مارکسی - لێنینی" داواکراوە . چوارکەس ٢٤ساڵیان بۆ داواکراوە، ٥٥کەس سزای لە ٨ تا ١٥ساڵ(حوریەت ٢٠/١١/ ١٩٨٠).

ـ ٢٦ لە بەرێوەبەرانی " دیسك" لەسەر ئەوە دادگادەکرێن چونکە لە کۆنگرەی سانديكای مەعدەن " مادەن - ئیش"دا " ئینتـەرنـاسـیۆنال" لەجێی سروودی ئیستیقلال خوێندراوەتەوە . بە گوێرەی بەندی ١٤٢/ ١-٦ دادگادەکرێن .

ـ " یووردداکوول Yurdakul"ی رۆژنامەنووسی" ئایدینلیك Aydinlik" حەوت ساڵ و نیو حوکم دراوە (بەگوێرەی بەندی١٤٢/١-٦) چونکە بەشێکی لە پرۆگرامی" ت ئی ئی ك پTİİK"ی قاچاغ بڵاوکردووەتەوە.

ـ دۆگوو پەرینچەك Dogu Perinçek "( رابەری" ت ئیك پ TİKP ") ١٥ساڵی لەسەر بەرنامەی" چارەسەر- کردنی کشتوکاڵ" ی پارتیەکەی بۆ داواکراوە کە باسی" مڵك ئەستاندنی بێ بۆ بژارتن " دەکات .

## شکەنجە

دەربـارەی ئەوەی تا چ رادەیەك شـکەنجە لە تورکیا بە سیستەم بەکـاردێ، بیرورا جیاوازن . هەرچۆنێك بێت، خـەڵکی گیراو هـەن کە شـکەنجە نادرێن، بەڵام کەسانێکی گیراویش هـەن لە ساڵانی دواییدا ، بە تـایبەتی لە مانگانی دواییدا ، لەژێر شـکەنجەدا مردوون . نـابێ ئەم حاڵەتانەی دوایی هەر رووداوی لابەلابن کە کارمەندا- نێکی پۆلیس بە بێ ئاگاداریی سەرۆکەکانیان کردبێتیانن . رۆژنامەی" دەمۆکرات Demokrat"ی چەپ وێنەی مەکینەیەکی کارەبایی بڵاوکردەوە کە لە کارگەیەکی دەوڵەتیدا دروستکراوە، کە بە قسەی رۆژنامەکە هەرتەنیا بۆ شکەنجە بەکاردەهێنرێت . حکومەت قەت ئەم تاوانبارکردنانەی ئینکارنەکردوون، وەك ئەوەی ـبڵێین- روونی بکاتەوە کە ئەم مەکینەیە بۆچیی تریش بەکاردێ . وێنەکە و چەند روونکردنەوەیەکی قوربانیانی شـکەنجە، لە نامیلکەیەکی" Action Commitee against the Tortures in Turkey کـۆمیتـەی کار لە دژی شـکەنجان لە

تورکیا"دا چاپکراوە بەناوی" لە ژووری شکەنجەی زیندانانی تورکیاوە From the torture cels in Turkey "
( ئادرەسی پێوەندی لە هۆڵەندا : Postbus 9720, Utrecht ) .
دیارە کە راپۆرتی " ئەمنیستی Amnesty "دەربارەی شکەنجە لە تورکیادا ناسراوە .

سەلماندنێکی چاوەڕواننەکراوی چیرۆکی تر دەربارەی شکەنجە لە"حوریەتHürriyet"دا(رۆژنامەیەکی لەبابەتی " تێلێخراف Telegraafی هۆڵەندی) کە زۆر سەربەحکومەت دادەنرێ دەبینرێت . لە دادگاکاریی ئە وپۆلیسانەدا کە "حەسەن عەسکەرئوزمەن Hasan Asker Özmen "ی خوێندکاریان لەژێر شکەنجەدا کوشتبوو. جێگومانی هەرەگرنگ یاریدەدەری بەڕێوەبەری پۆلیس" ئەنوەر گوك تورك Enver Gőktürk " بۆ دادگای روون کردەوە کە گوتی :

" ئەمە هەشت ساڵە من هەر ئەم کارە ( تەحقیق) دەکەم . ئەگەر کارەبا لە کەسێك بدەم رێك دەزانم دەبێ چەندی بدەمێ ! " ( حوریەت ٢٠/ ١٢/ ١٩٨٠) (٤) .


ئوترێخت، ١٢ی مارتی ١٩٨١

م. م. فان بروونەسن

---

(١) بیرۆکرات : ئەهلی ئیدارە/ ( دەسەڵاتی) کارمەندان(ی دەوڵەت)،( حوکم) بەگیانی وەزیفەیی،( بە رەوشتی) پشت مێزیی ئیدارە .
پاتەرنالیست : باوك سالار ، بە باوکایەتی، بەشێوەی باوك و فەرزەندەیی، ئەهلی مەحدوودکردنی ئازادی- بە بەهانەی دڵسۆزی بۆ میللەتی منداڵ، تا ئەخلاقی بە ئازادیی زۆر خراپ نەبێ ! .
(٢) توم دەڤ گەنچ دەرنەکلەری فەدەراسیۆنو- دەڤریمجی یۆڵ = یەکێتی هەموکۆمەڵانی لاوانی شۆڕشگێڕ- رێگای شۆڕشگێر ؛
دەڤریمجی گەنچلیك فەدەراسیۆنو- دەڤریمجی سۆڵ = یەکێتی گەنجانی شۆڕشگێڕ - چەپی شۆڕشگێڕ .
دەڤریمجی ( لێرەدا) = شۆڕشگێر، بەڵام بە مانای " پێشڤەڕوو" ش بەکارهاتووە .
(٣) عاجل چی لەر = بەپەلەکان، ئەوانەی پەلەیانە .
(٤) نووسەر وێنەیەکی ئەو بەشەی رۆژنامەکەی کە ئەو قسەیەی تێدایە رەگەڵ باسەکەی خستووە، لە شوێنێکی تریشدا وێنەی باسێکی لە رۆژنامەی "گاردیان"ی ئینگلیسی (١٩٨١/١/٩) بڵاوکردووەتەوە .

- وەرگێڕ



Çend basêkî

# Kurd u Turk

---

bergî dûwem

nûsînî : Kendal, Komîtey dijî faşizm le Holenda

---

wergêranî : Şêrko Hejar.

---

2008 / 2620